جۆرج ئەمادۆ

# ڕێچکەکانی برسێتی



دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی

زنجیرەی ڕۆشنبیری

*

**خاوەنی ئیمتیاز: شەوکەت شێخ یەزدین**

**سەرنووسەر: بەدران ئەحمەد حەبیب**

* * *

ناوونیشان:

دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، گەڕەکی خانزاد، هەولێر

س. پ. ژمارە: ١

www.araspublisher.com

جۆرج ئەمادۆ

# ڕێچکەکانی برسێتی

ڕۆمان

وەرگێڕانی: هیمەت کاکەیی



ناوی کتێب: ڕێچکەکانی برسێتی – ڕۆمان
نووسینی: جۆرج ئەمادۆ
وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە: هیمەت کاکەیی
بڵاوکراوەی ئاراس– ژمارە: ٢٧٤
دەرهێنانی هونەریی ناوەوە و بەرگ: ئاراس ئەکرەم
سەرپەرشتیاری کاری چاپخانە: ئاوڕەحمانی حاجی مەحموود
چاپی یەکەم، هەولێر– ٢٠٠٤
لە کتێبخانەی بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی ڕۆشنبیری و هونەر لە هەولێر ژمارە (٢٠٥)ی ساڵی ٢٠٠٤ی دراوەتێ

# تۆوی خوێن

## جەژن

١

با هەور و کـاڵـی ڕاپێـچ کـرد و باران هێـور بۆوە، منداڵان لەژێر ئەو ئاسـمـانەی کـە دیسانەوە بووە سایەقە[١]، دەستیان دایە یاری و ڕاوڕاوێن. مریشک و جووجەڵەکانیش لە کولانەکانیان هاتنە دەرێ و لەناو گیا تەڕ و پاراوەکاندا دەستیان کردە چینە بۆنێکی تیژ لە عـارد هەڵدەسـتـا و هەمـوو شـتـێکی دادەگـرتەوە، تەنانەت نێـو مـاڵەکـانیش و تێکەڵاوی بایەکـە دەبـوو و دەچوو بەئاسـمـانـدا. شـەونم بەسـەر گـەڵا دار سـەوزەکـانـدا و گـیـا (مەنیهـۆت)[٢]ەکاندا بریق و باق دەچریسکایەوە کپی و خامۆشییـەک باڵی بەسەراپای کێڵگەکە و درەخت و ئاژەڵ و خەڵکیدا دەکێشا. تەنیا دەنگە دەنگی نازداری مناڵەکان نەبێ لە گۆڕەپانەکاندا هێمنی و ئارامی ئەم تۆزە وەختەیان دەشڵەقاند:

«بباریێ، ئەی بارانی بەخوڕ و شەقامی ئەوینم بشۆرەوە...»

هێندێکیـان جلی شڕۆڵەیان لەبەردابوو، ئەوانی دیکەش ڕووت، ڕێوەڵـە، سک ئاوساو، یاریی بازنە بازنەیان دەکرد، چەند گەواڵە هەورێکیش لە ئاسمانە شینە زەردەکەدا پەخش و بڵاو ببۆوە، لەویڕا کە سێبەرە تەنکەکان وایان دەنواند دنیا لە دەمەدەمی زەردەپەڕدایە. لە پاش بارانیش هەموو شتێک ڕوونتر وەدیار دەکەوت. داری گەورە گەورە لە پشت ماڵی ئاغاکـانەوە چوو بوون بەئاسمـانـدا. ئارتێر دەیڕوانییـە چڵەدارەکـان کە شنە هێـدی هێدی دەیبەهەژێنێ و بزەی دەهاتێ. وای بیر دەکردەوە دارەکان دەبێ گەلێ شاد و کەیفساز بن بۆ ئەم بارانەی کە لە مێژە چاوەنۆڕ دەکرا و بۆڵاندی:

لە ڕاستیدا، ئەمساڵ ترسابووم!

بەڵام بـاران لەسـەر وەخـتـی خـۆیدا هات و بەروبـوومـیـش زۆر دەبێ، ئارتـێـر بیـری لەو

١- سایەقە: ساماڵ.

٢- مـەنیـهـۆت Manioe: گـیـاوگـۆڵێکی گـەورە و درشـتـە، لە ئەمـریکادا شین دەبێ، ڕەگـەکـانیـان بۆ خواردەمەنی بەکەلک دێ.



خۆشییە کردەوە کە دەبێ دابارێتە سەر کۆڵێتی جووتیار و وەرزێرەکاندا، هەر لەم ساتەشدا ویستی بچێتە جەژن. بەتەمای ئەو کوڕە بوو بگەڕێتەوە کەوا چووە بۆ گوندەکە هەندێ شتومەک دێنێ لە تەک پۆستەکەدا و دوایەش دەچێتە ماڵی ئەتالیبا، لەوێش چۆڕێک عەرەق لەچاوی بووکێ دەخواتەوە و سەمای (بۆلکا) دەکا. ڕووبەڕووی ماڵی ئاغاکان بەرەو ئەو شوێنەی کە ڤیلیسیای خێزانی لە عاردێکی چوارگۆشەدا خەریکی گوڵەکان بوو، هەنگاوی نا.

– دەچمە جێژنی ئەتالیبا.

– وابوو، بڕیارت لەسەر ئەوە داوە؟

ئەمیش سەری قایلبوونی بۆ هەژاند و بەرەو فرۆشگەکە وەڕێ کەوت. بەڵێ بۆ جێژن دەچێ. ئەو کارە گەلێ خۆشی خۆشی وەبەر خەڵکی دەنێ، چونکە مەترسی کردن لە وشکی، ئەو مەترسییەی کە گشت ساڵێک تووشیان دەبێتەوە، ئێستا نەماوە. پاشان ڕەنگە ئەم ئێوارەیەش بباریێ، ئەگەر پەڵە هەورێک بەئاسمانی شینەوە نەماوە. ئارتێر بۆنی عاردەکەی هەڵمژی و دیسان بزەی هاتێ. ئایا ناشێ وێ گاڤێ[١] خەڵکی بەچاوێکی چێترەوە تەماشای بکەن؟ ئەگەر ئەتالیباش لێی داوا کرد ئامادەی زەماوەندەکە بێ قایل بوو. زەماوەند و جێژن گێڕانیش لەو شتە باوانە نین لە مەزراکە ڕوو بدەن! چونکە هەر جۆرە ئاهەنگێک لای وەرزێرەکان جاڕ بدرێ، ئیدی ئەوە لە کێڵگەکاندا دەبێتە تاقە بابەت بۆ دەمەتەقێ و گفتوگۆکانیان بەڕۆژ و لە کۆڕ و کۆبوونەوەکانی ئێوارێدا. بەڵام ئارتێر دەحاست خەڵکیدا هەستی بەڕاراییی دەکرد، چوون لەوێدا هەمان کێشە هەمیشە لە گۆڕدا بوو، ئەوان پێویستیان بەپارەوپوولە، هێشتاش بێ وچان ئاتاژیان بەشتومەکی کڕاوی نوێ هەیە. بۆیە ئارتێر قایلی بانگێشت دەبێ و بەڵێنی ڕۆیشتن دەدا، بەڵام بەدەگمەن لە جێژن و ئاهەنگەکاندا بەشداریی دەکات، چونکە وا پێ دەحەسیا چوونی بەسە تا وەکو لە ناکاو گشت خۆشی و شادییەکیان لێ بلەوتێنێ، وەرزێرەکانیش هەرگیز پشتی ئەو ناگرن. ئارتێر بۆ ئەم هزرە شانەکانی بەبزفتێک مەگەر هەر خۆی بیزانێ، هەڵتەکاند. نەخێر هەڵە هەڵەی ئەو نییە، ئەو ئەوی لە ئەستۆیەتی بەجێی دێنێ، بێگومان ئاتاژی وە گەلێ کەس هەیە، مەسەلەش مەسەلەی بەرهەمە، هەر بۆیەش لە عانی وار و وردکردندا تۆزێ جووتیارەکانی دەگووشی و ئەو نرخانەی دەدا کە پێشەکی لەسەریان پێک هاتبوون – بێگومان ئەوەش بۆ

١- وێ گاڤێ: ئێستا

سوود و بەرژەوەندیی کێڵگەکە–، وەلێ، ئەنجامیش ئایا ئەو بەخۆی لەپێناو ئەوەدا نەبۆتە سەرکار؟ هەر کەسێک لەجێی ئەو بێ بەهەمان شێوە ڕەفتار دەکات، ئەو جێی متمانە و بڕوای دکتۆر ئۆرلیانۆ بوو– کەوا بەتێروتەسەلی لە ڕیۆدیجانیرۆ ڕادەبوێرێ و دە ساڵ جارێک نەبێ سەر لە کێڵگەکە نادات– جا هەر خواخوای ئەوەی بوو بەئاغاکەی بسەلمێنێ کە جێی بڕوایەتی، بێگومان مەزراکەش لەوە زیاتر بەرهەم ناهێنێ، تەنانەت لە سەردەمی کۆلۆنێل ئیناسیۆشەوە کەوا تێیدا دەژیا و وەتەنگ هەموو شتێکەوە دەهات و بچووکترین کێشەی چارەسەر دەکرد. بێگومان جووتیارەکانیش پێیان لەسەر داواکارییەکانیان دادەگرت و پاڵەکانیش جار ناجار بەچاوی پڕ هەڕەشەوە تەماشایان دەکرد، بەڵام هەموو ئەم شتانە لای ئارتێر وەک گیزەی مەگەز وابوو؛ ئەو هەمیشە دەی وت: «دانە جیرێ نامترسێنێ». وێڕای ئەوەش چەند شتێک لە ئارادا هەبوو خەمی وەبەر دەنا، دەیزانی لە کێڵگەکەدا پیاوگەلێک هەن پێیان خۆشە جنێوی پێ بدەن. ئاگای لێ بوو لە پاشملە توانجی تێ دەگرن و هێندێکیشیان بەپیاڵەی پەیاپەی کاشاسا[1] هەڵدەنۆشن تا پتر بوێرن تووڕەی بکەن و بیوروژێنن، ئارتێر گشت ئەمانەی بەلاوە ناخۆش و گران بوو. بێگومان پێی خۆش بوو لەگەڵ پاڵە و جووتیارەکاندا کۆک و تەبابێت. چونکە خۆبەخۆیشی لە وەختی کۆلۆنێل ئیناسیۆدا پاڵە بوو و حەزی دەکرد پیاوەکان ببنە هاودەمی و بەبێ ئەوە خۆی لێیان بوێ، بێن و لەسەر باڵەخانەکەدا تۆزێ دەمەتەقێ بکەن و کە لە ئاهەنگەکانیشدا دەربکەوێ دەحاستیا ڕوویان گرژ نەکەن. بۆیە کەم بۆنە نەبێ هەرگیز لەو جێژنە دەگمەنانەدا بەشداریی نەدەکرد، کە ڤیلیسیای ژنی بەئاواتەوە بوو خولێکی (ڤالسی)[2] تیا بکات.

ئارتێریش بانگێشتەکەی قەبووڵ دەکرد تا بۆ خۆی لە تانی زۆربێژی بدا و پێکە کاشاساکەی هەڵبدات.

گەیشتە فرۆشگاکە، لەوێ شتومەکەکانی بەکرێکار و جووتیارەکان دەفرۆشت. دەرگا گەورەکان داخرابوون. لەو ژوورەشدا کە لە پشتەوەی فرۆشگاکەیە، تفاق و کەرەستەی ئاژەڵەکان بەشێوازێکی ڕێک و بەکۆمەڵی دانرابوون. ئارتێر کلیلێکی لە گیرفان دەرهێنا و دەرگای کردەوە. خەڵکەکە هێندە نابا و لەسەر ئیشوکارەکانیان دەگەڕێنەوە، ئیمڕۆ ڕۆژی

١– کاشاسا: عەرەقێکی زۆر تیژ و بەهێزە لە قامیشە شەکر دروست دەکرێ.

٢– ڤالس: جۆرێکی سەمایە.



جەژنە و بێگومان پێیان خۆشە شتێک بکرن. جا لەسەر مێزی ژمێریارییەکەدا بازی دا، دەفتەری بازرگانییەکە لەسەر مێزەکە بوو. بەبزفتێکی ئامێرانە بەدەستەوەی گرت و دەستی کردە هەڵدانەوەی پەڕەکانی. قەردەکەی ماریۆگۆمێز لە کێش نەبوو، تەنانەت گەر شەو و ڕۆژ کاری کردبا دوور بوو بتوانێ بیانداتەوە. بۆیە دەبێ بەقنیات شتی بداتێ، ئەمەش بۆ ئەو بەلایەکە هەر مەپرسە، ڕقی لێیە و بەقینەوە تەماشای دەکا و تف هەڵدەداتە سەر ڕێگاکەی! بەڵام دەستەڵات چییە؟ پەڕەیەکی تری هەڵداوە. ئەم جیرۆنیمۆیە کەم شت دەکرێ، هەر هێندە لەشی پێ بپۆشێ و نەپۆشێ، مەنیهۆت و گەنمەشامی و پەتاتەی شیرینیش دەچێنێ. ئەم کابرایە پیاوێکی وەئاوەز و ئاقڵە! بەڵام چێترین عاردیش لە مەزراکە دەکێڵێ. گەر بهاتبا و ئارتێر خۆی ئاغا بوایە، ئەم پارچە زەوییەی نەدەخستە بن دەستی جووتیارێک، بێگومان، نەء. بەڵام هەر لە ڕۆژانی کۆلۆنێل ئیناسیۆوە ئەم زەوییە بەدەست جیرۆنیمۆوەیە. دکتۆر ئۆرلیانۆش کە ژیان و ڕابواردنی (ڕیۆ)ی لە کن خۆشترە تا وەک ناو مەزراکە، شتەکان لە کاتی مردنی پیرەمێردەکە چۆن بوون، هەر بەو حاڵە لێیان گەڕا. دەوجاش ئەمە ئیشی دکتۆرە، چوون ئەو خۆ بەخۆی خاوەن کارە. ئارتێریش ئەو هەموو گێرمەوکێشە و دەردەسەرییەی بەسە دەگەڵ ئەو خەڵکانەدا کە ڕقیان لێیەتی، لەبەر هیچ نە، هەر لەبەر ئەوە کە فەرمانەکان بەجێ دێنێ.

دیقەتی ئاسمانی دا کە ڕووی گرژ و تاریک هەڵگەڕا:

– ئەوان وەختە دەست لە کار هەڵگرن...

جارێکی دی لەسەر مێزی ژمێرییارییەکەوە بازی دا و دەرگاکەی تێپەڕ کرد و هات بەتەنیشت فرۆشگەکەوە لەسەر بەردێک دانیشت، لە دوورەوە چاوی لێ بوو کۆمەڵێک مناڵ لە پێش ماڵی ئاغاکاندا یاریی بازنە بازنە دەکەن. سێ کوڕی هەبوو، دووانیان لە شار قوتابی کۆلیژن. کوڕەکانی وەک کوڕگەلی ئەو خەڵکەی دەوروبەری نەخوێندەوار و نەزان نابن، یانیش وەکو ئارتێر خۆی نابن، کە هەر بەحاڵ دەتوانێ بخوێنێ و بنووسێ و هەر چوار کردارەکان ڕەچاو بکات! وابوو چی داوە بەسەر قینی کرێکار و جووتیارەکانەوە، مادەم دەتوانێ کوڕەکانی بخاتە بەرخوێندن و بۆ زانکۆیان بنێرێ و ئەوی دیکەشیان بکاتە پزیشک؟

ماریۆگۆمێز بەخۆی و پاچەکەی دەستییەوە هات. لە کێڵگەکەدا خۆی و چەند وەرزێرێک پاشماوەی دارستانێکیان بژار دەکرد. مناڵەکان گۆرانیان دەچڕی و دەنگە زیقەکانیان

دەهاتە گوێی ئارتێر، دەنگە دەنگەکان وەک بڵێی خۆیان دەکوتیە نێو دڵیەوە.

ماریۆ بەچیچکانەوە لە نێزیک بەردەکەوە ڕوونیشت.

– بەیانی باش ئاغای ئارتێر...

– بەیانی باش... ماریۆ، بارانێکی باش بوو، وا نییە؟

– بەڵێ لە خوا بەزیادبێ.

ماریۆ گۆمێز دەیەویست هەندێ شت بکڕێ، بەڵام نەیزانی چۆن چۆنی مامەڵە بکات، ئەمە چاوان هەڵدەکۆڵێ.

دەنگە دەنگی مناڵەکان بەرزبۆوە:

«بباریێ، ئەی بارانی بەخوڕ...»

– ئەرێ ماریۆ، تۆ بڵێی ئاهەنگەکە خۆش بێ؟

ئەویش دای لە قاقای پێکەنین و گوتی:

– ئاهەنگ؟... پڵاو و گۆشتە.

– زۆرم حەز لێیە بچمێ...

– تۆ! چاکە، وا بوو ئەتالیبا کەیفساز دەبێ! زەماوەندی کچۆڵەکەیەتی ئەگەر بچیتە ئەوێ وەکو تاوس فش دەبێتەوە.

ئەم قسەیەش کتومت وا نەبوو، بەڵام ئارتێر گوێی بۆ دەنگە دەنگی ئەو مناڵانە شل کردبوو کە گۆرانییان دەچڕی؛ بیریشی لەو دوو کوڕەی کردەوە کە چوونەتە زانکۆ. ماریۆ گۆمێز گەلێ قەرزاریانە، بەڵام بەخۆیشی ئەو پیاوە نییە لە کێڵگەکە هەڵێت و قەرزەکەی نەداتەوە.

– ناتەوێ شتێک بکڕی؟

– ئم... ئەمە تەنها بۆ لۆبیە و قاپێکی کاشاسا.

ئارتێر هەڵسا و بەرەو فرۆشگەکە چوو. (ماریۆ)ش لەسەرەخۆ وەدووی کەوت و گوتی:

– ئەم جێژنە، لەبارەیەوە دەدوێن.

... و سێبەرەکانی زەردەپەڕ بەرە بەرە داشکان.



## ٢

ژیڤا خێرا خێرا، وەک هەموو جارێکی بەچەند وشەیەک کە کەس لێی تێ نەدەگەیشت، بۆڵاندی و بەرەو ناو ماڵەکە چوو، ئێواری قورس و خاو و خەمناک بەسەر کێڵگەکاندا داهات. لە ئاسۆشەوە تارماییەکەی جیرۆنیمۆی پیرەمێرد وەدیارکەوت، وڵاخەکانی وەپێش داوە تا بیانگەیێنێتە گەوڕە خنجیلەکە و سێبەرە ڕاشکاوەکەی بەسەر گیا نزمەکاندا شەپۆڵ دەدا. مانگاکە هەنگاوە خاوەکانی ڕاگرت و دەستی کردە ماشینەوەی ئەو گیا و گۆڵانە کە تازە لە کێڵگە (مەنیهۆت)ەکەدا شین ببوون. ئەوجا جیرۆنیمۆ وەکو گاوانێک -بەیادی دێرزەمانێکەوە کە گاگەلێکی زۆری بەرەو گۆڕەپانی لەوەڕگەکە وەپێش دەخست – دەنگی بەتێخوڕینەوە لێ هەڵبڕی، تێخوڕینێکی بێهوودە بوو، چونکە کەر و بزن و بەرازەکانی کە سەرجەم حەوت وڵاخی بەستەزمان بوون، کشومات بەرەو چارەنووسی تاریکیان هەنگاویان داویشت. هەرچی مانگاکەش بوو، پیر، حۆل، دەساژۆ بوو، توند توندێ لکابوو بەبوونی ئەوانەوە، تەنانەت دەشێ بگوترێ تاکێکە لە خێزانەکەیان. بەڵام ژیڤا کە تێخوڕینەکەی هاتەگوێ، ڕاچەنی، وەک بڵێی ئەرک و فەرمانێکی دەخاتەوە بیر ناتوانێ خۆی لێ گێل بکا. جا بەئاخاوتنێکی تازەوە چپەچپێکی بۆ کرد و جووڵا و چاوە زەقە نەترووکاوەکانی وە چریسکە کەوتن. جۆکۆندینای پیرەژنیش کە نەوە کۆرپەکەی لە ئامێز گرتبوو بەوریاییەوە فەرقی جم و جووڵەکانی ژیڤای دەکرد.

ئەمە لە ساڵانێکی دوورەوە وەها بەردەوام بوو، بەڵام پیرەژنەکە هێشتا هەقی خۆی وەرنەگرتووە، چونکە هەمیشە چاوەنۆڕی شتێک، جۆرە پەرجوویەک،[1] ڕووداوێکی نائاسایی دەکرد. ئەو لەم وڵاتەدا چاوی هەڵهێنا و پێگەیشت و شووی کرد و کوڕ و نەوەی خستەوە شارەزای بست بەبستی ئەم خاکەیە. دەستەکانی بەهۆی ئیشکردن و چاندن و چنینەوە زبربوونە و قاتی و نەهاتی و (کانگاسیرۆس)[2]ی بەچاو دیوە و تەنانەت لە ماڵی ئاغاکانیشدا ئەو تاوانەی دیوە کە ئاشووبێکی فرەی نایەوە... بەڵام هیچ شتێک نییە لە (ئەوە) بچێ. چونکە بەبڕوای ئەو گیانێک هاتووە و لە لەشی ژیڤادا خۆی مەڵاس داوە تا گوناهەکانی بشواتەوە و کردەوە خراپەکانی ئەگەر لە ژیاندا بووە، ڕاست بکاتەوە، ئەم باوەڕە لە نێو دانیشتووانی دێیەرەکە و پاڵە و جووتیارەکانیشدا باوە.

١– پەرجوو: معجزة.

٢– کانگا سیرۆس Cangaceiros: کۆمەڵێک چەتە و ڕێگرن ناوخۆیی بەرازیلیان تێکدا.

که وادەی نەفرەتەکانیش دێن، ئەو نەفرەتانەی کە ئاڵاون بەهاوار و تێخوڕینە پڕ ناز و سۆزەکەی جێرۆنیمۆوە بۆ وڵاخەکانی، ئەوا جۆکۆندینای پیرەژن هەمیشە بەچاوەڕێکردنەوە دۆش دائەمێنێ، چونکە (ئەوە) ڕەنگە لە نکاودا بگات، گرنگیش نییە لە چ ساتێکدا. چی؟ جۆکۆندینا هەرگیز نایزانێ... لەوانەشە ئەو ڕۆحە بڕوات، چونکە وادەی بیرکردنەوەکەی تێپەڕی، ئەوجاش ڕێگەی کەلێن و قوژبنە ئاسمانییەکان دەگرێتەبەر، لەوێڕا کە نەبرسێتی و نەنەخۆشی و نەش فرمێسک هەن... ژیڤاش کە لە ڕابردوویەکی کۆندا کچێکی پیرۆزی نەشمیلانە و خاوەن دوو قاچ و قولی توندوپڕ و دووچاوی ئەفسووناوی بوو و کرێکاران وەئاواتەوەی بوون، ئایا ئەو ژیڤایە بۆی دەڕەخسێ ڕێگەی ئەقڵ و هۆش بدۆزێتەوە و کەسوکارەکەی و جیرۆنیمۆی برای و جۆکۆندینای براژنی و برازاکانی و ئامۆزاکانی بناسێ؟. داخوا ئەوە چۆن ڕوودەدا؟ ئەم شتە جۆکۆندینا نایزانێ. ئەو هەر هێندە چاوەڕێیە شتەکە ڕووبدا. گشت ئێوارانێکیش لەو کاتەدا ژیڤا نەختە نەختە حاڵ دەیگرێ و تێک دەچێ، بەر لەوە بەتەواوی نەفرینەکانی بتفێنێتەوە، پیرەژنەکە لە کولبەکەی مت دەبێ و جووڵە ناکا، چونکە پەرجووەکە ئەگەر ڕۆژێ لە ڕۆژان ڕووبدا، ئەوا هەر لەم ساتە زەردەپەڕە ئاهەنگاوییەدا ڕوودەدا، لەو دەمەیدا کە سێبەرەکان بەرەبەرە دادەشکێن و زەمینەیەکی پڕ لە پەنام و شاراوە دەڕەخسێنن و، چراکانیش هەڵدەکرێن و، غریوە و قەرەباڵغییەکان کڕ دەبن و، ڕەنگی گێتیش دەگۆڕێ. ئەم پەرجووەش جۆکۆندینا لە سالانێکی دوورەوە بەبێ ڕاڕایی، یان بەبێ چ نیگەرانییەک، چاوەڕێی دەکرد، وەلێ چاوەڕێشی دەکا. ڕەنگە ئەوەش ئەمڕۆ، یا سبەی، لە کۆتایی هەفتەدا ڕووبدا، بەڵام بێگومان ڕۆژێ لە ڕۆژان ڕوودەدا، ئەو حەلەش ئەوە دەقەومێ، جۆکۆندینای پیرەژن لەو کۆت و بارە قورسانەی کە لە مێژە بەسەر دڵیەوەن، ڕزگاری دەبێ.

ئەمە تۆزە وەختێکی (خاچییانە) بوو لە ڕۆژە سەخت و دژوارەکەی جۆکۆندینادا، چونکە تێخوڕینە بەهرەدارەکەی جیرۆنیمۆ لە توانای دایە هەموو ئەو شتانە لە مێشکی پیرەژنەکە کۆبکاتەوە کە پێوەندییان بەژیڤاوەیە، وەک: چاوەڕێکردنی ڕووداوی پڕ سەیروسەمەرە و یادی ئەو سێ کوڕانەی، کە هەریەکەیان ڕووەو لایەک و هەریەکەیان ڕووەو ژیانێکی جودا، ڕۆشتن، بێجگە لە (نینن) کە لە ڕاستیدا بەجیڤانسیۆ ناو دەبرێ، هێشتا مناڵ بوو، چووە کۆڕی کارکردنەوە. ئەوانی کەش گەورە بوون، بەڵام لەلای جۆکۆندینا هێشتاکە دەمڕووت و هەرزەکار بوون، هەموو ئێوارانێک و هەر لەم ساتەشدا، بیری لێ دەکردنەوە، ڕەنگە ئەوەش ببێ، چونکە لە نوقمبوونی (نینن)دا، ئەو وەختەی تاریکی داهات و بزربوو، بۆی



ئاشکرابوو. (لە پاش هەیامێکی دووریش زانرا کوڕە چۆتە ڕیزی پۆلیسەوە). ئێستاش لە گوێیەکانی جۆکۆندینادا، دەنگە کەرخەکەی جیرۆنیمۆی پیرەمێرد دەزرنگێتەوە کە ئەم ڕستە ڕوونکراوەیەی گوت و هەموو لێدوانێکی بوو لەسەر ڕووداوەکە:

– ئێمە کەسمان لە تەکدا نەما، ئەی کەیبانووەکەم. هەردوو بەدوو، بێ کەس لەسەر ئەم خاکە دەمێنینێنەوە، تا وەک ئاژەڵ و قەدەدارەکان دەمرین...

ئینجا دیاردی بۆ ئۆگستینیو کرد کە هێشتا مناڵە:

– ئەمەش ڕۆژێ لە ڕۆژان لێرەوە دەڕوا.

سالان تێپەڕی و هیچ کام لەو سێ کوڕانە نەگەڕانەوە. هەویا[1] شاراوەکەی تری جۆکۆندینای پیرەژن ئەوەبوو: بەتەنیشت خۆیەوە بیانبینێتەوە بۆ ئەوە لە ئیشوکاری نێو کێڵگەکاندا یارمەتی جیرۆنیمۆ بدەن. ئەگەر چیش ڕۆشتنەکەیان لە چەند مێژوویەکی جوداجودا، هەریەکەیان بەڕۆڵی خۆی، هەریەکە بۆ لای خۆی، هەریەکەشیان بەرەو چارەنووسی خۆی بوو، بەڵام پیرەژن لەو خەیاڵەدابوو – ئەوانە چەند تابلۆیەکی بچووک بچووکن، کەم ژمارەن، دەگەڵ ڕەوتی سالاندا پێک هاتن، بەشێوەیەکی نەگۆڕیش لەنێو کەللەیدا مێروولە دەکەن – ئەو وای بیر دەکردەوە، ئەوان پێکەوە دێنەوە و پێکەوە کۆسپەکە دەبڕن و پێکەوەش داوای پیرۆزی و میهری لێ دەکەن. بەڵام لە کوێڕاش لەم کۆچەدا یەکتر دەدۆزنەوە، ئەوا پیرەژن شتێکی لێ نازانێ و لە ڕاستیشدا، چەند جارێک بیری لەو کارە کردەوە، چونکە پێی نەکرا بزانێ لە چ شوێنێک هەرسێ کوڕەکانی بەتەقاوتووش یەکتر دەگرنەوە، جا لەو بیرکردنەوەیە گەڕا، ئەمەش سەرەئێشەی بۆ دەناوە و خەم و پەژارەی وەبەردەنا، چونکە هەموو جارێ دەبوو بیر لە ژیان و گوزەرانی ئێستای هەریەک لە کوڕەکانی بکاتەوە، پاشان چۆن و بە چ حاڵێک بزانێ لە کوێدان، مادەم – بۆ نموونە – جۆزیە کە نەماڵێک شک دەبا و نە ناوونیشانێ، پێی بکرێ لە هەر ڕێگەیەکەوەبێ، ئەو بەخۆیشی هەمیشە وەک هەڵاتوویەکی ڕەتێنراو وایە؛ ئەدی (جۆ) لە کام لاوەبێ، مادام جۆکۆندینای پیرەژن نازانێ لە چ شارێک نیشتەجێیە، بۆیە نەیدەویست هەموو ڕۆژێک و هەموو دەقیقەیەک بیر لە ژیان و گوزەرانی کوڕەکانی بکاتەوە و بزانێ بە چ کار و پیشەیەکەوە خەریکن. بەڵام سەیر و خۆشیش لەوەدایە، بیانبینێتەوە لە دووی جیرۆنیمۆ و وڵاخەکانیدا، هەرسێکیان پێکەوە، بەهەگبەی پڕی شتی کڕاوی وڵاتانی

١– هەویا: هیوا.

ترەوە، یانیش شتومەکی هەمان ئەو شارەوە، دەرکەون و بەدەنگی نێر، بەڵام گەرم داوای پیرۆزی و میهری بۆ بکەن. ئەو دەنگەش کە دەهاتە گوێی و تێکەڵاو بوو لەهەر سێ دەنگەکان، دەنگی (نینن)ی کوڕە هەرە بچووکەکەی و ئازیزترینیان بوو لەلای.

لەبەر ئەوەی دەشێ هەموو شتێک بەجارێ ڕووبدا – چونکە خودا گەلێک بەتوانایە – کێ بزانێ لە هەمان ئەو ڕۆژەی کوڕەکانی تێیدا دەگەڕێنەوە، ئەم ڕۆحەی کەوا هەموو جەستەی ژیڤای داگرتۆتەوە و دەمی پڕ لە وشەی سەیر سەیر و هەڕەشاوی، چاوە تۆقێنەرەکانی پان و زەق کردۆتەوە، کێ بزانێ ئەم ڕۆحە لە هەمان ئەو ڕۆژە تا هەتا وەجێی ناهێڵێ!. جۆکۆندینای کۆنە ساڵ نەختە نەختە نەبێ دەنا ئەم دوو شتە چاوەڕوانکراوەی لە یەکێکدا، کۆنەکردەوە، چونکە پێشتر بەشێوەی جیاجیا یادی دەکردنەوە: «بەڵکە ڕۆحەکە ئیمڕۆ بڕوا و سزاکەی بسڕێتەوە»... «بەڵکە منالەکان ئیمڕۆ بێنەوە، جا ئەوی لە چارەیان نووسراوە وە ئەنجامیان دێنا»... ڕۆژانیش تێ دەپەڕێ و شەوانیشی بەسەردا دادێ و هاوارە خەمناکەکەی جیرۆنیمۆ، خاو خاوێ دووپات دەبێتەوە، ژیڤاش لە نوێژە پچڕ پچڕەکانی ناکەوێ و دەرگاش هەرگیز لە ڕووی هاتنەوەی هەڵاتووەکاندا نەکرایەوە. بەو جۆرە هەردوو چاوەڕوانییەکە بەرەبەرە دامرانەوە و بەپێی ڕەوتی ڕۆژگار یەکیان گرت؛ ئێستاش شتێک لە تاکە ڕۆژێک و تاکە ئێوارەیەکدا ڕوونادا، ئەو حەلەش – جۆکۆندینای پیرەژن بیری کردەوە – دەتوانێ بەخۆشی و ئاسوودەیی بۆ خۆی بمرێ. چونکە هەموو خواست و مرادێکی لەم دنیایەدا کە مرۆ تێیدا لەدایک دەبێ تا ئازار بچێژێ، ئەنجام هاتۆتەدی و شتێکیش نەماوە خەم و کەسەری وەبەرنێ، چونکە لە مێژە ئەوە فێربوو کە ئارەزوو و حەزی بۆوە ماڵکردنی ئەو عەردەی کاری تیا دەکەن، خەونێکە مەحاڵە بێتە دی.

تۆنیۆ سیانزە ساڵان بوو، هەر کە گوێی بەتێخوڕینەکەی جیرۆنیمۆوە بوو، نۆکای خوشکە خنجیلە حەوت ساڵانەکەی بەجێ هێشت و بەرەو نێو گەوڕەکە غاری دا تا لە دۆشیندا یارمەتی باپیری بدا و گوێرەکەکەی بەپەتەکەوە بەست و وریا بوو نەبا زۆر لە گوانی مانگاکە نێزیک بێتەوە. پاشانیش نۆرە دێتە سەر بزنەکە و نۆکا و ئیرنیستۆ –کە هەرە بچووکتریانە– شیرەکەی دەخۆنەوە. جۆکۆندینا دەیسەلمێنێ کە هیچ شتێک لە شیری بزن بۆ نەشونماکردنی مناڵ باشتر نییە تۆنیۆ ئەم کارە سووکانەی پێ خۆش بوو؛ تۆنیۆ جار ناجار بەدوولاقی کراوە و فشەوە سەردەکەوتە سەر پشتی مانگاکە، ئەگەرچیش باپیری سەرزەنشتی دەکرد. لە تەک گۆلکەکەشدا گەمان دەکا و لاسایی بۆڕەکەی دەکاتەوە، نەخوازەللاش قەت لە چوکڵە چزێدانی کەرەکە نابێتەوە؛ کە تاکە چوارپێیە دەنێو



وڵاخەکاندا ناوی هەبوو، چونکە بە(گەرمیاس)یان گاز دەکرد، کە بانگیشی دەکەن، ڕێوڕاست بەهەنگاوە لۆژەکانییەوە دێ. ڕێگاکەش بەگۆمی چلپاوی باران داپۆشراوە و، تۆنیۆ لەنێو ئەو چلپاوانەدا ئەمسەر و ئەوسەر دەکا، ئەمەش یەکێک بوو لە یارییە هەرە خۆشەکانی و ئاوڕی بۆ دواوەی دا. نۆکا گەمژەیە: ئەو لەوێدا، وشک وشکێ لە پێش دەرگای ماڵەوەدا، لە تەک (ماریسکا)ی پشیلە زەردەیدا دەمێنێتەوە. ئەمە یەکێکە قەدری جوانی کارکردن لەنێو گەوڕەکە و دۆشینی مانگاکە و ململانێکردن دەگەڵ (گەرمیاس)دا، نازانێ.

نۆکا ترسی ڕێ نیشتبوو. پشیلەکەی بەسنگە ڕێوەڵە پۆخڵاوییەکەی نووساندبوو. تۆنیۆش ئیمشەو کە شەوی جێژنی ئەتالیبایە، پێی گوت گەر هەرسێکیان، ئەوان و کوڕە کۆڕپەکە، بەتەنێ لە ماڵەوە بمێننەوە، ئەوا بێگومان جانەوەرەکە دێت و نۆکا دەخوا.

– لە پاشانیش، تۆ دەخوات، ئەی تۆنیۆ!

– حەی!... من خۆم دەشارمەوە!.

ئینجا بەپێکەنینەوە بەرەو گەوڕەکە چوو. نۆکا (ماریسکا)ی پشیلەی دەستە خوشکی و بووکەشووشەی و نازدارە تاقانەکەی نێوماڵە هەژارەکەیان، لە باوەش گوشی. ئەو نیگا ترساوەکانی بەخۆشەویستی ئەم پشیلە خنجیلە زەردە چاو لماوییە، ڕاهات. پشیلەکە لە باوەش منالەکە دەستی کردە میاوەمیاو، نۆکاش دەیدواند.

– تۆ، هەمیشە لە تەکما دەبی. گەر جانەوەرەکەش هات، بەهەردووکمانەوە تووڕی هەڵدەدەینە دەرێ...

ئەو لە تەنیشت ماریسکا بوایە نەدەترسا. ماریسکا زیخ و چەلەنگە، لەگەڵ مریشکاندا وەشەڕدێ و بەسەر شوورەکەدا بازدەدا و بەگژ سەگەکەی مامە جۆبیدرۆدا دەچێ و لە حاستیا دەمرێنێ، وەختێ دێ بۆ سەردانیان و دەشزانێ چۆن ڕاوە (پریا)[1] بکا لە کێڵگەکاندا، ڕۆژێکیشیان کتومت لە پێش ماڵەکەدا، مارێکی کوشت، توولە مارێکە، بەڵام ژاراوییە، هەر لەو ئێوارەیەشدا جۆکۆندینا جامێک شیری دایە. ماریسکا ئازا و بوێرە و نۆکاش کە لە تەنیشتییەوە بێ، هەست بەترس ناکا، بۆیە باکی نییە بەتاقی تەنێ لەلای بمێنێتەوە. بەڵام وای کە ئەوانی دی خراپن، بۆ خۆیان دەچنە جێژنە و، خۆی و

(١) پریا Prêa: گیانەوەرێکە لەو گیانەوەرە قرتێنەرە وردانە کە لە بەرازیلدا هەن.

هەرسێ برا خنجیلەکانی لە ماڵەوە بەتەنیا بەجێ دێڵن، ئەگەرچیش جانەوەرێک لە گۆڕدایە، مناڵان دەگرێ و دەیانبات، کەسێکیش نازانێ بۆ کوێ دەیانبات. نۆکا لە تەک ئەم خەیاڵەدا کووڕبۆوە و پتر ماریسکای وەخۆوەی نووساند. ماریسکاش گوشینی دەستەکانی نۆکا بێزاری کردبوو، لاقەکانی درێژ کرد و خۆی ڕاپسکاند و بازی دایە سەر عەردەکە. ئینجا بەرەو سێبەرەکانی زەردەپەڕ شۆڕبۆوە و پاشانیش قەدەرێ میاواندی و گوێچکەکانی بۆ نەفرینەکانی ژیڤا قووت کردەوە، کەوا دەنگی لە موبەقەکەوە دێ. ئینجا پشتی کوڕ کردەوە، وەک ئەوە دژمنێکی بەدی کردبێ. بەڵام دەستە وردە پیسەکەی نۆکا کەوت بەسەریا و ئەویش لە بنیا خپ بوو، تا پتر هەست بەگەرمی دەست پێوەدانییەکانییەوە بکا و، دوایەش بەکاوەخۆ لەژێر دەستی کچۆڵەکەوە خزی و تۆزە تۆزە دەمیاواند. دیسانەوە لە نێوان دەست و مەچەکی نۆکاوە بازی دا.

شەو، بەرەبەرە بەسەرپشتی سێبەرەکانەوە، داهات، لە ناکاو، نۆکا بەسەر حەوت تەبەقی ئاسمانەوە تارمایی جانەوەرەکەی بەدی کرد. جا لەشە بێ دەستەڵاتەکەی لەژێر کراسە لۆکەییەکەوەی کەوتە لەرزین. بێجگە لە ماریسکا کەسێکی تر نییە دڵدانەوە و ئازایەتیی پێ ببەخشێ و شادی و نازی بۆ بێنێ. ئەو هیچ بووکە شووشەیەکی، تەنانەت تاقە بووکە دارینەیەکیش لەو بووکە دارینانە کە ئارەزوومەندان دەیکەن، شک نەدەبرد و قەتیش دەنگی مۆزیقای بەرگوێ نەکەوتووە و ئامادەی هیچ دیمەنێکیش لەو دیمەنانەی کە بەهۆی بەن و دەزووەوە دەجووڵێنرێ، نەبووە. ئەو تەنها ماریسکای هەبووە و هیچی تر. پشیلەکەی ئەو بوو کە شووشەیەی بوو کە بەنێوان دەست و پەنجەکانی کچەکەی ئارتێرەوەی دی و ئەو ئۆتومبیلە تەنکەیە بوو، کە گەلێ جار لە ماڵە گەوراندا[1] خۆی و تۆنیۆی وەسەرسوڕمان هێنابوو؛ و ماریسکاش بەلاوەی، ڕێگەی هەموو دنیا کورت دەکاتەوە و پاڵەوانی نێو ئەو حەکایەتانەن کە جاربەجار جۆکۆندینا دەیانگێڕێتەوە. لە ژیاندا، بێجگە لە پشیلە خرپنەکەی شتێکی دی شک نابا. ئیمشەو، بەتەنیا لە تەک براکانیدا، دەمێنێتەوە، تۆنیۆش گوتی جانەوەرەکە دێ. ئەگەر ئۆگستینیۆ ئامادە بوایە، نۆکا لێی دەپرسی داخوا ئەو قسەیە ڕاستبێ. ئۆگستینیوش دەمانچەی پێیە و دەتوانێ گوللە وەجانەوەرەکەوەنێ. ئەو بەسەر باڵی هەورێکەوە دێ، تۆق و ترس دەنێتەوە و مناڵان دەخوا. پشیلەکە لە دەست و قۆڵەکانی نۆکا خۆی دەرباز کرد و، لە دووی قالۆنچەیەک

(١) ماڵە گەورە Casa grande: ماڵی ئاغاکانە لەناو دێیەردا.



کەوتە باڵ لەگەڵ زەردەپەڕدا هات. بەهەموو لایەکدا کەوتە هەڵبەز و دابەز بەڵام قالۆنچەکە خێراتر بوو و، ماریسکای خاپاند، ئەمیش بەتووڕەییەوە میاواندی، قالۆنچەکەش لە چەنگ پشیلەکە دوورکەوتەوە و بەقەد دیوارەکەوە لەنگەری گرت. نۆکاش بەدزییەوە لە قالۆنچەکە چووە پێشێ و دەستی خستە سەر و تووڕی هەڵدایە نێو هۆڵەکەوە. نۆکا دەستەکانی، ئەو دوو دەستە لاواز و پیس و پۆخڵانەی تەکاند، ئەو بەخۆی دەمیشی پیسە، بەڵام ئای کە پێکەنینەکەی خۆش و بەتام بوو.

ژیان بەلای هەمووانەوە سەخت و دژوار بوو؛ جووتیارەکانیش، بێجگە لە ڕۆژی بێگار، کە بەپێی بەڵێنەکەیە، دەبێ بۆ دێیەرەکە لە نیوەی ئارد و گەنمەشامی و پەتاتە شیرینەکەیان گەڕێن. بەڵام نە لەڕولاوازییە بێ دەرمانەکانی مناڵەکان و نە نەخۆشییە دوانەبڕاوەکان و نەش نەبوونی هەمیشەیی پارە و پوول پێیان دەکرێ خەم وەبەر ئەتالیبا بنێن. چوون ئەو بەڕووخۆشی لەدایک بوو، حەزی بەجێژن و ئاهەنگ و خۆشییە، ئەگەر بەساڵیشدا چووە، شتێکی نەگۆڕیوە. بەڵکو بەپێچەوانە، چونکە ئەو تەنانەت لە ساڵە هەرە سەخت و ناخۆشەکاندا، تەنانەت لەو ساڵە نەهاتی و گرانییە بەناوبانگەکەیشدا، لەو ساڵەی کەوا دەغڵودان و سەوزی زەرد و وشک هەڵگەڕان و تا بینەقاقا لە قەرزاریدا نوقم بوون، تەنانەت لەو ساڵەشدا ئەتالیبا بەبۆنەی جێژنی (یۆحەننا)وە ئاهەنگی گێڕا، ئاهەنگی (جوانا)ی خێزانی.

بەڵام هیچ جێژنێک نییە لەم جێژنە بچێ، زەماوەندی شووکردنی (تێریزا)ی کچی بە(کەوسەم)، ئەو کەوسەمە کەوا پاڵەیە و یەک چاو شک دەبا و خەڵکیش بەیەکڵە چاو ناوی دەبەن. ئافرەتەکان لە موبەقەکەدا سەریان قاڵ بوو، تێریزاش کە بابووجەکانی فڕێ دا و دەستەجلە نوێکەی، جلی بووکێنییەکەی داکەند، ئەویش هات تا کۆمەک بکا بۆ لێنانی گۆشتی بەراز و مریشک و حەڵوا سەوزی نێو دەبەی هیندی. دەستەیەک کچ و ژنیش لە ماڵە دراوسێیەکانەوە هاتن، مرتا و ڤیلیسیانا و مەندینیا و کاسیلا و دیانا و گرترێد. جموجۆڵێکی گەرم متبەقەکەی داگرت و جارێکی تر باران خۆشی کردەوە و ئاسمان هەمیسان بۆوە سایەقە و سامالّ، ئافرەتەکانیش ئەگەر[1]دیتیان شەو وا دادێ، ترسان و پتر دەستوبردیان کرد.

ئەتالیبا بۆ ئاگرەکە داردەبڕێ. ئافرەتەکانیش بەدەم ئیشوکارەوە، داویانە بەتانی

(١١) کاتێک.

فرەبێژیدا، دەنگە دەنگەکانیان دەیگەنێ. ئاتالیبا پێ حەسیا شاد و بەختەوەرە. ئەو بەخۆی باکی نییە ئەگەر گشت پاشکەوتەکانی پاری بۆ ئەم زەماوەندە دانێ و قەرزارباری فرۆشگەکەبێ!

کارکردن نایترسێنێ و، هەر چۆنێکیش بێ، هەروا لێ ناگەڕێ کچەکەی شوو بکا، بێ ئەوە بەم بۆنەوە ئاهەنگ نەگێڕێ، گەرەکی بوو ئەم جێژنە لە هەموو جەژنەکانی نێو دێیەرەکە بەشان و شکۆ و بەهەیت و هووتتر بێ. باستیاویش دێ تا بژەنێ، لەو ئێوارەیەشدا، لە هەموو عەرد و بەرەکانی دەوروبەردا، پیاوێ، ئافرەتێ، نامێنن و نەیەن و خولێکی سەما نەگێڕن. ئینجا گرتکێک گۆشت بەراز دەخۆن و پەرداخێکیش کاشاسا لە چاوی بووکێ دەخۆنەوە. ئەتالیبا بەدەم داربڕینەوە سووک سووکێ فیتووی کێشا. ئەو وەکوو جووتیارێک، وێڕای مەرجە ناڕەواکانی بەڵێنەکە، هەمیشە سەری ساڵ قازانجی خۆی وەدەست دێنا و ماڵ و خێزانەکەی لەوی عەردەکەی وەبەرهەمی دێنێ؛ دەیخۆن و خۆ بەخۆی، لۆبیە و مەنیهۆت و پەتاتە شیرینەکەی دەچێنێ. ئەگەر کرابا و فرۆشگەی دێیەرەکە، کەوا جلوبەرگەکانی لێ دەکڕێ، بەبێ شەرمانە قۆڵی نەبڕیبا، دەیتوانی کەمێ پارە وەیەکەوەنێ، تا لە نەخۆشییەک، یانیش لە ساڵێکی نەهاتیدا بەرگە بگرێ.

ماریۆگۆمێز بەڕێگەوە هەنگاوی دەنا. ئەتالیباش بیری کردەوە هێشتا زووە بۆ جێژنە، ئافرەتەکان هێشتا لە مویەقەکەدا کار دەکەن. بەڵام دەسبەجێ فەرقی بەوە کرد کە ماریۆ جلوبەرگەکانی نەگۆڕیوە و شووشەیەک و هەگبەیەکیشی هەڵگرتووە، ببێ و نەبێ لە فرۆشگەکەوە دێ. ئەتالیبا پاچەکەی دانا و چاوەڕێی کرد:

– سڵامو...

– پێشەوامان (یەسوع)ی مەسیح ڕۆژێکی خۆش و بەختەوەرت پێ ببەخشێ!... ماریۆ گۆمێز هەگبە لۆبیەکەی دانا و قاپە عەرەقەکەی درێژ کرد:

– بۆ خاتری جێژنەکەی تۆ، ئەمەم هێنا...

ئەتالیباش سوپاسی کرد:

– کاشاساکەت، هەڵگرە ئاغای ماریۆ. سوپاست دەکەم. ئەو جێژنەی دەیگێڕم، بەپارە و پوولی خۆم دەیگێڕم...

– بۆ ئەوەم نەبوو پەستت بکەم.

– پەست نیم و، سوپاست دەکەم. بەڵام ئەمە هزرێکی خۆمە: بۆ جێژنەیەک کە خۆم



دەیگێڕم، نامەوێ یارمەتییەک وەربگرم، ئەمن دەزانم مەبەستت خراپ نییە، بەڵام کاشاساکە بەرەوە و پاشان وەرە بۆ خۆت ڕابوێرە...

ماریۆ گۆمێز تۆزێ کڕ بوو و ناقایلییەکە دڵی نەیەشاند، چونکە ئەو بەخۆی ئەتالیبا باش دەناسێ و ئینجا بەر لەوە بڕوات و جلەکانی بگۆڕێ، پێی ڕاگەیاند:

– ئایا دەزانی، ئاغای ئارتێریش دێ؟

ئەتالیبا دەمە پانەکەی بەواق وڕماوییەوە کردەوە:

– دێ...ت؟ بۆ ئاهەنگەکە؟

– بەڵێ، ئەو بەخۆی دەقەیەک لەمەوبەر پێی گوتم، ڕەنگە هەندێ جار مرۆ بخەڵەتی و حوکمێکی ناڕەوا بەسەر کەسێکدا بدا. خۆ منیش سەد لەسەد دەگەڵ ئاغای ئارتێردا نیم، من ئەوم وەدڵ نییە، ئەو لێرە دەمێنێتەوە –و دەستی خستە سەر قوڕقوڕاگەی– بەڵام ئەو پیاوە دڕندەیەش نییە... ئەو ئێستە لە فرۆشگەکەدا دەگەڵما ئاخاوت... بێگومان، نەء ئەو پیاوە دڕندەیە نییە.

ئەتالیبا بڕوای بەگوێیەکانی نەکرد:

– تۆ، بڵێی بێت؟

– دیتە ئەو بەخۆی پێی گوتم... ئەو بەخۆی ئەو پیاوە نییە درۆودەلەسە هەڵبەستێ. هەگبە لۆبیەکەی هەڵبڕی و زیاتر لەسەری چوو:

– ناکرێ بزانرێ چ لە کەللەی خەڵکیدا دەخولێتەوە. گەلێ جار لە کەولی مرۆیەکدا دەبینی شتێکە، وەلێ کتومت بەپێچەوانە دەبێ... ئەوی سەر بەگۆبەندبێ وەقنگییەوەیە، ئەمەش هەندێ جار خەڵکی دەخاپێنێ... نەخێر، بێگومان ئەو بەخۆی ئەو پیاوە دڕندەیە نییە...

بەر لەوەی تارماییەکەی ماریۆ گۆمێز دەنێو تاریکییەکەدا ون بێ، ئەتالیبا بەسەر ئافرەتەکانی نێو متبەقەکەدا شیڕاندی:

– ئایا بەهەواڵەکەتان زانی؟ ئاغای ئاوتێر دێ...

ئینجا ئەوان نۆرەی سەرسوڕمانیان هاتێ:

– بۆ زەماوەندەکە؟

– بەڵێ...

دەنگی جوانا کەشەنگ کەشەنگێ وەلێ خۆش و ناسک بەرز بۆوە:

– دەی منالّینە، بۆ کارکردن، ئێمە هێشتا لێ نەبووینەتەوە.

ئەتالیبا چوو تەماشای ئەو نیو دەستە تیرە ئاگراوییانە بکا کە لە گوندەکە کڕینی، بۆ ئەوەی ئیمشەو هەلّیان دا وەئاسماندا. جا پارەوپوول چ نرخێکی هەیە ئەگەر بەراورد بکرێ لەگەلّ ئەو خۆشی خۆشییەدا کە دەشێ بۆ مرۆڤێک بیڕەخسێنێ؟.



## ٣

بێگومان، ژیڤا و جۆکۆندینای پیرەژن، لە گشت دێبەرەکەدا، هەر هەردووکیان بوون، کە ئەم ئێوارەیە بیریان لە جێژنی ئەتالیبا نەکردەوە. گریگوریۆش ناتوانێ خۆی لەوە گێلّ بکا کە ئیمرۆکە زەماوەندە، چونکە وەختێ بەکۆمەکۆم لەژێر بارە قورسە گەنمەشامییەکەدا وەڕێوە دەچوو، بووک و زاوای چاو پێ کەوت، ئەوانیش لە تەک ئەتالیبا و جوانا و چەند کەسانێکی دیدا لە گوندەکەوە، لە مارەبڕین دەگەڕانەوە. بەلاّم گریگۆریۆ حەز دەکا لەبەرچاوان وەدووربێ، جا لەنێو زەل و زوولەکەدا بەدرێژی ئەو کاتەی ئەوان تێدەپەڕین، خۆی وەشارد، کەوسەمی زاوا یەکلّەچاویش، پێلاوەکەی بەدەستەوە گرتبوو، چونکە ناچار بوو لە ڕێگا فرێی بدات. ئینجا قۆلّی بەقۆلّ تێریزادا کرد و هەردووکیان لە خۆشی خۆشیدا پێدەکەنین، لە دواشیانەوە ئاخاوتن لەسەر جێژنەکە دەخولاوە.

– باستیا و قسەی یەکە و نابێ بەدوو، چونکە بەلّێنی داوە ئامادەبێ، دێت...

ئەوە ئەتالیبا بوو، بۆ یەکێک لە هاوەلّەکانی دەئاخاوت. گریگۆریۆش، باستیاوی ئوکۆردیۆن ژەن و بەناو و دەنگترین کەس، لە بۆ مەودای پێنج میل بەهەموو لاکاندا، دەناسێ. ئەو بۆ هیچ جەژنێک نایانژەنێ. کە بانگیش بکرێ خاوە خاو دەکا و گێلی دەنوێنێ و گەلێ بروبیانوو دەدۆزێتەوە –وەک: نەخۆشی و ئیشوکار و، ماندوویەتی– بەلاّم جێژنێک ئەوی تیا نەبێ، نیوەی ڕەونەقی دەچێ. گریگۆریۆ وەختێ ئاپۆرەکە تێپەڕی، لە خوای گەرەک بوو ئێواری باستیاو لەوێ بێ. هەرچەندەش ئەو لە جێژنەکانی ئەتالیبادا، ئامادە دەبێ و بەدرێژایی شەو دەژەنێ. گریگۆریۆ پێی خۆش بوو، باستیاو لەوێ بێ، نەک لەبەر ئەوەی مەیلی چوونە سەر زەماوەندی هەیە، بێگومان نە، ئەو ئامادەی نابێ؛ بەلاّم بەدلّ و گیان ئەتالیبای خۆش دەویست و دەیزانی تەڕپیری ئارەزوومەندی جەژنان لە نەبوونی مۆزیقا گەلێ پەست دەبێ. لە پاش ویش ئاهەنگ و خۆشی بەدەگمەن بوو لە ولاّتا، ئەگەر شتێکیش لەو بابەتە هەبێ، ئەوا باس چ لە پێش ئەمە و چ لە پاشیشدا بەدرێژایی چەندەها ڕۆژ هەر باسی ئەو بەزمەیە.

کە ئاپۆرەکە دوورکەوتەوە، گریگۆریۆ بەخۆی و هەگبەکەی سەر شانییەوە، ڕێگاکەی گرتەوەبەر و لەچاو دوورکەوتەوە لە شاڕێیەکە لای دا. دیسان بیری لە جێژن و ئەتالیبا و کەوسەم و تیریزا کردەوە. ئای کە کچێکی نەشمیلانە و لەبارە، تەنانەت گریگۆریۆ بەخۆیشی کاتێ وەدیبەرەکە گەیشت دیقەتێکی دا، ئەو دەمەش تەنها کچێکی ساوا،

هێشتا مەمکی نەکردبوو، بەڵام ئەو خەندە ساکارە، نازدارەی شک دەبرد. گریگۆریۆش گەلێ ئەرکی دی دەئەستۆ بوو، جارێ وەختی ئەوەشی نەهاتبوو ژن بێنێ. دوورەگێکی بەهێز و بەهیمەت و خاوەن ڕوخسارێکی کاڵبوو، دووچاوی بچووکی بچووکی دەبن بژۆڵە چرەکانییەوە وەشێردبوو. ئەو بێگومان ژن دێنێ، بەڵام ئەو دەمەی پارچە عەردێک شک بەرێ کە بەبەڵێنێک لەکن نووسەری یاسا مۆرکرابێ، شەو و ڕۆژیش بەبێ وچان و حەوانەوە دەکۆشێ تا بیکڕێ. لەو لاشەوە میلیتاوی هاوەڵکاری لە عەردەکەدا، پارە کرێکەی بۆ خواردنەوە و جێژن و سەوقاتی دەزگیرانەکەی، یانیش وەدووکەوتنی کچانی گوندەکە پەرت و بڵاو دەکاتەوە، گریگۆریۆش فلس و عانەکانی خۆی هەڵدەگرێ، لەم پێنج ساڵەشدا توانی کەمێک پاشەکەوت بکا، گشت ئاواتێکی لەوەدایە پارچە عەردێک بکڕێ.

گریگۆریۆ، بەشان هەڵتەکاندنێکی توند، لە هەگبە گەنمەشامییەکە، خۆی نەجات دا و لە حەوشەکەدا لە پێش کۆختێکی قوڕین دای نا و مریشکە ترساوە هەڵکروشکاوەکانی بن دار (گۆفە)[1] کە، جووڵان، گریگۆریۆش لە دەرگا کراوەکەوە سەرێکی کێشایە نێو ماڵەکە. میلیتاو هێشتا نەگەڕاوەتەوە. جا ئەویش بای دایەوە سەر ڕێگاکە و دەستی بەفیتوو کێشان کرد. لە لای کێڵگە (مەنیهۆت)ەکەوە وەڵامەکەی هات و تارماییەکەی میلیتاوی بەدی کرد، بەخۆی و داسەکەی سەرشانی دێتە پێشێ. ئەمیش لەسەر هەگبەکە ڕۆنیشت و چاوەڕێی کرد. زەردەخەنەیەکی پەنهان بەدەم و چاوە گرژەکەوەی قەتیس مابوو، زەردەخەنەی پیاوێک لە زۆرانبازییەکی دژواردا بەسەرکەوتوویی گەڕابێتەوە. ئەم میلیتاوەش بەخۆی دوورەگێکی کەتە و کەڵەگەتە، دەم وەبزکەیە، بەکاوەخۆ هەنگاو دەنا و داسەکەی بەقەد دیواری ماڵەکەوە دانا و بەتەنیشت گریگۆریۆوە ڕاوێستا و دەمی هەڵێنا و لەمەڕ جێژنەکەوە ئاخاوت:

– شتێکی فرەخۆش و زیندووە لەم هەرێمەدا، قەتم لە وێنە نەدیتووە...

گریگۆریۆ، وەرامی نەداوە، ملیتا و فەرقی هەگبە گەنمەشامییەکەی کردبوو، بۆیە بەسەرسوڕماوییەوە گوتی:

– کەوابوو، بارە قورسەکەت لابرد؟

(١) گۆفە: لە ڕەگەزی دارە ئاسییەکانە، لانکی ئەم دارە ئەمریکای ئیستیوائیە، لە وڵاتە گەرمەکاندا زۆر بەهادارە، بەرەکەی ناوکێکی خۆش و بەتامی هەیە و دەکرێتە دۆشاویش.



بزەیەکی پان بەدەموچاوی گریگۆریۆوە خۆی نواند، بەڵام تەنها بزەیەکی هەڵاتوو بوو و هیچی تر، دەستبەجێ کوژایەوە.

– چما پێم نەگوتی؟ هەشت هەزار (میل ریس)[1] چێترین نرخە... ئەمە ئەو هەوڵ و هیلاکییە دێنێ.

– ئەدی کەسێک چاوی پێت نەکەوت؟

– ئەوە بەڕاستتە؟! لە زەل و زوولەکاندا خۆم وەشارد و پێیەکانم کوترم و هیلاک کرد لەنێو دڕوو و داڵەکاندا و پشیلەیەک چییە بەدیم نەکرد. لیۆکاردیۆش کابرایەکی گەوج نییە، زمانی خۆی دەگرێ. میلیتاو قاقا پێکەنی و دەمدانە ڕزیوەکانی پان پانێ وەدەرکەوت.

– هەشت هەزار ڕیس، ئەمە بەلاش نییە. بەقەد مامەڵەیەکی بازرگانی وایە، بەڵام ئەگەر ئارتێر شتێکی هەڵکڕاندیا، کەوابوو شیاوی ئەوەیە...

– شیاوی چییە؟

– وەدەرمان نێ...

سێبەرەکانی زەردەپەڕ بەسەر هەردوو پیاوەکەدا داشکان، گریگۆریۆ لەسەر هەگبە گەنمەشامییەکە ڕاست بۆوە و لە میلیتاو هاتە پێشێ. چەند مریشکێک لەلای دار(گۆفە)کەوە بازیان دا و بەدەنووک لە هەگبەکە بەربوون، میلیتاویش بەنووکە پێ دووری خستنەوە.

– دوورکەونەوە لێرە، ئەی خوایە گیان!...

گریگۆریۆ نۆڕییە کێڵگە (مەنیهۆت)ەکە کە لە پێش ماڵەکەوە دەکشێ.

– دەمەوێ شتێکت پێ بڵێم، ئەی میلیتاو گیان –نیشانەی هیچ زەردەخەنەیەکیش، سەرلەنوێ، بەدەموچاوە گرژ و مۆنەکەوەی نەبوو– پۆلیسیش چییە، بەپۆلیسی خۆی ناتوانێ لێرە وەدەرم نێ...

میلیتاو، چاوەکانی هەڵبڕی و نۆڕییە هاوەڵەکەی، ویست و توانای لە دەموچاو نیشتووە. جا قوڵی هەڵبڕی، وەک بڵێی ئەم ویست و توانایە بێ هوودەیە و هیچ حیسابێکی بۆ ناکرێ لەچاو ئەو کارەی کەوا هیچ سێ و دوویەکی لەسەر نییە.

(١) میل ریس Milreis: بەرامبەر (کریزیرۆ)یەکە، پارەیەکی بەرازیلییە، لەم سەردەمەدا.

– هەر هێندە بەسە، کە دەیەوێ، دەوجاش، عەرد عەردی دکتۆر ئۆرلیانۆیە.

گریگۆریۆ چاوی بڕییە کێڵگە (مەنیهۆت)ە سەوزەکە، سێبەری زەردەپەڕ باڵی بەسەردا کێشاوە.

– بەڵام، مەنیهۆت، «مەنیهۆت»ی ئێمەیە، ئی هەردووکمانە! ئەدی باشە کێ بوو عەردی دارستانەکەی بووژاندەوە و گیا زەل و زوولەکانی هەڵکەند، هەموو ئەمانە، پێش وی ئێمە بگەین، گلاوییەکی لەباربوو و هیچی تر.

کشی لە مریشکەکان کرد، کە سوورن لەسەر دەنووک تێوەردانی هەگبە گەنمەشامییەکە.

– لە جۆزەردانیشدا، هێندەی ئەم گەنمەشامییە وەچەنگ دێنم، پێت دەڵێم ئەمە وایە! دەستی نایە سەر هەگبەکە و بزەیەکی نوێ دەموچاوە داخراوەکەی شڵەقاند.

– گەر ئارتێر سوسەی ئەوەی کردبا، لە ڕکاندا شەقی دەبرد.

هەردووکیشیان ناچار بوون گشت ئاتاژێکیان لە فرۆشگەی دێبەرەکە بکڕن، میلیتاویش بەخۆی لە وەختی ئاوارەیی و دەربەدەرییەکەیدا، دەیزانی چۆن چۆنی تۆوی گەنمەشامی بەنرخێکی باش وەچەنگ بکەوێ، بەهۆی کڕینی لە لیۆکادیۆ، ئەو دەمەش بەگریگۆریۆی ڕاگەیاند و ئەمیشیان بڕیاری لەسەر ئەوە دا:

– دەچم لە کن ئەو دەکرم، ئارتێریش با دەست لە هێقەمان بکاتەوە.

گریگۆریۆ کابرایەکی چەقاوەسوو نەبوو، بەڵام لەمەڕ ئیشوکارەوە لە کەسێ ناترسێ. پێنج ساڵی لە دێبەرەکەدا وەسەر بردووە، پێشتریش لە دێبەرێکی دیدا جووتگێڕ بووە. چونکە نەکەسێ، نە دەرەتانێ، نە هاوەڵێکیان لەو هەرێمەدا پێ شک نەدەبرد، گەلێ باس و حەکایەتیان لەمەڕ ڕابردوویەوە دەگێڕاوە، لە بارەی مردوو گەلێک و کەسانێکەوە داخاوتن کە لە شەڕ و هەڵاگەلێکدا، بەچەقۆ و خەنجەر کوژرابن، بەڵام پاکی ئەم قسانە شتی سەیر سەیر و نادروست بوون. میلیتاویش بەخۆی لە بۆ ئیشوکارێک دەگەڕا، قاتی و نەهاتی بۆ ئەم وەڵاتە دەری پەڕاند و ئاوارەی کرد و بەهەردووکیانەوە توانییان ئەم عەردە نەکێڵراوە، کە هێشتا هەندێ دارودەوەنی تیا ماوە و زۆربەی خەڵکی بەبەیار دای دەنێن، بەکرێ بگرن. ئەم عەردە لەوپەڕی دێبەرەکەوەیە و کۆلۆنێل ئیناسیۆ هەرگیز لە ژیانیدا بەکاری نەهێناوە گریگۆریۆ، لە مەسەلەی زەویوزاردا خاوەن ئەزموون و کارامە بوو، ئەو حەلەش ئارتێر پێشنیاری کرد ئەم عەردەی بەپارە یان بەکرێ بداتێ، یەکسەر قایل بوو و ڕەخنە و بۆڵژنەکانی میلیتاوی وەلاوەنا. سەرەتا لە حەوتوویەکدا چوار ڕۆژیان بۆ دێبەرەکە



کار دەکرد، کە ڕۆژێکی بەپێی دەقەکانی بەڵێنەکە، بەخۆڕایی بوو، سێ ڕۆژەکەی دیش بۆ وی قازانج وەدەست بێنن و ئاتاج و پێویستییەکانیان لە گۆشتی وشکەوە کراو و لۆبیە و ئارد بکڕن. پاشماوەی حەوتووەکەش بەپاچ و بێڵ خۆیان کۆک و پۆشتە دەکەن و گورج و ئازا لە کێڵگە خنجیلەکە و دارستانەکەیاندا، کار دەکەن. بەهەردووکیشیانەوە دارەکانیان دەفرۆشت و مەنیهۆتەکەیان دەچاند و هەموو ساڵێک بەڵێنی کرێکەیان نوێ دەکردەوە. ئێستاش لە هەموو دێبەرەکەدا عەردێک نییە وەک عەردەکەی ئەوان پوختە و نازی کێشرابێ؛ لەو دەوروخولەشدا لەمەڕ گریگۆریۆوە دەیانگوت «وەکو گا ئیش دەکا»، کەچی میلیتاویش، ڕەوشت نزمی دەنوێنێ، چاو باشقاڵی دەگەڵ کچەکەی ڤۆنسۆ، ئەو ڤۆنسۆیە کە بەخۆیشی پاڵەیەیە، دەکا. گریگۆریۆ بەبێ پشوودان وەعەردەکەوەی لکابوو، نە جەژن و مەژنی دەزانی، نەش ڕۆژی یەک شەمموانی هەبوو. قەتیش پارەی جووتێ پێڵاوی نەداوە، دەستێ جلوبەرگی نوێیش چییە شک نابا، هەرگیز لە بۆ گوندەکە ناچێ و پارەوپوولەکانی بۆ کچ و مچ وەتاڵان نادا!

میلیتاو بۆ ئەوانەی لە گەرمی کارکردنەکەی واقیان وڕمابوو باس دەکرد؛ گریگۆریۆ دەیەوێ ئەم پارچە عەردە یانیش پارچە عەردێکی تر بکڕێ تا ڕۆژێ لە ڕۆژان بوێری و بڵێ: من بەسەر عەردێکەوەم ملکی خۆمە. خەڵکیش دەیانگوت:

– ئەنجام ئەم کابرایە دەبێ بەئاغای دێبەرێک.

قسە و دەمگۆ[1] پڕ سەیروسەمەرەکان هەمیسان بڵاوبوونەوە و نەختە نەختە لەمەڕ ئەو لایەنە باش و خراپانەوە کە دەخرانە پاڵ حەکایەتەکان، لق و پۆپیان لێ دەبۆوە و بەناوبانگییەکەی گریگۆریۆ پەرەی ستاند و تەنانەت ئارتێر خۆ بەخۆی نیمچە ڕێزێکی لێ دەگرت و بەدەگمەن نەبێ دەنا لە ئاخاوتنیشدا ململانێی لەتەکدا نەدەکرد. بەکورتی دەشێ بگوترێ بەچاوێکی باشەوە تەماشای دەکرد و لەگەلێ بۆنەشدا، وەگوێیدا دێنا، ببێ وەیاریدەدەری سەرکار.

ئەو حەلەش میلیتاو بەنرخی گەنمەشامییەکەی زانی، گەلێ لەلایەنی چاکە و خراپەی کڕیار وردبۆوە و بۆی دەرکەوت ئەوە ناهێنێ هەوڵ و تەقەللای بۆ بخرێتە مەترسییەوە لە دێبەرەکەشدا چەند یاسایەکی نائاسایی تۆمار نەکراو هەن، بەڵام هەمووان بەوردی ڕێز لەو یاسایانە دەگرن، یەکێک لەو یاسایانە دەڵێ وەرزێرەکان هە چ پێویستی و ئاتاژێکیان

(١) دەمگۆ: واتە وات، شائعات.

هەیە لە فرۆشگەکە بیکڕن. بەڵام گریگۆریۆ کەسێکی گەلێ خاوەن ویست و بەتوانا بوو، نەختە نەختە توانی میلیتاو قایل بکا. دوای نیوەڕۆیش، لە پاش فراوین، بەباریکە ڕێیەکاندا تێپەڕی و خۆی دوورخستەوە لەوەی بەپێش ماڵە گەورەدا بڕوا و، بەدزییەوە نەبا کەسێک چاوی پێ بکەوێ، چووە کن لیۆکادیۆ.

– هەموو دەستە و تاقمەکەم دێن کە لە ئاهەنگی زەماوەندەکە دەگەڕانەوە.

– ئایا (کەوسەم)ت، بینی؟

– بەڵێ، خۆی و، تیرێزا و ئەتالیبای پیرەمێردیش. بەڵام ئەوان نەیانبینیم.

– ئەمە دەبێتە شایی لۆغانێک بۆ گشت جنۆکەکان. دەبێ لە دەستی نەدەی بەڵام گریگۆریۆ، بیری لە شتێکی دی دەکردەوە.

– لە جۆزەرداندا، گەنمەشامییەکی زۆری دەبێ...

میلیتاو هەڵسا و، هەگبەکەی ڕاکێشایە نێوماڵەکەوە. گریگۆریۆش وەدووی کەوت.

– ئێمە، هەردەبێ بەجۆبیدرۆ بڵێین. پێویستە بکەوینە خۆ تا ئاردەکە دروست بکەین... ئاشەکە، جۆبیدرۆ دروستی کردبوو، هەموو جووتیارەکانیش ئەو مافەیان هەبوو دەستاڕ و فڕنییەکە لەجیاتی نەختێ ئارد و پارە وەکاربێنن.

میلیتاو قایل بوو:

– ئیمڕۆ، لە ئاهەنگەکەدا، دەگەڵیا داخێوم. لە تەک ژنەکەیدا لەوێ دەبێ.

سێکوچکانییەک لە سووچەکە دانرابوو، بۆ کوانوو وەکار دێنرا. تۆزێ لە پاشماوەی قاوەی بەیانی لە قووتوویەکدا کە ئاگرەکە ڕەشی کردبۆوە، مابوو. گریگۆریۆ کەمێ گۆشتی لە شیش دا، پاشان ئاگرەکەی هەڵکرد. ئەو تاریکییەی کە بەسەر کێڵگەکاندا باڵی کێشابوو لە دەرکە نیمچە والاکەوە ڕەوییەوە. بڵێسە ئاگر بەسەر شیشەکانەوە بەرز بۆوە و دەموچاوی هەردوو پیاوەکە یرووناک کردەوە. لە دەرەوەشدا هەوەڵەمین سیسرکەکان، دەستیان کردە هەڵبەز هەڵبەز و، شنەش بۆ نێوماڵەکە بۆنێکی ئاشنا و ناسراوی لە درەختەکان و عەردەکەوە دێنا.

– کولێرەیەک لە ئاردی ڕەگە مەنیهۆتەکان، بۆ خۆت، دروست بکە و، هەقی شتێکی ترت نییە، منیش لە جێژنەکەدا گۆشتی بەراز دەخۆم. دەبێ بۆ ئەوێ بچی، ئەی برادەر... چرایەکی هەڵکرد و، ڕووناکییەکی سوور بەقەد دیوارەکانی ژوورەکەدا بڵاوبۆوە.



– پام دەشۆم تا کەوشەکەم لە پێ بکەم.

بەرەو نێو ماڵەکە ملی نا و، دەنگی گریگۆریۆش لە دوایەوە هات:

– بەڤیلینیا بڵێ، بۆ دروستکردنی ئاردەکە کۆمەک بکا... «ئەم ڤیلینیایەش دەزگیرانی میلیتاوە».

– بەخۆی و خوشکەکەی... و دەشێ شتێکیش بەمرتا لەکن جیرۆنیمۆ بگوترێ...

– گرترێدیش، بۆی هەیە بێ...

.. و بێدەنگی باڵی کێشا و، لە پاشان میلیتاو کە لە ژوورەکەی ترەوە دەهات و، پێڵاوەکانی لە پێ کردبوو و، گەیشت، گوتی:

– من، ئیمڕۆ، هەتا شل کول دەبم، سەما دەکەم.

لە پێش گریگۆریۆدا، کە شیشە گۆشتەکانی ئەمدیو ئەودیو دەکرد، وێستا:

– ناتەوێ بچی؟...

– نەخێر، ناچم.

– شتێکی چاک دەکەی، ئەگەر بڕۆی... چەندت بوێ کاشاسای لێیە، باستیاویش لەوێ دایە. ئۆکۆردیون دەژەنێ.

– نەء، من گەرەکم نییە بچمە ئەوێ.

سیسەرکە حەوشەکەی داگرتەوە. گۆشتی سەر ئاگرەکەش ڕەق و سوور بۆوە. میلیتاو لەمەڕ جێژنەکەوە گەلێ ڕستی و منجەمنجی کرد، هەوڵی دەدا هاوەڵەکەی قایل بکا تا بچێتە ئەوێ. گریگۆریۆ دۆلکێکی بەدەستەوە گرت و بەرەو دەرگا هەنگاوی نا، چوو ئاوبێنێ بۆ ئەوە کۆلێرەیەک لە ئاردی مەنیهۆتەکان ئامادە بکا. بەڵام لەبەردەم ماڵەکەدا وێستا، تۆزێ ڕاما، چاوی بڕییە ئەو کێڵگانەی کە بەحاڵ نەبێ، لەنێو ئەو تاریکییەوە کە تۆزە تۆزە باڵی کێشا، نایانبینێ. چەند گوڵە ئەستێرەیەکیش لەنێزیک دار (گۆفە)کەوە، لەوێڕا کە مریشکەکان وشک وشکێ خپ ببوون، هەڵفڕین. میلیتاو بۆ ئەو هەیت و هووتەی ڕووبەڕووی اهەنگەکە دەبێتەوە، سەرگەرم بوو، بەڵام خۆی کڕ کرد، چونکە گریگۆریۆ، کە لە دەرەوەی دەرکەی ماڵەوە بوو، دەنگی بەهەڕەشە و گوڕەشەوە، لەنێو ماڵەکەدا زرینگایەوە:

– وەدەرمان دەنێن؟ ئەی میلیتاو گوێ ڕادێرە، کەس نییە لێرە دەرم بێنێ... شنەبا هەڵی

کرد و، ئاگری چراکەی وەسەما هێنا و بۆن و بەرامەی عەردەکە ژوورەکەی داگرتەوە.

– تەنانەت، ئەگەر ناچاریش بم کلۆڵی و بەدبەختی بەسەر خۆم و کەسێکی دیش وەک خۆمدا بخولقێنم.

سیسەرکەکان لەگەڵ داهاتنی شەودا پتر پەرەیان ستاند و لە شوێنێکی گەلێ دووری کاتەنگا[١]شەوە، هەوەڵ ئاوازەکانی ئۆکۆردیۆنەکە، هات و کشی و بێ دەنگییەکەی دەهەژاند.

(١) کاتەنگا Caatinga: هەرێمێکی وشک و ڕەق و بێ بڕستە لە ناوخۆیی بەرازیلدا پڕە لە دڕوداڵ و پێکوڵە.



## ٤

ئاوازی ئۆکۆردیۆنەکە سیسرکی ڕێ و بانەکانی کڕ کرد. دەمەتەقێ و قاقای پێکەنینی نێو ئەو ئاپۆرەیەش، کە بریتی بوون لە چەند پیاوێک و هەندێ ئافرەت، بێ دەنگ بوو. باستیاو دەستی بەژەنین کرد. ئەم بۆڵکایەش کۆن و چەشنێکی ناهەموار بوو، بەڵام لێرەدا، لە پەڕێکی ئەم دنیایە، شتەکان و هەمدیس ئاوازی سەماکەش کاتێکی درێژ دەخایێنن تا وەگوێ بگەن. گەر دکتۆر ئۆرلیانۆ لە ماڵە گەورە بایە، بێگومان ڕادیۆیەکی بەپیلی تێ دادەنا، بەڵام ئەو لە ڕیۆ دادەنیشت، لەوێ کە خوێندنەکەی تەواو کرد و چەند سوود و قازانجێکی دارایی پێبەندی کردووە. کۆلۆنیل بەدرێژایی شەش ساڵی ڕەبەق نیازی وابوو دانەیەک بکڕێ، بەڵام ئەو بەقەوانە شڕێک قایل بوو، ئەو قەوانەشی لە فرۆشیارێکی گەڕۆکی خەڵکی سوریا کڕیبوو، بەکرەکەشی هەمیشە لە هەڵبەز و دابەز نەدەکەوت. هەنگێش دەخولایەوە، دۆنا ئەنجیلا کە لە چاوەدێری ئافرەتە قولەڕەشەکانی نێو متبەقەکە دەبۆوە، چەند سەعاتێکی خشتی وەسەر دەبرد و ئامێرەکەی دەسووڕاند و ئەو تاقە سێ بەکرانەی دەخستە سەر کە دەنگی کارۆزۆیان بەئاوازی ئۆپراوە لێوە هەڵدەستا. پاشان لە سووچێکی ماڵەکەدا، وەک شتێکی بێ کەڵک، لە چاککردنەوە نەیەت، دوور خرایەوە. دەوڵەتێکەو[١] و لە پەنجەرەوە تووڕ هەڵدراوە». کۆلۆنێل ئیناسیۆ، وەختێ چاوی بەئامێرەکە دەکەوت چ سوود و قازانجێک نابەخشێ بێجگە لە ڕازاندنەوەی هۆڵە گەورەکەی ماڵەوەیان، ئەمەی دەگوت. کەوابوو، لە وەڵاتا، جگە لە ئۆکۆردیۆن و گیتار وگاڤاکوینهۆز[٢]، چ مۆزیقایەکی تر نییە. لە نێزیک زەویوزارەکانیشەوە بیدرۆ دارستنگای نابینا نیشتەجێ بوو، ئەم بیدرۆیە گیتارژەنێکی بەناوبانگ و، گۆرانی چڕێکی بەهرەدار بوو، لە وەختی کۆلۆنێل ئیناسیۆدا کردبووی وەپیشە، لە جێژنەکاندا، بێتە ماڵە گەورە و چەند ئاوازێک لە گیتارەکەیەوە هەڵسێنێ و دڵی گەورە جووتیار خۆش و بەختەوەر بکا، بەڵام هەموو ئەمانە دەگەڕێنەوە بۆ سەر وەختێکی کۆن. چونکە هەر لە پاش مردنی ئیناسیۆ و ئەنگێلا حیسابەکەی بیدرۆ دارستینگا لە فرۆشگەکە ڕاگرا – ئەوەش حیسابێک بوو هەرگیز نەدرا– ئەو حیسابە چەشنە خێر پێکردنێک بوو، کۆلۆنێل بۆی بڕیبووەوە، لەو دەمەشدا بیدرۆ مافی ئەوەی هەبوو گشت هەفتەیەک، لۆبیە و ئارد و

(١) دەوڵەت: مڵک، سامان.

(٢) کاڤاکوینهۆز: Cavaquinhos جۆرە گیتارێکی بچووکە چوار (ژێ)ی هەیە.

بوتڵێک عەرەق و کوتە قاورمەیەک بکڕێ. شتە کڕاوەکانیش لە دەفتەردا تۆمار دەکران، بەڵام ئەوان سوڕ دەیانزانی کە ئەوە تەنها بۆ ڕووکەشییە؛ لە ڕاستیشدا ئەو نرخەکەی لە گۆرانییەکانی و ژەنینی گیتارەکەی و ئەو سەروایانەی کە بە(ion) کۆتایی پێ دێ و ئەو هەڵبەستانەی کە ئیناسیۆی وەقاقای پێکەنێن دێنا، دەداوە. ئۆرلیانۆش هیچ بایەخێکی بەکێشەکەی بیدرۆ دارستنگا نەدا و ئارتێریش کە چوو و لە ماڵی ئاغاکاندا نیشتەجێ بوو – هەر لە هەوەڵەمین هەفتەوە بەشە ئازووقەکەی بڕی. ئەمەش ڕەگ و بنەمای ئەو ڕک و کینەیە بوو کە پاڵەکان و جووتیارەکان دەحاستیا هەڵیان گرتبوو. ئارتێریش، وێڕای ئەوە هەستی نەکرد، تاوانبارە، واش تێبینی کرد کە دەتوانێ داوای ئەو قەرزە بکاتەوە کە دەگەڵ ڕەوتی ڕۆژانەدا فرەتر بووە و ئیدی بیدرۆ دارستینگاش پێی لە دێبەرەکە بڕی. لە بازاڕی گوندەکەدا بەخۆی و گیتارەکەی و جامە دارینەکەیەوە دادەنیشت و گۆرانییەکانی دەچڕی و دەیگوت:

بەزەییتان بێتەوە، بەکوێرەی هەژار.
ئەو کوێرەیەی، هیچی بۆ نەماوەتەوە،
هیچ، هیچ
ئیناسیۆ گولاوێکی بێ وێنە بوو،
دۆنا ئەنگیلاش خۆ بەخۆی
ئەوین بوو.
منیش کە بۆ ئاوازێک
دەگەڕێم، لەسەر گیتارەکەم
بۆ ئەوەمە پێی بڵێم:
خۆشم ئەوێی.

***

مخابن، ئەو کوڕەکەی زۆڵە
دوورە، فرە دوورە لەو بچێ،
ئەو بەخۆی پزیشکە
باش بزانن
بەڵام ئەوی خراپە نەبێ،



دەگەڵ هەژاراندا
نایکا.

***

(ئارتێر)ی لەسەر کارەکانی
بە (سەرکار) داناوە
ئەم کابرایەش دڕندەیەکە،
خاوەن دڵێکی بەردین
شوومە وەک شەیتان
هەردووکیشیان،
دوو کابران، کتومت
چوون یەک.
بەزەییتان بێتەوە، بەکوێرەی هژار
ئەو کوێرەیەی، هیچی بۆ نەماوەتەوە،
هیچ، هیچ...

بەڵام پارچە عەردەکەیان لە دەست باستیاوی قولەڕەش نەستاندەوە، ئەو پارچە عەردەی کە کۆلۆنێل ئیناسیۆ لە یەکێک لەو جێژنانەدا، کە بەهۆی ئامادەبوونی ئۆکۆردیۆن ژەنێک لە هاوسەنگی خۆی لە ماڵەکەیدا، شاد و بەختەوەر بوو، پێشکەشی کرد. لە دەمەدەمی (کۆکردنەوەی ساڵانەشدا) دکتۆر ئۆرلیانۆ وەدێبەرەکە هات و بەئامۆژگاری و ڕێنمایی کردنەوە ئاخاوت، ئارتێریش لێی پرسی:

– ئەدی باستیاو؟
– باستیاو چی دەوێ؟

قولەڕەشەکە لە نێزیکییەوە بوو، لێی هاتە پێشێ.

– ئاغای کۆلۆنێل، لەوێڕا کە کێڵگەکەمی لێیە، پارچە عەردەکەی پێ بەخشیم.

پاشان دەستی کردە گێڕانەوەی باسەکە.

بەڵام ئۆرلیانۆ، کە هێشتا کەسەر و دڵتەنگی بەهۆی مردنی خزم و کەسە یەک لەدوای یەکەکانییەوە، بەری نەدابوو، قسەکەی پێ بڕی:

– عەردی خۆت، بۆ خۆت ئەی قولەڕەشی پیرەمێرد؛

باستیاو پێی خۆش بوو شتەکە لەسەر پەڕەیەک تۆمار بکرێ. گەر کۆلۆنێل ئیناسیۆ هێشتا لە ژیاندا بوایە، ئەم داواکردنەی لەلا بێ سوود بوو، چونکە کۆلۆنێل قسەی یەکە و لە بەڵێنی خۆیشی پەژیوان نابێتەوە. وێڕای ئەوەش زاتی نەکرد داوای شتێک بکا. چوون لەوە دەترسا نەبا دکتۆر سووک بکا و ئەم کارەی دواخست بۆ ڕۆژێکی تر. ڕۆژێک کە هەرگیز نەهات، چونکە ئۆرلیانۆ لە ڕیۆ مایەوە و ئارتێریش ئیستە داهێنانی باران و سایەقەی دێبەرەکەی بەدەستە.

بۆڵکایەکە لە مۆدێلی کۆن، بەڵام ئەوە دێنێ خۆشی وەبەر جەماوەرەکەی دەوروبەر باستیاوبنێ، کە لە جێژنەکەدا لەو پەڕی شادی و ڕووخۆشیدا بوو. پێیەکانی قولەڕەش کە کاڤاکینهۆکەیان هەڵگرتبوو بەسەر ڕێگاکەوە دەجووڵان، وەک ئەوە لەسەر ئاوازی بۆڵکا کۆنەکە سەما بکەن. دووڕەگەکەش گیتارێک بەدەستەوە بوو، بەڵام نە ئەمیان ئامێرەکەی دەژەند و، نەش ئەو، چونکە وەستا باستیاو خۆیەتی کە ئۆکۆردیۆنەکەی هەڵگرتووە و هەموو خەڵکیش ڕێزی لێ دەگرن. لە وڵاتیشدا مۆزیقاژەنێکی دی نییە وەک خۆی.

بێگومان قژە بڕاوەکەی نەختە نەختە سپی دەبوو و پەنجەکانیشی وەکو جاران بەسەر کلیلەکانەوە بەسووکی و نەرم و نیانی نەدەهاتن، بەڵام بەرگریکردنی کەم نەبۆتەوە، بۆیە بەدرێژایی شەوانێکی تەواو مایەوە و دەیژەن و هەرچەند پتریشی خواردبایەوە باشتر دەیژەند.

ئاوازەکانی بۆڵکاکە بەسەر زەل و زوول و سیسەرکەکاندا دادەباری و شەویش مانگەشەو و ئاسمانیش پڕ ئەستێرە بوو، لە کێڵگەکانیشەوە گونجانێک و ڕێکوپێکییەکی بەهێز خۆی ڕادەپسکاند، بەڵام خەڵکەکە تێبینییان نەکرد، چونکە ئەوان بیریان لە جێژنەکە دەکردەوە و بەخێرایی هەنگاویان دەنا.

ئەو کەسەش کە بەوپەڕی خێراییەوە، هەنگاوی دەنا قولەڕەشی لەمەڕ کاڤاکینهۆکە بوو ئەو حەز و ئارەزووە پاڵی پێوە دەنا لەشی مرتا لە باوەش بگرێ، جا بەسووڕی سەماوە هەردوو پێیەکانی لە خۆڵە کەریچینەکە وەردەدا.

چونکە لەوانی تر قۆز و ڕێکوپێکتر بوو، جا وەک سەمازانێک هەنگاوەکانی داوێشت، ئەو هەنگاوەی کە وای لە لەشی کردبوو سووک و قاچ و قولە شێواوەکانیشی نیان و گورج و گۆڵتربن. ئەو لەتەک دەنگی مۆزیقاکەی باستیاو سووڕ وەمرتا دەدا و شەوێکی خۆش و



پیرۆز دەبێ. کچێکی نەشمیلانە و لە باری وەک ئەمەش، لە دنیادا خوا لە وێنەی نەخولقاندووە. ئاوازەکان بەسەر شنەبای شەوەوە پەرش و بڵاوبوونەوە، ئەوەش وەک بانگهێشتێکی خۆش بوو بۆ هەموو ماڵەکانی دێبەرەکە. مۆزیقاش دەنێوان دەستە کارامەکانی باستیاوەوە دادەڕژێ و لەنێو کپی و بێدەنگییەکەی دەوروبەردا دەلەرێتەوە. جێژنی زەماوەندی کەوسەم و تێریزا جاڕ دەدرا.

شەوی بەزم و شادی بوو لە دێبەرەکەدا. نە پیاوێ، نە ژنێ، نە گەنجێ، تەنانەت نە خاوەن دۆستێکیش، نەمابوو، نوقمی ئەو شاگەشکە و خۆشییە نەبووبێ و خۆی بۆ ماڵی ئەتالیبا پۆشتە و پەرداخ نەکردبێ. هەر گریگۆریۆ نەبێ، مات ماتێ و بێ دەنگ بێ دەنگێ گۆشتە وشک کراوەکەی و کولێرە دروست کراوەکەی لە ئاردی ڕەگە مەنیهۆتەکانی بەئاوی ساردەوە دەجوی و بیری لەو گەنمەشامییە دەکردەوە: کە دەیچێنێ، لەو لاشەوە میلیتاو بەپێڵاوە بریقەدارەکەوەی و ئەو قژیەوە کە بەڕۆنی (بریانتین) چەوری کردووە و نرخی قوتوویەکی (٥٠٠) ڕیسە، لێی دا بۆ سەر شاییەکە.

بەڵام ژیقاش کە لە بەردەم پیاوچاکەکانیدا، لەوێڕا کە چرایەکی هەڵکرد و کزومات ببوو، ئەویش بیری لە زەماوەندەکە نەدەکردەوە. ئەو شتانەش کە دەهاتنە پێش چاوە ڕاڕاکانی، نە جێژنە و نە ڕووداوی خۆش خۆش و نەش هاڵ و هەواڵی باش بوون، کە پێویست وەجاڕدان بکرێن. بەڵکو ئەو شتانێکی ترسناک و تۆقێنەری دەدی، کلۆڵییەکی بەرباد و چڵکنی بەدی دەکرد.

لە هەموو وڵاتدا، تەنها ژیڤا و گریگۆریۆ بوون بیریان لە جێژنەکە نەکردەوە و، خۆشیان ئامادە نەکرد بچنە ئەوێ. ئەوانی کەش ڕۆشتن، یانیش خەریک بوون جلوبەرگەکانیان دەگۆڕی و، پێیان دەشۆرد، تا بەئاسانی پێڵاوەکانیان لە پێ بکەن. تەنها ئەو دوو کەسە بانگەوازە خۆشەکانی ئۆکۆریۆنەکەیان نەدەهاتە گوێ، کە لە ڕێگاکەوە دەهاتن وشە و دێبەرەکەیان دادەگرتەوە. تەنانەت سیسەرکەکانیش کڕ بوون، بۆ ئەوە گوێ بۆ مۆزیقای ئەم بۆڵکایە شل کەن. ئەوە باستیاوە دەژەنێ و دوو مۆزیقاژەنیش وەک خۆی پەیدا نابن، نەخێر دووانیش پەیدا نابن.

## ٥

نەخێر، دوو مۆزیقاژەن بەوێنەی خۆی، لە هەموو ئەم عەرد و بەرەو دێبەرانەدا، کە بەدرێژایی چەندەها میل و چەندەها میل دەکشێن لەم سەرتاوە[١]دا کە بەلای باکووری ڕۆژهەڵاتەوەیە، پەیدا نابن!...

ڤیلیسیا، لەو ژوورەوەی کە جلوبەرگەکانی تیا لەبەر دەکرد، ڕووی دەمی کردە ئارتێر کەوا لەسەر مێزەکە ڕۆنیشتبوو و چاوەڕێی فراوینی دەکرد و وەک ئەوانی تر لە چوونە سەر جێژنەکەی ئەتالیبا دواکەوتبوو و گوتی:

– نەخێر دوو کەسی تر نییە، وەک ئەو بژەنن...

ئەمەش یەکێکی دییە، کەوا خۆشی ناوێ، باستیاوی قولەڕەشە!... ئارتێریش گەلێ دەگەڵ ماریۆگۆمێزدا ئاخاوت و دەردی دڵی بۆ هەڵڕشت، بەمەش کەف و کوڵی خۆی دامرکاند. بەڵام ئەو چ شتێکی پێ دەکرێ بۆ باستیاوی قولەڕەش بیکا؟... قەت تاوانی دەرهەق نەکردووە، بگرە بەپێچەوانە، ئەو بەخۆی ئەو ئارتێرەیە کە بۆ دکتۆر ئۆرلیانۆ، لەمەڕ خاکی موزیقاوە ئاخاوت و بۆ وەدیهێنانی ئەم ئاکامە خۆشبەختە بەشداریی کرد. بەڵام باستیاو خاوەن خووگەلێکی ئاڵۆز ئاڵۆزە کە لووتبەرزیی شێواندوونی، بەبیانووی ئەو قسەلۆکەی کە بەخۆی ئاغای عەردە بچووکەکەیەتی – کە ئەوەش تەنها قسەی ڕووتە وەک ئارتێر بۆی دەچێ– نیازی وابوو ئاردەکەی لە گوندەکە بفرۆشێ و گەنمەشامییەکەشی بەچەند وەرزێرێکی دی بفرۆشێ و پێویستی و ئاتاژەکانیشی لە فرۆشگەیەکی تر، نە لە فرۆشگەی دێبەرەکە، بکڕێ. جار لەدوای جاریش ئارتێر دەگەڵیا گفتوگۆی کرد، بەڵام ئایا ئەو بێجگە لە ئەرک و فەرمانەکەی خۆی شتێکی تری دەکرد؟. ئەو دەمەش ئارتێر هاتە دێبەرەکە، بەڕۆژانە وەک ئەوانی دی کار بکا، باستیاو لە مێژ بوو، لەم وڵاتەدا نیشتەجێ ببوو. ناووناوبانگیشی وەک مۆزیقاژەنێک خێرا خێرا، لە زارێکەوە دەچووە سەر زارێکی تر. هەنگێش کە بچووک بوو، ئۆکوردیۆنەکەی وەزمان دێنا و، کۆلۆنێل ئیناسیو و میوانەکانی کەیفخۆش دەکرد. لە پشووی هاوینیشدا، هاوەڵەکانی ئۆرلیانۆ، دەهاتن چەند

---

(١) سەرتاو Sertao: ناوچەیەکی فراوانە لە باکووری ڕۆژهەڵاتی بەرازیل، نیوەی خاکەکەی بیابانە و نیوەکەی کەشی بەیارە. جار ناجار تووشی وشکی و نەهاتی دەبێ. ئەم پێنج شارە دەگرێتەوە: (باهیا، سەرجێب، ئالاگواس، برنمبۆک، پاراهیبا).



ڕۆژێک لە لادێ ڕاببوێرن، باستیاویش لەو حەلەدا کە بوو بەپیاوێک، قەت لە ماڵە گەورە نەدەهاتە دەرێ و لە سای ئەو ڕۆڵانەی دەیگێڕان وەڕسی و بێزاری ئێوارانی وەبا دەدا و چێترین خەمڕەوێن و کەیف سازکەر بوو بۆ کچ و کوڕە هەرزەکارەکانی شار کە لە تەک دەنگی ئاوازە دێرینەکانی سەمایان دەکرد و بۆ ئەو ئاوازە کۆنانەبە گەشە و پێکەنین دەهاتن و کچەکانیش دەگەڵ باستیاودا فرە ڕووخۆش و نەرم و نیان بوون و دیاری و سەوقاتیان وەسەردا دادەباران.

ئەوەش لە زەماوەندێکی کە دابوو، کەوا کۆلۆنێل ئیناسیۆ، ئەو پارچە عەردەی بەباستیاو بەخشی کە ئێستە دەیکێڵێ. ئەگەر ئەوە ڕووی دا، ئارتێر هێشتا نەگەیشتبووە دێبەرەکە، بەڵام ئەو بەورد و درشتی دەزانی، چونکە هەر وەختێ ناوی کۆلۆنێل دەهێنرا ئەم حەکایەتەش دەهاتە گۆڕێ، کە دەشیانەویست بیسەلمێنن تا چەند چاوتێر و جەوامێر بووە، یەکسەر ڕووداوەکەی لەمەڕ باستیاویان وەبیر دەهاتەوە کە لە ڕۆژی زەماوەندەکەی جۆلیاتادا ڕووی دا. ئەم جۆلیاتایەش کچی خاوەن دێبەرەکە بوو بەبانین، لە تەمەنی نۆ ساڵیدا ڕازی بوو لە ماڵەکەیدا قبووڵی بکا، باوکیشی کە ئیناسیۆ داڵدەی دابوویە، بەلەرزوتێ مرد؛ لەو دەمەشدا ئۆرلیانۆ، لە پایتەختی دەوڵەتەکەدا. قوتابییەکی زانکۆ بوو و دۆنا ئەنگێلای هەرە بەناز و میهرەبانیش، بەزەیی و ڕۆحمی بەو کچە بێ دەرەتانە هات و مامەڵەی دەگەڵدا نەک وەک کارەکەرێ کرد بەڵکو هەروەک تاکێکی نێو خێزانەکە. ئیدی نەختە نەختە وەک ئەوە کچی ڕاستەقینەی بێ جێی خۆی لە دڵی ئینایسۆدا کردەوە، ئەو ئیناسیۆیە کە هەمیشە بەئاواتەوە بوو منداڵێکی ببێ، بەڵام ژنەکەی پێی نەبەخشی. وەختێکیش جۆلیانا گەیشت و ماڵەکەی، بەپێکەنین و ڕاوڕاوێنەکانی ئاوەدان کردەوە، ئیناسیۆ و ژنەکەی لە تەمەنی باپیرە و داپیرەدا بوون. ئۆرلیانۆش لە کاتی پشووەکاندا نەبێ، نەدەهات، بەڵام کە لە ڕیۆ جێگیر بوو تا خوێندنەکەی تەواو بکا، درەنگ سەری لە دێبەرەکەدا دەدا و، بەرە بەرەش نامە گۆڕینەوەی دەگەڵ کەسوکارەکەیدا کەم دەکردەوە. ئەگەر لە کەلی شەیتانیش بهاتبایە خوارێ و دوو ساڵ جارێک سەری لێ بدابان، لە پانزە ڕۆژ پتر گیری نەدەخوارد، لە ڕۆیشتنیشدا شپڕزەیی و جرتوفرتێکی ئەوتۆی دەنواند، دەبووە هۆی نانەوەی گەلێ دەمگۆ و واتە وات، کەچی گەلێ جار سەروبنی هۆیەکە جووتێ چاوی ئەفسووناوی و دڵفڕێن بوو، یانیش قاچ و قولێکی ڕێکوپێک.

کەواتە خودی جۆلیتا دەوروخولی خاوەن مەزراکانی دەدا و ئەوین و سۆزی گەرمی بەسەردا دەباراندن. ئەو حەلەش خرت و عازەب بوو، خەمی گەورەی ئیناسیۆ لەوەدا بوو،

بەشێوەیەکی باش و سەرکەوتووانە بەشووی بدا. دەترسا لە پاش مردنی خۆی جۆلیاتا بێ ناز بمێنێتەوە و ئەو جێ و ڕێیەی بۆ هەڵنەڕەخسێ، نەخاسمە بەخۆی کچی پاڵەیە. ڕازیش نەدەبوو وەرزێرێ یان جوتیارێک بەچاوی تەماعەوە تەماشای بکا و هەر کەسێ ئاوڕێکی لێ بدابایەوە، دەستبەجێ خۆی تووشی دەرکردن دێنا لە دێبەرەکە. کۆلۆنێلیش خۆ بەخۆی دەزگیرانێکی بۆی هەڵبژارد، (ئینۆک)ی ناوبوو، لە شاردا فرۆشگەیەکی بەبرەوی شک دەبرد. ئینۆک ئێش و ئازارێکی لە سنگدا تووش ببوو و لە سۆنگەی ئەمەدا بەدرێژی مانگێک لە دێبەرەکەدا بووە میوان. ئیناسیۆ هەر لە منالییەوە باوکی (ئینۆک)ی دەناسی و کوڕە گەنجەکەی لە قۆرتێکی بازرگانیدا دەرهێنا. «ئەم کوڕە دەبێتە مێردێکی زۆر چاک و بەوەفا بۆ جۆلیاتا». وەها ئەو شتەی بۆ دۆنا ئەنگێلا درکاند، لەولاشەوە (ئینۆک) لە سای هەوای بێ گەرد و خاوێنی سەرتاوەوە زوو بەزوو چاک بۆوە.

زەماوەندەکە ئاغای مەزراکانی وڵات و چەند کەسانێکی خەڵکی شار و، هاوەڵەکانی ئینۆک، تێیدا ئامادەی بوون. یەکێ لەوانەی کە بانگ کرابوون، جێگرێک و کابرایەکی سیاسەتوانێکی لێوەشاوەبوو، بەبەشێکی ئێجگار زۆر لەو دەنگانە کە لە هەڵبژاردندا وەچەنگی هێنابوون، قەرزارباری ئیناسیۆ بوو.

جیازییە بووکێنییە پڕ هەیت و هووتەکەی جۆلیاتا، ژاوەژاوێکی زۆری نایەوە. ئۆرلیانۆش لە ڕێوە دەستێک جلوبەرگی گەلێ جوان و نایابی بۆ هێنا. هێشتاش ئەوەی لەبیرە و حەز دەکا دووپاتی بکاتەوە.

– سەیر کەن، با لەبەری بکا، ئەوجا دەڵێن، ئەمە بووکە شووشەیە...

باستیاو، تا ڕۆژ بۆوە، ژەندی. لە گەرمەی ئاهەنگەکەشدا، لەم جێژنەی کە لەبیر ناچێتەوە، کۆلۆنێل ئیناسیۆ کە لە تەک جێگرەکەدا شامپانیای دەخواردەوە، بڕیاری دا ئەو عەردە بەقولەڕەش بدا، کە دەیکێڵێ. باستیاویش چەند ساڵێک بوو ئەم عەردەی دەکێڵا. پێشتریش کرێکارێکی ڕۆژانە بوو لە دێبەرەکەدا، دایکیشی ئافرەتێکی کۆیلە بوو لە کن باوکی کۆلۆنێل، باستیاویش ئەو دەمە هێشتا توولەک و کوڕێکی دەمڕووتی قۆز و جوان بوو، لە دارستانەکەدا دووی کچە قولەڕەشەکان دەکەوت و، ژنە بەمێردەکانی شاری دەخاپاند. لە شاییەکەی ئیناسیۆشدا نەیژەند، چونکە ئەو حەلە مێردمناڵێکی بچووک بوو و بەتەواوی لە نهێنییەکانی ئۆکوردیۆن سەری دەرنەدەچوو؛ وەلێ لە ئاهەنگی (ناو لێنانەکەی) ئۆرلیانۆدا ژەندی، ئەوەش جەژنێکی تری هەرە شکۆدارە و قەشەش لە شارەوە



هاتبوویە. داوەتەکەش کەسانی ڕامیاری زان و پزیشک و چەند کۆلۆنێلێکی لەسەر خڕ بوونەوە.

هەر لەو ساوە ئیدی ئامادەبوونی باستیاو، لە هەموو ئەو جێژنانەدا کە لە ماڵە گەورە و لای هەژارانی دێبەرەکە و یانیش لە عەردەکانی دەوروبەردا دەگێڕدران، بووە شتێکی پێویست. ئەگەر خاوەن ماڵیش هاوەڵەکانی بانگهێشت بکا، هەرگیز لەبیر ناکا ئەمەش بخاتە سەر ئاخاوتنەکەی:

– باستیاویش دێ، تا بژەنێ...

وابوو، لە زەماوەندی، جۆلیاتادا و لە کۆتایی ئەو شەوەدا، کۆلۆنێل -بێگومان کەمێ بەهۆی شامپانیاوە سەری گەرم و هەم بەختەوەر و هەم خەمباریش بوو بۆ کۆچی کچەکە و پێ خۆشحاڵیش بوو بۆ ئامادەبوونی جێگرەکە- وەختێ، لە ژەنین بۆوە باستیاوی بانگ کرد و پێی گوت:

– ئەی قولەڕەش، من وام بەلێواری مردنەوە...

– وا مەڵێ، گەورەم، خودا بتپارێزێ...

– من هێندەم نەماوە بمرم و بەر لەوە کۆچ بکەم و هەق و حیسابم بخەمە پێشی خودا، گەرەکمە دیارییەکت پێشکەش بکەم...

– بەڵێ ئەی کۆلۆنێل ئیناسیۆی میهرەبان.

– ئەو عەردەی کەوا کێڵگەکەتی لێیە، لە ئێستە بەدوا هی تۆیە، ئەمەش تەنها بەقسە نایلێم، ڕۆژێ لەسەر پارچە کاغەزێک تۆماری دەکەم.

بەڵام هەرگیز لەسەر پەڕەکاغەز تۆماری نەکرد، چونکە کات مۆڵەتی نەدا و هەر یەک دوو ڕۆژ لە دوای ئەو جێژنەدا مرد. وێڕای ئەوەش باستیاو بەپێویستی نەزانی ناوی بێنێ. ئەو قسەکەی ئیناسیۆی بەسە، چونکە کە وتی عەرد ئی ئەوە، ئەوا هیچ مشتومڕێکی ناوێ، لەبەرئەوە کۆلۆنێل قسەی یەکە و بەدوونابێ. هزرەکەش تەنها لە کاتی خەمڵ و کۆکردنەوەی ساڵانەدا بەبیری هاتەوە، ئەو هزرەش ئەوەبوو داوا لە ئۆرلیانۆ بکا بەخشینی عەردەکە لەسەر کاغەزێک بنووسێ. بەڵام لەوەی ترسا نەبا سووک و ڕیسوای بکا، بۆیە هەروا لە شتەکان گەڕا. ئەو نە باج و نەش نیوەی بەرووبوومەکەی بەدێبەرەکە دەدا. ئارتێریش هەر هێندەی لێ داواکرد بەرهەمەکەی بەماڵە گەورە بفرۆشێت و ئاتاژ و پێویستییەکانی لە فرۆشگەکە بکڕێ. ئەمەش بن و بنەمای ناکۆکییە گەورەکان و

نیگەرانی و تووڕەبوونی باستیاو و بۆڵژنی و جنێودانی بوو، نەخاسمە ئەو دەمەی بەدمەستی کردبا. ئارتێریش دەیگوت: قولەڕەشە پیس و پۆخڵەکە.

بێگومان باستیاوی قولەڕەشی، ئۆکۆردیۆن ژەن، تۆزێ بەخۆیەوە دەنازی. ئەوەش هەر لەبەر ئەوە پارچە عاردێکی بچووک شک دەبا. هەر بۆیەش، خاوی و گێلی دەنواند، ئەگەر بانگ کرابا و، لە یەکێک لەو جێژنانەدا بژەنێ. ئەو عەردی خۆی هەیە، ئاغایەکی گرینگە، نە باج دەدا و نەش بەگوێرەی بەڵێنی جووتیارەکان ڕۆژێک بەخۆڕایی بۆ دێبەرەکە کار دەکا. بەتۆزە لووتبەرزییەکیشەوە مامەڵەی دەگەڵ خەڵکیدا نەدەکرد، چونکە چێترین ئۆکۆردیۆن ژەنە. نەخێر، بەهرەکەی وەک مۆزیقاژەنێک، بەخششێکە و خۆ بەخۆیشی نازانێ چۆن و بە چ حاڵ پەنجەکانی وەها نەرم و نیان و، گوێیشی سووک و شل و هەست ناسک، ڕاهاتووە. ژەنین بەلایەوە، وەک خۆراک و خواردنەوە، وایە. لە جێژنێکیشدا فلسێک چییە، نەینایە باخەڵ، چونکە ئەو باستیاوی قولەڕەش، خاوەن عەردە و عەردەکەشی ئەوەیە پێ دەبەخشێ، بیخوا. هەر لە خۆرهەڵاتنەوە تا ئەو، دەمەی شەو، بەخۆی و سیسرکە و گوڵە ئەستێرەکانییەوە، دادێ خۆی و ژن و منداڵەکانی ڕەنجی تیا دەدەن و عارەقە دەڕێژن... شەو، ئای، شەو لەپێناو ئۆکۆردیۆن خولقاوە، لەپێناو مۆزیقای بۆڵکای کۆنی فەرامۆش کراو، لەپێناو بەزم و خۆشی نێو دێبەرەکە، چونکە تا مەودای (١٠) دە میل لە هەموو لاکانەوە، دوو مۆزیقا ژەنی تر نییە وەک خۆی، نەخێر، دووانی تر نییە!.



## ٦

«کلۆڵە! کلۆڵە...» ژیڤا بەدوو چاوی زەقەوە، ئەم وشانەی بەکینەوە دووپات دەکردەوە و دەیڕوانییە دەوروبەری خۆی، چاوەکانی پان و دروشت ببوون و هەرچەند سێبەرەکان بەسەر کۆختە قوڕینەکەدا قورستر داکەوتبان دەربڕینی ئەو دوو چاوانەی دەگۆڕی، وەک بڵێی سۆزەکانی ژیڤا تیشکدانەوەی جوداییە گۆڕاوەکەی تاریکییەکەن.

«کلۆڵە...» وەهای گوت، بەڵام ئێستە دەنگی وای لێ هات، پڕ لە خەم و کەسەر بوو، چونکە حاڵەکانی گیانە گۆڕاوەکە، لە ناوەوەیدا، هەر لە قایلبوونی پڕ خۆشییەوە، تا دەگاتە ترسی بەرباد و ڕاڕایی و ئارەزوو و کینە یەکلا یەکلا و، بەخێرایی، هەر هێندەی چاوتروکاندنێک، یەک بەدووی یەکدا دادێن. ئەوە تۆزە وەختی سروشی سەخت و دژوارە، تاقە ڕاستییەکەی، ئەو پەیامەیە کە دەبێ بیگەیێنێتە خەڵکە بێ باوەڕەکان و لە جیهانی سەرتاوی بەریندا بڵاویان بکاتەوە، چونکە ژیڤا بەجیهانەکانی تر نازانێ.

بەشێوەیەکی سەیر و نادیار گوێی لێ بوو خەڵکی، لەمەڕ شارە دوورە، گوناهبارەکەوە داخاوتن، ئەو شارەی کە گوناهێکی وای کردووە، نە هیچ داوەدرمانێکی هەیە و نەش نەجات و ڕزگاربوون. بێ هوودە و بێ سوودیشە، لە شاردا ئەو وشانە بزانرێ کە لە ناخی ناخەوەی هەڵدەقوڵێن و لە ساتی زەردەپەڕدا هەوڵ بدات و بەوانەی دەوروبەری خۆی بڵێ کەوا هەواڵەکە بڵاوبۆتەوە و خەڵکیش خۆیان ئامادە کردووە بۆ ئەم تۆزە وەختە مەزنە پیرۆزەی کە گومانی تێدانییە، دێ.

لەوێ ڕاش، لە ژوورەکە، لەبەردەم وێنەی پیاوچاکاندا و لەپێش چاوی تاقە براژنەکەیدا، ژیڤا جارێکی دیش خۆی ئامادە دەکا بۆ بڵاوکردنەوەی ئەو نهێنییەی پێی گەیەندراوە. بێگومان ئەو بەخۆیشی تاکە کەسێک نییە لەم عەردوبەرە و زەویوزارە بەرینانەی سەرتاودا سروشتی بۆ هاتبێ. گەلێ پیاو و ئافرەتی تریش هەن، لەو کاتەنگایەی کە ئەوپەڕی نییە، پەرت و بڵاوبوونەتەوە و سروشی سەیر سەیریان بەلایەوە و هەمان ئەو هەوڵ و تەقەللایە دەدەن کە ژیڤا بەکاری دێنێ بۆ قایلکردنی ئەوانەی دەوروبەریان و ڕۆژێکیش لە ڕۆژان هەمووان قایل دەبن، جا ئەو حەلەش کەرەسەکانی کارکردن وەلاوە دەنرێن و، دەست و پلەکان داس و پاچەکان فڕێ دەدەن و ڕوو دەکەنە ئاسمان و قافڵە کۆتایی پێ دێ و سەروملەکانیش کەچ دەبن...

سێبەرەکان بەسەر دار و دەشت و ماڵەکە و کاتەنگا دوورەکەدا، داخزان و سۆزەکانیش

داوەرینە نێو دڵە ڕاڕاکەی ژیڤاوە. لە پڕێکا بەختەوەر بوو و چاوەکانی نوقمی خۆشی و لەززەت بوون، خەندە نیشتە سەر لێوەکانی، وەک خەندەی لێوانی بووک لە ڕۆژی زەماوەندا و دەستەکانی یەکتریان گوشی وەک ئەوە دەستی دڵدارێکیان گرتبێ و لە ناکاودا وەک تۆقێنەر وەدیارکەوت، جا ڕوخساری شێوا و نیگای پڕ بوو لە کینە و دەمە خوارەکەی وا دەرکەوت وەک ئەوە تف یا نەفرین بکا، ئینجا دەستەکانی کووڕ و لەشیشی ڕەق هەڵگەڕان، وەک لە بەرگریکرندابێ. لە پاشان دانەکانی لێک نران و ترس و تۆق لە گلێنە زەقەکانییەوە بەدیارکەوت و لەشی بۆ دواوە وەرگەڕا و دەستەکانی پاڵیان بەبکوژێکی نەبینراوەوە نا. لە پاشان هەروەک کەسێک گەشتێکی دووری کردبێ کە شەنگ و شەکەت هاتە پێش چاو، ئینجا نیگا نەرمەکانی و بزفتی دەستە هێمنەکانی هاتەوە سەرەخۆ، لەولاشەوە سێبەرەکان، بەژێر ئاسمانی سەرتاودا تێدەپەڕین و بەدووی خۆیاندا شەوی قووڵیان وەکێش دەکرد.

بۆڕەیەک ئاشکرای کرد کە مانگاکە وەگەوڕەکە کەوت. خوداحافیزی لە کێڵگەکان و ئازادی و هەتاو دەکرد. ئەمەش ئیشارەیەک بوو بۆ ژیڤا. ئەم ژاوە ژاوە و غەڵبەغەڵبەیەش کەوا گشت ئێوارانێک دووپات دەبێتەوە و ناگۆڕێ لەلای ئەو نرخ و بەهایەکی هەبوو ئەوانی دی نەیانزانی، چونکە بۆڕەی مانگاکە و، تێ خوڕینەکەی جیرۆنیمۆ، دەنگە دەنگی ئاژەڵ و ئادەمیزاد نەبوون، بەڵکو نیشانە گەلێکی خوداییانە و، چەند پەیامێک بوون لەو جیهانەوەی کە پێوەی بەندن لەو حەلەدا کە تازە دەستی دایە و سروشی بۆ هات.

گوێیەکانی شل کرد و چاوەڕێ بوو، بۆڕەکە دووپات بێتەوە و هەر بەچاوەڕوانی مایەوە و بیری بەو ڕووداوانەوە ئالکا کە هێشتا ڕوویان نەدابوو. پاشان دەستی کرد بەچەند وشەیەک لەژێر لێوەوە بەهەزار حاڵ لە ناخی ناخەوەی دەری دێنان، وشەکانی لە لاکانی لێوەکانییەوە دەردێنان وەک بلێی بەترس و لەرزەوە دەریاندێنێ. ئینجا نۆڕییە دەوروبەری، نەبا کەسێکی لێ بێ، چونکە کەسانی ماڵەکە و دانیشتووانی دێیەرەکە، کردبوویان بەپیشە، بەئاخاوتنەکانی پێ بکەنن و بەڕاستیان دانەنێن، ئەم کارەش هەرگیز دەی وورووژاند و پەستی کردبوو. بەڵام لە ناخەوەیشیدا باکی نەبوو، ئەو خەڵکانە نێزیک بن، یان دوور گوێیان پێوەی بێ یان نەء. ئەوان ئەنجام بیانەوێ و نەیانەوێ پەیامەکەی قبووڵ دەکەن، چونکە ئەوی دەیلێیتەوە ئاخاوتنی خودایە. جیرۆنیمۆ و مرتاو ئۆگستینیۆ و هەموو ئەوانی دیش، هەروا بێ باوەڕ بێ باوەڕێ و دوور دووریێ دەمانەوە کە داخاوت. بەڵام ڕۆژێک دێ و بەئاشکرا بەچاوی خۆیان دەبینن، ڕەنگە ئەو دەمەش سەروەختەکە تێپەڕی



کردبێ، جا چ دەرفەتێک نامێنێ بۆ تۆبەکردن و دەربازبوون. بیرە ئەنجڕوونجڕ و شێواوەکانی بەوێنەی زریان دڵی ژیڤایان دەبڕی و دەربڕینی چاوەکانی دەگۆڕین و ڕوخساری دەشێواندن.

پێشتر کچێک بوو، وەک هەموو کچانی تر، بەڵام لە هەمووان مات و بێدەنگ و گۆشەگیرتر، خووی دابووە نەخش و نیگار، ئەگەر کاتی بۆ دەڕەخسا، جەڕە ئاوی هەڵدەگرت و کۆمەکی براکەی دەکرد لە ئیشوکاری نێو کێڵگە مەنیهۆتەکەدا. لە پاش ئەو ئەرکە پیرۆزەش، لەو ڕۆژەی کۆلۆنێل ئیناسیۆ کاهینێکی بۆ مەزراکە بانگ کرد تا مارەی ژن لە دانیشتووان ببڕێ و ڕێوڕەسمی (وەدەست چوون)یان بۆ بەئەنجام بگەیێنێ و ئاهەنگی ئایینی بگێڕێ و ئامۆژگاری و ڕێنماییان بکا، ئیدی لەو ڕۆژەوە ژیڤاش گۆڕانی بەسەرداهات. ژیڤا بەدووچاوی کراوە و زەقەوە گوێی بۆ ڕێنمایی و ئامۆژگارییەکان شل کرد. بەبێ ئەوە لێیان تێ بگا، لە مێشکیدا، تۆماری کردن و گەیشتە ئەو ئەنجامەی کە خەڵکی سەرتاپا نوقمی گوناهن و سزای خوداش نێزیکە. جا وای بیرکردەوە، کە ئەم سزایە، بێگومان، هێندەی نەماوە، چونکە کلۆدیۆ بەبیست میلێک لێرەوە و لە دێیەرێکی تردا لە سۆنگەی زەویوزار بەخەنجەر ئەنجن ئەنجن کرا و کوژرا. کاتێکیش ژیڤا بەو هەواڵەی زانی هاوار و قیژەی لێ هەڵسا و هەموو لەشی ڕەق هەڵگەڕا، ئەمەش وەک سەرەتایەک بوو، بۆ ئەو شالاو و هێرشانەی کە هەوەڵ جار گەلێ کاری کردە سەر کەسوکارەکەی.

ئیتر هەر لەو کاتەوە، وەک دانیشتووانی دێیەرەکە دەیانگوت، بووە ئافرەتێکی دەست لێ وەشێنراو و بۆ ئێرە و ئەوێ وەماخۆڵان کەوت و، جێی بەخۆی نەدەگرت و هەرگیز لە ئیشوکاری ماڵەوە و نێو کێڵگەکان خۆی نەبان دەکرد و، ڕەشبینی و گەشبینی لە دەمەدەمی زەردەپەڕدا تێی دەئالان. جاروباریش لە ڕۆژی یەک شەمموواندا دراوسێکان دێن و پەرداخێک بخۆنەوە و حەکایەت بکەن، جا لەمتبەقدا تا درەنگ وەختێ دەمانەوە و گوێیان بۆ گیتارژەنێ یان ئۆکۆردیۆن ژەنێ ڕادەدێرا و لەمەڕ خزمانێکەوە کە بۆ ساوپاولۆ کۆچیان کردووە و بەبێ سەروسۆراخ ڕۆیشتوون و هاڵ و هەواڵەکانیان سەیرن و جێی گەشبینی بوون، سەدەقی خۆیان لێ دەدا: «کەوابوو، بڵێ، وا بەدیار دەکەوێ مینیکا ڤیلۆ، سامانێکی پێکەوە ناوە، ئەمە عەقڵ نایگرێ...» – «واش بەدیار دەکەوێ ئەوە لە ماوەیەکی کەمدا ڕووی دا...» – «کەوابوو، تۆ، ئەی برادەر، بڵێ ئەوە وەڵاتێکە دەست دەدا بۆ کەسێ حەزی بەئیشوکار و دنیاداری بێ!...»، ژیڤا ئەم باس و ئاخاوتنانەی گوێ

لێ دەبوو، بەڵام بەشێوەیەکی پچڕ پچڕ ئاگای لێ بوون و لە چەند ڕستەیەکی لێکترازاو بەولاوە چی دی هەڵنەدەکڕاند بەڵام لە دەمە بەوڕێنەکەیدا واتایەکی تریان دەبەخشی و لە جیاتی سەلماندن دەبوونە فشە و گاڵتەجاڕی. ئەگەر وادەی مۆڵدانی ئاژەڵە پەرت و بڵاوەکانی نێو گیا تەنکەکەش دێ، دراوسێکان پێ دەحەسێن شەپۆلە سۆزێکی بێ پایانی ڕێز دایان دەگرێتەوە. وەک بڵێی ژیڤا، لە پڕێکا ئەو ئافرەتە گەمژە کلۆڵە نەبووە لە نێوانیاندا وشک وشکێ دەوەستێ و گوێ بۆ وتەکانیان دەگرێ و پاشماوەی قسەوباسەکان دەگێڕێتەوە و بەشێوەیەکی شێتۆکانە پێ دەکەنێ. لەو تۆزە وەختەشدا کە تیا هەڵدەستێ و، بەویست و تاو و تەکانەوە ڕووەو وێنەی پیاوچاکان دەڕوا، (جیرۆم-ی پیاوچاک و سینهۆر دی یونڤیم و هەردوو پیاوچاکان کەوسەم و دمیانیان لێ بوون، ئەم دوو زاتەی دواییشیان لەیەک تابلۆدا کۆکرابوونەوە) ئەوا ترس هەموو دانیشتووان دادەگرێتەوە و هەندێکیشیان مەیلی ڕۆیشتن دەکەن و گیتارەکەش کڕ دەبێ و قسەوباسان دەبڕێنەوە، تەنانەت ئەگەرچیش لەمەڕ ئەو خزم و خوێشە بەناوبانگانەوە ئاخاوتبان کە لە ساوپاولۆدا دەوڵەمەند بوونە. جا بەبایەخ پێدانەوە، هەریەکەیان بەنۆڕینێکەوە و، هەریەکەیان بەچەند بزاوتێکەوە و هەریەکەشیان بەنوقڵانە لێدانی شێتۆکە تۆقێنەرەکە، کە لەکنیان بۆتە مەتەڵێک و تەلیسمەکانی هەڵناهێنرێن، چاویان لە یەکتر دەبڕی و هێندێکیان لە پاش وی پێ دەکەنین و، ئی واشیان تیابوو ژیڤایان چوکڵە چزێ دەدا و پێیان خۆش بوو بیوروژێنن و تووڕەی بکەن. بەڵام ئەگەر ئەو نەفرینانەی کە بەدرێژایی ڕۆژ پێوەیان دەبۆڵێنێ، بوار بەو لوورە لوورە بدەن کە ئێوارێ بەدەنگی بەرز دەیانچڕێ، ئەوا هەر ڕێز و ترسە و بەسەر هەموو ڕوخسار و دەموچاوەکانەوە دەنیشێ. ئەو کەسانەش کە هەوەڵ جار گوێیان پێوەی دەبێ، هەرگیز بەو ئەنجامە ناگەن ئەو پەردەیە فەرامۆش بکەن کە سۆزێکی فرەی بەسەرەوە تیشک دەدەنەوە، جا ئەویش بەنەزمێکی سەیر هەر وشەیە و دایدەبارێنێ، کە شەویش دادێ هەمیسان گوێ بۆ ئاخاوتنەکان ڕادەدێرن کە لەو دەمەوەی دەمێ بەکۆڵێکی ئەوینەوە و دەمێکی واش بەرک و کینەوە، دەیکاتەوە و دەریان دێنێ و نەفرەت لە پیاوان و ئافرەتان و گشت بوونەوەرە زیندووەکان و تەنانەت منداڵانیش و ئاژەڵەکانی سەر ڕووی زەمین و باڵندەکانی ئاسمان و کرمەکانی عارد و هەمووان و هەر هەمووان دەکا بێ ئەوە بەزەیی بەکەسێکدا بێتەوە.

ژیڤا دووپاتی کردەوە: «کلۆڵە... کلۆڵە!...» و دەنگی پڕ لە میهر و ناز بوو، لە تەنیشتییەوە چاوی بڕییە گیانلەبەرێکی نەبینراو چاوەکانی تۆق و ترسیان دەربڕی و لەشی



وەلەرزین کەوت، وەک بیەوێ خۆی بشارێتەوە و لە ترسانا شریخاندی لە پاشاندا کینە وەدیارکەوت، هەمان ئەو وشانەی تفانەوە، بەڵام ئێستە وشەکان بوونە بەنەفرین: «کلۆڵە... کلۆڵە!...».

هەموو خەڵکیش پێشەکی دەیانزانی، چ نوقڵانەیەک لێ دەدا. چونکە ئەو پەیامەی کە ڕۆژانە دووپاتی دەکاتەوە، هەرگیز ناگۆڕێ و هەمان ئەو پەیامەیە کە لە چەند ساڵێکەوە دەیڵێتەوە، بەڵام گشت ئێوارانێک وا پێ دەچێ هێزێکی گەورە دایگرێتێ و پتر کاریگەرتر بێ. ئەو حەلەش دیسا تەنگ و چەڵەمەکە کۆتایی دێ و ژیڤا دێتەوە دۆخ هێمنی خۆی، زەلامەکان زیاتر کاشاسا فڕ دەکەن و بەتۆزێک تووڕەییەوە دەگەڕێنەوە سەر قسەوباسەکانیان. بێگومان هیی واشیان لە نێواندایە، وێڕای پێکەنین و جەفەنگ و فشەکانیان، لەو بڕوایەدان کە ئەمەی لە دەمی ژیڤاوە دێ، دەنگی خودایە. گەلێ پیاو و ئافرەتی کەش لەو سەرتاوە برسییەدا هەن، هەمان وشەگەلی وەها دەڵێنەوە و دەڕۆن و خۆیان بەسەر دارعەساکانیاندا دەدەن، دارعەسای حاجییان و پەیامەکەیان لە وڵاتێکەوە بۆ وڵاتێکی تر هەڵدەگرن. کە گەڕۆکێ یان گەشتکەرێکیش لە شوێنێکی دوورەوە بهاتایە و بەجووتیارانی دێبەرەکەی ڕاگەیاندبا کە پیاوچاکێک لە کاتەنگادا جاڕی داوە کە دنیا لە داهاتوویەکی نێزیکدا ئاخر دەبێ، ئەو حەلە دەستیان دەبرد و ئیشارەی خاچیان دەکرد و دەیانسەلماند کە بەخۆیشیان ئافرەتێکیان لەنێو دایە، ڕۆحێک دەستی لێ وەشاندووە و گشت ئێوارانێک ئەم هەواڵە بڵاو دەکاتەوە و فەرمان بەخەڵکیدا دەدا خۆیان بۆ ئەم ڕۆژە ڕەشە وەیشوومەیە ئامادە بکەن.

ئیدی وەها، نەختە نەختە ناوی ژیڤا لە دەرەوەی سنووری دێبەرەکەدا، کە یەکێک لەو دێبەرە پان و بەرینانەی سەرتاو هەروەک بڵێی بەچەند دیوارێکی بڵند بڵند لە هەموو دنیا جیاکراوەتەوە، وەها ناوی دەناسرێ و بڵاو دەبێتەوە. زۆربەی ئەو پیاوانەش لەوێڕا کار دەکەن هەرگیز نەچوونەتە دەرەوەی، بەڵام ناوی ژیڤا سنوورەکانی بڕی و پێشهاتەکانیشی لە ڕێویانان، تەنانەت لە دێبەرەکانی کەشدا خراپ لێک دەدرانەوە.

ڕۆژێکیشیان، لە ڕیۆدی جانیرۆوە، دکتۆر ئۆرلیانۆ، ئاغای ئەم عەردانە هات و وای دەربڕی کە خۆشحاڵە چاوی بەژیڤا بکەوێ و ئامادەی یەکێک لە خەون و پێشهاتەکانی بێ چونکە ژیڤا پێی داگرت و قایل نەبوو بچێتە ماڵە گەورە، جا ئۆرلیانۆ خۆ بەخۆی لەتەک هاوەڵێکیدا کە لە دێبەرەکەدا نیشتەجێیە، چووە ماڵەکەی. گوێی بەقیژە تۆقێنەر و

ئاخاوتنە شێتۆکانەکەوەی بوو. دکتۆریش لەمەڕ هستیریاوە ئاخاوت و بەچەند وشەیەکی زانیارییانەوە هەندێ منگی منگی کرد، هاوەڵەکەشی پێکەنی و بەدەنگی بەرز گوتی:

– ئەتۆ، چۆن پزیشکێکی! هەر ناوونیشانەکەیت پێیە و هیچی دی، ئازیزەکەم! ئەم فەلسەفەیە چییە؟ ئەو ئافرەتە شێتە و بڕایەوە.

دکتۆر ئۆرلیانوش دوا بەدوای پێکەنی و سەلماندی ئەو شتانەی کە خوێندوویەتی هێشتا لە بیری نەچۆتەوە و دە هەزاریشی بەجیرۆنیمۆ بەخشی و گەڕایەوە ماڵەکەی. هێندەش لە دێبەرەکەدا گلی نەخواردەوە، چونکە کاروبارەکانی وای پێویست دەکرد بگەڕێتەوە (ریۆ)؛ ئەم عاردەشی کە پشتاوپشت بۆ ماوەتەوە، لە کن ئەو شتێکی بێ بایەخە لەچاو ئەو کار و ئەرکە داراییە گرینگانەی کە لە پایتەختدا پێبەندی کردوون.

سەرەڕای ویش، ژیڤا و ئاخاوتنە هەلەق و بەلەقەکانی دێبەرەکەیان لە تاڵان و بڕۆ ڕزگار کرد، ئەوە لەو ڕۆژەدا بوو کە تاقمە جەردەکەی لۆکاس ئەرفۆریدۆ بەسەریاندا دان. جەردەکان مرخیان خۆش کردبوو هەرچی لەنێو کۆختی جووتیارەکان و ڕەنجدەراندا هەیە گەسکی لێ بدەن و ماڵە گەورەش تاڵان بکەن، ئەوان لەمەدا بوون و لەولاشەوە ژیڤا دەستی دا وەجاڕدانی کۆتایی پێ هاتنی دنیا. ئەم ڕۆژەش لەکن ئەو واهات. چونکە ئەو هەرچی و پەرچییە چەکدارانەی کە بەحەوادا گوللە داوێژن و ژیانە نەگۆڕەکەیان لێ شێواند وایان خستە زراوییەوە کە ئاکام ئەو تۆزە وەختە هات و گوناهبارانیش لە گوناهەکانیان تۆبە دەکەن. جا بەهەڵەداوان لە دەرکەی ماڵەوە هاتە دەرێ و بەبەردەم جۆکۆندینای پیرەژنی واق وڕماودا خێرا خێرا تێپەڕی و بەخێراتنی لە کانگاسیرۆس کرد، وەک بڵێی لەلایەن خوداوە نێردرابن. کە لۆکاس ئەرفۆریدۆش چاوی پێ کەوت، نەڕاندی:

ئەم شەیتانە چییە؟

بەڵام دەسبەجێ بێ دەنگ بوو و فەرمانی بەپیاوەکانی دا (بیبەستنەوە)، چونکە ژیڤا کە قسە هەلەق و بەلەقەکانی –وەک هەموو ئێوارانێکی– دەگوتەوە، دەستی کردە جاڕدانی کۆتایی هاتنی دنیا. لۆکاس کە گوێی لەم قسانە بوو لەو ئافرەتە ورد بۆوە کە ڕواڵەتی ئاژەڵانی لێ نیشتووە، بەهۆی قژەکەوەی کە ئەسپێ بەکەیف و مایەشەی خۆیان بەسەریا دێن و دەچن، ئەو قژەی کە چەند ساڵێکە دای نەهێناوە و، هەردوو ئەو دەستە بەنینۆک درێژانەی و دەمە پەیامبەرییەکەی. جا ئەو حەلە ئەژنۆکانی کانگاسیرۆ شل بوونەوە و ئیشارەی خاچی کرد و سەری دانەواند. پیاوەکانیشی کڕومات و بێدەنگ چاویان لێ کرد،



ئەو (دۆربیک)ەش کەوا لوولەی ڕەشاشەکەی نابوو بەسینگ ژیڤاوە، چەکەکەی خوار کردەوە و ئەویش کرنۆشی برد. ژیڤاش پەیامەکەی بڵاوکردەوە، لە پاشان چاوەڕێی شتێک بوو، نەهات و گەڕایەوە نێو ماڵەکە. لۆکاسیش ئەو پارە و سامانانەی کۆی کردبوونەوە دانییەوە خاوەنەکانیان و نەیویست شتێک هەڵگرێ. هەموو ئەو شتەش کە وەری گرت، نەختێ قاوە و ئاردی ڕەگە مەنیهۆت بوو، ئەوانەشی لە جیرۆنیمۆی پیرەمێرد قبووڵ کرد. لە پاشاندا لێی دا و ڕۆیشت.

شتێکیش نەبێ، لەگەڵ خۆیدا نەیبرد، ئەوەش (جۆزێە) بوو، کە لەو شەوەدا هەڵات و وەدووی تاقمەکەی لۆکاس کەوت.

ئیدی لە ڕۆژەکانی پاشتردا، ژیڤا پتر تێکەڵ و پێکەڵی نواند، چونکە وا پێ دەحەسیا دزی لێ کراوە و تا ماوەیەک نەبێ نەهاتەوە دۆخ ژیانە ئاساییەکەی خۆی و هەمدیس گەڕایەوە سەر پەرستنی شێوە جۆراوجۆرەکانی زەردەپەڕ، کە تێخوڕینەکەی جیرۆنیمۆی دەهاتە گوێ، دەیقیژاند.

– خەڵکی فرە گوناهیان کرد، فرە.. دنیا کۆتایی و خرا دەبێ...

لە پاشان هەردوو دەستەکانی درێژ دەکرد و یەکلا یەکلا دەیگوت:

– سزا و غەزەبی خودا بەڕێوەیە و کەسێکیش دەرباز نابێ.

هەروەک بنیشتە خۆشەی سەر زمانی ئەم وشانەی دووپات دەکردەوە:

– «کلۆڵە... کلۆڵە!...».

## ٧

ڤیلیسیا لە ژوورەکەی وەدەرکەوت، پۆشتە و پەرداخ بوو، روومەتەکانی سووراو و سپیاوێکی تێر کردبوون، قژەکەشی لووس و بریقەدار و جوانترین جلوبەرگی لەبەر کردبوو، چونکە لە پاش فراوین ئارتێر لەگەڵ خێزانەکەیدا دەچێتە جێژن و منداڵەکانیش نوستبوون.

جا ئەو کوڕە قولەڕەشەی وەبیر هاتەوە کە بۆ مەڵبەندی گوندەکەی ناردووە پۆستەکە بێنێ. چونکە چەند ڕۆژێک لەمەوبەر پیاوێک لەکن دکتۆر ئۆرلیانۆوە، تەلگرافێکی لەمەڕ نامەیەکی گرینگەوە بۆ هێنا. کرێکاری پۆستەکەش کە بەشوێن و پایەکەی قەرزاری دکتۆرە نامەیەکیشی دەگەڵ برووسکەکەدا ڕەوانە کرد. ڕۆژی چوارشەممەش کە وادەی پۆستەیە ئارتێر ئەو کوڕەی نارد بۆ گوندەکە دەبێ ئەم هەواڵە گرینگە چ بێ؟ ئۆرلیانۆ ئەو پیاوە نەبوو بەزۆری نامە بنووسێ تا شتێک نەڵێ. ئارتێریش بەنووسینە گێڕ و گەواشەکانییەوە ڕاپۆری بۆ دەنارد و تێیاندا ڕووداوەکانی دێبەرەکەی تۆمار دەکرد، ئەویش لە پسوولەی بچووک بچووکدا بەچەند فەرمانێک وەڵامی ڕاپۆرەکانی دەداوە. ئەو گەلێ وەتەنگ دێبەرەکەوە نەدەهات؛ کاروبارەکانی لە ڕێوەدا بەباشی وەڕێوە دەچێ، چونکە زانی چۆن و بە چ شێوەیەک ئەو ماڵ و سامانانەی کۆلۆنێل ئیناسیۆ لە بانقەکاندا، داینان، بەکارامەیی وەکاریان بێنێ. هەرچی پیرەش بوو نەیدەزانی بە چ حاڵێ سوود لە سەرمایەکەی وەربگرێ، تەنها لە زەویوزارەکانی نەبێ. ئەو حەلەش دێ کەوا ملک و سامانەکانی تەواو پەرەیان ئەستاندووە، ئیدی قازانجەکانی لە بانقەکان دانا، تا سوودیان لێ وەچەنگ بێنێ. کە ئەم ماڵ و سامانانەش کەوتنە ژێر دەست ئۆرلیانۆوە، خستنیە مەیدانی ئیشوکارەوە. ئێستاش کار و پیشەکانی لە ڕێوەدا پتر مایەی دڵخۆشییەتی تا وەک مەزراکەی کە لەو سەرتاوە دوور و نیمچە لە بیر کراوەدایە.

ڤیلیسیا فراوینەکەی لێ نا، ئەو فراوینەی کە لە خواردنی کرێکارەکان باشتر نەبوو: مەنیهۆت-ی برژاو و لۆبیە و گۆشتی وشکەوە کراو و پەتاتەی شیرین. بەتەنیشت مێردەکەیەوە دانیشت. دڵیی نەدەچووە خواردنەکە، چونکە هەموو بیر و هۆشێکی لای زەماوەندەکە بوو، بۆیە یەکسەر لە پرسیارەکەی ئارتێر حاڵی نەبوو:

– داخوا، چ دەوێ؟

– ئەتالیبا؟ ئەو پیاوێکی بەزەوق و چاکە... جگە لە خۆی دوو کەسی دی نییە دڵی بەجێژنەکان بکرێتەوە...



ئارتێریش ڕوونی کردەوە:

– من لە بارەی دکتۆر ئۆرلیانۆوە داخێوم... ئەو نامە بەناوبانگە گرینگە، جا ڤیلیسیاش بیری کردەوە، چەنگاڵەکەشی بەحەواوە گرتبوو:

– ڕەنگە لەگەڵ دەستەیەک لە هاوەڵەکانی بێت و -ئاهی هەڵکێشا- دەردەسەری بۆمان...

– تۆ بڵێی؟

ئیدی ئارتێر دەستی کردە بیرکردنەوە. بەڵام ڤیلیسیا گەرەکیە لەمەڕ جێژنەوە بدوێ...

– تۆ دەزانی، گەرەک دیارییەک دەگەڵ دەستماندا بۆ بووکەکە بەرین...

– بۆ تێرێزا؟

– بەڵێ، ناشێ هەروا بەدەستی خاڵی بچین.

– قەی چی ئەکا، وابوو دەبێ شتێک لە فرۆشگەکە بدۆزمەوە.

– ئاخۆ، چی بێ ئەو شتە پێشکەشی بکرێ؟

– پارچەیە قوماشێکی لۆکە؟

– نەخێر، دەبێ شتێکی فرە کاریگەربێ...

– چی؟ لێرەدا شتێکی چاک نییە...

– تۆ بڵێی، ئەو ئاوێنە بەناوبانگە لەگەڵ شانە و فلچەکەیدا، بشێ؟

– ئا، بەڵێ، ئەمە ڕاستە...

ئارتێر هاتەوە بیری، ئارایشتەکە پێویستە. کۆلۆنێل لە پیاوێکی عەرەب کڕیبووی، تا بەدۆنائەنجێلای پێشکەش بکا، بەڵام ئەو هەرگیز بەکاری نەهێنا. عەتارە عەرەبەکە چەند شت و مەکێکی سەیر سەیری دەگێڕا، وەک: گۆشتی وشکەوە کراو و پارچە قوماشی ڕازاوە و لۆکە و مەی و لۆبیە.

– تۆ چاک دیقەت دەدەی، ئەمە دەبێ بۆ شتێک بەکار بهێنرێ.

– شاد و کەیف خۆش دەبێ.

ئارتێر نەشئەدار بوو. چونکە ئەم بزفتە کە (نەختینەکە) بەتیرێزا ببەخشێ، وەک بڵێی ئاشتبوونەوەیەکی تەواوە لە تەک کرێکارەکاندا. بەڵام ئەم هزرە، کە جووتیارەکان خۆشیان ناوێ پەست و نیگەرانی کردبوو. بەهەرحاڵ! چاکە، ئەو دەچێتە جێژنە و نەختینەکە

بەتیرێژا دەبەخشێ و دەگەڵ پیاوەکاندا دەخواتەوە و لە تەک ئافرەتەکاندا سەما دەکا... جا ئەو حەلە ناکۆکی نێوانیان دەڕەوێتەوە و لە پاشملەشی تانە و توانجی تێ ناگرن. پاش ئەوەش، ئەو چی کردووە؟ ئەو ئەگەر بۆ ئیشوکاری زێدەتر هانیان دەدا و ئەگەر لە ساتی وار و وردکردندا کەمێ وەتەنگ بەرژەوەندیی دێبەرەکەوە دێ و کە فەرز و کرێی پیاوەکان وەچەنگ دێنێ، ئەوا وەک سەرکارێک بەئەرک و فەرمانی خۆی هەڵدەستێ! بەڵام خراپەی بۆ نەویستوون و ئارەزووی هەرە گەورەی لەوەدایە لە تەکیاندا بسازێ و لێکتر حاڵی بن، دۆست و هاوەڵ لە نێوان جوویتارەکان و کرێکارە ڕۆژانەکاندا بۆ خۆی پەیدا بکا و بتوانێ ئێواران لە فرۆشگەکەدا دەمەتەقێ بکا و چەند سەردانێکیش بۆ ئێرە و ئەوێ بکات.

بەڵام ئێستا هەموو شتێ بەباشی بەڕێوە دەچێ. ئەو هەر لەو ئاخاوتنەوەی کە لەگەڵ ماریۆ گۆمێزدا کردی، هەستی بەوە کرد. چوونیشی بۆ جێژنە و ئەو دیارییەی بۆ ڤیلیسیا دەیبا، دەبێتە نیشانەیەک بۆ قۆناغێکی نوێ لە پێوەندییەکانیدا لەگەڵ ئەو خەڵکە، ئەم کارە دڵخۆش و بەختەوەری دەکا. جا وەک ئەوە وەڵامی هەوەڵەمین ڕستەی بداتەوە، بەڤیلیسیای گوت:

– ئەوی ڕاستی بێ، ئەم ئەتالیبایە پیاوێکی ئازا و بەجەرگە. ئەو بەجێژنەکان دڵی دەکرێتەوە، بەڵام کرێکارێکی بەڕێز و کارامەیە.

ڤیلیسیا لەو نیشانانەی وەرۆژاوای مێردەکەوەی نیشتبوون واقی وڕما تا وەک ئاخاوتنەکەی.

– بەڵام ئەتۆ دەتگوت فرە دەست بڵاوە.

– ئەمەیان ئیشی خۆیەتی... و هەر مرۆیەکیش خووگەلێکی هەیە. ئەو فلس و عانەکانی قازانج دەکا، ئەم فلس و عانانەش ئی خۆین، هەرچۆنێک بیەوێ خەرجیان دەکا... ئەمە کەسێک هەقی بەسەریانەوە نییە.

– بەڵام من شتێکم نەگوت... ئەتۆ گوتت...

یەکێک لە دەرەوە بانگی کرد:

– ئاغای ئارتێر! ئاغای ئارتێر!

– کێیە ئەوە؟

– «میلیتاو»ە.

– چت دەوێ؟



– ئەدی ناچییە جێژنە؟

– بەڵێ، بەڵێ دەچم...

– دەباشە، دوا مەکەوە، ئەوان چاوەڕێت دەکەن، تا ڕاکێتەکان هەڵدەن... ئەوەش کە بەوێ بگەی...

ئەوجا ئارتێر بەزەردەخەنەوە ئاوڕی لە ڤیلیسیا دایەوە:

– خۆ بینیت؟

... و دەنگی بۆ دەرەوە هەڵبڕی:

– هەر ئێستە دێم، ئەی میلیتاو، هەر هێندە تیکەیەک ئاوا بکەم.

– کەواتە، جارێ خودا حافیز.

دەنگەکە نوقمی نێو شەو بوو، ئارتێریش بزەی هاتێ. ئەوان بەڕاکێت پێشوازی لێ دەکەن، تا ئەو ساتەش بەوێ نەگا، هەڵیان نادەن. گومانیشی تیا نییە ئەو بەگشتی لەگەڵ خەڵکیدا مامەڵە و هەڵسوکەوتی باش نەبوو و دڵی ئازار داون و قسەی دەرهەق کردوون، بێگومان وار و وردی ساختە و شێواویشی کردووە لەپێناو ئەوەدا نرخی بەروبوومەکان کەمتر لە نرخەکەی خۆیان بداتەوە... شکیش لەوەدا نییە شتومەکەکانیشی بەگرانتر فرۆشتووە... ئەدی ئەو لە پێناو ئەوەدا سەرکار نییە؟ ئەمەش نابێ چەندوچوونی لەسەر بکرێ لە هەڵسوکەوتەکانیدا لەگەڵ خەڵکی. ئەو دواجار، لە ئێستە بەدوا، مامەڵەی باشتریان دەگەڵدا دەکا و، هەوڵ دەدا هەمووان ڕازی و دڵخۆش و... برادەر و دۆستیش بۆ خۆی پەیدا بکا. لەسەر خوانەکە هەڵسا:

– ئەگەر بگەڕێینەوە، قاپەکان دەشۆی...

ئەوەی بەڤیلیسیا گوت، کە بەرەو متبەقەکە چوو. ئەوە مەحاڵە، چونکە کە وەماڵی ئەتالیبا دەگا، ڕاکێتەکان بەحەوادا دەچن. زیخ و بەجەرگە، ئەم ئەتالیبایە.

– بۆ ئەو دیارییە دەگەڕێم.

کوڕە ڕەش پێستە وردیلەکە هات. بەر لەوە ئێوارەباش بکا، دەستی دا و داوای بەخشین و لێبوردنی کرد:

– پۆستەکە درەنگ گەیشت، چونکە (کامیۆنەکە) لە ڕێگادا پەکی کەوت.

ئارتێر نامە قەبارە گەورەکەی وەرگرت.

– ڤیلیسیا، ئەو چرایە بێنە.

ڕووناکییە سوورەکە نامە چاپکراوەکەی پێشان دا. لە دواوەی لاپەڕەکەدا ئیمزای دکتۆر ئۆرلیانۆی پێوەیە، ئەوەش هەوەڵ شتە کە ئارتێر چاوی پێ دەکەوێ. دەستی کردە خوێندنەوەی و بەژێر لێوەوە وشەکانی دەردێنان. نەختە نەختەش چاوەکانی دەکرانەوە و ڕوخساری گرژ دەبوو. ڤیلیسیاش دڵی بەوەرەورت کەوت:

– ئارتێر گیان، ئەوە چییە؟ بەڵایە... تووشییە؟. ئایا دکتۆر ئۆرلیانۆ شتێکی بەسەر هاتووە؟.

دەنگی ئارتێر خاو و قورس هات:

– مەزراکەی فرۆشت.

– چی؟ فرۆشتی؟

– دەشلێ، دەبێ هەموو جووتیارەکان مەرەخەس بکرێن و گشت وار و وردەکانیش یەکلا بکرێنەوە، نەخاسمە حیسابەکەی باستیاو، بەر لەوەش ئاغا تازەکە بێرە بگا، کۆچ بەهەمووان بکرێ:

بیرە جەرگبڕەکە، خۆ بەخۆی، دڵی ڤیلیسیای کون کرد:

– ئەی خودایە، داخوا ئێستا چ دەقەومێ؟

ئارتێر نامەکەی لە بەرکی نا:

– چی دی پێویست بەدیاری و میاری ناکا...

ترپە ترپی چەند هەنگاوێک، بەسەر ڕێگاکەوە، بیستران، هەنگاوەکانی جیرۆنیمۆن، لە تەک ژنەکەی و خوشکە شێتەکەیدا. ژیڤا بەنوقڵانە لێدانەکانییەوە پەیتا پەیتا دەیبۆڵاند. ئارتێر لە پێش ماڵە گەورەدا بۆڵژنەکەی گوێ لێ بوو. ڤیلیسیاش ئاهی هەڵکێشا:

– ئەوان وا بۆ جێژنە دەچن. باشتر وایە نەچم، ئەمن...

– بەڵێ، ئەمەیان باشترە... خۆم بەتەنێ دەچمە ئەوێ، هەواڵەکەشیان پێ ڕادەگەیێنم دەنگەکەی ژیڤا بێدەنگییەکەی شڵەقاند. کەسێکیش بەتەواوی نەیزانی چ دەڵێ، بەلام ڤیلیسیا پێ حەسیا قورساییەک بەسەر سینگییەوەیە. ئەم وشانە تووک و نەفرینن، نەفرینەکانی ژیڤاش هێز و گوڕێکی تۆقێنەر شک دەبەن، ئارتێر هەستایە سەرپێ:

– هەرچی لە خوا هات، خۆش هات...

دەنگی ژیڤا بەسەر ڕێگاکەوە بەرزبۆوە...

– کلۆڵە... کلۆڵە...



## ٨

دەنگی گیتار و کاڤاکینهیۆکە ئێستە لەگەڵ ئۆکۆردیۆنەکە تێکەڵاو بوونە. باستیاویش ڕۆنیشتووە، دەڵێی پادشای سەر تەختە، زەردەخەنەیەکی پان دەموچاوە ڕەشەکەی دەشڵەقێنێ. لە جێژنەی ئەتالیباش، لە ئاهەنگی زەماوەندی تیرێزادا، هەموو وەرزێرەکانی مەزراکە، گشت جووتیار و پاڵەکان، خڕ بوونەتەوە. ڕۆژی جەژن و شادییە، ڕووداوێکی دەگمەنە، لە ژیانە خەمناکە وشک و نەگۆڕەکەیاندا و پێش ڕوودانی هەیامێکی زۆر لەمەڕییەوە ئاخاوتن و دوایەش لە پاش تەواوبوونی زۆر لە بارەیەوە داخێون. ئەو پیاو و ئافرەتانەش شەو و ڕۆژ کار دەکەن و بەسەر بێڵەکانیانەوە ئارەق دەڕێژن. عەرد تۆو دەکەن و بەروبووم وەدەست دێنن. ئەوان نیمچە کۆیلەی دێبەرەکەن، دەبێ بەروبوومەکانیان پێ بفرۆشن و ئارەزووەکانیان لێ بکرن، بەلام ئەم ئێوارەیە بیریان لەوە نەکردەوە، بیریان لە خەم و پەژارە و کلۆڵی و بەدبەختی نەکردەوە. تەنانەت جیرۆنیمۆش خۆ بەخۆی کە لەگەڵ جۆکۆندینادا هاتووە و، خوشکە (دەست لێ وەشێنراو)ەکەشی هێناوە، تەنانەت ئەویش نەبیری لە شێتیی خوشکەکەی و، نەش بیر لەو کوڕانەی کردەوە کە ڕوویان کردۆتە قوژبن و لا نەناسراوەکان. ئیمڕۆکە، هەر هەمووان بێجگە لە جێژن و بەزمی سەما و خواردنەوە و پێکەنین و زۆربێژی و گوێگرتن لە باستیاوی قولەڕەش کە ئۆکۆردیۆن دەژەنێ، بێجگە لەمانە هەموو، بیر لە شتێکی دی ناکەنەوە.

ئەتالیبا دەنگی هەڵبڕی و بەجیرۆنیمۆی گوت:

– ئەی هاوڕێ، وەبزانە لە ماڵی خۆتی!...

ژیڤا لەسەر ئەسکەمیلێک دانیشت، چاوەزەقەکانی بۆ دەنگی مۆزیقاکە بزەیان دەهات و دەموچاویشی نیمچە هێمن و لەسەرخۆ بوو. ئەتالیبا بۆ ئەوە بزانێ گوتی:

– ئەی هاوڕێ، تۆ کە لە تەرەف ماڵە گەورەوە هاتووی، بەڵکو بزانی ئایا ئارتێر لە ماڵێ وەدەرکەوتووە یان نە؟

– دەبێ لەسەر هاتن بێ، چونکە کاتێ تێپەڕیم، فەرقم بەجموجۆڵی کەسانێک کرد خۆیان کۆ دەکردەوە...

لە هۆڵەکە سەمایان دەکرد، پێیە نیمچە ڕاهاتووەکانیان لەسەر پێڵاوەکان نەدەوەستانەوە تا هەنگاوەکانی سەماکە بەئەنجام بێنن. کەوسەم لەگەڵ تیرێزادا سەمای کرد، میلیتاو

دەگەڵ دەزگیرانەکەی، مرتاش سەمای کرد و ئۆگستینیۆش و ڕەش پێست و سپی پێست و دووڕەگیش و گشت خەڵکیش سەمایان کرد.

ئەتالیباش (مەی)ی پێشکەش کرد و مەیەکەش زۆر بوو. دەبا هەر پیرۆز و پایەداربێ ناوی خودا!.

– چۆڕێکی کەمە، ئەی برادەر؟

– لە چاوی بووکەکە!

جوانا دەستی شۆڕەسوارەکەی بەردا، بۆ ئەوە چاوێک بەخواردنی نێو موبەقەکەدا بگێڕێ. هەموو شتێک پۆشتە و تەواوە، چونکە لە نیوەشەودا خواردنەکان دابەش دەکرێن، نایابترین و چێترین خواردنیش بەر ئارتێر دەکەوێ، کە بەخۆی سەرکارە و بۆ زەماوەندەکەش دێ. بەڕێکەوتیش ئایا دیارییەک لەگەڵ دەستیدا دێنێ؟. ئەمە ڕێی تێ دەچێ، چەند مەترێ قوماشی چنراو، یان شووشەیەک عەتر. مۆزیقا ژووره خنجیلەکەی داگرتەوە، ئارەق لە نێوچەوانی پیاوەکان هاتە خوارێ، لە ئافرەتەکانیشەوە کە وەهەناسە برکێ کەوتوون بۆنێکی تیژ هەڵسا، قولەڕەشەکانیش شاد و کەیفخۆشن، وشەی شیرین شیرین ئاڵوگۆڕ کران و، قاقای پێکەنین بەرز بۆوە، بەڵام وێڕای هەموو شتێکیش ئەوی خۆشی خۆشی وەبەر خەڵکەکە نا، پێیەکانیان بوون کە هەنگاوەکانی سەماکەیان بەنەزمەوە وە ئەنجام دێنا و هەمەدیس ئاوازە یەکلا یەکلاکانی ئۆکۆردیۆنەکە و دەنگی گیتار و کاڤاکینهۆکە بوو. ئەمە ئێوارێی جێژنە، کەسێکیش نییە بیر لە شتانی خەمناک خەمناک و ناخۆش بکاتەوە.

ئارتێر بەسەر ڕێگاکەوە هەنگاوی نا. خاوخاوێ وەڕێوە دەهات، چۆن و بە چ زمانێ لەگەڵ جووتیارەکاندا باخێوێ و هەواڵەکەیان پێ ڕابگەیێنێ؟ ئەو بەخۆی چەکدارە کێ بزانێ چ دەقەومێ... تیرە ئاگراوییەکان پەست و نیگەرانی دەکەن... و هات، دەم و دان داخراو... ئەی خودایە، چۆن چۆنی هەواڵەکە ئاشکرا بکا؟.

جێژنەکە تا هات گەرمتر بوو، ئەوە سەمای کەڵەشێرە ڕۆمیی ورووژێنەر و خۆشە. هەموو بانگکراوانیش جووتە جووتەن، تەنها شۆڕەسوارێک نەبێ، بەبێ ئافرەت، بەبێ کچ، دارێکی بەدەستەوەیە. ئەودەمەش مۆزیقا کڕ دەبێ و پیاوەکان دەستی کچ و ئافرەتەکان بەردەدەن، ئەوا پیاوە داربەدەستەکە ئافرەتێک هەڵدەبژێرێ، ئەو بەشێتییەوە غار دەدا بۆ دۆزینەوەی (ماینێک)، چونکە کەسێک نییە بیەوێ سەما لە تەک (دار)دا بکا. ئینجا



پێکەنین و خواردییانەوە و مەی ڕژا و بۆنی چاقرەکە دەگەڵ گەرمایەکەدا، بەهێز و تیژتر بوو، خۆشی و شادیش پەرەی ستاند و ئەتالیبا بزەی هاتێ: جەژنێکی وەها گەرم و بەئاڵۆش لە وەڵاتا نە بووە و نە کراوە. ئەوان ئێستە چاوەڕێیانە ئارتێر بگا، تا ڕاکێتەکان بەحەوادا هەڵدەن.

کابرایەکی گوێ سووک ترپە ترپی چەند هەنگاوێکی بەسەر ڕێگاکەوە گوێ لێ بوو:

– ئەوەتە، ئاغای ئارتێر هات.

ئەتالیبا بەرزەپێ هەستا و بەرەو قاپی ملی نا. چراکەی بەدەستەوە گرت و ئاگرەکەی لە ڕاکێتەکان نێزیک کردەوە، کە بەئاسماندا چوون. پرش و بڵێسەی تیرە ئاگراوییەکان بەحەوادا بڵاوبوونەوە، هەموان هاتنە دەرێ بۆ تەماشاکردن، مۆزیقا لە لێدان کەوت، خۆشیش هەر نەبڕایەوە.

ئارتێر ڕوانییە ئاسمان و تیرە ئاگراوییەکان لەبەر پێ و قەدەمی ئەو بڵند دەبنەوە، چۆن ئەو هەواڵەی پێیەتی ئاشکرای بکا؟

دەنگی ئەتالیبیا بەرز بۆوە:

– ئاغای ئارتێر وەرە پێشەوە...

ئارتێر لەسەر ڕێگاکە وێستا، ئەی خودایە چ بکەم؟

ڕاکێتەکان وەحەوادا تێ تەقێنران و هاوارێکی جێژنەئامێز بڵند بۆوە: هەر بژی ئاغای ئارتێر!

– ئەی خودایە، چ بکەم.

## توولە ڕێیەکانی برسێتی

### کاتەنگا

١

کاتەنگا دەکشێ، وشک، بێ بڕست، چۆڵ و هۆڵ. لەم (سەرتاو)ە ڕەق و تەقە دڕندەیەشدا، کە وەک بیابانێکی دڕک و داڵە، بەدرێژایی چەندەها میل و چەندەها میل لە دەوەن و دارولکەی تەنک و بڵاو بەولا چی دی بڵند نەبۆتەوە. دەژێر هەتاوی نیوەڕوانی قرچێنەریشدا مار و بزن مژە بەنێوان بەردەکاندا دەخشێن. بزن مژەی قەبە و گەورە و گەورەن، جووڵەیان لە خۆ بڕیوە، بەچاوە زەقە نەترووکاوە، بێ دەربڕینەکانیانەوە، لە پەیکەرگەلێکی دێرینە دەچن، وەک بڵێی ئی سەردەمانی سەرەتای گێتیین. ئەو مارانە ماری هەرە ژاراوین، وەک: (گاراراکیس، گاراراکا، ماری زەنگوڵەدار و کۆرال)، بۆ سووکترین خشەی چڵەکان وەختێ بزن مژەکان هەڵدەبەزنەوە و تینی هەتاو پەرە دەستێنێ، دەفیشکێنن. پێکوڵە و دڕوو و داڵەکانیش لەو کاتەنگایەدا لێک ئاڵاون، بیابانێک پێک دێنن کە پێدا ڕۆشتن و بڕینی کارێکی زەحمەت و مەحاڵە. ئەوە دڵی باکووری ڕۆژهەڵاتە کە نەشەقڵی دەشڵەقێنرێ و نەمۆری دەشکێنرێ، هەر وشکی و مێشوولە و پەخشە و ژار و لە دەستدانی هەموو شتێکە. هیچ کوێرە ڕێگایەک، تەنانەت توولە ڕێیەکی باریکیشی تیا نییە، نە دارێک هەیە سێبەرێکی هەبێ بۆ حەوانەوە و نە کەمێ بەروسەمەری دۆشاودار. جگە لە هەندێ دار (ئەمپیراناس) کە ناو بەناو قوت دەبنەوە و یاسای نەگۆڕی دارولکەکان دەشکێنن، بەبوونیانەوە وەک هاوەڵێکی خانەخوێ و دەم بەخێرهاتن. هەتا چاو بڕ دەکا و تا ئەو عەردە دەکشێ بێجگە لە داری (سوبار) لە گشت جۆرێ و (فاڤیلاس) و (مەنداکاریس) و (کیاشاباس) و (کۆلۆمبیس) و (کەرەواس)، وێڕای درەختی (تاجی باوکان) لە چەق ئەم عەردە ڕەق و دژوارەدا و گوڵە لاولاوەکانیش دەپشکوێن بەوێنەی خەونێکی پڕ سەیروسەمەرە، سەرەڕای دڕک و داڵە داخراوە لێک ئاڵاوەکانیش، ئەم درەختانە نەبێ هەرگیز شتێکی دی بەدی ناکرێ. بەدرێژایی چەندین میل و چەندین میل لە هەموو باکووری ڕۆژهەڵاتیشەوە، بیابانی کاتەنگا، بەبێ ڕێگەوبان، بەبێ توولەڕێ، بەبێ هیچ ڕچەیەکی باریک، بێ خۆراک و بێ ئاو و بەبێ سێبەر و سابات و بێ جۆگەلە ئاو، دەکشێ. جا پێدا ڕۆشتنی کارێکی فرە سەخت و



دژوارە. ئەوێ کاتەنگای باکووری ڕۆژهەڵاتە. بەڵام کۆچکردنی جەماوەرێکی زۆر لە جووتیارەکان توولە ڕێی باریکی لە گشت لاکانی ئەم چۆڵی و بیابانەدا کردەوە. ئەوانە پیاوانێکن بەهۆی زۆروستەمی دەرەبەگەکان و وشکی و قاتی و نەهاتییەوە، لە عەرد و خاکی خۆیان هەڵکەنراون و لەماڵەکانیان دوورخراونەتەوە، ئاوارە و بێ لانە کراون. پیاو گەلێکیش بەبێ ئیشوکار، بەرەو ساوپاولۆی هەوارگەی خەونەکانیان شۆڕ دەبنەوە. لە هەموو قوژبن و کەلێنەکانی باکووری ڕۆژهەڵاتەوە دێن، تا ئەم کۆچە پڕ کارەسات و ناخۆشە بکەن، کەوش و کەڵاشی لە پێستیان لە پێ کردووە، کاتەنگا دەبڕن و بەنێو دڕوو و داڵەکاندا ڕچەڕێیەک بۆ خۆیان دەکەنەوە. بەسەر مارە ستەمکارەکاندا سەردەکەون و، تەنگ بەتوێنیەتی و برسێتی هەڵدەچنن، دەستەکان زبر و قڵیشاون و دەموچاوەکان شەق شەق و داڕزیون و دڵانیش پڕ لە ناهومێدین. ئەوانە و هەزارەها و هەزارەهان و بێ وچان یەک بەدووی یەکدا هەردێن. کۆچێکە لە دەمەدەمانێک گەلێ دوورەوە دەستی پێ کردووە و کەسێکیش نازانێ کەی بەکۆتایی دێ، چونکە لە هەموو ساڵەکاندا، ئەو جووتیارانەی کەوا کێڵگەکانیان لە دەست دا و کرێکارە چەوسێنراوەکان و گاو و گەردوونەکانی دەستی وشکی و نەهاتی و (کۆلۆنیلەکان)[1]، شڕەوپڕە و دوا هێز و وزەی خۆیان کۆ دەکردەوە، تا هەمان کۆچ دەست پێ بکەن. ئەگەر بەرەو چیازیرۆ یانیش بەرەو مۆنتیس کلارۆس شۆڕ دەبنەوە، ئینجا ئەو کەسانە بەرەو ژوور دەبنەوە کە بەهەڵخەڵەتاوییەوە، لە ساوپاولۆ دەگەڕێنەوە. ئەگەر مەحاڵیش نەبێ، گرانە بگوترێ گەورەترین کلۆڵی و بەدبەختی چییە. کلۆڵی ئەوانەی دەڕۆن. یان کلۆڵی و بەدبەختی ئەوانەی دەگەڕێنەوە. ئەوە برسێتی و نەخۆشی و ئەو لاشە بەجێ هێڵراوانەی سەر ڕێگاکەیە، کە خۆڵی تووترکەکان هەڵدەمژن، بۆ ئەوە دارە (مەنداکاریس)ەکان بەشێوەیەکی بەهێز شین بن و ئەو دڕوو و داڵانەش بڵند ببنەوە کە بەوپەڕی بێ بەزەییەوە دەچەقێنە لەشی جووتیارە هەڵاتووەکانی دیدا، زۆرەها خێزان بەدرشت و وردیانەوە ڕێی ئەم کۆچەیان گرتەبەر، ئەو حەلەش وە پیراپۆرا گەیشتن، نەخۆشی و برسێتی نیوەی قڕ کردن. لە شارەکانی دەوروبەری کاتەنگاشدا گەلێ حەکایەت کە دوورن لە ڕاستییەوە دەبیستران، کلۆڵی و بەدبەختی هەرە ناخۆش و بەرباد ڕادەگەیێنرا، کلۆڵییەکی وەها کە هیچ

(١) کۆلۆنیل: نازناوێکی ڕۆژهەڵاتییە بەفازاندیرۆس (ئاغا گەورەکان) دەدرێ، لە هەوەڵ سەردەمەکانی داگیرکردنی بەرازیل لەلایەن ئیستیعمارەوە ماوەتەوە، ئەو کاتە کە وڵاتەکە کرا بەچەند کەرتێکی گەورە گەورەوە و هەر کەرتەی ژەنراڵێک فەرمانڕەوایی دەکرد و دەیچەوساندنەوە.

داستانێک لە توانایدا نییە بیگێڕێتەوە، بێ ئەوە بەمەحاڵی دانەنێ. ئەوە کۆچێکە هەرگیز کۆتایی نایە. پیاوانێک سەرلەنوێ دەستی پێ دەکەن، هەر لەوانی پێشتری خۆیان دەچن، وەک ئاوی پەرداخێک لە ئاوی پەرداخێکی تر بچێ، دەموچاوەکان هەمان ئەو دەموچاوانانەن کە ڕەنگێکی وایان لێ نیشتووە دیاری ناکرێ، قاچ و قولیش هەمان ئەو قاچ و قولە گەورە گەورانەن، کە پەنجە شاش و هەڵزەقیوەکانیان لە کەوش و کەڵاشە شڕەکانەوە وەدەرکەوتوون و لەشە بنێس و ڕێوەڵەکانیش هەمان ئەو لەشانەن، کچ و ئافرەتەکانیش هەمان ئەو کچ و ئافرەتانەن کە یەک تۆز جوانییان بەڕوخسارەوە نەماوە. بیابانی کاتەنگایان، بەژیانە تفت و تاڵەکەیان و ئۆف و ژانەکانیانەوە ئاوەدان کردۆتەوە و بەهەنگاو و شوێن پێیەکانیان ڕچەگەلێکیان کردۆتەوە کە لە دواییدا بەدڕکە کونار و شوورەی دڕک و داڵەکان لە ڕوویاندا دادەخرێن.

لەوێ ڕا، لەو عاردە دڕکاوییەدا، کانگاسیرۆسەکان، سەربازانی تۆڵە ئەستێن، گەورەکانی سەرتاو، دەژین. نە ئاشتییان لایە و نە پشوو و حەوانەوە، نەجێ و ماڵ شک دەبەن و نە ئۆردووگایەک لەو دەشتە هەوا پاک و خاوێنەدا، نە کوانوو و چاوەجاغیان هەیە و نەش هۆیەکی گواستنەوە. ئەوان ماڵ و ئاگردان و چاوەجاغ و نوێن و مێزیان ئەو کاتەنگا ئازیزەیە. جەندرمەکانی پۆلیسیش کە ڕاویان دەنێن، زاتی ئەوە ناکەن لەنێو ئەو دڕکوداڵە بەیەکا هاتووە و درەختە (شیکشیک) و (کەرەواسەکان)دا سەرەڕۆیی بکەن و ژیانی خۆیان بخەنە مەترسییەوە. لەوێدا، لە کاتەنگا، لەنێو ئەو مار و مارخۆر و بزن مژانەدا، ڕێگر و چەتەکان دەژین، بەگوللەی ڕەشاشەکانیان، ئەو جووتیارانە دەکوژن کە لە کۆچ و باری هەمیشەییاندا بەرەو خوار و بەرەو ژوور دەبنەوە. لەوێڕاش لە دڵی کاتەنگای وشک و ڕەقدا، مەزنترین (بیاتۆس)[١]ی بەناوودەنگ پەیدا دەبن، ئەوانەی کە ئاپۆرەیەکی بەدووم و وەیشتوومە بەشوێن هەنگاوەکانیاندا وەکێش دەکەن، سەرتاویان بەنوێژ و درووده سەیر سەیر و ڕێبازگە ئەفسانەییەکانیان هێناوەتە جۆش و بەدەمەپڕ لە نوقڵانەکانیان جاڕی کۆتایی هاتنی دنیا و بڕانەوەی ئێش و دەرد و ئازارەکانی جووتیارەکان دەدەن.

لەو عەردە دڕکاوییەشدا، لۆکاس دڤێرا و ئەنتۆنیۆ سیلڤینۆ و کۆرسیکۆ و لامپیاو،

(١) بیاتۆس Beatos: کۆمەڵێکی سۆفی و پێشەوای ئاینین نوقڵانە لێ دەدەن و بەسەرتاودا دەخولێنەوە و جاڕی کۆتایی هاتنی دنیا لێ دەدەن.



ژیان. ئیمڕۆش لۆکاس ئەرفۆریدۆ و چەتەکانی پەنایان بۆ بردووە. هەر لەم کاتەنگایەشدا ئەنتۆنیۆ کۆنسلهیرۆ و سان لۆرەنسۆ وەدیارکەوتن. لەوپەڕ قووڵاییەکانی بیابانەکەشدا ئێستە بیاتۆ ئیستیڤا و بەهەمان وشەگەلی سروشاوییەوە دەم دەکوتێ.

بەڵام ناوەکان ڕەنگە بگۆڕێن، کەچی کۆچلەبەرەکان هەمان ئەو کۆچلەبەرانەن و، دەموچاوەکانیش هەمیشە چوون یەکن، ئەوە هەمان برسێتی و قاتییە و هەمان ویست و تواناشە لە وەڕێوەچوونیان بەو کاتەنگایەدا و زاڵبوونیان بەسەر دڕک و بزن مژە و مارخۆر و مارەکاندا، بێ وچانیش بۆ پێشەوە هەنگاو دەنێن، بەرەو ئەو ساوپاولۆ بەناوبانگە، بۆ ئەوێ کە پێیان گوترا عەرد بەخۆڕاییییە و پارە و سامانیش وەک لافاو دەڕژێ، لە ساوپاولۆشەوە دەگەڕێنەوە کە نە عەردیان وەچەنگ کەوت و نەش ماڵ و سامان. ئەوان بەردەوام بۆ پێشەوە هەنگاو دەنێن، سەدەهان، هەزارەهان ئەم کۆچە تۆقێنەرە دەکەن. چەند مانگێک بەسەر دەبەن بەدەم بڕینی ئەم کاتەنگایەوە و مردووەکانیش توولەڕێ تازەکان دادەپۆشن، وەلێ لاشەکانیش خۆ بەخۆیان بەو ئەنجامە نەگەیشتوون دیمەنی فرە خەمناکیان لێ بنیشێ، لەوێڕا کە مارخۆر و بزن مژە بێ باکەکان لەژێر هەتاوی قرچێنەردا دەنوون. ئاویش، لەو شوێنەدا نەبێ کە کلۆڵی کاتەنگا کۆتایی پێ دێ، بۆ ئەوە کلۆڵی ڕووباری ساوفرەنسیسکۆ دەست پێ بکا، نییە.

## ٢

لە دەمە دەمی بەیاندا کە بەشەونم تەڕ و پاراو ببوو، دەنگی جیرۆنیمۆ کەرخ کەرخێ و پچڕ پچڕ فەرمانی دا:

– دەی، منالّینە!.

هەردووکیان پێکەوە ڕۆیشتن، خۆی و جۆبیدرۆی برای و هەردوو خێزانەکە بۆ کۆچکردن کۆبوونەوە، میلیتاو تاقە کەسێک بوو هات بۆ وەڕێخستن و خوداحافیزی. گەیشت و چرایەکی بەدەستەوە بوو، کە ڕووناکییە ئامالّ سوورەکەی ڕۆشنایی بەیانی لێلّتر کرد.

– سەروەرمان (یەسووع)ی مەسیح لەگەلّتابێ و دەست وەبالّ خۆت و خێزانەکەتەوە بگرێ!. لە پاشان دواترین هەوالّەکانی پێ ڕاگەیاندن.

– دوێنێ، باستیاو لەگەلّ خێزانەکەیدا چوو... و گوتی: «گەر بهاتبا و گریگۆریۆ تەقەی نەکردبایە، بەخۆی تەقەی دەکرد...».

– ئەدی شتێکی نوێ، لە بارەیەوە نەزانراوە؟.

– نەخێر، ئەو لەنێو دارستانەکاندا خۆی شاردەوە، جا بە چ حالّێ دەتەوێ دەستگیر بکرێ؟

جۆکۆندیناش کە ئەمەی بیست، گوتی:

– بەلّێنی دوو مۆمم بەگەورەمان (دی بونقیم) داوە ئەگەر هات و نەیگرن.

جیرۆنیمۆش لە میلیتاوی پرسی:

– ئەی باشە تۆ ناچی، ئایا بڕیارت لەسەر ئەوە داوە؟.

– نەخێر، ئەمن ناچم. وەکو کرێکارێکی ڕۆژانە دەمێنمەوە... پارەوپوولی عەردەکەش دەمەوێ بۆ خۆم هەلّیان بگرم، ئەوەش لە بۆ ژنهێنان.

میلیتاو هەر خۆی بەتەنێ بوو، کە لە پاش وەرگرتنەوەی عەردەکان، لە دێبەرەکەدا مایەوە. گریگۆریۆش تەقەی لە ئارتێر کردبوو، بەلّام نەیکوشت. گوللەکە تەنها شانی ڕاستی سمی بوو و ئێستاش ئارتێر چاک بۆتەوە، ئەم دەستدرێژییەش هەموو ئەو بەزەیی و میهرە درۆکانییانەی کە ئەو ڕۆژە نواندنی وەختێ بەهەوالّی فرۆشتنەکەی زانی، تێدا نەهێشت. ئەگەر هەراکەی گریگۆریۆشیان بەئاغا تازەکە ڕاگەیاند، پیرۆزبایی لە خۆی کرد، چونکە داوای کرد دێبەرەکەی بەبێ جووتیار بدەنە دەست و چاوەڕێ بوو تا دوا جووتیار



کۆچ دەکا و پالّە نوێیەکان دەگەن بۆ ئەوە ببێ بەخاوەنی عەردەکانی و وەک ئاغایەک ڕەفتار بکا. ئارتێریشی لەکن خۆی بەسەرکار هێشتەوە و تا چەند سالّێک دوور و درێژ نەبێ قایل نەبوو هیچ جووتیار و وەرزێرێ لە دێبەرەکە وەربگرێ.

گریگۆریۆ لە دوای هەولّی کوشتنەکە لە چاو ون بوو، دەیانگوت چۆتە ڕیزی چەتەکانی لۆکاس ئەرفۆریدۆوە. تاوانەکەش لەو دەمەدا ڕووی دا، کە ئارتێر لە جێژنی ئەتالیبا دەگەڕاوە، لەوێڕا کە هەوالّی دەرکردنەکەی بەخەلّکەکە ڕاگەیاند. ئیدی دەستبەجێ جێژنەکەیان لێ بوو بەشین و شەپۆڕ. باستیاویش سوێندی خوارد ئارتێر بکوژێ و جۆبیدرۆش هەولّی دەدا سارد و هێمنی بکاتەوە.

– ئەو کابرایە سەگێکی چلّکاوخۆرە، تاوانبار نییە.

لە پاشاندا دەنگی تەقەیان بیست و کەسێک نەیزانی چۆن چۆنی هەوالّەکە بەر گوێیەکانی گریگۆریۆ کەوت، مادەم نە لە مالّی هاتۆتە دەرێ و نە لە بۆ جێژنە هاتووە و نەش بەهیچ جۆرێک لەگەلّ ئارتێردا دەمەقالّێی بووە. بەلّام ئەوان وایان لێک دایەوە کە ئەو کەسە گریگۆریۆیە، چونکە بەخۆی و ڕەشاشێکەوە لەنێو دێبەرەکەدا نوقم بوو و ئیدی نەیانبیست کەسێک لە بارەیەوە باخێوێ، دوو ڕۆژیش پاشتر، هەموو پیاوەکانیان بانگ کردە مالّە گەورە، بۆ یەکلاکردنەوەی وار و وردەکان. ئارتێریش قۆلّی پێچرابوو. گوللەکە پزیشکێکی خەلّکی گوندەکە دەری هێنا و سەلماندی زامەکە بەرباد نییە. پۆلیسیش کەوتە گەڕان بەدووی جووتیارە هەلاتووەکەدا، بەلّام شوێنەواری لەناو عەردە دڕکاوییەکەدا ون بوو.

جیرۆنیمۆ کێلّگە (مەنیهۆت)ەکەی و هەندێ گەنمەشامی و بزن و مانگاکەی فرۆشت و تەنها گوێدرێژەکەی هێشتەوە کە بەدرێژایی کۆچەکە بەکاریان هات و بەرەلّلایان نەکرد. ئارتێریش قایل نەبوو یەک پوول بدا نە لەجیاتی مالّەکەی ئەمیان و نەش لەجیاتی هیچ مالّێک لە مالّەکانی جووتیارەکان، ئەو حەلەش ناڕەزاییان دەربڕی، هەر هێندەی گوت:

– گەر پێتان کرا، بیانخەنە سەر کۆلّەکانتان...

نەختێ پارە نەبێ ئەویش درا بەهەق ئاشەکەی جۆبیدرۆدا. بەلّام ئەم قەرزاری دێبەرەکە بوو. گەر ئاشەکە نەبووایە نەیدەتوانی لەگەلّ خێزانەکەیدا بڕوا و ناچار دەبوو بمێنێتەوە و بەسەر بێلّەکەیەوە ئارەق بڕێژێ تا قەرزەکانی دەداتەوە. ئەم کارەش لە ئەتالیبا قەوما کە تا بینە قاقای نوقمی قەرزاری بوو. جا ئەوانیش عەرد و مالّ و مریشک و

بەرازەکانیان لێ ئەستاند وێڕای ویش، چارەی نەبوو، دەبوو لەگەڵ ژن و منداڵەکانی و زاواکەیدا کار بکا، تا ئەو (٦٠٠) میل ریسەی کە قەرداره دەیداتەوە.

میلیتاو ڕوخسەتی خواست:

– بۆ هەڵێکی دی ئەی ئاغای جیرۆنیمۆ...

کەرەکەش هەنووکە پۆشتە و تەیارە، باروبنەی خێزانەکەی بەسەر پشتەوەیە. جۆکۆندیناش شیرەخۆرەکەی بەباوەشەوەیە و نۆکاوتۆنیۆ لەپێشەوە غار دەدەن و ئۆگستنیۆش هەگبەی ئازووخەکەی هەڵگرتووە. مرتاش ئەو جلوبەرگانەی کە بۆ جێژنەکە لەبەری کردبوون، کۆی کردنەوە.

– هەر وەختێ خوا حەزبکا، چاومان بەیەکتر دەکەوێتەوە...

لەگەڵ گزنگی ڕۆژدا، جیرۆنیمۆ ئیشارەی وەڕێوەچوونی دا:

– دەی، ڕۆڵەکانم!

میلیتاو بەتەنیا مایەوە، چاوی تێ بڕیبوون دوور دەکەوتنەوە، چراکەی بەدەستی ڕاستی گرتبوو و بەدەستی چەپیشی خوداحافیزی دەکرد، بەڵام کەسێک وەرامی نەدایەوە. تارماییەکان دەنێو ڕووناکییە پەرش و بڵاوەکەی ڕۆژدا ون بوون. میلیتاویش فووی لە چراکەی کرد و دووکەڵێکی بۆر و چڵکن بۆ تۆزە وەختێک بەحەوادا بڵاوبۆوە.



## ٣

نۆکا پشیلەکەی وەسنگییەوە نووساند، ئەگەرچیش دڕکێک هەر لە سەرەتای کۆچەکەوە بەپێی داچەقی، کەچی نەگریا و نە هاواری کرد، بگرە لە خوای دەویست هیچ کەس ئاگای لە زاتە خنجیلەکەی نەبێ. ئەو بەخۆی ئەو خەم و خەفەتەی کە ئەم بەیانییە هەستی پێ کرد و ئەو فرمێسک و ڕۆندکانەی بۆ ماریسکا ڕشتنی بەسە!... ئەوەش لە دەمەدەمی ڕۆشتندا بوو، وەختێ پریاسکەکانی وەسەر یەک نا و سەبەتە لە درەختە لاولاو چنراوەکەی خستە سەر کورتانەکەی گەرمیاس، کە میلیتاویش هات بۆ خوداحافیزی، مشتومڕ لەمەڕ ماریسکاوە گەرم بوو. نۆکاش خۆی ئامادە کرد بەدزییەوە وەدەرکەوێ و پشیلەکەشی دەبن هەنگڵدا بوو و دەستی نابووە سەر دەمی نەبا بمیاوێنێ. جیرۆنیمۆ، مانگا و بزن و مریشکەکانی بەئارتێر فرۆشتبوو. بەڵام ماریسکا بۆ گۆبەندنانەوە لە ماڵێدا مابۆوە لە ڕاستیشدا لەکاتی ڕۆشتندا نەبێ کەسێ بیری لێ نەکردەوە. مرتاش بوو کە بەم شتە خەتەر و سەر بەگۆبەندەی ئاگادار کردن:

– تۆ دەتەوێ پشیلەکەت لە تەک خۆدا بەری، ئەی نۆکا گیان؟

پێش ئەوە وەڵام بداتەوە، جۆکۆندینای پیرەژن نارەزایی دەربڕی:

– لەم بەستەزمانە گەڕێ، کۆرپەکەم، پشیلە چ سوودێکی هەیە بەم ڕێیەوە؟

تۆنیۆش، کە هەر لە ئێوارێوە بۆ ڕۆشتن ئاگرە کەوڵ ببوو، وەک بڵێی هەموو ئەوانە جێژنێک بن، دەستی کردە هەڵبەز و دابەز بەڕووی خوشکەکەیدا:

– پشیلەکە بەرەڵڵا کە...

نۆکا چاوەکانی تەژی[١] فرمێسک بوون و دەستی لە ماریسکا شل بۆوە، وەک بیەوێ وەسەر عەردەکەی بخزێنێ. بەڵام لە پڕ تووڕە بوو و قیژەیەکی تیژی لێوە هەڵسا:

– لێم گەڕێن لە تەک خۆمدا بیبەم.

– شەپازللەت دەوێ، ئەرێ، پێم گوتی ئەم بێ زمانە بەرەڵڵاکە.

جۆکۆندیناش بەدوو چاوی پڕ هەڕەشە و لێدانەوە دەیڕوانییە نۆکا. بەڵام نۆکا دیسان پشیلەکەی بەسنگییەوە نووساند و پاڕانەوەکەی بەلوشکە لوشکی گریانەوە دووپات کردەوە:

---

(٢١) تەژی: پڕ.

– ئاگاداری دەبم... لێم گەڕێن لە تەک خۆمدا بیبەم، بڵێن...

ئینجا ئۆگستینیۆ وەئارا کەوت:

– لێی گەڕێن بیبات؛ چ دەقەومێ!.

نۆکا گریەیەکی لە گەرووی تاساند و، وا پێ حەسیا کوڕە گەنجەکە لەسەری وەجواب دێ بۆیە بەغاردان پەنای بۆ برد، بەڵام دەستی جۆکۆندینا هەمدیس ترسی وەبەر نا:

– چ بەم گەن و گووە بکەین بەڕێوە؟

نۆکا، بەدەستە بەتاڵەکەی، بەپانتۆڵەکەی (خاڵ)ییەوە خۆی لکاند:

– لێ مەگەڕێ بەرهەڵدای کەم...

– وازبێنە با منداڵەکە پشیلەکە لەگەڵ خۆیدا بێنێ، ئەی دایکەگیان، زیانی چییە...

جۆکۆندینا پرسی:

– ئەدی سوودی چییە؟.

– سوودی چییە!.

– کێ بزانێ؟ ڕەنگە بۆ خواردن بەکەڵکمان بێ، ئەگەر لە ڕێگادا برسی بووین و، ئازووخەمان پێ نەما.

نۆکا توند ماریسکای لە باوەش گرت. وا هەستی دەکرد نوقمی نێو دنیایەکی پڕ لە هەڕەشە و ترس و لەرزە خوڕ خوڕ فرمێسک لە چاوە زەقەکانییەوە لە ترسانا دەهاتە خوارێ. مشتومڕ بەردەوام بوو و هەمووان پشتی منداڵەکەیان گرت. ئەمیشیان هەر دەگریا و دەستی لە ماریسکا بەر نەدەدا، کەوا لە ئارای باڵەکانێیەوە دەمیاواند، بێ ئەوە گوێ بداتە غریوە غریو و هات و هاوارەکەی دەوروبەری. دواجار جیرۆنیمۆ بەگوێرەی ئەو دەسەڵاتەی کە گەورەی خێزانە، کۆتایی بەمشتومڕەکە هێنا و گوتی:

– دەباشە بابیبات!... بەڵام ئەگەر سەرێشەی نایەوە، لە ڕێگا بەجێی دێڵین...

نۆکا لە کۆتایی هەوەڵەمین ڕۆژی سەفەرەکەدا لە خۆی پرسی: وان بەسەر چ ڕێگایەکەوە؟ چونکە ڕێگا ڕاستەقینەکە لە دوایانەوە بەجێ ما و ئێستە تووڵە ڕێیەکیان لەنێو دڕوو و داڵەکاندا گرتۆتە بەر کە بەمەزراکەی (پریماڤێرا)یان دەگەیێنێ، لەوێ کە نیازیان وابوو ئەو شەوە بنوون. قاچیشی کە تووشی ئەو برینە ببوو، ئێش و ئازاری بۆ نایەوە، پشیلەکەش هەوڵ و تەقەللا دەدا خۆی ڕاپسکێنێ و بەرەو نێو دارستانەکان



هەڵێت. ئەمەش گەورەترین هۆی وەرە ورت و دڵەڕاوکێیە. جارێکیشیان نۆکا پشیلەکەی بەرەڵڵا کرد تا بەخۆی بەڕێوە بچێ، هەموویان تەقەللایان دا بیگرن، ئۆگستنیۆش ناچار بوو لەو پێشبڕکەیەدا بەشداری بکا، ئەگەرچی دەبوو پتر پێ هەڵگرن و جۆکۆندیناش بەهەلی زانی تا ببۆڵێنێ:

– خۆ تەماشاتان کرد؟. سوودی ئەم پشیلەیە چییە؟ هەر بۆ ئەوە دەردەسەریمان بۆ بنێتەوە...

چونکە نۆکا هەمیسان دەستی کردەوە گریان، جۆکۆندیناش بێ دەنگ بوو، ئەویش پریاسکەکانی دانا و دەستی دایە غاردان بەدووی ماریسکادا، غەریزە و سروشتی نێچیروانانیان تیا ورووکا بەهۆی بوونیان دەنێو کاتەنگادا.

هەر لەو کاتەوە ئیدی لێ نەگەڕا پشیلەکە هەڵێت، چونکە خەم و پەژارەیەکی ئەوتۆی بۆ خولقاند بەخەیاڵیدا نەدەهات. نۆکا ناچار بوو توند بیگرێ و بەسینگییەوەی بنووسێنێ، ماریسکاش بەچڕنووک تەقەللای هەڵاتنی دەدا، بەجۆرێ تەنانەت نۆکا نەیدەتوانی کەند و کۆسپی تووڵەڕێ دڕک و پێکوڵاوییەکە لێک جودا بکاتەوە، لەولاشەوە تونیۆ غاری دەدا و بەهۆی وەکێش کردنی ڕەشمەکەی گەرمیاسەوە هەناسەی سوار ببوو، جارناجاریش دەوەستا بۆ ئەوە ئاوڕێک لە پاسارییەکان بداتەوە، نۆکا بەدوای ڕیزەکەوە بوو لە تەنیشت ژیڤاوە کەوا وشە هەلەق و بەلەقەکانی دەگوتەوە، وا بەدیار دەکەوت وەک بڵێی کچە منداڵەکەی نەدیتبێ کە پێیە برینداڕەکەی ناچاری دەکا تۆزە تۆزە بشەلێ.

ئۆگستینیۆ هاتە پێشێ و نۆکاش بەدەنگێکی لەرزۆکەوە لێی پرسی:

– هێشتا زۆری ماوە بۆ تۆنتۆن؟

ئەویش نەوی لێی و بەخۆی و پشیلەکەوەی گرتی بەباوەشەوە؛ نۆکا بزەی هاتێ، چونکە بەسەر باوەشییەوە چاوی لێ بوو، قاچ و قولی ئەوانی تر دەچەقینە نێو قوڕ و چڵپاوی ڕێگاکە.

## ٤

جووتیارە دەرکراوەکانی سەر دێبەرەکە بەتوولەڕێییەکانی کاتەنگادا پەرتوبڵاو ببوونەوە. هەموویان ڕوویان کردبووە باشوور، بۆ ئاوەدانکردنەوەی ساوپاولۆ. گەلێ کەسانی دیش بەر لەوان چووبوون، چونکە ئەوانەی پیاوە دارژاوەکانی دێبەرەکانیان هەڵدەخران و هانیان دەدان، گەلێ حەکایەتیان دەگێڕایەوە و بەڵێنگەلێکی پڕ سەیروسەمەرەیان دەبەخشی. لە وڵاتی ئەو ساوپاولۆ بەناوبانگەدا، کەسانی هەژار و دەست نەڕۆیشتوو نەبووە و نەدیتراوە، لەوێ هەر قاوە دەچێنن و قاوە دەچنن. هەموو کرێکارە ڕۆژانەکان بەیەک دوو ساڵ بوونە بەئاغای گەورە گەورە، لە پاشانیش هەر ئەم ئاغایانە بوونە بە(کۆلۆنێل) و پیاوانێکی ڕامیاری زان و خاوەن کاریگەر لە کۆمەڵدا. یان هیچ نەبێ وەهایان دەگوت و هەمیشە فرە کەسانی خۆش باوەڕ هەبوون، ئەگەرچیش چۆن هاتوون، هەروا بەدەستی خاڵی و شڕ و شێواوتر دەگەڕانەوە.

ڕێگەوبان هەمان ڕێگەوبانن و ڕچەوکوێرە ڕێگا قەڵیش و درز بردووەکانی عەردە دڕکاوییەکەش کە ئێستە جیرۆنیمۆ و جۆبیدرۆی برای و هەردوو خێزانەکانیان دەیانکوتن، هەمان ئەو ڕچە و توولە ڕێگایانەن. دینای ژنی جۆبیدرۆش وای لێ هات کەسەکانی گرووپە کلۆڵەکە و ئاژەڵەکانی دەژمارد. خودا چارەنووسی بەدووم وەدوورخا... سیانزە گیانلەبەر...

خۆی و مێردەکەی و گرترێدی کچی کە تەمەنی پانزە، شانزە ساڵانە، دوو ڕەگێکی بۆرینە، لووتێکی فسی پێوەیە و هەر لە دایکی دەچێ، وێڕای ئەوە کە بەتەمەن منداڵە وەک ئەسپ کاری دەکرد. لە ڕاستیشدا وەک پیاوێک تەماشایان دەکرد. پاشان خێزانەکەی جیرۆنیمۆ، کە لە خۆی و جۆکۆندینا و هەردوو کوڕەکەی و هەر سێ نەوەکانی پێکهاتووە، ئەم سێیانە هەتیوی کچە گەورەکەین. گشت ئەمانەش یانزە تێپەڕ ناکەن، بەڵام دینا گەرمیاس و ماریسکاشی خستنە پاڵ. گەرمیاس لە پێشەوە دەڕۆیشت، جیرۆنیمۆش هەوسارەکەی ڕادەکێشا، جار ناجاریش دەیدایە دەست تۆنیۆ. کەرەکە دوو سەلەی هەڵگرتبوو، نێزیکەی هەموو ئەو شتانەیان تێدا بوون کە شکیان دەبرد، مایەوە تۆزێ جلوبەرگی ژێرەوە و کەمێ ئازووخەی بێ بایەخ لەنێو ئەو کۆڵانەی کە بەکۆڵی پیاو و ئافرەتەکانەوەن. گەرمیاس لۆژلۆژ وەرێوە دەچوو، ناو بەناو بەقەپ گەڵایەکی دەبچڕی، یانیش دەوەستا بۆ ئەوە لەو گۆمە فرە قووڵانە بخواتەوە.



لە هەوەڵەمین ڕۆژدا پێنج میلی پان و بەرینیان بڕی، ئەوەش بریتی بوو لەو مەودایەی کە لە دێبەرەکەی پرێماڤێرای جودا دەکردنەوە. گەیشتن و شەو داشکابوو، گەرمیاسیش دەستی کردە خاوە خاو و مانگرتن. نۆکاش لە دواوەی هەمووانەوە خۆی وەکێش دەکرد، هێندە کەشەنگ و ماندووبوو هیچی پێ نەدەکرا، توند پشیلەکەی بەهەردوو دەست گرتبوو. بۆ گەوڕێک گەڕان. هەر کە پێیان وەحەوشەی ماڵی خاوەن دێبەرەکە نا تێخوڕینێکی بەهێزیان هاتە گوێ:

– زەلام کێن؟

جیرۆنیمۆ وەرامی دایەوە:

– دۆستین.

پیاوێک بەچرایەکەوە وەدیارکەوت، پانتۆڵێکی کاوبۆی لە بەردایە و جووتێ جزمەی درێژی لەپێ هەڵکێشاوە و دەمانچەیەک بەقەد پشتێنەکەوەیەتی. لە پێشیان ڕاوێستا و جۆبیدرۆ سڵاوی لێ کرد:

– ئێوارە باش...

– لە کوێوە هاتوون؟

جیرۆنیمۆ هاتە پێشەوە:

– لە مەزراکەی دکتۆر ئۆرلیانۆوە.

– ئەدی، بۆ کوێ دەچن؟

– بەرەو ساوپاولۆ...

– ئایا کۆچەرن؟

– بەڵێ گەورەم...

کابرا شێوەی دەنگەکەی نەگۆڕی و گوتی:

– بۆتان نییە لێرە هەڵدەن، قەدەغەیە... دوور بکەونەوە...

نۆکا لەسەر عەردەکە ڕۆنیشتبوو پێیە زامدارەکەی دەخوراند، لەولاشەوە ماریسکا دەیمیاواند.

– تەنها بۆ ئیمشەو، ئەی ئاغا!

– ناکرێ، فەرمانە...

– ئەدی بۆ کوێ بچین؟

کابرا شانەکانی هەڵتەکاند، تۆزێ وشک وشکێ چاوەڕێی کرد و کە دیتی نەڕۆیشتن گوتی:

– کەمێ لێراکەوە، کێڵگەیەکی فراوان، لە دێبەرەکەی (مۆرا)غا هەیە، دەتوانن لەوێ بنوون و قسە ناکا. بەڵام وریای ئاگرەکەتان بن نەبا شتێک بسووتێنن.

– دەی!

نۆکا بەنووکە نووک هەستایە سەر پێ:

– بۆ لێرە نامێنینەوە؟

جیرۆنیمۆ، وەرامی نەدایەوە و گەرمیاسی وەکێش کرد کە پێی ڕێی دانەدەگرت و شەوی کۆچلەبەرەکان بەسەر توولەڕێیەکانی کاتەنگاوە پەخش و بڵاوبۆوە.



## ٥

لە چەق پارچە ڕەق و تەقە بێ بڕستەکەدا، دارێکی گەورە قوت ببۆوە، جیرۆنیمۆ هەنگاوە لۆژەکانی کەرەکەی بۆ وێ وەکێش کرد.

– هەچە گەرمیاس، دە بڕۆ ڕێوە گەرمیاس... دە وە ڕێوە بچۆ، ئەی گوێدرێژی نەگریس.

بەڵام بەبێ هیچ تووڕەییەکەوە داخاوت، بگرە تۆزێ ناز و عیشوەش بەدەنگەکەوەی بوو و، گوێی بەگریە تاساوەکەی نۆکاوە بوو، حاڵی نەبوو لەبەرچی کۆرپەکە بەدەنگی بەرز سکاڵا ناکا. هیچ مەزەنەیەکی پێوەندیداری نەکرد لە نێوان ڕواڵەتی مناڵەکە و ڕووداوی لەمەڕ پشیلەکە. ئۆگستینیۆ بەشێکی زۆری ڕێگەکەی بڕی و کچە خنجیلەکەی قەڵاندۆشکانەوە بوو، دیناش قەیەرێک هەڵی گرت. جیرۆنیمۆ وەختێ دی ڕێگاکە ناخۆش بۆوە لەنێو سەبەتەکانی سەر پشت کەرەکە دای نا. وا ئێستاش گوێی لێیە مناڵەکە بەلوشکە لوشک دەگری و هەست بەڕق و کینە دەکا بەرامبەر ئەو کابرایە کە لێیان نەگەڕا لە دێبەرەکە هەڵدەن و ناچاری کردن بۆ مەودای نیو میل بخولێنەوە، نیو میلی فراوان کە هیچ نەبێ ئەکاتە چوار کیلۆمەترە!. ئەگەر بیریشی لە ئارتێر کردەوە، گریگۆریۆی هاتەوە یاد کە لە دارستانەکاندا خۆی وەشاردۆتەوە، لەوانەشە چووبێتە ڕیز چەتەکانی لۆکاس ئەرفۆریدۆوە... و بەکێ بزانێ ئیستە ئەو دەگەڵ (جۆزیە)ی دووەمین کوڕیدا نەیداوەتە تانی قسەوباسان، ئەو (جۆزیە)ی کە لەکن لۆکاس ئەرفۆریدۆ بۆتە کانگاسیرۆ، وەک هەموو خەڵکی دەگێڕنەوە. (جۆزێە) لەو ڕۆژەدا لە ماڵێ هەڵات کە چەتەکان هێرشیان هێنایە سەر دێبەرەکە، هەر لەوساوە شتێکی ئاشکرا و ڕوونیان لە بارەیەوە نەزانی. وێڕای ئەوەش دەموچاوێکی نوێ لەنێو چەتەکاندا بەدیارکەوت، بە(زێە)ی بروسکە بەناوبانگە، خاوەن دەست و نیشانێکی چاکە و ئازایەتییەکی بێ وێنە و توانایەکی بێ سنوور شک دەبا لە حاست هەموو شتێکدا. هەندێکیش دەیانگوت ئەم (زێە)ی برووسکەیە (جۆزێە) خۆبەخۆیەتی، کە کوڕی جیرۆنیمۆ و جۆکۆندینایە. ئەی خودایە ئەمە زۆر عەقڵ دەیگرێ، چونکە ئەم (جۆزێە)ە هەمیشە خاوەن خوگەلێکی سەیر سەیر بوو، حەزی نەدەکرد نهێنییەکانی ئاشکرا بکا، ئارەزووی ئەوەی دەکرد بچێتە نێو قووڵایی دارستانەکانەوە بۆ ڕاووشکار و خەونی بەپاڵەوانێیەتی و سەرەڕۆییەوە دەبینی.

نەقیزەیەکی بەسەر تەرکی کەرەکەوەی دا، بۆ ئەوە خێرا بەڕێوەبچێ، بەڵام پیرە گەرمیاس خۆی لە خش نەکرد. لەگەڵ ئەوەشدا هەردووکیان لەوانی دی لە پێشتر بوون، چونکە

گریانەکەی نۆکایان نەدەهاتە گوێ، شەو بەتەواوی داشکا و جیرۆنیمۆ شوێن پێگێڕ و ناپوختەکانی خۆی بەدی نەدەکرد، بەرد و دڕک و پێکوڵە دەچەقینە پێیەکانی و هەستی پێ دەکردن و نەدەکردن. کۆچیش هێشتا لە سەرەتایدا بوو و، هێشتاش مەودایەکی زۆریان لە پێشە تا بە(چیازێرۆ)ی پایتەختی دەوڵەتی (باهیە) دەگەن، لەوێش سواری بەلەم دەبن بۆ ئەوە لە ڕووبارەکە شۆڕ ببنەوە. ئەو ساوپاولۆ، بەناوبانگە، ئێجگار دوورەش، لەوپەڕی دنیا بوو... ئەو بەتەمابوو لە چیازیرۆ گەرمیاس بفرۆشێ، بەڵام دەشیزانی دواجار بیری کەرەکەی دەکا. چونکە ساڵەهای ساڵە کەرەکە لەلایەتی و گەلێ بەکاری هاتووە.

لەنێو تاریکستانییەکانەوەترووسکەیەکی بەدی کرد. بۆنی خواردەمەنییەکی خۆش کونە لووتەکانی پڕ کرد، بێگومان کەسانێک لەو نێزیکانەوە هەن. وێستا و چاوەڕێی ئەوانی تری کرد کە لە دوایەوە بەجێ مابوون. لە پاش تۆزێ دەنگی هەنگاوەکانیان هاتنە گوێ کە لقوپۆپی درەختەکانی سەر ڕێیەکەیان دەشکانەوە، پاشانیش دەنگی جۆکۆندینا بەسەر نۆکادا دەیشیڕاند:

– بێ دەنگ بە، هەی ژار!.

هەقی نەبوو بەڕووی کچەکەدا بتەقێتەوە، بەڵکو گەرەک زانیبای کە کچە خنجیلە کلۆڵەکە کەشەنەگ و هیلاکە. چونکە ئەو قۆناغەی بڕییان پیاوێک شلوکول دەکا چ جای منالێک. جیرۆنیمۆ وا هەستی کرد مەیلی هەیە ژنەکەی سەرزەنشت بکا، بەڵام بیری کردەوە ئەویش لەوانەیە شل و مردووتر بێ تا وەک زیندوو. چونکە بەدرێژایی ڕۆژ بەڕێوە چووە و شیرەخۆرەکەی بەباوەشەوە بوو لە کاتی بەرچایی کردندا نەبێ پشووی بەخۆی نەداوە. بێگومان مرتاو گرترێدیش جارناجار منالەکەیان لە دەست دەستاند و دەیانگرت بەباوەشەوە. بەڵام جۆکۆندینا فرە پشت ئەستوور نییە بەکچەکەی خۆی و کچی براکەی تا لێیان گەڕێ زێدەتر چاویان بەکچەزا ئازیزەکەیەوە بن. نۆکا و تۆنیۆ و ئیرنیستۆش، لە پاش مردنی ئیرنیستینای کچە نۆبەرەکەی جۆکۆندینا و جیرۆنیمۆ، بەهەتیو کەوتبوون. کچەکەیان دابوو بەکابرایەکی پاڵە. نێوی بیدرۆ ڕیپیرۆ بوو، ژنە بەسەر دوا منالییەوە مرد، مێردەکەشی ئیدی لە دێبەرەکە نەمایەوە و بۆ شوێنێک سەری هەڵگرت مەگەر هەر خودا خۆی بیزانێ و هەر سێ زارۆڵەکانی دەئەستۆی داپیرە و باپیرەی بەجێ هێشت. ئەم منالەی دواییشیان کە سەرەخۆرە بوو، جۆکۆندینا هەر لە هەوەڵ ڕۆژەوە لە ئامێزی گرت، ئێستەش تەمەنی شەش مانگە. واش بەدیار دەکەوێ کە هەموو سۆز و نازێکی پیرەژنەکە بەسەر هەتیوە کۆرپەکەدا دابارییوە. ئەو گەلێ وەتەنگ نۆکا و تۆنیۆوە نەدەهات، بۆیەش



یەک چرکە چییە منالە کۆرپەکەی فەرامۆش نەدەکرد و چاوی پێوەی بوو و هەر بۆ یاد و بیرەوەری دایکی نێوی نرا ئیرینستۆ.

دەنگە دەنگ و هەنگاوەکان نێزیک بوونەوە. ژیڤاش کەشەنگە. چونکە یەکەمین ڕۆژ گەلێ سەخت و گران بەسەریدا داکەوت، ئەو لە سەرەتادا کەیف خۆش بوو، تەنانەت چەند سترانێکی کۆنی چڕی پتر لە پانزە ساڵ پێشتر فێری ببوون، ئەو دەمەی کە کچێکی بچکۆلانە بوو و بەئاوازەوە لە نێوان کچەکانی تری نێو دێبەرەکەدا دەنگی بەگۆرانییەوە لێ هەڵدەبڕی.

گوڵی کێڵگەکانی بڕی و تەختۆکەکانی لێ کردنەوە و بەسەر ڕێیەکەدا پەخش و بڵاوی کردنەوە. بەڵام ئەو دەمەی ئێوارێ دادێ و ساتی زەردەپەڕ دێتە پێشێ و چیتر دووپات بوونەوەی کارەکانی ڕۆژانە بەدی ناکا، کە شێتییەکەی دیاری دەکەن؛ ئەوا بەیەکجار هەراسان و بێزار دەبێ و ئۆقرەی تێ دەبڕێ، جا لەسەر ڕێگاکە وشک و ڕەق ڕادەوەستێ، گوێیەکانی هەڵخستووە و لێوەکانی دەلەرزن و دەستەکانی کراونەتەوە بۆ ئاسمان، و بێدەنگ و کشومات دەبێ، بەڵام بێدەنگییەکی زۆر ترسناکتر لە قسە لێلاویی و پڕ هەڕەشە و گوڕەشاوییەکانی. پاشان چاوەکانی دەبڕێتە کەسوکارەکەی، وەک بڵێی گوناهی شێواندنی ژیانی بەئەستۆی ئەوان دەخا. ئەوانیش تووشی هەزار خەم و خەفەت دەبن تا قایلی دەکەن بکەوێتەوە ڕێ، هەندێ جاریش ئۆگستینیۆ و جۆبیدرۆ لێی وەڕس و ناهومێد دەبن:

– دەیەڵلا، ژیڤا، دواکەوتین...

بەڵام ئەو وشک، کشومات، فرە کشومات لەسەر ڕێگاکە دەچەقێ، دەستەکانی ڕووەو ئاسمان بڵند بوونەتەوە، لە هەوەڵ سێبەرەکانی شەو ورد دەبێتەوە و گوێی بۆ تێخوڕینەکەی گاوانەکە هەڵخستووە، کە ئەم ئێوارێیە جیرۆنیمۆ هەڵی نەبڕی، جار ناجاریش جۆبیدرۆ ناچار دەبێ توند پاڵی پێوەنێ تا بەڕێوە بچێ، ئەویش بەدووچاوی وەهاوە تەماشای دەکرد لەرزی وەبەر جووتیارەکە دەنا و، لەپێش خوشکەکەیدا ترسێکی کتوپڕی دای دەگرتەوە.

هەنگاوەکان نێزیک بوونەوە، جیرۆنیمۆ تارمایی موسافیرەکانی لێک جودا کردەوە. ئۆگستینیۆ لە پێشەوە دەڕوا و دەستی وەباڵ ژیڤاوە گرتووە. ئەوەتە ژیڤا خەریکە لەرزوحاڵی لێ دەنیشێ، بێگومان تەنگوچەڵەمەکە لە بۆسە دایە. تۆنیۆش بەهەنگاوی کورت کورت غار دەدا؛ ئەو خۆشی خۆشییەی لە سەرەتای سەفەرەکە هەستی پێ کرد،

ڕەوییەوە و چاوە وردە فرەزانەکانیشی، بێجگە لە ماندوویەتی چی دی نانوێنن. مرتاش نۆکای بەکۆڵەوەیە و، لەژێر قورسایی کچەکەدا بەهەناسە بڕکێ کەوتووە. ئەو کچە خنجیلەیەی کە باوکی لە هەمووان زێدەتر خۆشی دەوێ، نە بڕستی تیا ماوە و نە بەرگەگرتن. کچێکی نازدارە. لە دێبەرەکەدا، کچێکی دی نەبوو لە جوانیدا، شان لە شان مرتا بدا، دووڕەگێکە خاوەن پێستێکی خاوێن قژێکی نەرم و نیان و دوو قاچ و قولی ڕێکوپێک و سنگ و مەمکێکی ئاڵۆشاوی. فرە کەم کۆمەکی دەکرد لە ئیشوکاری نێو کێڵگەکاندا. لە مناڵیشدا هەمیشە وڕکن و دەم وەسکاڵا بوو. ئێستاش هەژدە ساڵانە، لە گرترێد مناڵتر دێتە پێش چاو، بەڵام لە سای هەردوو چاوە نەرمەکانی و ئەو جووتە مەمکە خڕ و پێگەیشتووانەی خەریکە بۆنی ژنایەتی لێ دەکرێ.

جۆکۆندینا و جۆبیدرۆ و دینا لە ڕێپێوان کەوتن و لە نێزیک جیرۆنیمۆوە ڕاوێستان. ئەویش بۆ خاڵێکی پێشەوەی دیاردی کرد:

– هۆ لەوێ ئاگرێ کراوەتەوە، هێشتا پشکۆی تیا ماوە...

ڕووەو ئەولایە گەرمیاسی دا لەبەر و ئاپۆرەکە وەدووی کەوتن. بێدەنگییەکی قورس بەهۆی هیلاکییەوە دەواری هەڵدا. جیرۆنیمۆ هەمدیس بیری بەئارتێرەوە ئاڵسکا. چونکە کێشەکە هەمووی بەلای جیرۆنیمۆوە کێشەی چەند پیاوێک بوو: کۆلۆنێل ئیناسیۆ پیاوێکی چاک بوو، لێ گەڕا عەردەکەی بکێڵرێ. وەلێ دکتۆر ئۆرلیانۆ کابرایەکی خراپ و بەد بوو، تووڕی هەڵدانە دەرێ. بەڵام لە هەمووان پیس و پۆخڵتر ئەو ئارتێرەیە کە وەک خۆیان پاڵەیەک بوو، لە ساتی وار و وردکردندا لە هەموو شتێک ڕووتی کردنەوە. بەڵام ئەو شتەی کە مایەی دڵخۆشی بوو، ئەوە بوو گریگۆریۆ دەسگیر نەکراوە.

لە ئاگرەکە هاتنە پێشێ، بەڵام لە نکاو ڕەق ڕاوێستان، چونکە زەلامێک بەخۆی و ڕەشاشێکەوە قوت بۆوە:

– ئەوە کێیە؟.

– دۆستین...

جیرۆنیمۆ بەدەنگێکی ماندوو وەرامی دایەوە.



٦

کابرا چەکەکەی نزم نەکردووە، بەڵام شێوەی دەنگەکەی نەرم بۆوە و گوتی:

–فلاگیلادۆسن[١]؟

– بەرەو ساوپاولۆ دەچین... بۆ دێبەرەکەی پریماڤێرا، واشیان پێ ڕاگەیاندین کە ئیمشەو بۆمان هەیە لێراکە هەڵدەین...

جۆبیدرۆ و ئۆگستینیۆش هاتنە ڕیز جیرۆنیمۆوە و بەهەرسێکیانەوە لەم لاو ئەولای کەرەکەوە وێستان. کابرای ڕەشاش بەدەست هەمدیس پرسی:

– ئایا لە دوورەوە هاتوون؟

– نەخێر، گەورەم، لە شوێنێکی نێزیکەوە... ماوەی شەش میلێک لێراکەوە...

ئەوجا کابرا چەکەکەی نزم کردەوە و بەمنگە منگێکەوە گوتی:

– باشە، کەواتە هێشتا شتێکتان پێ ماوە بیخۆن...

کابرا، کە ڕێگەی دانێ تێپەڕن، درێژەی بەقسان دا، وەک ئەوە بیەوێ شتێک شی بکاتەوە:

– ئێمە شتێکی قورسمان پێ نەما.

خێزانێکە لەبن دارە (واتی)یەکە Oiti بنەیان خستووە. لەوێڕاش بێجگە لە پیاوەکە دوو کوڕ و چوار ئافرەت هەن، دووانیان کچن، لە دوورەوە چاویان بڕییە گرترێد و مرتا. جیرۆنیمۆ تا لای دارەکە کەرەکەی دا لەبەر و لەوێش بەستییەوە. ئۆگستینیۆش هەردوو سەبەتەکانی ڕاکێشا و کورتانەکە ماندووی کرد. کەسێک ورتەیەکی لە دەم نەهاتە دەرێ. نۆکاش کە مرتا لەسەر عەردەکە داینا، دوا وزەی خۆی بەکارهێنا و غاری دا و لەسەر گەڵاوگۆڵەکان ڕۆنیشت و ماریسکای بەتەنیشت خۆیەوە دانا، پشیلەکە ماوەیەک میاواندی. بێدەنگییەکی قورس و گران هەموو لایەکی داگرتەوە، هەردوو خێزانەکە دارەکە لێک جودای دەکردنەوە، بەتیلەی چاو دەیانڕوانییە یەکتر. بۆ یەکەم جار بارەکانیان هێنانە خوارێ و گەرمیاس بەرەڵلا کرا و ئەگەر لە هەوسارەکەی ڕزگاری بوو، لە خۆشیانا

(١) فلاگیلادۆس Flagelados: بەجووتیارەکانی سەرتاو دەگوترێ، ئەوانەی کە تووشی وشکی و قاتی دەبن و ناچار دەکرێن عەردەکانیان بەجێ بێڵن.

زەڕەیەکی بۆ کرد و لێی دا و لەو دەوروبەرە کەوتە ماشینەوەی گیاوگۆڵەکان کە بەهۆی گەرمی هەتاو نیمچە سووتاو هەڵگەڕابوون، بەڵام بەشی ئەوە هەبوو گەرمیاس تێربێ. جۆبیدرۆ لە کاتێکدا بەکردنەوەی دەمی هەگبە کەتانەکەوە خەریک بوو، کە گۆشتەوشکەوە کراو و ئارد و قاوە و ڕاپادێراکەی[1] تیایە، ڕووی دەمی کردە کابرای ڕەشاش بەدەست و گوتی:

ڕێ دەدەی ئاگرەکەت بەکاربێنین؟

دیاردی[2] بۆ ئەو پشکۆیە دەکرد کە هێشتا دووکەڵی لێ هەڵدەستێ، لەوێڕا کە خێزانەکەی تر وێستاوە، کابراش قایل بوو و بەهەردوو کچەکانی گوت:

– ئەرێ ئێوە چی لەوێ دەڕسکێن؟ بۆچی کۆمەکی ئەو ئافرەتانە ناکەن؟

هەردوو کچەکان بەنابەدڵییەکەوە هەڵسان، بەڵام بەر لەوە بەکارێک هەڵسن جۆکۆندینا گوتی:

– ئاتاژمان نییە. سوپاست دەکەین. بەخۆمان ئیشوکارەکانمان ڕادەپەڕێنین...

جۆبیدرۆ دیسان ئاگرەکەی هەڵایسان، ئۆگستینیۆش دۆلکەکەی بەدەستەوە گرتبوو، پرسی لە کوێڕا بتوانێ ئاو پڕ بکا، یەکێ لە کوڕەکان وەڵامی دایەوە:

– کە لەو لێژبیە شۆڕ دەبیتەوە کانییەک بەدی دەکەی...

هەردوو کچەکان، هەروا وشک وشکێ لە پێش جۆکۆندینادا کە گۆشتە وشکەوە کراوەکەی ورد دەکرد و ئاردەکەی دەڕژانە نێو قوتوویەکەوە، ڕاوێستان.

– نیگەران مەبن... باشتر وایە پشوو بەخۆتان بدەن، دەبێ پێویستیتان بەوە هەبێ مادەم ئیمرۆ هێندەی ئێمە بەڕێوە چووبن.

ئۆگستینیۆ بەخۆی و دۆلکە ئاوەکەوە گەڕایەوە. جۆکۆندیناش لێی داواکرد شیش بۆ گۆشتەکە ئامادە بکا. هەردوو کچەکانیش وشک وێستابوون جووڵەیان نەدەکرد، جۆکۆندینا چاوی بۆیان هەڵبڕی، دیتی چاویان بڕیوەتە ئەو پارچە گۆشتەی کە دەیشۆرێ تا خوێیەکەی لێ بکاتەوە و بیری کردەوە:

– «برسین».

(١) ڕاپادێرا Rapadura: دیش، یان دیشلەمەیە بەکوردی.

(٢) دیاردی کرد: ئیشارەی کرد.



شیشە گۆشتەکەی لەسەر پشکۆکان دانا. ئینجا لە موسافیرەکان هاتە پێشێ کە لە بەردەم ئاگرەکە دانیشتبوون. ئەو حەلەش بەچیچکانێوە لە تەنیشت ئاگرەکەوە دانیشت بۆ ئەوە شیشەکان ئەمدیو ئەودیو بکا، بەدەوروبەریدا خڕبوونەوە. مرتا لە قوتوویەکدا کە لە جیاتی مەنجەڵ بەکارهێنرا، ئاوی گەرم کرد. هەردوو کچەکان لە دوای جۆکۆندیناوە، بەچاوە ورشەدارەکانیانەوە، بەتەماعەوە دیقەتی گۆشتە سوور هەڵگەڕاوەکەی سەر ئاگرەکەیان دەدا. مناڵە شیرەخۆرەکە لە باوەش مرتادا دەستی کردە گریان. دارەکەش لێکتر جودایان دەکاتەوە و جۆکۆندینا هاواری کرد:

– تۆنیۆ، ئاردەکە بێنە!.

گرارێکی[1] لە ئاردی ڕەگە مەنیهۆتەکان بۆ مناڵەکە لێ نا. گرارێکی فرە سووک بوو، نە شتێکی تری تیا کردبوو، نەش تامی هەبوو. بەڵام هەر ئەمە شک دەبرا؛ هێنانی بزنەکەش مەحاڵ بوو. ئیرنیستۆ کڕ و ژیر بۆوە. مرتاش ئێستە بەخۆی پێی دەکرێ چاوی هەردوو کچەکە و چاوی کەسوکارەکەی کە بڕاونەتە ئەو گۆشتەی دەبرژێ و هەگبە ئاردەکە، بەدی بکا. ئەو کارەش وەدڵەڕاوکێی خست و بووە مایەی نیگەرانی و نەیزانی چۆن چۆنی دەست بەقسان بدا. جۆکۆندینا گەڕایەوە. چونکە لە تێرکردنی کوڕەکە بۆوە و لە جۆلانێیەکدا هەڵایژاند کە لە نێوان چڵەکانی دارەکەدا بۆی هەڵبەسترا و بەمرتای گوت:

– برۆ، چاوت بەمناڵەکەوە بێ، دواجار نان دەخۆی...

ئەوەش وەک دڵدانەوەیەک بوو بۆ مرتا. چونکە هەرچەند گۆشتەکەی بەسەر ئاگرەکەوە ئەمدیو ئەودیو دەکر پێ دەحەسیا گشت چاوەکان کرا و نەتە بزفتەکانی، ئەو چاوانە پڕ لە پاڕانەوەن، چاوانێکی برسی و خەمناکن.

لێنانی فراوینەکە دوا نەکەوت. سەرەڕای گۆشتە وشکەوەکراوەکەش تەنها کولێرە ئاردی ڕەگە مەنیهۆتەکان شک دەبرا، جۆکۆندینا کلێۆیەک لە سپڵێ وشکەوەکراوی چەوەندەری فرێ دایە نێو پاشماوەی ئاوە کوڵاوەکەوە بۆ ئەوە تامی قاوەکە شیرین بێ. پاشان هەمووان لە دەوروبەری قەدە دارەکە، دوو هەنگاو لەملای ئاگرەکەوە گرمۆڵە بوون، دیتیان گەلێ لە خێزانەکەی ترەوە نێزیکن و نەپەرژانە سەر ئەوەی بزانن لەبەرچی تۆکا دیار نییە، هەرچەندە ماریسکاش بەدەور و خولیاندا، لە برسانا دەیمیاواند.

(١) گرار: شۆربا.

جیرۆنیمۆ خولێکی کردن:

– ئایا دەفەرموون شتێک بخۆن؟

یەک لەو دوو کچانە بزفتێکی نادیاری بۆ کرد، وەک بیەوێ بێتە پێشی و قایل بێ. جۆکۆندینا هەستی بەترس کرد. ئەوان هێشتا ڕێگایەکی دووریان لە پێشدایە بیبڕن، و کەمێ ئازووخەیان پێ ماوە هەندێ پارەوپوولیش کە ژماردوویانە: بەشێکی بدرێ بەکرێی جێ و ڕێی نێو کەشتی تا پیراپۆرا، ئەو نەختە پارەیەش کە دەمێنێتەوە، تەواو بەشیان دەکا تا ئەو وەختەی کە دایان ناوە بەکۆتایی کۆچەکەیان بگەن؛ جۆکۆندینا ڕوانییە ئەو کچەی کە هەر ملەتاتکێی دەکرد و لە شوێنەکەی وشک وێستابوو. کابرای ڕەشاش بەدەستیش بەخۆی وەڵامی دایەوە:

– سوپاس، ئێستە نانمان خوارد...

جۆکۆندینا گۆشتەکەی دابەش کرد، لەتە گەورەکانی بەپیاوەکان دا. ژیڤاش مات و بێدەنگ لە سووچێکەوە، گۆشتی دەجوی و ناو بەناو ئیشارەی خاچی وێنە دەکرد. دیناش سەرباری لەتە گۆشتەکەی خۆی، لەتێکیشی لە بۆ گرترێد هەڵگرت و داوای لە جۆبیدرۆ کرد جۆلانێکە هەڵواسێ. جۆکۆندیناش قاوەکەی ئامادە کرد.

پیاڵەکان کەم بوون، تەنها دوو پەرداخ شک دەبەن. هەوەڵ جار لە پێش جیرۆنیمۆ و جۆبیدرۆ دانران. هەردوو کچەکان و هەردوو کوڕەکەش هێشتا چاویان تێ بڕیوە. کابرای خاوەن ڕەشاشیش سەری دانەواند، ڕەنگە بۆ ئەوە وای کرد، تا هەردوو کچ و کوڕەکانی نەبینێ و چاوەکانیان بڕاونەتە قاوەکە وەک ئەوە بەموقناتیز وەکێش کرابن. بەڵام تا دوایی بەرگەی نەگرت، چونکە ئەو حەلە جۆکۆندینا قاوەی بەژیڤا و مرتاش پێشکەش کرد، گوتی:

– گەر پێتان کرا ببەخشن، ئەوا من دوو چۆڕ قاوەتان لێ قەبووڵ دەکەم لە بۆ هەردوو کچە خنجیلەکان.

بەر لەوە جۆکۆندینا وەرام بداتەوە، دەستی کردە ڕوونکردنەوە و دەگەڵ دەنگە گەورەکەیدا، چەند بزفتێکی نادیاری بۆ دەکرد:

– ئەمە چونکە ماوەیەکی زۆرمان پێ چوو بەڕێوە. لە سیاراوە هاتین و هەرچییەکمان پێ بوو، نەما. سێ ڕۆژیشە قاوەمان پێ نەماوە. لە ئارد و ڕاپادێراش بەولاوە چی تر شک نابەین...



هەموو قاوەیان خواردەوە. جۆکۆندینا سەرەڕای ویش هەریەکەو لەتە گۆشتێکی دانێ، لەتێکی بچووک، بەڵام بەبێدەنگییەوە لێی وەرگیرا، ئەوەش دەربڕینێکی زێدەتر بوو لە نواندنی هەموو خۆشی خۆشییەکی ئاشکرا.

– خوا نەیبڕێ

ئینجا دەستیان کردە شۆردنی ئەو قوتووانە کە لە بری مەنجەڵ بەکاریان هێنا. لەولاشەوە مرتا لە پڕێکا تێبینی کرد نۆکا دیار نییە.

– ئەدی نۆکا؟ نانی نەخواردووە؟

لێی دا و چوو بۆ کچە خنجیلەکە بگەڕێ کەوا لە لاکەی تری دارەکەوە، بەسەر گەڵا و گۆڵەکانەوە نوستبوو.

جیرۆنیمۆ گوتی:

– باشتر وایە بەخەبەری نەهێنن.

مرتا لە نێزیک خوشکەزاکەیەوە دانیشت کە هێدی هێدی هەناسەی دەکێشا، نەوی لە ماریسکا کە دوور نەکەوتبۆوە و لە شوێنێکی گەرم بەلای کچە خنجیلەکەوە داینا.

نۆکا نیمچە ئاگایەک بەئاگا هات و دەستی بۆ پشیلەکە برد و هێنای و بەهەردوو دەستەکان وەخۆوەی نووساند. ئەوان لەودیو دارەکەوە داخاوتن، کابرای خاوەن ڕەشاشیش بۆیان دەیگێڕایەوە:

– هەرچییەکمان پێ بوو لێی زەوت کردین... بۆ؟... چونکە ئێمە لە تواناماندا نەبوو باج بدەین... ئەوە کارێکە بەرامبەر عانەیەک... بەڕاستی پیسن. ئەوجا بڕیارمان دا هەموو شتومەکەکانمان هەڵگرین و ڕوو بکەینە ساوپاولۆ. ئەوە نەبێ ئێمە لە (مۆنتیس کلارۆس)ەوە تێدەپەڕین، چونکە لەوێدا کابرایەک کە کرێکارەکان دەخاتە سەرکار چاوەڕێمان دەکا... ئەوە دوو مانگە ئێمە بەڕێگاوەین.

جۆبیدرۆش گوتی:

– ئێمە ئیمڕۆ کەوتینە ڕێ، هێشتاکە هەوەڵمانە...

یەکێکیان پاشماوەی ئاوێکی ڕژانە سەر عەردەکە. مرتاش پێ حەسیا لاقەکانی ماندوون و دەستەکانی ئازاری دەدەن. لەم شەوەدا و لەنێو دارستانەکاندا شل و خاوییەکی سەیر بەلەشیا هات. پشکۆکانیش نەختە نەختە دەکوژێنەوە، لەولاشەوە پیاوەکان هێشتا داخێون.

– گەلێ کلۆڵیمان تووش هات، کە شیاوی نین.

مرتا قسەکانی دەهاتە گوێ چاوەکانی چووقابوون. بیری لە دکتۆر ئۆرلیانۆ دەکردەوە. کوڕێکی قۆز و پۆشتە بوو، قژەکەی بۆنی گوڵاوی لێ دەهات. لەبەرچی تووڕی هەڵدانە دەرێ؟ مرتا تەنها کچێکی منداڵ بوو وەختێ دوو ساڵ لەمەوبەر ئەو بۆ دێبەرەکە دەهات؛ ڕۆژێکیشیان کە چووە ماڵە گەورە لە بۆ یارمەتیدانی ڤیلیسیا، دکتۆر دەستی بۆ مەمکی برد کە هێشتا خڕ نەبووبوون و هەندێ پارەشی بەدیاری دایە. لەبەرچی دەری کردن؟ ئەو بەڕواڵەت کوڕێکی چاک بوو، هەر خۆیشی بوو پێی دەگوت: تۆ لە گشت ئافرەتەکانی شار جوانتری. مرتا دەسبازییەکانی دکتۆری بەیادا هات. ئەو ڕۆژەیان هەستی بەترس و لەرز کرد، بەڵام لەم شەوەدا، دەنێو دارستانەکاندا، بۆ ئەم بیرەوەرییە لە خۆشییاندا دەستی کردە لەرزین.

پیاوەکە تۆزێ لەولاوە داخاوت:

– دەگوترێ ئاخروئۆخری دنیا... و ئاخری هەموو ئەم کلۆڵییەیە کە هات...

منیش نیم ئەوەم گوتبێ، قسەی ئەو پیاوچاکەیە، پیاتۆ، کە لەلای سەرتاوەوە هات. ناوی ئیستیڤاوە، دەڵێن پەرجوو دەکا، نەخۆشیش چاک دەکاتەوە وەک باوکە سیسرۆ... زۆریش نییە هاتووە و لەلای دەریاوە ڕۆیشتووە... ئێستەش نزیکەی پێنج سەد پیاو بەدوی کەوتوون... نۆقلانەی ئەوە لێ دەدا کە دنیا کۆتایی پێ دێ و دەڵێ دەبێ خەڵکی تۆبە لە گوناهەکانیان بکەن...

مرتا تارماییەکی بەدی کرد بەتەنیشتییەوە تێدەپەڕی. ئەوە ژیڤایە وەختێ ناوی ئیستیڤا و باسی کەراماتەکانی هاتنە گوێ، هەستا. مرتاش بیری لە دکتۆر ئۆرلیانۆ دەکردەوە. گەش و ڕووخۆش بوو، کراسەکانی عەترێکی سووکیان پێوە کرابوون، ئەویش کە دەیبردن لە بۆ شتن پێی خۆش بوو بۆنەکەیان هەڵمژێ. دەنگی پیاوەکە تاریکییەکەی شەق دەکرد:

– دەڵێن بۆ لۆکاس ئەرفۆریدۆ دەگەڕێ، تا تۆبەی پێ بکا. دەشڵێن کۆتایی هاتنی دنیا نێزیک بۆتەوە...

هاواری ژیڤا دیسانەوە شەوی شڵەقاند، هەمدیس کە ئاخاوتنی پیاوەکەی بەرگوێ کەوت شێتی دایگرتەوە؛ ئیدی دەستی کردە گەیاندنی پەیامەکەی، ئەوە هەمان ئەو شتەیە کە پیاوچاکەکە بۆ گشت کۆچلەبەرەکان و گشت فلاگیلادۆس و گشت چەتە و نەخۆشە



بەربادەکان، لەم سەرتاوە کلۆڵەدا، جاڕی دەدا.

هاوارەکە نۆکای بەخەبەر هێنا، کە لەناکاو خۆی لە چۆڵییەکەدا بینییەوە. مرتا هەستایە سەرپێ. پشکۆکان کوژابوونەوە. کابرای خاوەن ڕەشاشیش بەترسەوە دەیڕوانییە ژیڤا. جۆبیدرۆش بۆی ڕوون کردەوە.

– ئەوە دەستی لێ وەشێنراوە، کلۆڵە...

## ٧

بێگومان ئەوان پێیان خۆش بوو کۆچەکەیان لەتەک جیرۆنیمۆ و دەستە و تاقمەکەیدا بەسەربەرن، بەڵام جۆکۆندینا هەر لەو ئێوارێیەوە کە پێکەوە دانیشتن هەستی کرد ئەوان دەیانەوێ هاوڕێگایان بن، چونکە هەمـوو یەک ڕێگایان لەپێش دایە. جیـرۆنیـمۆش لە ئاکامی ئەوە ئاگاداری کردنەوە، چونکە خێزانەکەی تر خواردنەمەنی شک نابەن و ئازووخەکەیان لە گۆشتی وشککراو و قاوە، تەواو کردووە و یەک دانە لۆبیەشیان پێ نەماوە، هەر تۆزێ ئارد و ڕاپادێرا نەبێ هیچی دی شک نابەن... وابوو چ قازانجێک وەدەست دێنن ئەگەر هاوڕێگایان بن؟... تەنها جۆکۆندیناشیان تیا دڵڕەق بوو، هەرچەند مەسەلەکە بەپێچەوانە بوو، چونکە ئەو لەو شەوەیدا کە پێکەوە دانیشتن بەزەیی و ڕۆحمی جوولا، تەنانەت هەریەکەی لەتە گۆشتێکی دانێ، زۆر چاکیش دەیزانی دەستە و تاقمەکەی خۆی پێویستی پێیەتی. بەڵام -وەک جیرۆنیمۆ دەڵێ- چی دی ناتوانێ پاروو لە دەم کوڕ و نەوەکانی دەرهێنێ و بیکا بەدەم غەریبانەوە!

بەر لە خۆرهەڵاتن، وەختێ جیرۆنیمۆ هەردوو سەبەتەکانی لەسەر پشتی گەرمیاس شەتەک دەدا، پیاوەکە پێشنیازەکەی پێشکێش کرد:

جیرۆنیمۆ ڕەتی کردەوە:

– ئێمە بەرەو هەمان لا ناڕۆین.

بەڵام کابرا هەر ئیلحاحی کرد. دەتوانن بەشێکی زۆری ڕێگاکە پێکەوە ببڕن، هەرچەند ئاپۆرەش زیاتربێ ڕێگاکە ئاسوودەتر و زامنتر دەبێ دژی کانگاسیرۆس و دەست و بازوویەکی زۆرتریش شک دەبەن تا ڕێگایەک لە نێو ئەو کاتەنگایەدا بۆ خۆیان بکەنەوە کە بەترسەوە تەماشای دەکەن و لێیان نێزیک دەبێتەوە. جیرۆنیمۆ نەیزانی چۆن چۆنی وەڵام بداتەوە، بەڵام جۆکۆندینا وەئارا کەوت.

– ئێمە کەمێ ئازووخەمان پێ ماوە. ئەگەر هەر خۆمان بەڕێوە بچین و کەسانی ترمان لەتەکدا نەبێ، ڕەنگە بەشمان بکا، بەڵام لەگەڵ خەڵکی کە دابەش ناکا ئەگەرچیش هیچ شێوە ڕەقیبیەک بەدەنگەکەوەی نەبوو، بەڵام دڵنیا بوو. ئەوەی وادەگوت وەک یەکێ داوای لێبوردن بکا، چونکە هەژارە و توانای ئەوەی نییە دەستی یارمەتیان بۆ درێژ بکا، لە هەمان کاتیشدا بەوپەڕی ویست و تواناوە دەیگوت بۆ ئەوە مەسەلەکە ببڕێتەوە.



هەوەڵ جار ئەمان وەڕێوە چوون. جۆکۆندینا لە پێچی ڕێگاکە پێی نەکرا لانەکا بەدواوە. دی پیاوەکە بۆ ژنەکەی داخێوێ. لەولاشەوە هەردوو کچەکان چاویان بڕیوەتە تاقمەکە. جۆکۆندینا هەستی بەجۆرە ژانە ویژدانێک کرد. بەڵام نۆرییە پێشەوەی و بینی تاقمەکەی واپێش دەکەون و کەوتوونەتە دووی هەنگاوە خاو و لۆژەکانی کەرەکە، بۆیە ئەویش دەرکەی بەزەیی بەسەر دڵیدا داخست و هەنگاوەکانی گورج کردەوە و بەمرتا و ژیڤادا گەیشت کە لە دوای ئەوانی ترەوە بەڕێوە دەچوون.

## ٨

له دوای تێپەڕبوونی پێنج ڕۆژ، خۆیان له نێو کاتەنگادا بینییەوه، له نێوان درەختە دڕکاوییە سەختەکاندا بۆ ئاسەواری ئەو ڕچە ڕێیانە دەگەڕان کە موسافیرەکانی تر پێش خۆیان پێیاندا ڕۆیشتوون. ئێستا ئەوان ڕاهاتن لە دەشت و چۆڵی و لەبن دارەکاندا بنوون، چونکە تەنها دوو جۆلانێ شک دەبەن، یەکێکیان بۆ جۆکۆندینا و منالە نەوەکەی، ئەوی کەشیان بۆ دینا، بەڵام هەوەڵ ئێوارێ کە پێیان وەنێو کاتەنگا کەوت بەبێ هوودە بۆ دارێک گەڕان جۆلانێکانی پێدا هەڵواسن و لە پاش هەوڵ و تەقەللایەکی زۆر تەختانییەکیان بەدی کرد، کوڵەکانیان لەسەر دانا و چوون هەلاژێن و پشوو بدەن. ئیمڕۆکەش قۆناغێکی گەورەیان نەبڕی. چونکە پیاوەکان بەچەقۆکانی دەستیانەوە، بەڕێوە دەچوون، تووترکەکانیان دوور دەخستەوە و دڕکەکانیان دەبڕی و ئەو شوێن پێیانەیان هەراو دەکرد کە دەبینران و نەدەبینران. هێندە کەشەنگ و ماندوو بووبوون هەستیان بەبرسێتی نەدەکرد. دینا ڕاسپێردرا خواردنی لێنا و مرتاش کۆمەکی دەکا.

جۆکۆندینا لەگەڵ جۆلانێکەدا شتێکی بەوێنەی نوێن لەسەر عەردەکە بۆ شیرەخۆرەکە ڕاخست و بەتەنیشتییەوە ڕۆنیشت و قاچەکانی درێژ کرد، ئەگەر چیش کوڕە کۆرپەکە ڕۆژ لە دوای ڕۆژ کەمی دەکرد و لەڕی و لاوازی پێوەی بەدیار دەکەوت. لە دێبەرەکەشدا جۆکۆندینا شیری بزنەکەی دەدایە و بەشێوەیەکی سروشتی پێ دەگەیی و نەشونمای دەکرد. بێگومان قەڵەویش نەبوو، چما بینراوە منالە جووتیارێک قەڵەو و گۆشتن بێ؟. بەڵام ئەم یاسا خواردەمەنییە: ئاردەوای (مەنیهۆت)ی کولاو، ئێستە تینی تیا بڕی و شەکەتی کرد، ئەوان نیمچە تەنگاوێکیان دەکرد تا هەڵی قوڕێنێ، ئەویش دەگریا و هەردوو دەستە خنجیلەکانی دەهەژاند وەک نیشانەیەکی ناڕەزایی و ناقایل بوون. جۆکۆندینا بیری کردەوە: دەبوو بزنەکەم بهێنابا، هەرچۆنێک بوایە، دەبوو بهێنابا... هەمیسان نۆڕییە دەموچاو منالە ڕەنگ زەرد و لاوازەکە، ئێسقانەکانی دیار بوون، چاوەکانیشی دەرپۆقیبوون، لەنێو قەدە ڕێوەڵەکەی بەرەو ژوورتر پەراسووەکانیت یەک بەیەک دەژمارد. «دەبوو بزنەکەم بهێنابا...» جۆکۆندینا بەڕاڕاییەوە دەیڕوانییە نەوەکەی، لەو بڕوایە دابوو هەرگیز بەرگەی ئەم سەفەرە ناگرێ. هەموو ڕۆژێکیش چاوی لە میزەکەی ئیرنیستۆ دەبڕی، لەوە دەترسا نەبا ڕەنگەکەی سەوز هەڵگەڕابێ. زۆریشی بەپەلە بوو بگاتە (چیازیرۆ)، لە دەوڵەتی (باهیا)، چونکە لەوێدا بەئاسانی شیری وەچنگ دەکەوێ. ئەو لە چمکێکی



دەسەسڕە سوورە چەورەکەیدا کەمێ پارەوپوولی وەشاردۆتەوە و کەس پێی نازانێ، بۆ ئەوە هەڵی گرت لە سەفەرەکەدا شیری پێ بکڕێ. بەڵام چ ئاسەوارێکی مەڕ و مالات لە کاتەنگادا نییە، تۆ بڵێی لە شارەکەدا هەبێ، یانیش هەنگێ لە ڕووبارەکە شۆڕ دەبنەوە؟. دەبێ لەوێ زۆر و زەبەندبێ، چونکە ئاویان کەم نییە، عاردەکەش ئەو عەردە وشک و ڕەقە نییە وەک ئەمەی ئێستا دەیبڕن. ئیرنیستۆ بەتەنیشتییەوە دەنوێ و ئەویش بیر دەکاتەوە... ستەم و زۆردارییە نەوەکەی کە هێشتا بێ تاوانە و هیچ گوناهێک نازانێ ئەم هەموو ئازار و دەردەسەرییە بچێژێ. دەبا خۆی یان جیرۆنیمۆ، یانیش جۆبیدرۆ و دینا ئازار بچێژن، ئەمە دەشێ و ڕێی تێ دەچێ. ئەوان بەساڵاچوون و لەسەر تاڵی و ناخۆشی ژیان ڕاهاتوون. بەڵام شیرەخۆرەیەک کە تەمەنی چەند مانگێکە و زیانی بەکەسێ نەگەیاندووە، بۆ دەبێ ئازار بچێژێ؟ چ گوناهێکی کردووە و لەبەرچی خوداوەند ڕۆحمی پێ نەکرد؟.

لەناکاو پەتی خەیاڵاتی بەو گریانە پچڕا کە هاتە گوێی، هەوەڵ جار کڕ و ترسناک بوو، گریانێکی پچڕ پچڕ و بەلوشکە لوشکە. بەڵام لەناکاوێکدا بەرز بۆوە، ئەمە هاواری ئێش و ئازارە. جۆکۆندینا دەنگی (نۆکا)ی ناسییەوە. ئەو چەند ڕۆژێکە تۆزە تۆزە دەشەلێ، کە بەڕێوە دەڕوا هاواری ئەو پێیەی دەکا کە مرتا لایەکی دڕکەکەی لێ دەرهێنا. ئیدی وای لێ هات بەدرێژی هەموو قۆناغەکە هەر دەگریا، بەشێکی زۆری ڕێگاکەی بەکۆڵی ئەم و ئەو، یانیش بەسەر هەردوو هەگبەی کەرەکەوە دەبڕی، بەبێ ئەوە پشیلە زەردەکەی بەرەڵلا بکات. «ئەو بەستەزمانە نەفرەتییە، نۆکا بەبۆنەی ئەوەوە قاچی بریندار بوو». جۆکۆندینا بەهۆی ماندوویەتییەوە برستی لێ بڕابوو، بۆیە تۆزێ دواکەوت تا هەڵسێ و چاوی بەکچە خنجیلەکە بکەوێ کە دەگری. «پێویست بوو بزنەکەمان بهێنابا لەجیاتی پشیلەکە، ئەو کارەش هێندە ئازاری نەدەداین...» و گوێی لێ بوو جیرۆنیمۆ بەسەر منالەکەدا تووڕە دەبێ و دەقیژێنێ:

– دەمت داخە، ئەی خوایە گیان!. گریان بەس نییە... گەر هەر ئێستا کڕ و بێ دەنگ بێ، شتێک وەردەگری؛

بەڵام (نۆکا) گوێی نەدایە و جۆکۆندیناش واقی وڕما، چونکە نۆکا جاران دەترسا و بەبێ هات و هاوار بۆ سووکترین تەمێکردن و سەرزەنشت وەگوێی دەکرد. جا هەڵسایە سەر پێ و بانگی کرد:

– نۆکا، وەرە بۆ ئێرە...

ئەویش سووک سووکێ بەشەلە شەل هات، هەردوو چاوەکانی تەژی فرمێسک بووبوون و پشیلەکەشی لە باوەش گرتبوو و بەترس و لەرزەوە دەیڕوانییە نەنکی.

–ئەو بەستەزمانە بەرەڵا بکە.

ئەویش لێ گەڕا لە (ماریسکا) و بەرەڵلای کرد تا باز بداتە سەر عەردەکە و بەنێو تووترکەکاندا هەڵێت. جۆکۆندیناش کچە خنجیلانەکەی گرت بەباوەشەوە:

– چیتە؟

– پێم دێشێ.

فانۆزە خنجیلەکە بەحاڵ ڕووناکی دەبەخشی. جۆکۆندینا لەبەر ڕۆشناییەکەی دەموچاوە ڕەنگ زەرد و لاوازەکەی ئیرنیستۆی بەدی کرد وەختێ نووستبوو. جا بانگی مرتای کرد:

– تائێرە، وەرە.

– من گۆشت دەبرژێنم...

– کچێ گرترێد! گرترێد!.

کچەزاکەی هات و چراکەی گرت بەدەستەوە. جۆکۆندیناش نەوی لە قاچە وردیلە ناساغەکە و پەنجەی بەسەر زامەکەدا هێنا. (پا)ی تاین خراپ ئاوسابوو، ڕەنگێکی پیس و بلّحی لێ نیشتبوو. جا جۆکۆندینا تۆکی سەر زامەکەی داماڵی و هاکا چڵک و خوێنی لێوە دەرپەڕی، نۆکاش خۆی بەمل نەنکییەوە هەڵواسی و کزکز دەگریا. ئینجا جۆکۆندینا ڕۆنیشت و بەئەسپایی و لەسەرەخۆ نۆکای لەسەر ئەژنۆکانی دانا، داوای لە گرترێد کرد بەچیچکانەوە دانیشێ تا باش ڕۆشنایی بۆ بکا و دەستی کردە گووشینی ئەو چڵکە کە بەزۆری دەرپەڕی.

گرترێد، بەخۆی و پەڕۆیەکەوە گەڕایەوە، چمکی کراسە کۆنێک بوو، ئەگەرچیش شۆرابوو، هەر لەکەو چڵکە کۆنەکانی پێوە مابوو. پەڕۆکەی کرد بەدوو لەتەوە، بەلەتێکی پەڕۆکە چڵکەکەی سڕی و زێدەتر پاڵەپەستۆی خستە سەر زامەکە، کچەکەش دەگریا.

– بەجۆبیدرۆ، یان بەئۆگستینیۆ بلێ، لەو دەوروبەرە، بۆ گەڵا تەڕەتیزە بگەڕێن.

بەدەم چاوەڕێکردنەوە هێدی هێدی دەستی بەسەر سەری نۆکادا هێنا، تیمارکردنەکە لە ئێش و ئازارەکەی کەم کردەوە. بەدبەختە خنجیلەیە، ئەویش ئازار دەکێشێ. دەبێ چ خراپەیەکی پێ بکرێ لەم دنیایەدا؟ جۆکۆندینا لەناکاو هەستی بەورەبەردان کرد، حاڵی



نەبوو لەبەرچی ئەو خنجیلەیە بەسەر ئەم ڕێگا تەنگ و باریکەی کاتەنگاوەیە و هەردوو پێیەکانی بەدڕک کون کون بوونە و دەستەکانی کەشەنگ و بێ هێز و لەشیشی داڕزیوە وەک یەکێ بێ وچان دارکاری کرابێ... بۆ لە وڵاتەکەیان پەڕاگەندە بوون و لەبەرچیش، ماڵ و گەوڕ و مانگا بەستەزمانەکە و کێڵگە (مەنیهۆت) و گەنمەشامییەکەیان بەجێ هێشت؟... لەبەرچی تووڕیان هەڵدانە دەرێ؟... و هەر دەستی بەسەر سەری منالەکەدا دێنا، تا گوێی بەهەنگاوەکانی ئۆگستینیۆوە بوو کە گەڕایەوە و گرترێدیش بەدوویەوە.

جۆکۆندینا تەڕەتیزەکەی لەسەر بەردێک ورد کرد و پاشان لەسەر پێی منالەکە دای نا و بەپەڕۆکە پێچاوی. جیرۆنیمۆش گەیشت:

– ئەوە چییە؟

– برینێکی پیسە... چڵکی کردووە...

مرتا بەدەنگی بەرز گوتی گۆشتەکە برژاوە. چاویان پێوە بوو تارماییە بلّندەکەی ژیڤا دەوەنەکان دەبڕێ و ڕووەو لای ئاگرەکە دەچێ. قژەکەشی بەسەر هەردوو شانەکانیدا پەرت و بڵاوبۆتەوە، لە خۆی درێژتر و لە هەموو دەمێکی پێشتریش شۆڕتر، ئەو بەدرێژی سەفەرەکە هەر دەیڕست و نەیدەبڕییەوە، سات و وەختی بۆ نەبوو ئەوە دووپات بکاتەوە کە دنیا کۆتایی پێ دێ و دەبێ خەڵکی تۆبە لە گوناهەکانیان بکەن.

ئەو حەلەش نۆکا بەتەنیشت برا کۆرپەکەوەی دەنوست، جۆکۆندینا بیری کردەوە: گرانە، گەلێک گرانە ئەوانە بەیەگجاری تۆبە بکەن... مانگیش لە ئاسماندا وەختبوو هەڵبێ.

## ٩

ژیڤا تا دەهات پتر ملۆشی دەکردن. پێشتریش ئەو دەمەی کە لە دێبەرەکەدا نیشتەجێ بوون، کردبووی بەپیشە لەنێو دارستانەکاندا بچێتە سەر ئاو، تەنیا لە ساتی زەردەپەڕدا ئەو کارەی نەدەکرد، چونکە لەو حەلەدا بەشێوەیەکی نەگۆڕ بەئاهەنگە ئاینییە سەیرەکانییەوە خەریک دەبوو و دەشێ بگوترێ ژیانێکی ئاسایی بەسەر دەبرد.

ئەو تەنانەت کۆمەکی پیاوەکانیشی دەکرد لە ئیشوکاری کێڵگەکاندا، ئەگەرچیش سوودێکی زۆری نەبوو. بەڵام هەر لە دووەمین ڕۆژی کۆچەکەوە هەموو خووەکانی لەبیرچوونەوە و ئیدی دەبوو بەردەوام چاویان پێوەی بێ، چونکە لە ڕێگادا ڕادەوەستا، بەدەنگی بەرز داخاوت و دەستی بەئیشارەوە بۆ دار و باڵندەکان درێژ دەکرد، بەقسە هەلەق و مەلەق و بزفتە هەڕەشە و گوڕەشاوییەکانییەوە، ترس و تۆقی وەبەر ئەو خەڵکە دەنا کە لە ڕێگادا تووشیان دەبوون. بۆ کارێکیش ئەو زەحمەتەی بەخۆی نەدەدا بچێت بۆ نێو تووترکەکان، بەڵکو (دەیکرد) بەجلوبەرگەکانی خۆیدا، ئەو کەسەش پاکی دەکردەوە و جلەکانی ژێرەوەی دەگۆڕی، مرتای دڵفراوانی دڵچاک بوو. لەبەرئەوەی مەحاڵ بوو ناچاری بکەن خۆی بشوات، (چونکە ئاو لە هەرێمەکەدا بەدەگمەن بوو) جا بۆدڕنێکی پیس لە جلەکانی بەری و لەشییەوە دەهات دەبووە تەواوکەر بۆ خووە سەیر و ئاخاوتنە بێ سەر و بەرەکانی. هەر مرتاو جۆکۆندیناشیان تیا وەئۆقرە و دڵفراوان بوون و ئەوەیان لێ قبووڵ دەکرد. تۆنیۆش وەختەکەی بەهەراسانکردنی ژیڤاوە بەسەر دەبرد، خۆی بەکراسەکەیدا هەڵدەواسی و زمانی لێ دەردێنا و قسەی ڕەق و وشکی دەرهەق دەکرد. جیرۆنیمۆش جار لەدوای جار شەپازللەی تێ دەسرەواند، بەڵام کوڕە بچکۆلەکە ئەو ڕەفتارە چەوتەی ڕاست نەکردەوە، ئیتر لە گرتنی کەرەکە و ڕاوڕاوێن کردن بەتوولە ڕێیەکاندا گەڕا و چ یارییەکی بەدەستەوە نەما جگە لە جەڤەنگ و گاڵتەپێکردن بەپوورەکەی، هەرچی جۆبیدرۆ و ئۆگستینیۆ و دینا و گرترێد و -جوبیدرۆش خۆ بەخۆی- بوون، هەندێ جار ئۆقرەیان تیا نەدەما، و بەتەمێ و ڕەشەکردنەوە دەیانشیڕان:

– ئەم ئافرەتە، لە دەردەسەری بەولاوە چیترمان بۆ ناخولقێنێ، ئەی خوای پیرۆز!. تەنها مرتاو جۆکۆندیناش بوون کە وەتەنگ شێتە کلۆڵەکەوە دەهاتن و بایەخیان دەدایە مرتاش گەلێ لە دایکی دەچێ، جوانییەکەی لەوەوە بۆ ماوەتەوە، ئەو شۆخ و شەنگییەی سەروەختی لاوییەتی، ئەو دەمەی کچێک بوو و جیرۆنیمۆی ناسی، جیرۆنیمۆش لەو



حەلەدا جوتیارێک بوو لە سەرتادا. مرتا هەمیسان گورج و گۆڵییەکەی و هەندێ باوەڕکردنیشی بەچارەنووس لە ڕێبازەکەیدا بۆ هەڵدانەوەی کردەوەکان لە جۆکۆندیناوە وەرگرتووە، بۆیە هەرگیز نائومێد نابێ. ئەو بەخۆیشی بوو بەدرێژی کۆچەکە دەستی ژیڤای دەگرت، شەونخوونی بۆ دەکێشا نەبا لەنێو کاتەنگادا وێڵ و بزر بێت، بەزمانی نەرم و خۆش دەگەڵیا داخاوت و جلوبەرگەکانی بۆ خاوێن دەکرد و پێیەکانی دەشت ئەو حەلەی ئاویان وەچنگ کەوتبا، هەموو جارێکیش پاڵی بەتۆنیۆوە دەنا و دووری دەخستەوە وەختێ دەهات چوکلە چزێی بدات و گاڵتەی پێ بکا.

جیرۆنیمۆ دەڕوانێتە کچەکەی کە بەدڵێکی فراوانەوە ئەم هەموو کارانە دەکا و بەزەیی دەبزوێ. ئەو ئەم کچەی لە هەمووان پتر خۆش دەوێ، بەپێچەوانەی جۆکۆندینا کە گەلێ بەتەنگ ئەو کوڕانەوەی نایە کە ڕۆشتن، ئەوە لە چارەیان نووسراوە، چارەنووسیش لە دنیادا گۆڕینی بۆ نییە، چونکە گشت مرۆڤێک لەگەڵ ئەو چارەنووسەی بۆی نووسراوە لە دایک دەبێ و پێویستە تەواوی بکا.

جیرۆنیمۆ سەری سوڕما چونکە ئۆگستینیۆش هەڵنەهات و لەتەکیاندا مایەوە و هەموو نازێکی بەخشییە مرتا، ئەو لەپێناو مرتادا ئەو پارچە عەردەی لە کۆلۆنێل ئیناسیۆ بەکرێ گرت، تا بۆی بڕەخسێ شوویەکی باش و سەرکەتووانە، بەکوڕێکی چاک و گونجاو بکات. ماڵێکی ڕێوپێکی هەبێ و ئەویش ناچار نەبێ عەرد بکێڵێ. ئەو دەشیزانی کچانی تر هەن شوویان بەکوڕە بازرگان کردووە؛ مرتاش شۆخ و لەبارە، لە شۆخێکیش باشترە، ئەو دڵنەرم و میهرەبان و گوێڕایەڵ و کارکەرە، شیاوی ئەوەیە خۆش و بەختەوەر بژی.

ئەو شان بەشان میمکەکەی[1] وەڕێوە دەچێ، هەنگاو بەرابەرایەتی دەکا، وەک یەکێ دەستی منالێک یان نابینایەکی گرتبێ. جیرۆنیمۆ پەنجەی خۆی گەست بۆ ئەو تووڕەیییە کە جار ناجار دەرهەق ژیڤای دەنواند و قسە ڕاستەکەی جۆکۆندینای وەبیر هاتەوە، وەختێ ڕۆژێکیان سەبری نەما و دەستی کردە جنێودان بەخوشکەکەی؛ ئەو ڕۆژەیان جۆکۆندینا بەسەریا شیڕاندی.

– لێی گەڕێ، ئەی پیرەمێرد، ئەو ئافرەتە بێ تاوانە...

گریانە دواییەکەی نۆکا دەگەڵ نەرمە پرخەکەیدا تێکەڵاو بوو و ئاخاوتنە ئەفسانەیییەکەی ژیڤاش مار و بزن مژەکانی کاتەنگای ترساند. مانگیش ڕۆشناییە

---

(١) میمک: پوور، پلک.

زیوینەکەی دادەڕژێنێ بەسەر (مەنداکاریس)ەکاندا. لەولاشەوە جیرۆنیمۆ، دوای ئەوە لەتە گۆشتێکی جوی، چوو مشووری گەرمیاس بخوات، کەوا ڕەگە دارولکەکان و هەر درەخت و گەلاوگۆڵێکی سەوزی بەرچاو کەوتبا لە ڕیشە دەری دێنان و دەیماشاندنەوە، جیرۆنیمۆش بەتەنیشتییەوە هەست بەئاسوودەیی دەکا، چونکە لێی دڵنیا بوو. کەرەکە هیچ نەبێ بۆ کۆچێکی وەها خولڵقاوە. هەرگیز ماندوو نابێ و عەرەق نەڕێژە. تەنها گەرمیاسیشە دەزانێ لە نێوان درەخت و گەلاوگۆڵەکاندا ئاو بدۆزێتەوە و خۆی لە گشت گیایەکی ژاراوی وەدوور بخا، وەک بلێیی لە عاردێکی پڕ دڕک و داڵدا زابێ و گەورە بووبێ، جیرۆنیمۆش هاوەڵایییەتییەکی هەمیشەیی و گەرمی لەگەڵدا بەست، جا دەیلاوێنێ و فیکەی بۆ دەکا. مانگیش کاتەنگا ڕووناک دەکاتەوە، لە دووریشەوە مارە ژاراوییەکان دەفیشکێنن.



١٠

جۆکۆندینا کە بەتەنیشت هەردوو نەوەکانییەوە هەڵاژابوو، گریانەکەی (نۆکا) بەخەبەری هێنا. جا ئەویش نیمچە ڕاستبوونەوەیەک ڕاست بۆوە، دەستی بەسەر نێوچەوانی کچەکەدا هێنا، لەشی فرە گەرم بوو. لەبەر ڕۆشنایی مانگدا، چاوی بەملا و ئەولایدا گێڕا، وای دانا دەبێ کات نیوەشەو بێ. کچە خنجیلانەکەش بەسەر نوێنە سەفەرییەکەوەی بەدڵەڕاوکێوە گێنگڵی دەدا، (تا)ش هەڵی دەقرچاند. جۆکۆندینا هەست و هۆشی هاتەوە بەر و پرسی لە چ پیارسکەیەکدا گەلاڕێحانەکانی داناوە. تەقاش تۆ بلێیی تۆزێ پشکۆ وەچەنگ بکەوێ؟

هەڵسا، هەولّی دا چ قەرەباڵغییەک نەنێتەوە. بەڵام (مرتا)ش وەخەبەر هات. ئەو بەتەنیشت گرترێد و دیناوە دەنوست، تۆنیۆش لە نێوانیاندا نوستووە. مرتا خۆی دا بەسەر ئانیشکیدا و چاوی بەتارماییییەکەی جۆکۆندیناوە بوو بەنێوان دارولکەکاندا دەچوو، هەوەڵ جار وای بیرکردەوە دەبێ پیرەژنەکە لەنێو زەل و زوولەکاندا بۆ شوێنێ دەگەڕێ بچێتە سەر ئاو، بەڵام پیرەژن بەرەو لای کوڵ و پیارسکەکان ملی نا بۆ ئەو شوێنەی پیاوەکان تێیدا نوستوون. مانگیش ئۆردووگا خنجیلەکەی ڕۆشن دەکردنەوە، مرتا دیقەتی پیرەژنەکەی دا کە بەکردنەوەی دەمی پیارسکەکانەوە خەریک بوو و سکاڵاکانی (نۆکا)ی بیست، ئەوجا تێ گەیشت چ ڕوویداوە و بەوپەڕی بێدەنگی و لەسەرخۆوە هەڵسا نەبا هاوەڵەکانی هەراسان بکا، بەرەو لای جۆکۆندینا هەنگاوی نا:

– دایە...

پیرەژن ترسی ڕێ نیشت

– ئۆی! ئەمە تۆی؟...

بەمنگە منگەوە گوتی:

– مەیکە بەهەرا و هۆریا، نەبا ئەوانی دی و وەخەبەر بێنی.

– چی دەکەی؟

– نۆکا (تێ)ی لێ نیشتووە... ئەو... پێی...

– بۆ چ شتێک دەگەڕێی؟.

– بۆ ڕێحانەکە دەگەڕێم... بۆ ئەوە شتێکی بۆ لێ نێم بیخواتەوە. تۆش، ئاگر بکەرەوە.

پشکۆیەکیش چییە دەنێو ئاگرەکەدا نەمابوو و دەبێ چەند تەڵەشقارتەیەکیش پەیدا بکرێ. تەڵشقارتەکانیش لەکن پیاوەکان بوو. مرتاش بێ خشپە و سووک ڕووی تێ کردن و لە قۆڵ ئۆگستینیۆ نەوی. هەر سێ پیاوەکان پشوویان بەخۆ دابوو، بەتەنیشت یەکترەوە هەڵاژابوون، ڕەشاشەکەش لەکن جۆبیدرۆ بوو. کشومات بوون، وەک لاشەی مردوو. ئۆگستینیۆ بزفتێکی بۆ کرد، مرتاش مەچەکی گرت و بەگوێیدا چرپاندی:

– هات و هاوار مەکە نەبا بابە و مامە جۆبیدرۆ وەخەبەر بێنی. ئۆگستینیۆ چاوەکانی هەڵگلۆفت.

– چییە؟

– تەڵەشقارتە...

– بۆ؟

نۆکا (تا)ی لێیە و دایکیشم دەیەوێ شتێکی بۆ لێ نێ بیخواتەوە.

– هەر کاتێ پێویستیت پێم بوو بانگم بکە.

تەڵەشقارتەکانی دایە دەست و هەمدیس هەڵاژا، بەڵام دەستبەجێ نەنوست. ئاوڕی بۆ ئەو شوێنەدایەوە کە ئافرەتەکان لێی دەنوون. هەوەڵ جار دینای دی. لە پاشان لەشی گرترێدی بەدی کرد. وێڕای ئەوەی پانزە ساڵان بوو بەڵام گەورە بەدیاردەکەوت، ئەو ژنێکە بۆ خۆی. ئێستاش، بریا ئۆگستینیۆ هەر خۆی با لەتەکیا... ئەو کچی مامییەتی بەڵام چی بۆ هەیە؟ گەر بیەوێ دەتوانێ بیهێنێ. بەڵام ئەوی گران و زەحمەت بێ بوونی کاهینێک یان موختارێکە. تۆزێ خۆی ڕاست کردەوە تا چاوی بەو دوو قاچ و قولە توند و پڕەی کچەکە بکەوێ کە لەژێر کراسە کورتەکەوەی دیار بوون. لە پاشان دیسان نوست بەتەمای هەلێکی ڕەخساو.

هەردوو ئافرەتەکان گەلاکانیان لە ئاوەکەدا کولان، نۆکاش هەر دەگری. ژیڤاش بەتەنیشت مناڵەکەوە بەخەبەر هاتبوو، ئیدی زەق زەق چاوەکانی تێ بریبوون. ئەو شتێکی لەمەڕ برین و (تا)کەوە نەدەزانی. بەڵام زەردەخەنەیەک بەسەر لێوەکانییەوە نیشتبوو ترسی وەبەر هەردوو ئافرەتەکان نا. بۆیە مرتاش پێی گوت:

– بڕۆ، بنوو، پوورە ژیڤا.

ژیڤا بەپەنجە نینۆک درێژە ڕەشەکانییەوە دیاردی بۆ مناڵەکە کرد:

– دەمرێ!



– تکات لێ دەکەم... لە خوام گەرەکە گوێت لێ نەگرێ!

نۆکاش هێشتا هەر دەگری. جۆکۆندینا لە باوەشیدا دای نیشاند و ئاوە گەرمەکەی کرد بەدەمییەوە، کچەکە بەقومی گەورە گەورە ئاردەوا شیرینەکەی هەڵقوڕاند –چونکە جۆکۆندینا کلۆیەک ڕاپادێرای تێ نابوو– و (تا) کە وای لە چاوەکانی کرد بەشێوەیەکی خراپ گەورە ببنەوە و دەربپۆقێن تەنانەت وا دەهاتنە پێش چاو وەک بڵێیی ئی دەموچاوە لاواز و سیس و ترساوەکەی ئەو نەبن.

– سەرمامە، دایەگیان.

– بڕۆ چاکەتەکەی باوکت بێنە.

مرتا بەچاکەتە خورییە کۆنێکەوە گەڕایەوە. جۆکۆندیناش مناڵەکەی پێ پێچا و هەڵایژاند.

– بنوو، کۆرپەکەم...

ژیڤا هێشتا بەلایانەوە ڕاوەستاوە. ڕووناکی مانگیش دەیدا لە دەموچاوە بەخەندەکەی. لەگەڵ بزەیەکی شیرینیشدا، بەوپەڕی دڵنیاییەوە دەیگوت:

– دەکرێ...

مرتا نەوی لە قۆڵی:

– وەرە بنوو.

ژیڤا بەگوێڕایەڵییەوە وەدووی کەوت، هەر دەڕۆیشت و ئاوڕی لە مناڵەکە دەداوە و، ئاخاوتنەکەی دووپات دەکردەوە:

– دەمرێ، دەمرێ...

ئەم سەلماندنە چووە ناخ جۆکۆندیناوە وەختێ گوێی پێوە دەبوو: نۆکا دەمرێ... و ڕەنگە کوڕە کۆرپەکەشو تۆنیۆ و گرترێد و مرتا و دیناش بمرن و، دوا بەدوای ئەوانیش پیاوەکان هەموویان بمرن. هەمووان بەسەر ئەم تووڵەڕێ نەفرەتییانەوە دەمرن... و هاتەوە بیری ئازووخەکە بەو خێراییە کەم دەکا، بەشی ئەوەیان ناکا بەنیوەی سەفەرەکە بگەن. جا هەستی بەقورگی کرد دەتاسێ، بەڵام نەگریا. چونکە هەموو هۆش و بیرێکی لای کچە بچکۆلانەکە بوو کە دەگریا.

## ١١

جۆبیدرۆ و ئۆگستینیۆ لە پێشەوە دەڕۆیشتن و چڵە هەرە دیار و هەڵزەقیوەکانیان دوور دەخستنەوە، کە مرۆڤیش چاوی بەم تۆزە شوێن پێ تەنگ و باریکە دەکەوێ وای بەخەیاڵدا دێ کەسێک لە دێرزەمانەوە پێی نەخستۆتە سەر. چونکە دڕک و داڵ و تووتڕکە بژ و لێک ئالاوەکان یەکسەر لە پاش تێپەڕبوونی پیاوەکان دەهاتنەوە یەک و دادەخران. وێڕای ویش شوێن پێیەکانی سەر خۆڵەکە بەدی دەکران، چونکە گەلێ پێ خاک و بەردی ئەم ڕێگا سەخت و ناخۆشەی کوتیوە و پێیدا ڕۆشتووە. جیرۆنیمۆ ئەو دەمەی گاوان بوو کردبووی بەپیشە بەهەموو تووڵەڕێیەکانی کاتەنگادا بخولێتەوە، ئەو بەرد بەبەردی ئەم کاتەنگایە تا مەودایەکی پان و بەرینی شارەزایە. بەڕێوە دەچوو و کتومت کەرەکەی بەدوای براکەی و کوڕەکەیدا لێ دەخوڕی. ئافرەتەکانیش هەروەک هیندییە سوورپێستەکان یەک بەدووی یەکدا قەتارەیان بەستبوو و هەنگاویان داوێشت، چونکە شوێن پێیەکان فرە تەنگ و باریک بوون، لە بۆ دووکەس نەدەگونجان کە شان بەشانی یەکتر بڕۆن بەڕێوە. ديناش کە ئیرنیستۆی هەڵگرتبوو بەدەست و بازووی لە دڕک و داڵ دەیپاراست.

نۆکا ئێستە لەناو تایەکی هەگبەکەی سەر پشتی گەرمیاسدا کە بۆی خاڵی کرا، گەشت دەکا. پێی هێشتا ئاوساوە، لەشیشی بەرباد و گەرمە. کچەکە لە گریان کەوت، هەموو شتێک لە پێش چاویدا وا بەدیارکەوت وەک بڵێی بێ هوودەیە، گرترێد وەختێ دیقەتی دا نۆکا بایەخ بەپشیلەکە نادا، سەری سوڕما. لە هەوەڵ ڕۆژەکانی (تێ)کەدا نۆکا ئەگەر ماریسکای دەدی بزەی دەهاتێ و حەزی دەکرد بەخۆوەی بنووسێنێ و دەست بەسەر پشتە ئاوریشمییەکەیدا بێنێ و گوێ بۆ میاوە میاوەکەی بگرێ. بەڵام لەگەڵ ڕەوتی ڕۆژاندا، تووشی سڕبوونێک هات ترسی، وەبەر جۆکۆندینا دێنا. وێڕای ئەوەش، ژیڤا هەر لە یەکەمین شەوی (تێ)کەوە، هەرگیز لە دووپات کردنەوەی ئاخاوتنەکەی نەدەکەوت، وەک بڵێی ئەوە نەفرەتێک بێ:

– دەمرێ...

واش بەدیار دەکەوت وەک ئەوە وشەکانی تری نێو فەرهەنگە سەیرەکەی، کە بریتین لە نەفرین و تۆقاندن لەبیر چووبێتەوە. سەری زمانی و بنی زمانی ئەم نوقڵانەیە بوو: مردنی نۆکا، لە سەرەتاشدا کۆچلەبەرەکان دیتیان بیستنی ئەم قسەیەی کە بەردەوام دەزرنگێتەوە، لەکێشدانییە و ویستیان سنوورێک بۆ ئەم ڕەشبینییە دانێن، بەڵام نەختە نەختە لە سەری



ڕاهاتن و دوایەش باوەڕیان پێ هێنا. هەر لەو شەوەشەوە کە جۆکۆندینا لە دەنگ گریانەکەی نۆکا بەخەبەر هات، کچە بچکۆلەکە حاڵی پەشێوتر بوو. ڕێحانەکەش، لەگەڵ هەر چ شۆربایەکی کولاودا، هیچ ئەنجامێکی چاکی بەدەستەوە نەدا، وەک جیرۆنیمۆش دەیگوت «برینەکە بۆگەنی کرد». ئاوەها ئاخاوتنەکەی ژیڤا لەکن هەریەکەیان بوو بەڕاستییەک سێ و دووی لەسەر نەبێ: دەمرێ. ئیدی چاوەنۆڕی ئەو سات و وەختەیان دەکرد نۆکا چاوەکانی لێک بنێ و کۆتایی بەئێش و ئازارەکانی بێنێ. لەلای بیرێک لایان دا و کز و خەمبار بەدەوروبەری کچە بچکۆلە نەساغەکەدا خڕ بوونەوە. دیتە کچەکە نە ڕووی لە چاکبوونەوە کرد و نەش مرد، جا ئەوانیش لە سێیەمین ڕۆژدا چیتر توانای ئەوەیان نەبوو ئازووخەکەیان بەفیڕۆ خەرج بکەن، بڕیاریان دا بەڕێگەی خۆیانەوە بن. ئەوەتە ئێستاش دەست بەجەرگی خۆیانەوە دەنێن تا بیر لەو نۆکایە نەکەنەوە کە لەنێو هەگبەکەدایە. جۆکۆندینا و مرتا نەبن، جار ناجار دەهاتن و دەیان نۆڕییە دەموچاوە خنجیلە زەرد هەڵگەڕاوەکەی کچەکە و چاوە نیمچە چووقاوەکانی و هەناسە تەنگ پێ هەڵچنیوەکەی.

ژیڤاش ئامێر ئاسا، بەبێ ئەوە بیر لە نۆکا بکاتەوە، ئاخاوتنە پەیامبەرییەکەی دووپات دەکاتەوە. ئیدی ئەوانی کەش لە پاش چاوەڕێکردنی ئەم هەموو ڕۆژانە وایان بیر کردەوە، کە باشتر وایە بەبێ دواکەوتن بمرێ، چونکە تەگەرە دەخاتە پێش کۆچەکە؛ جا ناچار دەبن بەخاوی وەڕێوە بچن، ئەو حەلەش ئێش و ئازار درێژە دەکێشێ و ئازووخەکەش تەواو دەبێ.

## ١٢

لەو ڕۆژەدا بەدرێژایی قۆناغەکە ئاویان بەرچاو نەکەوت. هەتاو فرە گەرم بوو. کوچک و بەردی سەر ڕێگاکە دەت وت سکلّ و پشکۆن، خشۆکەکانیش بەنێوان دارولکەکاندا دەخشان. جۆبیدرۆ بەدارەکەی دەستی مارێکی زەنگۆلەداری کوشت، تۆنیۆش ساتێکیان بەغاردان و ڕەنگی شینێکی ئامالّ ڕەش هەلّگەڕا و دەم بەهاوار گەیشت، مارێکی (گاراراکیس)ی بەتەنیشت خۆیەوە چاو پێ کەوت. بەوریایی ڕێیان دەبڕی، توێنییەتیش پتر تەنگی پێ هەلّچنین. جۆکۆندینا تۆزێ لەو ئاوە کە پێیان مابوو، تا نیوەی قۆرییەکەی بۆ نۆکا هەلّگرت. لە پاشان ئەو ساتە هات کە ناچاربن تۆنیۆش لەنێو تاکەی تری هەگبەی سەر کەرەکە دابنێن. چونکە کوڕەکە چی تر تواناى ڕێکردنی نەما و بەڕێوەچوونەکەشی تا هات خاوتر بۆوە، چاوەکانی نۆکاش تا دێ زێدەتر دەچووقێن، شل و کولی و کەشەنگی هەمووانیش سات لەدوای سات زیاتر پەرە دەستێنێ.



## ١٣

بەلّام ئەم ئێوارییە کە بەڕێوە بوون، لە تەختانییەکی ڕەق و وشکدا کە شارێیەکی لێ جودا دەبێتەوە، تووشیان بوو بەتووش جەماوەرێکی گەورە لە کۆچلەبەران، ئەمەش کتومت ئەوەبوو کە جیرۆنیمۆ بۆی دەگەڕا. پالّەکانی سەر بەدێبەرێکی نێزیک چوونە ڕیزیانەوە. نزیکەی بیست پیاو و ئافرەت و منالّ دەبوون، کاشاسایان فڕ دەکرد و جێژنەیەکیان دەگێڕا. گیتارژەنێکیان لە نێو دایە، ئەویش کۆچلەبەرە. بەلّام پالّەکانی دێبەرەکە بەهۆی ئەو موسافیرانەوە دەستیان لە ئیشوکار هەلّنەگرت. چونکە ئەوان ڕۆژ نییە بەم ڕێیەدا تێ نەپەڕن، دەچنە ساوپاولۆ یانیش لێوەی دەگەڕێنەوە. وەلێ جادووگەرێک بەدێبەرەکە گەیشت، ئەم کابرایە لە شارەکەی دەوروبەر دوا ئەندامە لە تیپی شانۆیی ئیڤلیست. ئەم ئەفسانەگەرە بەزەویوزاری هەرێمەکە خولێکی دەخوارد بەو هیوایە هەندێ پارەوپوول وەدەست بێنێ و بەشی ئەوەی بکا بگەڕێتەوە ڕیۆدیجانیرۆ. لە شارە گەورەکاندا و لە پڕوپاگەندە گەرمەکانیشدا زۆر جار بە(مامۆستا ڤیلیڤیۆی مەزن) ناوی لە خۆی نابوو، بەلّام لێرەدا بەقژە درێژەکەی و ڕیشە تۆپەکەی و جلوبەرگە چلّکن و پیسەکانییەوە، (چونکە سنووقی جلوبەرگەکانی فرۆشت و دای بەهەق خواردن و جێدا و لە جلوبەرگەکانی بەری بەولاوە و دەستەیەک پەپەز کە یاری پێوەی دەکا و یەک یان دوو یاوەر کە بەکرێیەکی هەرزان گرتوونی، ئەمانە نەبن دەنا چی تری لای خۆی گل نەداوە) وای لێ هات هەروا پوختە و هاسان نێوی لێ بنرێ: جۆزیە دیارت. لە نزمترین پایەکانی هەژاریدا پەلەکوتکی دەکرد، لە دێبەرێکەوە دەچوو بۆ دێبەرێکی دی، هەوەلّ جار گەمە و یارییەکانی لە پێش (کۆلونێلەکان)دا دەگێڕا، پاشانیش لەبەردەم پالّەکان و جووتیارەکاندا، شەیتانی لە جزدانی پارەوپوولەکانیدا وەشێرد بوو و ئەو پارەیەی بۆ کۆ نەدەکراوە بەپایتەختی بگەیێنێ. دوو مانگی بەم حالّە لەم عاردەدا بەبڕینی کاتەنگاوە بەسەر برد و خۆ بەخۆیشی سەری لە هیچ کام لەو گەمە و یارییە خۆشانە دەرنەدەچوو کە لە دێبەرەکاندا باون، لەوێڕا کە خەلّکەکە نەدەزانن سینەما چییە و نەش ناوی (شانۆ)یان بیستووە.

یارییەکانی لە پێش ئاغا و سەرکار و کرێکارەکانیشدا پێشان دابوو. وەختەبوو شتەکانی کۆ بکاتەوە و بچێ کاتێ زانی ئاپۆرەیەک لە کۆچلەبەرەکان لە زەویوزاری دێبەرەکەدا لایان داوە، جا بڕیاری دا ئەمە وەهەل بزانێ بۆ ئەوە هەندێ فلس و عانەیان لێ وەربگرێ. کابرا دەستی وەپێشاندانی یارییەکانی کردبوو ئەو حەلە جیرۆنیمۆ و خێزانەکەی گەیشتن.

ئەگەریش هەمووان ئاوڕیان لە موسافیرەکان داوە تا بنۆڕنە دەموچاوەکانیان، ئەویش وێستا و ئەو وتارەی دواخست کە جاڕی دەست پێکردنی گەمە و یارییەکانی پێ دەدا.

لەو شوێنەش هەندێ دارودەوەن هەن، دارستانێکی خنجیلە پێک دێنن، لەوەڕگاکانیش لە دوورەوە، لەوێ دا کە وڵاخ و ماڵاتەکان دەلەوەڕن، دیارن. ئەگەرچیش ماڵی ئاغاکان و گەوڕ و کۆختی کرێکارەکان دوور بوون، بەڵام موسافیرە تازەکان هەستیان بەڕابواردن و خۆشی خۆشیەکی زۆر کرد بۆ دیتنی ئەم ئاپۆرە خەڵکە.

جیرۆنیمۆ پرسی داخوا بۆی هەیە لە شوێنێکی ئەو دەوروبەرەدا کۆچ و کۆچباری بخا، پاڵەیک لە بۆی ئاشکرا کرد و گوتی دەبێ سەرکەوێ و بچێ دەگەڵ کۆلۆنێلدا باخێوێ. بەڵام زەلامێکی تر گوتی پێویست بەوە ناکا، چونکە کۆلۆنێل ڕوخسەتی بەو کەسانە دا کە پاش نیوەڕۆ گەیشتن، کەوابوو ئەم ڕێگا پێدانە بنەماڵەکەی جیرۆنیمۆش دەگرێتەوە. ئەوسا ئەمانیش دەستیان دایە خستنی بارەکانی سەر پشت کەرەکە، کاتێک نۆکایان لەنێو هەگبەکەدا دەرهێنا، هەمووان ڕوانییان کچەکە نەخۆشە. جۆکۆندینا بەلای قەدە دارێکەوە هەڵایژاند، پشیلەکەش هات، دەمیاواند و خۆی لە قاچ و قولی خاتووەکەی دەسوی، دەیویست گەمەی لەتەکدا بکا. کوڕە هەرە چکۆڵەکەشیان دەستی دایەگریان و داوای خۆراکەکەی دەکرد.

ئافرەتێک لە ئاپۆرەکەی دەوروبەر جادووگەرەکە جیا بۆوە، هاتو بپرسێ کچە خنجیلانەکە چی لێ قەوماوە، ئەوجا هەمووان بەبایەخ پێدانەوە جمان، جادووگەرەکەش دوای ئەوە هەردوو قۆڵ کراسەکەی دیسان داداوە، ئەویش هاتە پێشێ. ئیدی ئاخاوتنەکە بوو بەئاخاوتنێکی گشتی، جۆکۆندینا و دیناش ڕوونکردنەوەیان پێشکەش دەکرد، لەولاشەوە مرتاو گرترێد ئەو ئاگرەیان وەکارهێنا کە کۆچلەبەرەکان گۆشتەکەیان لەسەر برژاند. ئۆگستینیۆش چوو دەستەیەک مۆزی کڕی. نەنکە جۆکۆندینا ئیرنیستۆی تێر دەکرد، دیناش بۆ ئەو خوانەی کە بەدەور و بەریدا خڕ ببوونەوە باسی نەخۆشییەکەی نۆکای دەکرد. ئیتر ئەوانیش دەستیان کردە ئامۆژگاری و ڕێنمایی کردن، ئافرەتێکیشیان دەرمانێک وەسپ کرد، ئەوە هەتوانێکە[1] پزیشک بۆ حاڵەتێکی وەها نووسی. دینا هەتوانەکەی نایە سەر برینەکە، بەڵام نۆکا وا بەدیارکەوت وەک بڵێی بەهیچ شتێک پێ ناحەسێ. لەشی شل و خاو ببۆوە و چاوەکانی چووقابوون. کابرای جادووگەریش بەئۆقرە و

(١) هەتوان: مەڵحەم.



سەبرەوە چاوەڕێیە جموجۆڵ و غریوە غریوەکە هێدی بێتەوە تا دەست بەیارییەکانی بکاتەوە. بێگومان دیمەنی مناڵە نەساغەکە کاری تێ کردبوو، بەڵام دەترسا نەبا بیر و هۆشی کۆچلەبەرەکان بێجگە لە موسافیرە تازەکان، بەشتێکی کەوە بئاڵێ. هەندێ لە پیاوەکان داوایان کرد بچن ئاو بێنن، ئەوانی دیش لە خستنی هەگبە و کورتانی سەر پشت کەرەکە کۆمەکی جیرۆنیمۆیان دەکرد، ئافرەتێکیش بەگەرمی ژیڤای دەعاملاند و دەگەڵیا داخاوت، ئەویش مات و بێدەنگ گوێی بۆ ڕاداشتبوو، بەبێ چاوترووکاندن وشک وشکێ دەیڕوانییە دەم و لێوی. ئیدی جیرۆنیمۆش ناچار بوو پێی ڕاگەیێنی کە ژیڤا ئافرەتێکی دین و شێتۆکەیە. باسی ژنێکی کەشیان بۆ جۆکۆندینا گێڕایەوە کە چۆن چۆنی دوو کوڕی لەم کۆچەدا لە دەست دا، دوو کوڕەکە بە(تێ) مردن، پێشتریش لەو ڕێگایە فڕێ درابوون و ئەم بەزەیی پێیان هاتەوە و دەستی بەباڵیانەوە گرت. جادووگەرەکە کەمێ دوورکەوتەوە، بەوەرەورت و ڕاڕاییەوە تەماشای ئەم هەرا و فەرتەنەیەی دەکرد. ڕوانی خێزانەکە بۆ نانخواردن کۆ دەبنەوە، جۆکۆندیناش لایە لایە بۆ ئیرنیستۆ دەکا و لەناو ئەو جۆلانێیە دەیخەوێنێ کە ئەم ئێوارەیە بۆی لوا هەڵی واسێ. نۆکاشیان لە جۆلانێکەی دیدا هەڵاژاند، مرتاش هێدی و هێواش دەستی کردە لایەلایەکردن بۆی.

لە دواییدا خەڵکەکە هەموو لە دەوروبەر جادووگەرەکە خڕبوونەوە، ئەویش یەک دووجا چەپڵەی لێدا، ئێوارێ تاریک داهات و مانگیش لە ئاوابووندا بوو، هاکا ئەویش لە دەستپێکردنی یارییەکانی دواکەوت، چونکە بەشێکی زیاد لە هەوڵەکانی وەفیڕۆ دەڕوا و عانە و فلسەکانیشی کەمتر دەبن.

– وریابن! وریابن! دیمەنەکە دەست پێ دەکا!.

ئۆگستینیۆ توانی لەگەڵ گرترێدا خۆی وەیەکەمین ڕیز بگەیێنێ، ئەوانی دیکەش بەپەرۆشەوە بۆ دیتنی یارییەکان تێکەڵاو کۆچلەبەرەکان بوون. تەنیا جۆکۆندینا نەبێ بەلای ئیرنیستۆوە ڕۆنیشتبوو، مرتاش کە بەهەژاندنی جۆلانێکەوە ملۆشە، لەو شوێنەدا کە نۆکا لە گیانەڵادایە، ئاماژەی بۆ دایکی کرد:

– تۆش بڕۆ بۆ ئەوێ، ئەی دایەگیان، بڕۆ و بۆ خۆت سەیر بکە، من چاوم بەهەردوو خنجیلەکانەوە دەبێ...

جۆکۆندینا کەم هەوەس و ئارەزوو مردە نەبوو. ئەوە ئیرنیستۆ لە شیرینی خەودایە و نۆکاش وا بەدیاردەکەوێ لەنێو جۆلانێکەی کەدا حەساوەتەوە. ئەوجا پیرەژنەکە هەڵسا و

بەڕاڕاییەوە چەند هەنگاوێکی هاوێشت، هات بەتەنیشت جیرۆنیمۆوە ڕاوێستێ. مرتاش بەسەر گەڵا و گۆڵەکاندا مایەوە، لەوێڕا کە بتوانێ وەهاسانی چاوی بەجادووگەر و ڕیشە بژ و درێژەکەی و خەندە پڕ لە باییبوونەکەی بکەوێ.

پیرە پەپەز دەنێوان پەنجەکانیدا تا دەهات لە کەمی دابوو، تا وای لێ هات بچووک بۆوە، ئافرەتەکانیش پێدەکەنین، پیاوەکانیش سەدەقی خۆیان لێ دەدا. ئینجا هێلکەیەک لە مست جادووگەرەکەدا ون بوو، ئەویش ڕۆیشت و لە پشت گوێیەکانی گرتریدەوە بۆی گەڕا و قاقای پێکەنین پتر پەرەی ستاند. کابرای جادووگەر چەند ڕۆڵێکی دیشی گێڕا خراپ نەبوون، ڕۆڵی پارە کاغەزینە دڕاوەکە دەنێو دەسەسڕێکدا، کە یەکسەر بەشێوەیەکی سەیر وەک جاران دەردەکەوێتەوە. لە پاشان ڕاوێستا و لە ئارای دیمەنەکاندا جاڕی پشوودانێکی کورتی دا. لەم دەرفەتەشدا بەسەر خێرخواهاندا دەخولێتەوە و شتێکیان لێ وەردەگرێ، ئەو فلس و عانانەش کە کۆی کردنەوە، زۆر نەبوون وەلێ وەستا فیلیڤیۆ لەسەر ئەوە ڕاهاتبوو و دەیزانی جووتیارە هەژارەکان بەپێی توانای خۆیان پارە دەبەخشن و هەستی بەچەشنە دڵخۆشییەک دەکرد بۆ سازکردنی ئەم خۆشی خۆشییە بۆیان. پاشان گەڕایەوە ناوەڕاست ئاڵقەکە و پرسی کێ سەعات شک دەبا. یەکێ لە پیاوەکان دانەیەکی بۆ فڕێ دا، سەعاتە کۆنێکی گەورەیە، تکە تکێکی بەرزی لێوە دێ. کابرا سەعاتەکەی خستە نێو دەسەسڕێکەوە، بینەرەکانی هەوەڵەمین ڕیز دەستیان پێوە دا تا دڵنیابن سەعاتەکەی لەنێو دایە. لە پاشان دەسەسڕەکەی گرێ دا و ئینجا پێچی دا و بەبەردێک چەند جارێک بەسەریا کێشای و خاوەن سەعاتیش خۆی پێ نەگیرا و هاوارێکی ترسناکی لێوە هەڵسا. بەڵام جادووگەرەکە بزەی سمێڵی دەهات و هەر قسەی خۆشی دەکرد. وای جاڕ دا گوایا سەعاتەکە وردوخاش بووە. وەلێ لە پاش تۆزێکی دی وای پێشان دەدا وەک بڵێی پیرە سەعات نەبای دیبێ، نە باران. هەمووان چاویان تێ بڕیبوو تەنانەت ژیڤاش کە وەک خواوەندێک دای دەنا و تەنانەت مرتاش کەوا ملی درێژ دەکرد چێتر چاوی لێ بێ ئەویش بەسەر ڕەگوڕیشەی دارەکانەوە بەسەر نووک پەنجەکانی پێی دا خۆی بڵند دەکردەوە و بۆ ئەوە لەنگەری خۆیشی بپارێزێ دەستی بەپەتی ئەو جۆلانێوە گرت کە نۆکای تیا دەنوێ. مرتا چاوەکانی لە جادووگەرەکە بڕیبوو، بەڵام لەنێو دەستەکانیدا هەستی بەلەرینەوەیەکی جۆلانێکە کرد و ئاوڕی دایەوە. دی نۆکا وا خەریکە دەمرێ، کچەکە لە سەرەمەرگدا بوو، بەپەلە قاژێ کەوتبوو و ڕواڵەتی لە ڕواڵەت ئاژەڵێکی زامدار دەچوو. لەو ساتەشدا کە ئەفسانەگەرەکە سەعاتەکەی پێشان جووتیارە سەرسوڕماوەکان دەدا، مرتا



بەدەنگێکی نووساوەوە هاواری کرد:

– دایە، ئەوە دەمرێت...

جۆکۆندینا بەبازدان غاری دا، ئەوانی کەش کشومات مانەوە و چاوەنۆڕ بوون، تا ئەو تۆزە و وەختە کە ئافرەتەکە دووپاتی کردەوە:

– دوانم لەم سەفەرەدا لە دەست چوو.

ئەوجا بەرەو لای جۆلانێکە چوون، جیرۆنیمۆ وەختێ جۆکۆندینا دەگریا دەستی بەباڵییەوە گرت. نۆکاش لەسەر جێ دا، لە دوا هەناسەی مەرگیدا بوو و لاقە فرتێی دەکرد. مرتاش لە جۆلانێکە هێنایە خوارێ و لەسەر عاردەکە دای نا. هەر قەوارەیەکی ئێسقان بوو و هیچی تر و، ئێسکەکانی هەر ئەوە نەبوو پێستەکەی کون بکا. تۆنیۆش هات و بەتەنیشت خوشکە خنجیلەکەیەوە ڕۆنیشت و دەستی کردە گریان.

## ١٤

تەنها پاشماوەی شەویان بەدەستەوەیە، ئەویش تەرخانی دەکەن بۆ یادی نۆکا، بۆ شین و گریان و نوێژکردن لە پێناوی ئەودا، بەسەر لاشە بچکۆلانەکەوە شەونخوونییان کێشا، شەونخوونییەکی خەمناک بوو. خەڵکەکەش بەسەرهاتی ژیانی خۆیانیان دەگێڕاوە. بەسەرهاتەکان هەمان بەسەرهاتن و کلۆڵیش هەمان کلۆڵی و بەدبەختییە. حەکایەتەکانی عاردە زەوتکراوەکەش و زۆرانبازی لەگەڵ کۆلۆنێلە بەهێزەکاندا و وشکەساڵی و نەهاتی و ناڵە مردووەکان و نەخۆشییەکان و داودەرمانی ئافرەتە میهرەبانەکە، هەمان حەکایەت و هەمان بەسەرهاتن.

هەر لەو شەوەشدا گوێیان لێ بوو کابرایەک لەمەڕ پیاتۆ ئیستیڤاو وە داخێوێ. گوترا پیاوچاکەکە لێراکەوە دوور نییە، لە شارەکەوە هاتووە و گەلێ جووتیاری چەکدار وەدووی کەوتوون، هەروا ئەو پیاوانەش کە عاردیان لێ زەوت کراوە و پاڵە دەرکراوەکانی سەر دێبەرەکان و هەندێ کەسانیش کە وشکی و نەهاتی دەری پەڕاندوون و هەندێکی دیکەش پۆلیس ڕاویان دەنێ و کەسانێکی کەش لەبەر ئەوە هەڵاتوون تا قەرزەکانیان بەفرۆشگەکە نەدەنەوە. هەر هەمووشیان تۆبەیان لە گوناهەکانیان کردووە و ئەو مەزموور و پاترنیستۆر و ڕێنمانییانە دەڵێنەوە کە پیاوچاکەکە دای هێناون، ئەوانە جارِی کۆتایی پێ هاتنی دنیایان دەدا. ژیڤاش بەوپەڕی وریاییەوە گوێی بۆ گشت ئەم حەکایەتانە کە لەمەڕ پیاتۆ ئیستیڤاوە دەکرا، شل دەکرد، لەم ساتەدا وا بەدیار نەدەکەوت شێتۆکە بێ؛ ئیدی گوێی بەلاشەکەی نۆکا نەدەدا کە هەوڵ جار بەدڵەڕاوکێی هێنابوو. بەڵام هەر کە لاشە خنجیلەکەیان لەسەر عاردەکە ڕاکشاند، ژیڤا خۆی دا بەسەریدا و توند توندێ لە ئامێزی گرت، دەستی کردە لایە لایە و گۆرانی چڕین بۆی، ئاوازگەلێکی دەگوت کەسوکارەکەی بەخەیاڵیاندا نەدەهات بیانزانێ. وەک ئەوە ئەو ناڵە بلاوێنێ کەچی تر بۆی نامێنێ و، هەروەک ئەوەش بیەوێ بەئاوازی دەنگە خۆش و نەرمەکەی بیخەوێنێ. جۆکۆندینا ناڵەکەی لە نێوان دەستەکانی دەرهێنا.

– شوومی و بەدوومت بەسەر هێنا و، ئێستاش هاتووی ناز بەخنجیلە بەدبەختەکە دەبەخشی بەڵام ژیڤا لە مانای ئەم وشانە کە گوێی نەدانێ، حاڵی نەدەبوو، هەردوو دەستەکانی درێژ کردبوو و داوای لاشەکەی دەکرد:

– بمدەیە...



ئۆگستینیۆش ناچار بوو بەیاریدەی مرتاوە توند توندێ پەلەکێشی بکات. ئەوجا ئەویش تووشی یەکێ لەو حاڵانەی بوو و وای لێ هات ترس وەبەر هەمووان بنێ، تەنانەت کەسوکارەکەی و ئەو خەڵکە نامۆیانەش کە لە دوورەوە چاویان تێ کردبوو. تا ئەو حەلە نەبێ کە دیسا باس گەڕایەوە سەر ئیستیڤاو دەنا هۆشی نەهاتەوە سەرەخۆی. لە پیاتۆشەوە قسە هاتەوە سەر لۆکاس ئەرفۆریدۆ ئەو پاڵەوانەی کە لەنێو هەموو حەکایەتەکانی سەرتاودا وێنەی نییە، جا کردار و نەبەرد و کردەوە تۆقێنەر و بەربادەکانیان گێڕایەوە. بێگومان لێشی دەترسان، بەڵام ڕقیان لێ نەبوو. چونکە ئەویش جووتیارێکە وەک خۆیان، ئەویش بەخۆی لە دێبەرێکەوە هات، لەپاش ئەوە کێڵگەکەیان لێ زەوت کرد و دەیزانی شەکەتی و هیلاکی ڕێپێوان هەر لە خۆرهەڵاتەوە تا خۆرئاوا چ دەگەیەنێ. لە پاشان یەکێکیان لەمەڕ (زێە)ی برووسکەوە ئاخاوت.

– دەڵێن یەکێک هەیە لە هەمووان زیخ و بەجەرگترە. یەکێکە بە(زێە)ی برووسکە ناو دەبرێ. وەهاش نێوی لێ نرا، چونکە لە کاتی تەقەکردندا هەر گوللەیە و چوون ڕەهێڵە دای دەبارێنێ و دەست ناکاتەوە ئەم کارەشی هەراوهۆریا و شریخەیەکی برووسکاوی دەنێتەوە...

کە جۆکۆندینا بیستی لە بارەی کوڕەکەیەوە داخێون، گوێی شل کرد و ئەم بیرەوەرییە لاشەکەی نۆکای لەبیر بردەوە کە بەتەنیشتییەوە درێژ کراوە. ئەو گەلێ جار بەدرێژایی ئەم قۆناغانەی بڕیبوویان بیری لە هەرسێ کوڕەکانی دەکردەوە. ئای، بریا لێرە بوونایە. ئەو حەلە هەموو شتێک ساناتر دەبوو و ئەم بارەیان لە کۆڵ جیرۆنیمۆ و جوبیدرۆ دەکردەوە. نەخاسمە (نینێ) کە خاوەن میهر و ئەوینێکی وەها بوو لە وێنەی نەبوو. بەهرەیەکی تایبەتیشی شک دەبرد بۆ وەچەنگ هێنانی ئەو شتەی دەیویست و گەیشتن بەکۆتایی هەر جۆرە تەنگانە و ناخۆشییەک. ئەوان هەرسێکیان ڕۆشتن بێ ئەوە چرکەیە چییە لە بیریان بکات. بەڵام بەلایەن ئەندامەکانی تری خێزانەکەوە وەک ئەوە کوڕەکانی بوونیان نەبێ وابوو. دەبێ کەسێک لە بارەیانەوە باخێوێ تا بیریان لێ بکەنەوە، وەک ئەم پیاوەی کە ئێستە لەمەڕ (جۆزیە)وە دەدوێ.

چەند ساڵێک تێپەڕی لەوەتی چوون و یەک بەدووی یەکدا لە شەوەزەنگدا ون بوون، یەکێکیان لەتەک لۆکاس ئەرفۆریدۆیە، دووانەکەی کەشیان سەربازن، (جۆ) لە ڕیز پۆلیسی جەنگی دایە، (نینێ)یشیان لە سوپایە. بەڵام جۆکۆندینا بەیەک چاو تەماشایان دەکا. بیری لەوە نەدەکردەوە کە (جۆزیە) چەتە و ڕێگرە، دوانەکەی دیش لەسەر ڕێگەی

ڕاستن. ئەوان هەرسێکیان ڕێگایەکی ڕاست و دروستیان گرتبووە بەر. ئەوە نەبێ هەریەکەیان کەوتە دووی چارەنووسێکی جودا. جۆکۆندینا هەموو ئاواتێکی ئەوەبوو لە دەور و بەری خۆیدا چاوی پێیان ڕوون بێت و هەستیان پێ بکا، وەلێ ئێستە لەوەتی لەو عاردەیان هەڵکەنراون کە کوڕەکانی تیا گەورە بوون، کارەکە گەلێ گرانتر و دژوارە. دینا – کە تاکە کەسێکە لەنێو خێزانەکەدا تۆزێ دەزانێ بنووسێ– ڕاسپێردرا نامەیەک بۆ (جۆ) بنێرێ و تێیدا بەسەرهاتەکانی بۆ بگێڕێتەوە و لەوە ئاگاداری بکا کە ئەوان دەچنە ساوپاولۆ. لەوێش هەموو شتێکی پێ ڕادەگەیێنن. بەڵام ئایا چۆن و بە چ شێوەیەک بە(جۆزێە) ڕابگەیێنن، مادەم خۆ بەخۆی بە(زێە)ی برووسکە بەناوبانگە، ئەو (زێە)ی کە نە چاوەجاغێک شک دەبا و نەش جێ و شوێن، ئەو لەنێو تاقمە چەتە و ڕێگرەکانی لۆکاس ئۆرفۆریدۆ دایە و لەو عەردە دڕکاوییەدا دەژی، خەڵکی دەکوژێ و گوند و دێهاتەکان تاڵان دەکا؟. ئەدرەسەکەی (نینن)یشی نەدەزانی، (نینن) ماوەیەکی کەم لە ساوپاولۆ ژیاوە و لە شەڕێکدا جەنگاوەر بووە؛ پاشان ڕەنگە ڕووی کردبێتە ئەمازۆن و هیچ سەر و سۆراخێکیان نەدەزانی. ئەو هەرسێکیانی خۆش ویست، بەتایبەتی ئەوەیان کە لە هەموویان دوورترە، چونکە ئەوان شتێک لە بارەیەوە نازانن. ڕۆژێکیشیان کابرایەک وای گێڕایەوە کە (چیڤانسیۆ) لەو شەڕەی ساوپاولۆدا پلەی (عەریف)یی وەرگرت، کابراش لەنێو شارەکەدا چاوی پێ کەوت، لەو دەمەشدا (نینن) بەر لەوە بچێتە (مانۆس) و ڕوو بکاتە ناوخۆی وڵات بەرەو هەرێمی هیندییە سوورپێستەکان، بۆ ئەوە چاوەدێریی سنوور بکا، لە بەلەمێکدا گەشتی دەکرد. جۆکۆندینا چاوەنۆڕی نامەیەک بوو کە هەرگیز نەگەیشت.

لەم تۆزە وەختەشدا جیرۆنیمۆ هەوڵ دەدا نەختە نەختە لەو کابرایە کە لەمەڕ (زێە)ی برووسکەوە دەگێڕێتەوە هاڵ و هەواڵ هەڵکڕێنێ، بەڵام کابرا هەر کەمێک دەزانێ، هێندە دەزانێ کە پیاوێکی ئازا و بەجەرگە، ئەو خۆبەخۆی بوو کە لە شەڕە تفەنگێکدا (مولازم) (ئەنسیلمۆ)ی کوشت. جگە لەوە چیتر نازانێ. دڵە زامدارەکەی جۆکۆندیناش بەهاڵ هەواڵگەلێکی پڕوپووچی وەها دانەخورپییەوە. جا بەتەنیشت لاشەکەوە (مرتا)ی بەجێ هێشت و هاتە پێشێ:

– ئیدی چی لە بارەی ئەم (زێە)ی برووسکەوە دەزانی؟

کابرا لە حاست ئەم هەموو فزوولییە پیشی خواردەوە، چونکە نەبەردێکی تر شک نابا باسی بکا. جا لە کەللەیدا بۆ شتێک گەڕا، تۆزێ لەوە بیری کردەوە کە تاوانێک لە



وڵاتەکەیدا ڕووی دابوو بیخاتە پاڵ (زێە)ی برووسکە، بەڵام وەختێ دان پێدانانەکەی جۆکۆندینای گوێ لێ بوو لەوە پەژیوان بۆوە:

– چونکە کوڕی منە، ئایا دەزانی؟ بۆیە لەبەر ئەوە دەمەوێ فرە شت بزانم...

– جگە لەوەی گێڕامەوە شتێکی دی نازانم ئەی دۆناخان. هەر ئەوەیە دەڵێن پیاوێکی چاونەترس و ئازایە و لە کەس ناترسێ.

وەختێ کابرا ئەمەی گوت، ئەویش گەڕایەوە دیار لاشەکە، بەڵام چی دی هەستی وەناهومێدی نەکرد. چونکە ئەو لەگەڵ هەرسێ کوڕەکانیدا بوو. (تۆنیۆ) بەدانیشتنەوە وەنەوز دەیبردەوە و بێ تاقەتی و هیلاکی هاوار و گریانی پێ بڕیبوو. جا جۆکۆندینا هەڵایژاند و بەبزگۆڕەکانی[1] نۆکای داپۆشی؛ ئینجا چوو چاوی بەئیرنیستۆ بکەوێ کە لەنێو جۆلانێکەدا حەساوەتەوە. جادووگەرەکە لەوێدا بوو، چاوی بڕیبووە مناڵەکە و جۆکۆندینای نەناسییەوە وەختێ هاتە پێشێ و ئاماژەی بۆ کوڕە شیرەخۆرە نوستووەکە کرد:

– ئەمەش ناژی.

جا لەبەرئەوەی هیچ وەڵامێکی نەهاتە گوێ، واقی وڕما و نۆڕییە دەموچاو ئافرەتەکە. کاتێک زانی جۆکۆندینایە، حەپەسا، ئیدی لە بۆ ڕستەیەکی لێبوردن گەڕا و دەستی بەبزفتێکی ناتەواوەوە بەحەواوە وشک بۆوە.

پیرەژنەکە گوتی: «گەر خودا بیەوێ، نامرێ».

ئەوجا جادووگەرەکە دەستەکانی دوورخستەوە و بەبۆڵژنێکەوە گوتی:

– بەڵام بێگومان چاک دەبێتەوە...

کابرا دوورکەوتەوە، جۆکۆندیناش چاوی لە دووی بڕیبوو. پاشان تێکەڵاوی نێو خەڵکەکە بوو و ئەوانیش پەیتا پەیتا ڕوونکردنەوەیان لەمەڕ یارییەکانییەوە لێ دەپرسین. پیرەژنەکە دیقەت ئەو ئیرنستۆ خنجیلەیەی دا کە تا دێ سیس و ڕێوەڵە هەڵدەگەڕێ... بەڵام ئەمجارە توانییان شیری بۆ پەیدا بکەن، جۆکۆندیناش قۆرییەکی بۆ پڕ کرد، ئەمەش تا بەیانی بەشی دەکا. پێشتر ئاردەواکە گۆشتی شیرەخۆرەکەی کون دەکرد. بەڵام، وێڕای ئەوەش خوا لێ ناگەڕێ نەوەکانی لەپێش چاویدا بمرن، ئەو نەوانەی کە لەوەتی دایکیان مردووە بەخێویان دەکا، نەخێر، خودا لەوە ناگەڕێ.

---

(١) بزگۆڕ: جل شڕ.

## ١٥

ڕۆژان هاتن و ڕۆژ تێپەڕین کۆچبەران قاچ و قول و پێ و پلەکانیان شەقار شەقار و کون کون بوون، برینەکان پفیلکە و، پاشان وشکیان کرد، لە پاشانیش برینی تازە دەمیان کردەوە و کۆچەکە هەر نەبڕایەوە. جیرۆنیمۆ مێژووی وەڕێوەچوونیانی تۆمار کردبوو. لە گشت ئێوارانێکیدا ئەو ڕۆژانەی دەژمارد کە بەسەر دەستپێکردنی کۆچەکەدا تێپەڕیوە. بەڵام دواجار وای لێ هات دەست لەم سەر ئێشەیە هەڵگرێ کە چ سوود و قازانجێکی نییە. کەوابوو نەیاندەزانی چەندێکیان بەسەردا تێپەڕیوە لەوەتی بەسەر ئەم توولە ڕێیانەوە وێڵن و ئەم کاتەنگایە دەبڕن و لەلای ئەم دێبەر و ئەو دێبەر لادەدەن، بەڵام ڕەنگە ئەوە لە مانگێک پتربێ، چونکە ئەو ئازووخەیەی دایاننابوو تا مانگێک بەشیان بکات، پاکی تەواو بوو. ئیدی دەستیان کردە پاشەکەوت و بەرەبەرە بەقنیات گۆشتیان دەخوارد، لە ڕۆژانی دواییشدا شیوەکەشیان لابرد و کەمێ قاوە نەبێ بەر لە نوستن دەنا چی تریان نەدەخوارد و وایان لێ هات ڕەق و لاواز هەڵگەڕێن و جلەکانی بەریشیان شڕوپڕ بوون، ئەوان هەوەڵ ڕۆژ کە دەستیان بەسەفەردا ڕواڵەتیان لە ڕواڵەت جووتیارە هەژارەکان دەچوو، بەڵام ئەمێستاش بەسەر و قژە بژ و گڤەکانیان، لە چەتە و ڕێگر، یانیش لە دەرۆزەکەر دەچن.

ئەگەر بهاتبا و لە دێبەرێکدا لایان بدایە، هەمیشە پێیان دەکرا خورد و خۆراکەکانیان بکڕن و هەندێ ئازووخەش بۆ سەفەرەکەیان وەلاوە بنێن. بەڵام ئەمە بەزەحمەت بوو، چونکە توولەڕێ باریکەکان گەلێ جار لە دوورەوەی ماڵی خاوەن دێبەرەکانەوە دەکشێن و ناتوانن بوار بەخۆیان بدەن لەلای دێبەرێک بوێستن.

دەمەو ئێوارانێک وەختێ وەحەوشەی خانوویەکی دوور لە شوێن دانیشتنی خاوەنەکەوەی کەوتن، پیرەژنێک پێشوازیی لێ کردن و قایل بوو شەویان لە کەلاوە کۆنێکی چەند پاڵەیەکدا بەسەر بەرن. جووتیارەکان هێشتا لەسەر کێڵگەکە کاریان دەکرد، جیرۆنیمۆش بەر لە خۆرئاوا بۆی ڕەخسا لە فرۆشگەکە گۆشتی وشکەوەکراو و قاوە و لۆبیە و ڕاپاندرێرا بکڕێ. پیرەژنەکەش لێ گەڕا و هەندێ شیری دانێ. کە پیاوەکانی گەیینە ئەوێ هەندێ هاڵ و هەواڵیان لەمەڕ ئیستیڤاوەوە پێ بوو. زانییان کابرای پیاوچاک لەگەڵ هاوەڵە تۆبەکارەکانیدا وان لە شوێنێک نیو میل لەوانەوە دوورن.

– بەپێی قسەی پاڵەکان نێزیکەی هەزار تۆبەکار دەبوون– و ئەوانە لە دێبەرێکی



دەوروبەر، لەوێ کە پیاوچاکەکە دەستی داوەتە ڕێنمایی و ئامۆژگاری کردن، هەڵیان داوە. جەندرمەکانی پۆلیسی جەنگیش وەدوویان کەوتوون چونکە پیاوەکانی تاڵان و بڕۆی ئەو عاردانە دەکەن کە پێیاندا تێ دەپەڕن.

جۆکۆندینا ئەم ئێوارێیە شامێکی ڕاستەقینەی لێ نا. ماشی ڕەش لەگەڵ گۆشتی وشکەوەکراو و کولێرە ئاردی ڕەگە مەنیهۆتەکان و قاوەیەکی نایابیش. جۆکۆندینا لەو بڕوایەدا بوو کە پیاوەکان بافتی ئەوەن دڵخۆش و کەیف سازبن. ئەوان هەفتەیەک دەبوو پێڕووی یەک ژەمەیان دەکرد. لەو دوو ڕۆژەی دواییشدا گۆشتیان نەدەخوارد، بەڵکو بەقاوە شێویان دەکرد. لە پاش نانخواردنیش لەنێو ماڵەکەدا، بەسەر عاردە خۆڵاوییەکەوە پیاو و ژن پێکەوە نوستن. ئۆگستینیۆش لە نێزیک گرترێدەوە نوست، وای بڕیار دابوو داوای لێ بکا بۆ نێو دارستانەکان بکەوێتە تەکی، بەڵام بەر لەوە جموجۆڵ لەناو ماڵەکەدا کڕ و خامۆش بێ، خەو بردییەوە.

جیرۆنیمۆ جاڕی دا کە لەگەڵ کازیوەی بەیاندا وەڕێ دەکەون، چونکە دەیویست لووتی نەبێ بەلووت دەستە و تاقمەکەی ئیستیڤاوەوە. جا هەڵسا و شەویش هێشتا دەواری هەڵدابوو، چوو مشووری گەرمیاس بخوا کە گیا تەڕ و پاراوەکانی دێبەرەکەی دەیماشاندەوە. بەگەمانەوە دەستی بەسەردەمی کەرەکەدا هێنا، چونکە هەروەک ئادەمزادێک بەسۆز و نازەوە مامەڵەی لەگەڵدا دەکرد:

– ورگت پەستاندووە ئێستا، وا نییە پیرە گەرمیاس؟.

خواردنی شەونشینییەکە و بەسەربردنی شەو لەژێر بنمیچی ماڵێکدا و ئەو ئازووخەیەی کە بۆ چەند ڕۆژێک دابین کراوە، وای لێ کرد کەیفی ساز و میزاجێکی چاکی هەبێ. ئەم شتانە بڕواکردنی بەخۆی هێنایەوەبەر. بۆیە کورتانەکە و هەردوو سەبەتەکانی نایە سەر پشت گوێدرێژەکە و بەرەو ماڵەکە دای لەبەر. ئەو حەلەش بەژوورێ کەوت تا ئەوانی دی بەخەبەر بێنێ، دیقەتی دا جۆبیدرۆ و ژیڤا دیارنین. وای بەخەیاڵدا هات کە بۆ سەر ئاو چوونەتە نێو دارستانەکان، بەڵام لە پاش کەمێک لەبەردەم کۆڵێتە شڕەکەدا چاوی بەجوبیدرۆ کەوت (مەنیهۆت)ی دەپەستاندە ناو تایەکی هەگبەکانەوە. هەردوو دەستەکانی خۆڵاوی بوون، جیرۆنیمۆ حاڵی بوو کە چووە و لە یەکێ لەو کێڵگانەدا (مەنیهۆت)ی دزیوە. ئەو شتەی پێ گران بوو. ئەو بەپیاوێکی دەستپاک و چاکی دەزانی کە دزی کردنی لێ ناوەشێتەوە. هێندەی نەمابوو سەرکۆنەی بکا، بەڵام ئەو برسێتییەی چەشتی و ئەو

قۆناغەی کە دەبێ بیبڕن بەبیر هاتەوە، بۆیە هیچی نەگوت.

پاشان لەمەڕ ژیڤاوە پرسی:

– ئایا ژیڤات نەدی؟

– نەخێر...

جۆبیدرۆ دەیڕوانییە سەروسیمای کاکی[١] و پێ حەسیا چاری نییە هەر دەبێ هەندێ ڕوونکردنەوە لە بارەی مەسەلەی (مەنیهۆت)ەکەوە پێشکەش بکات.

– ئەدی نەتزانی چەندە (مەنیهۆت) شک دەبەن؟. دوێنێ گوتم با بچم سواڵەیەک بکرم، سەرکارەکەش گوتی دەبێ بڕۆیت و لە پیرەژنی خاوەن دێبەرەکە داوا بکەی... بەڵام ئێستا ئەو نوستووە.

لە پاشان سەری هەڵبڕی:

– ئێمە ئافرەت و منداڵمان لەتەک دایە، ئەگەر ئەوە نەکەین هەمووومان بەسەر ئەم تووڵەڕێیانەوە دەمرین و شتاقیشمان نامێنێ.

– من هیچم نەگوت.

جیرۆنیمۆ بۆ ئەوە بابەتەکە بگۆڕێ، پرسیارەکەی دووپات کردەوە:

– ئەدی ژیڤات نەدی؟...

– نەخێر، کە من وەدەرکەوتم، ئەو لێرە نەبوو...

ئۆگستینیۆ چوو بەدوویدا بگەڕێ. بەبێ هوودە لە کێڵگەکاندا پەلەکوتکێی کرد، تا ماڵی خاوەن دێبەرەکە ڕۆیشت و لەو جووتیارانەی کە خۆیان ئامادە دەکرد بچنە سەر کێڵگەکان، هاڵ و هەواڵی پرسی. هەموو شتێک بەفیڕۆچوو. هەنگێش بەبۆڵژن و منگەمنگ گەڕایەوە، جیرۆنیمۆ خەریک بوو ئیشارەی سەفەری دەدا:

– ئەگینا ئیمڕۆیشمان لەکیس دەدەین.

بەڵام جۆکۆندینا نەیویست شتێک ببیستێ، داوای کرد هەرسێ پیاوەکان پشکنینێکی ورد و پوختەی ئەو دەوروبەرە بکەن. لە پاشان خۆیشی چوو بۆ ماڵی ئاغاکان و ڕووداوەکەی بۆ خانمی خاوەن عەرد و بەرەکە گێڕاوە و دەرفەتی لێ وەرگرت ڕۆژێکی کەش

(١) کاک، کاکە: براگەورە.



لە دێبەرەکەدا بمێننەوە. بەڵام پشکنینەکان هەموو بێ کەڵک بوون. پیاوەکانیش ئێواری هیلاک و ماندوو گەڕانەوە بەبێ ئەوە هیچ سەروسۆراخێکیان پێ بێ. ئەو شتەش کە زانییان پێوەندی بەژیڤاوە نەبوو، بەڵکو بەو پیاتۆ ئیستیڤاوەوە بوو کە سەرلەبەیانی دێبەرەکەی بەجێ هێشت و سەرلەنوێ لەناو کاتەنگادا نوقم بوو و وایان بڕوا پێ هەیە کە نوقڵانە لێ دەدا و کەرامات و پەرجوو دەکا.

## ١٦

جۆکۆندینا هیچی نەدەگوت، بەڵام بەتەواوی پێ حەسیا کە نهێنییەک لە نێوان ئۆگستینیۆ و گرترێددا هەیە. دیناش وا بەدیارکەوت گومان لە شتێک دەکا، ئیدی ئەویش دەستی کردە چاوەدێری کردنی کچەکەی. چونکە یەک دەققە پشتگوێ خستن بەسە تا کار لەکار بترازێ. ئەوەتان شان بەشانی یەکدی دەڕۆن، نوقمی نێو قسەوباسانێک بوونە بەکۆتایی نایە. ئەو دەمەش ئاپۆرەکە بۆ خواردن یان خەوتن لایان دابا، ئەوان ئەوەیان بەهەل زانی تا خۆیان بدزنەوە، کە دەگەڕانیشەوە، بەگرترێدەوە دیار بوو کە هەم نیمچە سەرسامە و هەم کەیف خۆشیشە و، بەردەوام نەرمە قاقای بۆ دەکرد، هەرچی ئۆگستینیۆش بوو، مات و بێدەنگ بوو و حەزی دەکرد لە قسان هەڵێت و دەچوو لە سووچێکەوە بۆ خۆی دەنووست. جۆکۆندینا ئەو شتەی بەلاوە گران بوو، چونکە ئۆگستینیۆ وادەی ژنهێنانی نەهاتووە و گرترێدیش هێشتا منالە، پاشان چۆن و بە چ حاڵێ زەماوەند بکەن؟. ئەوان کولبەیەک شک نابەن تێی دا بحەوێنەوە تێر سگی خۆیان نان ناخۆن و تەنانەت کارێکیش چییە نییانە. خۆ ئەگەر لە دێبەرەکە بوونایە، شتێکی پێ نەبوو بیلێ، ئەگەرچی گرترێد دەبێ دوو ساڵ چاوەڕێ بکات بەر لەوە بیر لە کاروباری ماڵ و بەچکە و مەچکە بکاتەوە. بەڵام دەشی زانی قەدەغەکردنی بڵاوکردنەوەی ئەو مێژووە کارێکی گرانە. ئۆگستینیۆش وێڕای ئەوەی کە بچووکە، بەڵام جار ناجار بۆ گوندەکەی دەوروبەر دزەی دەکرد و وای لێ هات هەر ئافرەتی کەم بوو لەم کۆچەدا. کچی مامەکەشی بەقاقای پێکەنینی و ئەو ڕان و سمتە توند و پڕانەی کە لەژێر کراسە کورتەکەوەی دیارن، هەمیشە سەرنجی ڕادەکێشا و ئەقڵی لە کەللەدا فڕاندبوو.

جۆکۆندینا لە خۆی پرسی داخوا جیرۆنیمۆ و جۆبیدرۆ چ دەکەن ئەگەر هات و گومان لەو کارە بکەن. بەڵام ئەوان ئەو دەرفەتە شک نابەن تا پێیان بحەسێن، چونکە ڕۆژ تا ئێوارێ بەگێرمە و کێشەی کۆچەکەوە سەریان قاڵ بوو. ئێوارێش لەبەر ماندووبوون شل و کول دەبوون تەنیا بیریان لە نوستن دەکردەوە. بەڵام بەپێچەوانە کارەکە لەبەرچاو ئافرەتەکان نەدەشێردراوە. ئای! ئەمەیان مەڵێ! ئەوە دینا بەدڵەڕاوکێ کەوتووە. مرتاش کاتێک چاوی بەبراکەی و کچی مامەکەی دەکەوێ دوور دەکەونەوە، بزەیەکی سەیری بۆ دەکا. جیرۆنیمۆش فرە جار پیاوێکی هێمن و دڵ نەرمە، بەڵام کە تووڕە دەبێ دۆ و دۆشاو تێکەڵاو دەکا. (جۆ)یش هەر لە سونگەی بەسەرهاتێکی وەهاوە لە ماڵێ وەدەرهات بۆ



ئەوە تا هەتا نەگەڕێنەوە. ئەو لەو دەمەدا دەستی دابووە دڵداری لەگەڵ کچی دۆست و هاوەڵێکی خۆیاندا، کە ئەویش (مانیکا)ی پیرەمێرد بوو، هەموو ئێوارانێک دەچوو و لە ڕۆخ ڕووبارەکە قسەی لەگەڵدا دەکرد. (مانیکا)ش هەندێ ڕوونکردنەوەی لە جیرۆنیمۆ داوا کرد. ئەگەر کوڕە دەیەوێ بیکا بەهاوسەر، ئەوا بەخێر و خۆشی بگەڕێ و هەقی نییە بلێ لەل، بەڵام پێی خۆش نییە لە پاشملە تانووت لە کچەکەی بدرێ و ببێتە بنێشتە خۆشەی سەر زمانی دەمە پیس و موخەننەتەکان. جیرۆنیمۆ مات و بێدەنگ گوێی بۆ شل کرد، لە پاشاندا بەڵێنی دا بەخۆ کەوێ و لەسەر و بنی مەسەلەکە بکۆڵێتەوە، (جۆ)یش هێشتا تەمەنی نەگەیشتبووە بیست ساڵان، کوڕێکی دەمڕووت و هەرزەکار بوو.

جیرۆنیمۆ ئێوارێ لێپرسینەوەی لەگەڵدا کرد:

– تۆ ناتوانی ژن بێنی ئەی نەدیو بەدیو. جارێ سگی خۆت پێ تێر ناکرێ.

(جۆ)یش لە وەڵامدا گوتی ئەمن قەرزارباری هیچ کەسێک نیمە و خۆ بەخۆم چارەنووسی خۆم دیاری دەکەم، هەنگێش بمەوێ ئەم وڵاتە پیرۆزە بەجێ بێڵم، ئیشوکارم لە بۆ قات نەبووە. جیرۆنیمۆ وەختێ ئەمەی بیست تووڕە بوو و نەوی لە تەختە دارێک و تاوی لە (جۆ)دا. جۆکۆندیناش دیقەت ئەو بگرە و بەردەیەی دەدا بەبێ ئەوە بوێری وەئارا کەوێ. مرتای سیانزە ساڵانیش لە قوژبنێکەوە بەترس و لەرزەوە خۆی مات دابوو، (جۆ) بەسەر باوکیدا هاواری کرد:

– باوکە، بیکە بۆ خاتری خوا دەست مەوەشێنە!

دیتە جیرۆنیمۆ هەر وازی لێ نەهێنا، بۆیە ئەویش زیاتر گوتی:

– گەر دەستم پێوە دەی سەری خۆم هەڵدەگرم و دەڕۆم!.

بەڵام جیرۆنیمۆ خۆی کەڕ کرد. ئەو ئەقڵی لە کەللەدا نەمابوو، تەختەدارەکەی لەسەر پشت (جۆ) شکاند. کوڕەکەش جووڵەی لە خۆ بڕی، بەڵکو چاوی لە جۆکۆندینا بڕیبوو کە گێژ و دەبەنگ بووبوو و، بەرەو لای مێردەکەی غاری دەدا:

– دەست لە کوڕەکەم بکەوە، هەی کلۆڵی بێ بەخت!.

هەر ئەو حەلە جیرۆنیمۆ، بەهەنسکە بڕکێوە، دەستی لێ کردەوە و تەختەدارەکەی فڕێ دا و مات و بێدەنگ بەرەو ژوورەکەی تر کشایەوە، پیرەژنەکە دەستی بەهەردوو شان و قۆڵ و سەر کوڕەکەوەی دا. جۆیش گوتی:

– دایەگیان، من وا دەڕۆم.

– (جـۆ) ، کـاری وا نەکـەی، باوکت پەست و توورە بوو و هەقـیـشـی بوو... چونکە تۆ وەڵامت دایەوە... کوڕیش نابێ وەڵامی باوک بداتەوە...

– من وا دەڕۆم دایەگیـان، لێرە نامێنم... دەمەوێ ژیانی خۆم بنیات نێم. بەڵام ئەوی لە تۆم دەوێ بەخشندەیی و میهرەبانیتە...

بەوپەڕی ویست و تواناوە لەبەردەمـیـدا ڕاوێسـتـابوو، دایکیـشـی تێگەیشت کە بەهیچ جۆرێ ناتوانێ گلی بداتەوە. جا چوو و گەڕا بۆ ئەو سەد (میل ڕیس)یە کە بۆ نەخۆشییەک یان ڕۆژێکی وا هەڵی گرتبوو و دایە دەست کوڕەکەیەوە.

– هەر کاتێ کەللەت ساردتر بۆوە، دەگەڕێیەوە...

– من ناگەڕێمەوە، دایەگیان...

بەرەو دەرگاکە چوو. دەستەکانی خاڵی بوون، بێجگە لە پوولەکان چی تری پێ نەبوو، پارەیەکی کاغەزین لە ناوەڕاستییەوە لەت و دڕا بوو و بەسابوون لێک لکێنرابوو. بەر لەوە دالانەکە تێپەڕ بکات ئاوڕی دایەوە و بەمنگەیەکەوە گوتی:

– بەباوکم بڵێ، بمبەخشێ...

جۆکۆندینا چاوەکانی پڕ فرمێسک بووبوون، بەرەو دەرگا هەنگاوی هاوێشت، لەوێڕاش وشک و ڕەق ڕاوەسـتـا تا ئەو کـاتەی تارمـاییـیـەکـەی (جـۆ) لەناو تاریکاییـیـەکـەدا لەبەرچاویدا نوقم بوو. ئەو بەخۆی هەوەڵ جار ڕۆیشت. (جۆزیە)یش دووهەم بوو، کە چووە ریز لۆکاس ئەرفریدۆوە. (نیێن)یشیان، شەوێک، بەبێ هیچ هۆیەک و بەبێ ئەوە نامەیەک وەجێ بێڵێ و بەبێ ئەوەش شتێکی لە بارەوە بزانرێ، هەر لە مێژەوە لەبەرچاوان ون بوو. تەنهـا ئۆگسـتـینیۆ مایەوە کـە لەنێو هەر چوار کوڕەکاندا لە هەمـووان بچووکـتـرە. ئەو لە پەنایەکەوە لەگەڵ گرترێدا بەچەپەچپ داخاوت و بۆ ناو دارستانەکان وەکێشی دەکرد، ئەم کارەش لە ئەنجامێکی ناخۆش بەولاوە چاوەنۆڕی شتێکی دی لێ ناکرێ.

جۆکۆندینا لەبەرخۆیەوە دەیبۆڵاند:

– باشتر وایە بۆ خۆی شوو بکات و نەبێتە کچێکی کلۆڵ و مردوو.

داخوا جیرۆنیمۆ چ دەکا گەر ئەمە قەومابا؟. جۆکۆندینا تەنانەت زاتیش ناکا بیر لەوە بکاتەوە.



## ۱۷

ئاوەها هەردووکیان، لە نێوان ترس و گومانەکانی جۆکۆندینا و دینادا بڕیاریان دا دەنێو ئەو عـاردە دڕکاوییـەدا یەکتریان خۆش بوێ. ئـازووخەکەشیـان پاکی تەواو بووبوو و، وایان لێ هات بەشێکی ڕۆژەکەیان بەگەڕان بەدوای شتێکدا بیخۆن بەسـەر دەبرد. هەندێ جار (تاتۆ)یەک یان (پاکا)یەک یانیش (پریا)[1]یەکیان وەچەنگ دەکەوت.

بەڵام ڕاوشکار لە کاتەنگادا کـارێکی دژوار و گـرانە. چونکە ئەوان چەند سەعـاتێکی دوور و درێژیان بەدووی نێچیرێکدا بەفیڕۆ دەدا، کۆچەکەش پتر درێژەی کێشا. ئۆگستینیۆ لەو بڕوایەدا بوو باوکی ڕێگاکەی ون کردووە، هەمـوو ئاواتێکی ئەوەبوو بەزووترین کـات بەشـارێک یان دێبـەرێک بگەن و لەوێڕاش پێی دەکـرێ کـار بکات و گـرترێد بخـوازێ برسێتی توورە و هەڵچووی کردبوو، تەنانەت دەمەقاڵەی لەگەڵ ئامۆزاکەیشیدا دەکرد کە قایل نەدەبوو بکەوێتە دووی بۆ نێو داروەدەنەکان. کە کۆچەکەش زیاتر درێژەی کێشا پتر کێچ کەوتە کەوڵی بۆ لەشە خڕینەکەی گرترێد و دەست لە ملکردن و ڕامووسان و دەستبازی کردن. ئیـدی وای لێ هات زێدەتر وەپەرۆش و ئاتاژی بوو. ئەو هەرچەندە پێشـتـر بەڵێنی ئەوەی دابوویە کە کـچێنی نالەوتێنێ تا ئەو حەلە کـاهینێک دەدۆزنەوە بۆ ئەوە لەیەکـتـر مـارەیان بکا و مـاڵێکیـشـیـان هەبێ تێدا گـوزەران بکەن، بەڵام ئەمێـسـتـا بڕیاری دابوو کچەکە بکاتە دۆست و عـاشقێکی خۆی وێڕای مەترسییەکانی ڕێ و بانەکە. ئۆگستینیۆ بەتەمـا نەبوو بەساوپاولۆ بگا. چونکە کە بەو عـاردانەدا دەڕۆشتن، ئیـشوکـارێکیـان نایە پێش بەکرێیەکی هەرزان بیکا، ئەمەش ڕاستە، بەڵام ئەو ئامادەبوو بەهەر کارێک قایل بێ بەمەرجێک لە تەک گرترێدا بمێنێتەوە.

ڕۆژێکیان کچە بەلێوێکی قڵیشاوەوە گەڕایەوە. وا بەدیار نەدەکەوت کە برینەکە بەهۆی دڕکـەوە بێ وەک ئەوە کـچـە دەیگوت. دینا پرسـیـار و لێکۆڵینەوەی لەگـەڵدا کـرد، لە ئەنجامدا دانی بەوەدانا کە ئۆگستینیۆ بەمەست لێی داوە. کوڕەکە ویستی بەزۆر و زۆرداری داگـیـری بکات، ئەویش خـۆی بەدەسـتـەوە نەدا، جـا بەلێـدان کـەوتە وێزەی. دینا هۆش و ئاوەزی لە کەللەدا فڕی، وای لێ هات هەر دەتگوت ژیڤایە لە ڕۆژانی هەرە شێتییـەکەیدا. جیرۆنیمۆ و جۆبیدرۆش بەدووی (تاتۆ)یەک کەوتبوون. ئۆگستینیۆش دیار نەبوو. بێجگە

---

(۱) Prêa, Paca, Tatu: چەند گیانەوەرێکی فرتێنەری وردن لە بەڕازیلدا دەژین.

لە تۆنیۆ و ئافرەتەکان کەسێکی تر لەوێ نەبوو. ئەودەمەش جۆبیدرۆ و جیرۆنیمۆ بچوونایە بۆ ڕاوکردن -لەو ڕۆژەشدا هێشتا تامی شتێکیان نەکردبوو- ئۆگستینیۆ بەو بیانووەی کە چاوی لە ئافرەتەکان دەبێ، لایان دەمایەوە.

خوێن لە دەمارەکانیدا بەکەف و کوڵ هاتبوو، ئەو داوودەهۆی[1] خۆی ناوەتەوە.

لە پاش دان پێدانانەکەی گرتڕێد، دینا ڕێ و ڕاست ڕووی کردە لای جۆکۆندینا. هەردووکیشیان دەگەڵ یەکتردا ساز بوون، تەنانەت لەو ڕۆژانەدا کە هێشتا هێوەر ژنی یەکدی نەبوون و تێکەڵاوییەکی ڕاستەقینە بەهۆی خوێنەوە کۆی نەدەکردنەوە بە(دەستە خوشکەکەم) یەکتریان گاز دەکرد. بەڵام جۆبیدرۆ و خێزانەکەی وەک ئەوە وا بوون کە لە سای جیرۆنیمۆدا بژین کەوا لە ساڵە هەرە سەخت و دژوارەکاندا دەستی یارمەتی بۆ درێژ دەکردن. ئەو بەخۆی براگەورەیە و ڕێنمایی و ئامۆژگارییان دەکا و لە کاروباری دارایی و ڕووداوە ئاڵۆزەکاندا پرس و ڕای پێ دەکەن. بەڵام دینا تووڕەبییەکی بەرباد دای گرتبوو، چونکە برسێتی وای لێ کردبوون هەر لە خۆڕا تووڕەبن و پەلامار بدەن. هێندە ڕەق و ڕێوەڵە هەڵگەڕابوون بەقژەبڕ و درێژەکانیانەوە هەر لە پەیکەری دێو و درنج دەچوون و بەلەشە پیس و بۆدڕناوییەکانیان و بەجلوبەرگە شڕ و شپرێوەکانیانەوە دەتگوت زیندەوەری نێو دانیشتوانێکن کە شەڕوشۆڕ زۆربەی قڕکردبن. ئەوان بۆ پووچترین شت هەڵدەچوون و تووڕە دەبوون. جۆکۆندیناش بەخۆی، وا پێ دەحەسیا نەساغە و زۆر بەهاسانی هەڵدەچوو و بەردەوام خوتە و بۆڵەی دەکرد، لەگەڵ مێردەکەیدا قسەی وشکی دەکرد، بەڵام تەنها مرتایان تێدا هێمن و لەسەرەخۆ بوو، ناوبژیکەری مەیدانی ناو شەڕ و هەڵلاکانیان هەر ئەوبوو و سەرە ئاسنینەیەک بوو بۆ خۆی و هەر ئەویش بوو بەتەنگ ناڵەکانەوە دەهات و خزمەتی دەکردن. ئیرنیستۆش ڕۆژ لەدوای ڕۆژ سیستر و لاوازتر دەبێ. تۆنیۆش وشک وشکێ دەکۆخێ و وەک جۆکۆندینا دەیگوت: «سەگە نازیەتی».

دینا بەهەڵەداوان هات و شیراندی:

– دەستە خوشکەکەم! دەستە خوشکەکەم!. کەمێ تا ئێرە وەرە!.

بەڵام ئەو بەخۆی بەرەو ئەوێ ڕا کە جۆکۆندینا و مرتا ملۆشی ئەوە بوون تۆزێ شۆربایان دەرخوارد ئیرنیستۆ دەدا، هەنگاوی نا، تۆنیۆش بەلای کەرەکەوە وێستابوو کە ڕەگوڕیشەی دارولکە و دەوەنەکانی بەقەپ دەپچڕی، ئەو ڕەگوڕیشانەی کە پتر پاراون و چوارپێ کە

(١) داوودەهۆ: فیڵ.



بەغەریزەی ئاژەڵی خۆی لێکیان جودا دەکاتەوە. تەنانەت کورەکەش لە ڕۆژەکانی هەرە سەخت و قاتیدا دەستی کردبووە جوینی ئەو ڕەگوڕیشانەی کە گەرمیاس هەڵی دەبژاردن.

– چیبە ئەوە دەستە خوشکەکەم؟

جۆکۆندینا لە دیمەنی شڵەژاوی دینا بەدڵەکوتێ و ڕاراییەوە هەڵسا. تۆ بڵێی مار پێوەی دابێ؟. جۆکۆندینا ترسی هەرە گەورەی لەوەدا بوو مارێکی (گارارا) یانیش مارێکی زەنگۆڵەدار بەیەکێ لە ئەندامەکانی گرۆ و کۆمەڵەکەوەی بدا:

کەوابوو ئەو حەلە مردن مسۆگەر دەبێ، پیرەژنەکە سات و وەختی بەسەر دەبرد و پیاوەکانی ئامۆژگاری دەکرد کە ئاگادار و وریابن. زۆر مار و خشۆکیشیان لەم سەفەرەیاندا کوشت. یەکێ لەو مار و خشۆکانەش هێندەی نەمابوو بەتۆنیۆوە بدات و ئەگەر کوڕەکە بەگورج و وریاییەوە بازی نەدابا، کاری خرا دەبوو.

هەر لە هەوەڵ وشەکانی دینا تێگەیشت چ قەوماوە. ئەمەش دەبوو ڕووی دابا، دەرەنگیش ڕووی دا. دینا بەهەڕەشەوە گوتی:

– گەر دەست بەکچە بچکۆلانەکەوە بدا، جۆبیدرۆ گوللەیەکی پێوە دەنێ و چاکیش دەکا.

– کڕ و بێدەنگ بە، ئەی خودایە، چەند ئافرەتێکی کەم ئەقڵی!.

بۆ چما دینا ئەوەی لەیادچوو، کە بەخۆیشی لەناو دارستانەکاندا خۆیدا بەدەست جۆبیدرۆوە و چەند ساڵێکی دوور و درێژ لەگەڵیا ڕای بوارد و تا دەرەنگ نەبێ و تا ئەو دەمەی کاهینێک هات و بەو کارە پیرۆزە لە دێبەرەکەدا ئاهەنگ بگێڕێ، شووی پێ نەکرد؟.

لە ڕاستیشدا هاوارەکەی جۆکۆندینا کاری لە مێشک دینا کرد، جا کش و بێدەنگ بوو و فرمێسکەکانیشی، بەخوڕ دەهاتنە خوار. جۆکۆندیناش بەهێرش بردنەوە پتر لەسەری چوو:

– چما وا دەزانی کوڕی من شیاوی کچەکەت نییە؟. تا بڵێی ڕێک و بێ غەل و غەشە، زاوایەکی لەو چاترت وەچنگ ناکەوێ...

جا دیناش بەدەنگێکی کز و هێمنەوە گوتی:

– من نەمگوت ئەو بێ فەڕە و وەکەڵک نایە... ئەگەر ویستیشی کچە بچکۆلانەکە بخوازێ، ئەمن ڕێی لێ ناگرم... بەڵام ئەوی من گەرەکمە و حەزم لێ نییە، ئەوەیە بیبینم کچەکەم لەناو دارستانەکاندا گوناه و خەتا بکا و لە دواییشدا وەک کچێکی مردوو و

کلۆڵ دابمێنێ...

ئیتر پاشماوەی ئاخاوتنەکان بەهێمنییەوە وەکۆتایی هات و بڕیار درا جۆکۆندینا لەگەڵ ئۆگستینیۆدا باخێوێ و خۆیان ئامادە و تەیار بکەن بۆ زەماوەند و شایی لە هەوەڵ کڵێسەدا کە بەڕێوە تووشی دەبن.

ئێوارێ پیاوەکان بەدەستی خاڵییەوە گەڕانەوە، ئۆگستینیۆش تا درەنگێ نەبێ نەهاتەوە. ئەو حەلەش زانی ئەوانی دی چییان کردووە، تێ گەیشت کەوا شتێک نییە بیخوات. ویستی لەنێو تاریکییەکەوە دەست بەگرترێدەوە بدا، دی لە سووچێکەوە کروشکەی کردووە، لێویشی ئاوساوە. شیرەخۆرەکە دەگریا، پشیلەکەش دەیمیاواند، بەستەزمانە لەم سەفەرەدا پیر و ڕێوەڵە و گەڕ بوو، بەتەرزێکی ئەوتۆ وای لێ هات سرک بێ و بەهاسانی دەسگیر نەبێ. بەڵام بەسەر ڕێگاکەوە وەک سەگ بەدوویان دەکەوت. زیاتر لە جارێکیش (پریا)یەکی ڕاودەکرد و دێنا لە پێش پێیەکانی مرتا فڕێی دەدا، ئەو مرتایەی کە لەوەتی نۆکا مردووە وەتەنگییەوە دێ و بایەخی پێ دەدا. لە ڕاستیشدا ئەگەر یەکێکی ئاوا نەکردبا و سگی خۆی تێر نەکردبایە چ (پریا)یەکی نەدێناوە. ئەوە خوو و غەریزەی نێچیروانانە کە وای لێ کردن چیتر ماریسکا بەرەڵڵا نەکەن.

ئۆگستینیۆ برسی بوو، چونکە ڕۆژ تا ئێوارێ هیچی نەچەشت. دوا ژەمی خواردنیشی، -ئاردەوا و کلۆیەک ڕاپادێرا بوو- لە دوێنێ نیوەڕۆوە. جۆکۆندیناش پاشماوەی ئاردەکەی بۆ ئیڕنیستۆ هەڵگرت. ئەوکاتەش بەتەقاوتووش چاوی لێ بوو تۆنیۆ پاشماوە ئاردەکەی بن هەگبەکە دەدزێ، چەند تێهەڵدانێکی مزری تێ سرەواند.

جۆکۆندینا بانگی کوڕەکەی کرد:

– ئۆگستینیۆ، وەرە...

ئۆگستینیۆ بەر لەوە دانیشێ، نۆڕییە دەموچاو ئیڕنیستۆ. ڕواڵەتی شیرەخۆرەی پێوە دیار نەبوو. ئۆگستینیۆ لە خۆی پرسی: ئیتر بە چ حاڵێ بژی؛ ئێسکەکانی هەر هێندەی مابوو پێستەکەی کون بکەن، ئەو قەوارەیەکی ئێسک و پرووسکە و بەپەڕۆ پێچراوە. ئۆگستینیۆ ڕێزی لە جۆکۆندینا دەگرت، بەڵام لەم ڕوونکردنەوەیە دەترسێ. دەنێو فەرهەنگی ئاخاوتنەکانیشیاندا تەنها چەند واتایەکی هەژاریان شک دەبرد و نازانن بەوردی بیروڕاکانیان دەربڕن و ئاخاوتنەکانیان فراوانی سۆزە ڕاستەقینەکانی ئاشکرا نەدەکردن.



لەبەردەم جۆکۆندینادا بەچیچکانەوە ڕۆنیشت و چاوەڕێی کرد. پیرەژنەکەش لەبەرخۆیەوە دەپرسی چۆن چۆنی دەست بەباسەکە بدا، ئەمەش هەروا کارێکی سانا نییە، ئەو نازانێ چۆن وشەکان بەکاربێنێ، لە شۆڕش و هەڵچوونی کوڕەکەی دەترسێ، وەک ئەوە کە لە (جۆ) ڕووی دا. بەڵام بێدەنگییەکە لە کێشدا نەبوو. لە دواییدا بڕیاری دا ڕاستەوخۆ ئامانجەکە بپێکێ:

– حەز دەکەی گرترێد بخوازی؟

– زەماوەند بکەم، لەگەڵیا بژیم... ئەمە ڕێی تێ دەچێ.

– ئەدی ناتوانی دان بەخۆتدا بگری تا وەساوپاولۆ دەگەین و حاڵ و گوزەرانمان ڕێک دەخەین؟. ئەوەیان لە بۆ هەمووان باشتر دەبێ... ئەو دەمەش بەبوونی کاهینێک و کوێخایەک زەماوەندێکی ڕاستەقینە ساز دەدرێ. چیازیرۆش دوور نییە. جیرۆنیمۆ دەڵێ هەمووی چەند ڕۆژێکە و دەیگەینێ. لە پاش ویش کەشتی و شەمەندەفەر هەن، ئەوە زۆر ناخایێنێ.

ئۆگستینیۆ سەری لەقاند و گوتی:

– نەخێر، ناچمە ساوپاولۆ... دەمەوێ لە هەوەڵ دێیەر کە لە ڕێگادا تووشمان دەبێ و ئاتاژی بەکرێکاری ڕۆژانە هەیە بمێنمەوە.

– ئۆگستینیۆ گیان، گوێ ڕادێرە، وا دیارە پیاو لە ساوپاولۆدا قازانجی باش وەدەست دێنێ، کرێکاری ڕۆژانە لەوێدا شتە، بەڵام لێرەدا بایەخی نییە. چونکە لێراکە کرێکارێکی زۆر و زەبەند هەیە و وەک بەراز کرێیان دەدەنێ.

ئۆگستینیۆ بەبێ ئۆقرەییەکەوە دەموچاوی خۆی خوراند:

– دەستەڵاتمان نییە ئەی دایەگیان. ئێوەش هەر هێندەتان بۆ هەیە بچنە ساوپاولۆ، ئەوە خەیاڵێکە و کەوتۆتە کەڵکەڵەی باوکم... لەوانەیە بەساوپاولۆ بگا و هەموو شتێک بەچاکی بەڕێوە بچێت! بەڵام دووریش نییە هەر هەمووان بەسەر ئەم توولە ڕێیانەوە نەمرن. ئەمە کارێکی مەحاڵ نییە. منیش بەش بەحاڵی خۆم نامەوێ بمرم، ئەمن دوو بازوو شک دەبەم و گەرەکمە لە هەر کوێیەکدا ئیشوکار پەیدا بێت، کار بکەم. گرترێدیش لەتەک خۆمدا دەبەم...

جۆکۆندینا پێ حەسیا کە کوڕەکەی بڕیارێکی وەهای ڕۆناوە[١] هەرگیز لێی پەژیوان

(١) بڕیاری ڕۆناوە: بڕیاری داوە.

نابێتەوە، هەروەک بڕیارەکەی جیرۆنیمۆ کە دەیەوێ بەساوپاولۆ بگات و کیۆیەک پارەوپوول وەسەر یەک بنێ. جۆکۆندینا کوڕەکانی خۆی دەناسێ، ئەوان هەموو چوون یەکن، لە باوکیان دەچن، نە گفتوگۆ، نە نزا و پاڕانەوە، نەش تەمێ و هەڕەشەکردن سوودیان نییە... ئەو دوا کوڕییەتی بەجێی دێڵێ و دەچێ ژین و گوزەرانی خۆی پێکەوە دەنێ. ژنێکی منداڵیش دەگەڵ خۆیدا دەبا کە تا ئێستا نازانێ بەدەست و پەنجەکانی شتێک بکا. ئەدی ئەگەر بەخاوەن بەچکە و مەچکە بن ئاکام چ دەبێ؟. لە پاشان بیری لەو سێ کوڕانەی کردەوە کە بەر لەم چوون، جۆزێە، جۆ وجیڤانسیۆ. داخوا ژنیان هێناوە؟ ئایا ماڵ و منداڵیان هەیە؟ هەرچی (جۆزێە)یشە ئەوە چاک دەزانێ نەء. چونکە کانگاسیرۆ مافی ژنهێنان، یانیش ماڵ و مناڵ بوونی بۆ نییە. لەبەرئەوە ژیانەکەی بریتییە لە پێشبڕکە و دەودەوانێ ئەوپەڕی نییە. ئەمێستاش کە دەنێو ئەم کاتەنگایەدا کۆچ دەکا، تا بڵێی خەمی (جۆزێە)یەتی و بۆی بەدڵەڕاوکێ کەوتووە، چونکە ژیان لە هەموو ڕۆژەکاندا بەوێنەی ژیانی ئەوانە، ئەمە گەر بێت و شەڕە تفەنگەکان و شەڕ و هەڵلای بەدەست و بازووەکان وەلاوە نێی. ئۆگستینیۆش چاوەڕێی ئەوەیەتی دایکی باخێوێ. لەو پاڕانەوە و تکایانە دەترسێ کە ڕەنگە ئاراستەی بکا. ئەو دەحاست هەموو ئەوانە بەویست و توانای خۆی کۆک و پڕ چەکە. ئەگەر دەست بەچوکلەچزیدانی و وەڕەزکردنی بکەن، دەسبەجێ وەجێیان دێڵێ، گرترێد لەگەڵ خۆیدا دەبا و بەهەردووکیانەوە دەڕۆن و بۆ دێبەرێک دەگەڕێن. بەڵام جۆکۆندینا بەزمانێکی شیرین و نەرمەوە ئاخاوت، ئۆگستینیۆش بەبیری نایە دایکی دیبێ وەک ئیمڕۆ هێندە بەناز و سۆز بووبێ.

– ئەگەر گەرەکتە ژن بێنی، بیهێنە... و کەسێک هەقی ئەوەی نییە پێشت لێ بگرێ... بەڵام مافی ئەوەت نییە بەم حاڵەوە، بەکۆڵ و پیارسکەکانی سەر پشتمانەوە، وێڕای گشت کلۆڵی و بەدبەختییەکانمان لەناو ئەم عاردە دڕکاوییەدا بەجێمان بێڵی، تا بڕۆی و تەنها خەمی خۆت بخۆی، من هەقمە ئەوە بڵێم چونکە لە سگمدا هەڵم گرتووی و بەشیری مەمکەکانم گەورەم کردووی. گەر نیازی ڕۆیشتنیشت هەیە، دەبێ چاوەڕێ بکەی تا ئەو حەلە وەچیازیرۆ دەگەین و بەکەشتییەکەدا ڕادەگەین... هەمووی چەند ڕۆژێک زیاتر نییە، ئایا ئەوە چ بارگرانییەکی تێدایە بۆت؟. پاشان ئەتۆ هێندە بێ بەزەیی و دڵڕەق نیت تا بۆ خۆت بڕۆی و هەروەک گیانلەبەری ناو جەنگەڵستانەکان باوک و دایکت بەسەر ڕێ و بانەکانەوە بەجێ بێڵی.

ئۆگستینیۆش بەقایلبوونەوە گوتی:



– ئەمن مەیلی ڕۆشتن دەکەم، ئەگەر هات و ئێوە بێزار و هەراسانم بکەن و هەمووان دەس لە ئیشوکارم وەردەن... چونکە ئێستا پیاوم و، دەتوانم بگەڕێم بۆ ئەو کەسەی نان و خواردنم بۆ ئامادە بکا... ئێوە گەلیش، بۆ خۆتان بچنە ساوپاولۆ؛ بەڵام من نامەوێ بچمێ.

– ئەقڵت لە کەللەدا نەفڕێ!. من نەمگوت لەگەڵماندا بێیتە ساوپاولۆ، هەر هێندە وەرە چیازیرۆ...

– چاکە، تا چیازیرۆ...

بەڵام جۆکۆندینا تەواو دڵنیا نەبوو.

– شتێکی تر هەیە.

– چی تر؟

– بەبێ سەرئێشە و ئەملاوئەولا دەست لە کچە بچکۆلەکە دەکەیتەوە تا بەوێ دەگەین! هەنگێش بەوێ دەگەین، زەماوەند دەکەی، چ دەکەی بکە... بەڵام بەرێگاوە دەستی پێوە نادەی، چونکە نابێ کەتنێک بقەومێ.

پتر لەسەری چوو:

– گەر ئەوە قەوما... من ئەو خەمە هەڵناگرم ئەی ئۆگستینیۆ گیان... ئەو حەلە لەبەر هیچ نا هەر لە داخاندا شەق دەبەم.

کوڕە بەبێ ئەوە متەق بکا، هەڵسا. بەڵام لە چاوەکانی و لە جوولانەوەی دەستی بۆی دەرکەوت کە بۆ ڕاکەی گوێڕایەڵ دەبێ. دەشیزانی کە دەتوانێ لێی دڵنیابێ. وێڕای ئەوەش هەر بەتەمابوو بزەی نەهاتێ تا ئەو حەلە نەبێ کە پێی گوت:

– باشە دایەگیان... دڵنیابە.

بەرەو لای پیاوەکان چوو، جۆکۆندیناش چاوی لە دووی بڕی. برسییەتیش سگی ڕاپێچ دەکرد.

## ١٨

جۆبیدرۆ مات و بێدەنگ بەسەر نووک پەنجەکانیدا، ڕووەو لای پشیلەکە هەنگاوی داوێشت. بەڵام ئەو زوو وەفریای خۆی کەوت و ڕزگاری بوو. ئۆگستینیۆ بەشوێن ڕاوەکەی خۆی گەیشت، ئەو حەلەش لە پێش ماریسکادا وەستا، هاواری لە باوکی کرد:

– لەولایەوە پێشی لێ بگرە، باوکەگیان.

پشیلەکە وەک بەرد چەقیبوو، چاوی لە بزفت و جووڵانەوەی هەریەکەیان بڕیبوو. لەمیانەوە چاوی دەچووە سەر ئەوی کەیان، بۆ هەلێک دەگەڕا هەڵێت. جیرۆنیمۆش لە سووچێکەوە وشک وێستابوو، ئیدی هەرسێکیان بەرەبەرە تەنگیان بەئاڵقەکەیان هەڵدەچنی. وا بەدیارکەوت پشیلەکە لە نیازیان گەیشتبێ و متەقیان نەکرد. چونکە جۆبیدرۆ تەنها بزاوتێکی کردبا ئیتر جافر لە کارەکە دەڕیا. دوانەکەی کەش و بەتاو و تەکان وەدووی ماریسکا کەوتن. ئەمە هەوەڵ جاریان نەبوو کە پرۆژە بۆ خواردنی دابنێن، ئەگەرچیش لاوازە. چونکە ئەوان لەو ڕۆژانەدا کە برسێتی تەنگی پێ هەڵچنیبوون، بەچاوێکی پڕ نەوس و ئیشتیهاوە تەماشایان دەکرد، بەڵام هەمیشە ڕووبەڕووی بەرهەڵستی کردنی مرتا دەبوونەوە. لەبەر ئەوە کچەکە وای لێ هاتبوو سەنگێکی هەبوو لەناویاندا و کاری تێ دەکردن جا پرۆژەکانی ئەوانیش هەروا بەنیوەچڵی مایەوە.

بەڵام برسێتی ئیمرۆ فرە ئارامی تێ بڕیبوون و مرتاش بەلایانەوە نەبوو، ئەو چووبوو و هۆڵی تۆنیۆ و ئیرنیستۆی دەخوارد. ئەوە هەلێکی ڕەخساوە و ئەگین تاهەتا لە قیس دەچێ. بەکاوەخۆ هەنگاویان دەنا، بێ ئەوە ورتە بکەن، ئینجا ڕادەوەستان تا بزانن پشیلەکە چ دەکا. پشیلەکە زۆر گەورە نەبوو، ڕەق و ڕێوەڵە و کەم گۆشتە و خواردەمەنییەکی پووچ پێک دێنێ، بەڵام خۆ لە هیچە چێترە. لە قۆڕەقۆڕی سگ باشترە. وا پێ دەحەسیان وەک بلێیی مشک گەدەکانیان دەقرتێنێ، سەریشیان گێژ و کاس و دەمیشیان تفت و تاڵ بوو و چونکە ئازووخەی تووتنەکەیان بەر لە ئازووخەی خواردەمەنییەکەیان ئاوا کردبوو، بۆیە پێیان نەکرا برسییەتییەکەیان بەجگەرەکێشان بخاپێنن، ئەمەش پتر جیرۆنیمۆی پەک خستبوو. ئەو دەبوو جگەرەکەی بەپەلکە گەنمەشامی بپێچێ و لە هەوەڵ ڕۆژەکاندا کە جگەرەی پێ نەمابوو بەوێنەی شێت بەدیاردەکەوت. بەڵام برسێتی تا دەهات پتر تەنگی پێ هەڵدەچنی تا وەک لە بێ تووتنییەکەی. وا ئێستاش لە پشیلەکەی بەردەمی نەبێ بیر لە شتێکی دی ناکاتەوە. وەها



لێک نێزیک بوونەوە دەیانتوانی دەستی یەکتر بگرن و ئاڵقەیەک پێک بێنن. ئەوەتە ئۆگستینیۆ دەستەکانی درێژ دەکا و خۆی پۆشتە و ئامادە دەکا تا بڕمێ بەسەر بەستەزمانەکەدا، بەڵام ماریسکای زیرەک و وریا کتومت لەو چرکەیەدا کە کوڕە وەختەبوو بیگرێ لەلایەکەوە بازی دا و جیرۆنیمۆش خۆی بەسەریدا دا، بەڵام پشیلەکە خۆی کرد بەنێوان قاچەکانیدا و بەغاردان پەنای بۆ نێو دارودەوەنەکان برد.

مەسەلەکە بەلای پشیلەکەوە وەک گەمە و یاری کردنێکی لێ هات. هەنگێش نۆکا مابوو، پێی خۆش بوو بەدوویەوە غار بدات و هەوڵ بدا بیگرێ، ماریسکاش بەچەند هەڵبەز و دابەزێک خۆی لێ دوور دەخستەوە.

ئەم بگرە و بەردەیە سەرنجی ئافرەتەکانی ڕاکێشا. حاڵی بوون مەسەلە چییە و متەقیان نەکرد. مرتاش هەلی بۆ هەڵنەکەوت زمان هەڵبێنێ، چونکە لەو حەلەدا جیرۆنیمۆ بەدەنگی بەرز گوتی:

– شتێکی کە نییە بیکەین... خۆ ناشگەڕێین لە خۆمان لە برسانا بمرین.

پاشان فەرمانی دا ئاو گەرم بکرێ.

بەهەزار حاڵ نەبێ نەیانتوانی ئاو بێنن... پێشتر لە دێبەرێکدا دبەیەکی خنجیلەیان دۆزیبۆوە ئەگەر بیرێکی ئاویان تووش دەبوو پڕیان ئاو دەکرد و لەناو تایەکی هەگبەی سەر پشت کەرەکە دایان دەنا. وەختێ لە دارولکەیەکەوە بۆ دارولکەیەکی تر بەغاردان وەدووی پشیلەکە کەوتبوون، گوێیان لێ بوو دینا مەنجەڵەکە پڕ دەکا و -تا ئێستە بەبێ هوودە- دەیخاتە سەر ئاگرەکە. ئەمەش پتر هانی دان تا لەم پێشبڕکە پڕ سەیروسەمەرەیە بەردەوام بن. ماریسکاش لە دەستیان هەڵدێ و بەنێوان قاچ و قولەکانیاندا دەخزێ. کات بەسەر دەچێ و پیاوەکان بەئەنجامی گرتنی نەگەیشتن. تۆنیۆش کە لەم غارغارێنەدا کەوتبووە تەکیان، دڕک و داڵ لەشی بریندار کرد، جا ڕۆیی و بەتەنیشت مرتاوە دەستی کرد بەگریان، مرتا بەبێ ئەوە ورتەیەک بکا دەینۆڕییە غاردانی کەسوکارەکەی و هەڵبەز و دابەزی گیانلەبەرە بەستەزمانەکە.

هەوەڵ جار جیرۆنیمۆ دەستی هەڵگرت. چونکە ڕۆژەکەی لەنێو عاردە دڕکاوییەکەدا بەڕاوکردنەوە وەسەربرد بەبێ ئەوە شتێکی وەچنگ بکەوێ. ئەوەش کارێک گەلێ گرانە بۆ پیرەمێردێکی برسی. جا تفێکی بۆ ئاسمان هەڵدا و وشک وێستا و چاوی بڕییە دوانەکەی تر کە هێشتا سوورن لەسەر ڕاونانەکە. لە دواییدا ماریسکا لە گەمە و

یاریکردن و ماندوو بوو و بەهەڵەداوان بۆ ناو کاتەنگا هەڵات. ئۆگستینیۆ هەوڵی دا وەدووی بکەوێ و تووڕەییییەوە تەماشایەکی مرتای کرد وەک بڵێی بەبەرپرسیاری دابنێ لە حاست سەرنەکەوتنەکەیدا. جۆبیدرۆش تەماشای کرد، بەڵام تەماشاکردنەکەی ئەمیان مانایەکی دی هەبوو. ئەو گەر بیەوێ دەتوانێ بەهاسانی پشیلەکە بێنێ. چونکە ماریسکا لێی دڵنیایە و، بەشەوان لەنێو گەرمی باوەشیا دەنوێ. مرتا لە هزری مامی تێ گەیشت. تۆ بڵێی ئەوەیان لێ گەرەک بێ؟. بەڵام کەسێک زاتی نەکرد ورتەیەکی لە زار بێتەدەر. هەر برسییەتیشە و بەسەر ڕوخسارەکانەوە دەنشێ، بەسەر ڕوخساری تۆنیۆوە کە دەگری و دینا کە بەبێ هوودە ئاوەکە گەرم دەکا و جۆکۆندیناش کە مشووری شیرەخۆرەکە دەخوا. خورد و خۆراکی هەر هەمووان بەهیممەتێکی ئەوەوە بەندە. ئەوان چاوەنوارن و کچەکەش دەزانێ چیتر بەرامبەر ئەم هەموو چاوە زەق و پڕ پاڕانەوانەدا بەرگە ناگرێ. پشیلەکەش لە ئارای دارولکەکانەوە دەمیاوێنێ و ئەویش بەدەنگە ناسراوەکەی گازی دەکا:

– پشی... پشی، ماریسکا گیان پشی.

ماریسکا لە پەناگاکەی هاتەدەرێ و بەدڵنیاییەوە ڕووەو مرتا خێرا خێرا گلوور بۆوە.



١٩

لە گەرمەی ئەم برسێتی و توێنییەتی و شەکەتییەدا، دینا نەخۆش کەوت، بۆ ئێوارێش گەرمی لەشی پتر پەرەی ستاند. ئەوە لە دوای گرتنی پشیلەکە بەچوار ڕۆژ ڕووی دا. مخابن خوانەکە خوانێکی ناتەواو بوو. چونکە ماریسکاش وەکو خۆیان بنێس و ڕێوەلە بوو، ئەوان تەنانەت ئێسکەکانیشیان داکرماند، بەڵام هەر مرتا نەبێ کە وێڕای تکا و پاڕانەوەکانی جۆکۆندینا و قسە ڕەقەکانی جیرۆنیمۆ، قایل نەبوو بخوات. پیرەمێردەکە پێی گران بوو لە کچەکەی تووڕەبێ، چونکە ڕۆژ لەدوای ڕۆژ پتر نازی پێ دەبەخشی و ئەو کۆمەک و هاریکارییە بەنرخەی لە بەرچاو بوو کە لە تەکیاندا کردی. دیناش پێی نەدەکرا کار بکات. ئەو بەغەمی هەردوو کوڕە کۆرپەکانەوە گلابوو. ئەگەرچیش هیچ کۆڵێکی هەڵنەگرتبوو بەڵام بەحاڵ بەڕێوە خۆی وەکێش دەکرد. مرتا بەئیشوکارەکانی ئەویش هەڵدەستا. دینا سەرباری لەرزوتێ ئەوپەڕی توانای وەگەڕەخست بەڕێوە بچێ، ڕۆشتنەکەشی خاو و بەکاوەخۆ بوو، لە تاکە ڕۆژێکیشدا تەنها سێ و چوار میلێکیان دەبڕی، چونکە هێزیان تیا نییە تا قۆناغی درێژتر ببڕن. دینا ئەلفێکی نەگوت تەنانەت لە بۆ گرترێدیش کە لە هاوشانی دەچوو، (چونکە ئەو لەوەتی بۆی ئاشکرا بوو کچەکەی ئۆگستینیۆی خۆش دەوێ، لێی نەدەگەڕا دوور بکەوێتەوە، هەمیشە چاوەدێری دەکرد، لەبەر ئەوەی فرە بەبەڵێنەکانی جۆکۆندینا پشت ئەستوور نەبوو). دینا وەها لەسەر ڕۆشتنەکەی بەردەوام بوو. هەر لەم ئێوارەیەشدا ئۆگستینیۆ مارێکی بەسەر ڕێگاکەوە کوشت، مارەکە ئاژەڵێکی گەورەی دەهەرساند کە چەند سەعاتێک پێشتر هەڵی لووشاندبوو. سووک و هاسانیش کوشتی چونکە نوستبوو و لە پاش ئەوەی کە وەستان، لەتێکیان لێ برژاند و خواردیان و پاشماوەکەشیان بۆ خۆیان هەڵگرت.

جۆکۆندینا گوتی:

– ئەمە نەبوو بەخواردنی مەسیحایان.

بەڵام کاتی مشتومڕکردن نییە، چونکە لەبەر خۆیەوە دەیپرسی چۆن چۆنی پێی دەکرێ بەبێ ئەو مارە دان بەخۆیدا بگرێ.

خوانەکەیان تەواو بوو هەستان کۆتایی بەقۆناغەکە بێنن. جیرۆنیمۆ لەو بڕوایەدا بوو کە مادەم ئەوان سگی خۆیان تێر کرد دەتوانن تا داهاتنی تاریکی بەشێکی زۆری ڕێگاکە ببڕن. جا نەقیزەی بەگەرمیاسەوە دا و بەسەر خێزانەکەیدا بەدەنگی بەرز فەرمانی دا:

– دەی، هەموو بۆ پێشەوە.

دینا نەیتوانی هەڵسێتە سەر پێ. لەوێشەوە هاواری گرتریێد کاروانەکەی وێستاند. جۆبیدرۆش بەهەڵەداوان غاری دا تا بزانێ چ قەوماوە.

– (تێ)یەکی بەربادە...

لە تۆی پیارسکەکانیاندا هەندێ لەو حەپانە مابوو، کە پێشتر بۆ چاکبوونەوەی جۆبیدرۆ بەکاریان هێنابوو و نەشیاندەزانی جۆری نەخۆشییەکە چییە، بەڵام پزیشک لەمەڕ گرانەتێ وەئاخاوت.

وا ئێستاش دینا (تێ) دەیگرێ و بەرێگاوە دەیخا. ئەم تێیەی کە ئامانی نییە، لە هەموو شتێ زیاتر لێی دەترسن دینا لە سەرمانا دەلەرزی ئەگەرچیش لە کۆتایی ئەم عەسرە درەنگەدا دنیا گەرما بوو.

هەموو جلوبەرگەکانیان کۆکردەوە بۆ ئەوە دایپۆشن و هەروا شەش ڕۆژی ڕەبەق بەدیارییەوە مانەوە، خزمەتیان دەکرد و پاشماوەی مارەکەیان دەخوارد، هەندێ گیانلەبەری (پریا)یان ڕاو دەکرد و پشووشیان بەخۆیان دابوو. لە دەمەدەمی کازێوەدا و لە ڕۆژێکدا کە خۆیان بینییەوە هیچ ئازووخەیەکیان پێ نەماوە و تەنانەت دڵۆپە ئاوێکیش بیخۆنەوە، دینا مرد و بەئاستەم هەروەک ئەوە بەسەر ڕووی عاردەکەوە بێ ناشتییان، چونکە ئەوان چ هێز و گوڕێک شک نابەن تا چاڵێکی قووڵتر هەڵکەنن. باڵندە (ئیریبیسەکان)[1]یش بەپۆل و گرووپی گەورە گەورە بەسەرسەریانەوە خول دەخۆن و لەم سەفەرەدا ببوون بەهاوەڵیان جۆکۆندینا ئەوەی بەبەدووم و شوومی لە قەڵەم دا:

– ئەوان چاوەڕێی ئەوەیانە پتر مردووان بنێژین.

(١) Urubu – جۆرە داڵێکە هێندەی کەڵەشێرێکی هیندییە، لە هەموو هەرێمە گەرمەکانی ئەمریکا پەرتوبڵاون، ڕەنگیان ڕەشە و دوو قاچی ئاماڵ سوور شک دەبەن، سەروچاویان بازێکی مەیلە و شینە هەروا ملیشیان.



## ٢٠

(ئیریبیسە)کان بەبێ ئەوە هیلاکییەکی زۆر بکێشن سووک و هاسان ئەو خۆڵەی لاشەکەی دینای پۆشیوە لایان برد. ئەوانیش شتێکی وەها گەورەیان لەم کاتەنگا وشک و ڕەق و چۆڵەدا بەرچاو نەدەکەوت بیخۆن، جا پۆل پۆل و بەچڕی و بەچاوی پڕ خوێنەوە و بەشەڕە دەنووک شاڵاویان هێنایە سەر لاشەکە. جیرۆنیمۆ کە لە پێشەوە دەڕۆیشت و باڵندە گۆشت خۆرەکانی بەئاسمانەوە نەدەدی لەتەک ڕەوتی قافڵەکەدا دەچوون، تێ گەیشت چ ڕووی دا، جۆبیدرۆش دەیزانی باڵندەکان وەختە لاشەی ژنەکەی ئاواکەن. بەڵام زاتی ئەوە ناکا بگەڕێتەوە و کات بەفیڕۆ بدات، چونکە دوا تین و دوا بڕستی تیا بڕاوە و چیتر بەرگەی ئازار ناگرێ، تەنانەت فرمێسکیش شک نابا بیڕێژێ ئیدی نەختە نەختە هاتنە سەر ئەو بڕوایە کە شتاقیان وەکۆتایی ئەم سەفەرە ناگا، بەخۆیشی هەرگیز چاوی بەو خێر و بێر و خۆشییە ناکەوێ کە بەسەر ساوپاولۆدا خێوەتی هەڵداوە. بەڵام بۆ پێشیشەوە هەنگاویان دەنا، چونکە خراپترین کار لەوەدا بوو بگەڕێنە دواوە. ئەدی بۆ کوێ بگەڕێنەوە مادەم ئەوان، نە وڵاتێک، نە ماڵێک، نە کێڵگە (مەنیهۆت)ێک و نەش کێڵگە گەنمەشامییەک شک دەبەن؟

پاش نیوەڕۆ (ئیریبیسە)کان گەڕانەوە و سەرلەنوێ وەدوویان کەوتن و بەئاسمانەوە ئاڵقە ئاڵقەیان بەست.

## ٢١

ئەگەرچی هەموویان لە تونێنییەتیدا نەخنکان ئەوا لە سای جۆبیدرۆوە بوو کە کاتێ لەو دەور و بەرەدا پەلەکوتکێی دەکرد پاشماوەی ئاوێکی لە بیرێکدا دۆزییەوە هێندەی نەمابوو وشک بکات. ئەوانیش هەتا توانییان مژیان پێوە نا و بەشی ئەوە نەما دبە خنجیلەکەی لێ پڕ بکەن. مادەم ئێستە چی پێویستیان بەڕاوێستان نییە لە بۆ چاشت و فراوین بۆیە هەرچییەکیان وەچنگ کەوتبا لەبەر و سەمەری کاتەنگا دەیانخوارد یانیش جار ناجار گیانلەوەرێکیان ڕاو دەکرد. ئیدی وایان لێ هات لە ڕۆژێکدا چەندەها جار ڕادەوەستان، دوو یان سێ کیلۆمەترەیەک دەڕۆشتن، لە پاشان ناچار دەبوون پشوو بەخۆیان بدەن چونکە هێز و توانا شک نابەن. تەنها گەرمیاس نەبێ کە سەلماندی توانای ڕۆشتنی تێدایە. جیرۆنیمۆش سەری زمانی و بنی زمانی ئەوەبوو بلێ: «ئەوان بۆیە بەدنیاوە ماون چونکە لە پاشی خودا قەرزارباری کەرەکەن». تۆنیۆش وەنەبێ تاقە کەسێکیان بێ کە بەشێکی ڕێگاکەی بەسواری گەرمیاسەوە بڕیبێ. جۆکۆندیناش خۆبەخۆی دەخرایە سەر هەگبەکانی سەر پشت کەرەکە وەختێ لاقەکانی هێزی ئەوەیان تێدا نەدەما وەکێشی بکەن ئا بەو شێوەیە جیرۆنیمۆ وای لێ هات بەقەد کوڕەکانی خۆی (گەرمیاس)ی خۆش بوێ. لە ساتە دوور و درێژەکانی ڕێپێوانیشدا و لەژێر قرچەی هەتاودا کاتێ پشتی هیلاک و ماندوو دەبێ وەک ئەوە بارێکی قورسی بەکۆڵەوەبێ، پێی خۆش بوو گەرمیاس بلاوێنێ و وشەی هاندەری بەگوێدا بچرپێنێ، جا فیتووی بۆ دەکێشا و بەنازەوە دەستی بەسەروچاویدا دێنا و بەلێنی گیای تەڕ و پاراوی پێ دەدا وەختێ وەکۆتایی ئازارەکانیان بگەن. ئەگەرچیش دەزانێ کە یەچیازیرۆ بگەن هەوەڵ کار لە پێشی دایە بیکا فرۆشتنی کەرەکەیە. چونکە ئەو دەمە چ سوود و کەڵکێکی نامێنێ. هەرچەند لەڕ و لاوایش بێ، ئەو فلس و عانانە دەکا بەشی ئەوە بکا کۆچەکەیان وەئەنجام بێنن. ئەگەر جیرۆنیمۆ پێشی کرابا لەتەک خۆیدا دەیبردە ساوپاولۆ، لەوێڕاش لە لەوەڕگەیەک ڕەهای دەکرد و لێ دەگەڕا بەکەیف و مایەشەی خۆی پاشماوەی ڕۆژەکانی ژیانی وەسەر بەرێ. کەرە بەش بەحاڵی خۆی کەشەنگ و ماندوو بووە، شیاوی ئەوەیە لە دوا ساڵەکانی تەمەنیدا، لەتەک گیای تەڕ و پاراو و ماینی جحێڵ و کحێلەدا خۆش خۆشێ ڕابوێرێ.

بەڵام هەرگیز پێیان ناکرێ لە چیازیرۆدا بیفرۆشن. ئەوان ئەودەمەی تونێنییەتی تەنگی پێ هەڵچنین -چونکە ئەو چۆڕە ئاوەی مابۆوە لە بۆ ئیرنیستۆ دانرابوو و تنوک تنوک نەبێ



نەدەدرا- و هەنگێش دڵنیا بوون کەچی دی ناتوانن ئۆقرە بەخۆیاندا بگرن، نەخوازەڵلاش کە دیتیان گەرمیاس ڕەگە دارولکە پاراوەکان بەقەپ هەڵدەپچڕێ. ئا لەو تۆزە وەختەدا کەرەکە لەتاو برسێتی و تونێنییەتیدا گیایەکی ژاراوی خوارد. کەرە غەریزەکەی لەو کارەی ئاگاداری کرد، بەڵام خۆی پێ نەگیرا. بەدرێژی سەفەرەکەش مادەم ڕەگوڕیشەی دارولکەکان و گەڵا (مەنداکیری) و (شیکشیک)ی وەچنگ دەکەوت توخنی گیا (تانگ)، ئەو گیا سەوزە هەوەس و نەوس بزوێنە - نەدەکەوت، بیخوات. بەڵام کەرەکە تۆزە وەختێکی بەسەردا هات برسێتی و تونێنییەتی تەنگی پێ هەڵچنی. ئەوجا زەڕینێکی درێژی بۆ کرد و چاوەکانی کردەوە وەک ئەوە خوداحافیزی لە دیمەنە خەماوییەکە بکات.

پاشان چاویان لێ بوو (ئیریپیسە)کان بەسەر سەریانەوە دەخولێننەوە و بەر لەوە چوارپێ بەستەزمانەکە لە پەلوپۆ بکەوێ باڵندە گۆشت خۆرەکان بەسەریادا بارین و خەریکی لەتوپەتکردنی بوون. قەل و داڵەکان زێدەتر زات و جورئەتیان وەبەرکەوت بەتەرزێ دەها لە موسافیرەکان دەهاتنە پێشێ و دەنیشتنەوە و بەدەور و خولیاندا ئاڵقە ئاڵقەیان دەبەست. تەنانەت کۆچلەبەرەکان ناچار دەبوون بەداروبەرد دووریان بخەنەوە. ئەو سێبەرەش کە بەسەر خۆڵەکەدا کردبوویان، تاکە سێبەر بوو لەم بیابانە چۆڵ و ڕەق و گیا و درەختە نزم و پەرت و بڵاوەدا کردبوویان، کە نە ئاژەڵ و نە گیانەوەر و نەش سەوزی تێدایە.

ئەوان چاویان بڕیبووە ئیریبیسەکان کە وەئاسمانەوە دەفڕین و گۆشتە لەتوپەت کراوەکانی لاشەکەی گەرمیاسیان بەدەنووک هەڵگرتبوو. هێشتا بەتەواوی گیانی دەرنەهاتبوو. بەڵام قیژە و هاواری جۆکۆندینا دارولکەکانی هێنایە لەرزین.

## ٢٢

بەڵام ئەو شتەی خەم و پەژارەی وەبەر جیرۆنیمۆ نابوو و هەروەک بڵێی ستەمێک وایە، ئەوەبوو ئەگەر گەرمیاس توانیبا ڕۆژێکی تر بەرگەی جەزرەوەکەی گرتبا نەدەمرد. چونکە بۆ بەیانی ڕۆژی داهاتوو وەدێبەرێکی سەوز و بەفەڕ گەیشتن، بەستێکی ئاوی لێ بوو، وا بەدیاردەکەت وشکی بەخۆوە نەبینیبێ، بەرەز و باخە جوانەکان گەیشتن کە خاوەنەکانیان ئاتاژیان پاڵە هەبوو، چەند ڕۆژێک کاریان کرد بۆ ئەوە ئازووخەیەکی باش بکرن بۆ بڕینی کۆچەکەیان. لەوێراش جیرۆنیمۆ زانی کەوا ڕێگاکەی وێڵ کردووە و گەر بهاتبا و ڕێگا ڕاستەقینەکەی بگرتایە بەر ئێستە لە چیازیرۆدا بوو. ئەمێستاش دەبێ ڕوو بکاتە ڕۆژهەڵات و نزیکەی سێ میل وەڕێوە بچێ، ئەمەش بریتییە لەو مەودایە کە لە شار جودایان دەکاتەوە. بەڵام بەعاردێکی بەپیت و سەوزدا دەڕوا و ناچار نابێ زۆر بکەوێتەوە ناو کاتەنگا. ناو بەناویش پێیدا دەڕوا، بەڵام نزیکەی بەشێکی زۆری کۆچەکە بەجادەیەکی پان و بەریندا کۆتایی دێ کە ئۆتۆمبیل و لۆری بارهەڵگری پێدا دەڕوا.

سەر لە ئێوارانێک کاتێک لە ئیشوکاری سەر کێڵگەکان دەگەڕایەوە (ئەوان خانوویەکیان دابوونێ دەیانتوانی تێیدا بنوون و خواردنیش لێ نێن)، لەو ئێوارەیەدا هەستی بەچزوویەک و ئێشێکی بەرباد کرد لە پشتیدا، ڕاست بۆوە بەڵام ئازارەکە هەر بەردەوام بوو، وەک ئەوە دەرزییەک بەپەراسوویەکانیدا چەقێنرابێ. پێ حەسیا دەمی تاڵ و ژووقماوییە، تفێکی سووری تفانەوە و ڕووی کرژ کرد، بەڵام لای کەسێک لە ماڵەوە ئەوەی نەدرکاند. سبحەینێش گەڕایەوە سەر ئیشوکارەکەی و جار ناجار ئازارەکە دایدەگرتەوە. ئێوارێ هەستی کرد تێی لێ نیشتووە، ئەوە لە ئاکامی ئەو سەفەرە دوور و درێژە بێ خورد و خۆراکەیە.

هەفتەیەکیان لە دێبەرەکە بەچنین و کارکردنەوە بەسەربرد. ڕۆژی شەممە فلس و عانەکانیان ژمارد، پێیان دەکرێ بەکرێکانیان ئازووخە و خواردەمەنییەکانیان بکرن. دڵیان نەهات دەست لەو پارەوپوولانە بدەن کە لەگەڵ خۆیاندا هێنابوویان. چونکە ئەوەیان بۆ کرێی ڕێوشوێنی نێو کەشتییەکە هەڵگرتووە. ئەم مانەوەیان دا لە مەزراکە تەندروستی ئیرنیستۆی چاک کرد و، ئەگەر ئەو کۆچەی لەبەریانە بۆ شار دەیکەن سەخت و ناخۆش نەبێ چانسی ئەوەی دەبێ بژی. لەو ئێوارەیەدا کە بڕیار وابوو کۆچ بکەن جۆکۆندینا پێ دەحەسیا شاد و کەیفخۆشە، ئەگەرچیش جیرۆنیمۆ وا هاتە پێش چاو کەشەنگ و لاوازترە،



بەڵام خەمێکی نوێیش بەدەموچاوییەوە نیشتبوو.

لەو ئێوارەیەدا هەموویان لە ماڵەکەدا بۆ شێو خڕبوونەوە. گرترێدیش چاوەکانی هەر شۆڕ کردبوو. نەیویست شام بکا، جۆکۆندینا لێی پرسی:

– چیتە کۆرپەکەم؟

– هیچ، هیچ.

جۆبیدرۆش بەدەنگێکی ڕەقەوە هەڵی دایە:

– ئایا نەخۆشی؟

– نەخێر، نەخێر...

جۆکۆندینا چاوی بۆ ئۆگستینیۆ گێڕا، ئەویش بەبزفتێک وەڵامی تەماشاکردنەکەی دایەوە، جۆکۆندینا چاوەڕێی کرد تا بزانێ چ ڕوو دەدا.

کوڕەکەی بێدەنگ بێ دەنگێ کولێرەیەکی لە ئارد ڕەگە مەنیهۆتەکان لەگەڵ گۆشتی وشکەوە کراودا دەخوارد و لەبەر خۆیەوە دەیپرسی چۆن چۆنی لەمەڕ مەسەلەکەوە باخێوێ جیرۆنیمۆ دەستی وەکۆکە کۆک کرد:

– باوکە گیان.

– چی؟

– ئێوە وەختە بگەن... لە چیازیرۆشەوە تا ئەوێ بێجگە لە کەشتی و شەمەندەفەرەکە چی ترتان لە پێشدا نامێنێ...

جیرۆنیمۆ چاوەڕێی دەکرد تا قسەکەی تەواو بکا. گرترێدیش بەترسەوە لە ماڵێ چووە دەرێ... جۆبیدرۆش بەئاگاوە گوێی بۆ ئاخاوتنەکەی ئۆگستینیۆ شل کردبوو.

– دەمەوێ لێرە بمێنمەوە... ئەمن وەبەڵێنێکەوە بەندم تا کێڵگەیەک بچنم... و نا....

– گەرەکتە بمێنیتەوە؟

جیرۆنیمۆ گەر بهاتایە و پێ نەحەسیابا لاواز و نەساغە تێروپڕی لە ئۆگستینیۆ هەڵدەدا. بۆ چما قەت دیتراوە کوڕێک بەو حاڵە کەسوکارەکەی لە نیوەی کۆچێکی دوور و درێژدا وەجێ بێڵێ؟ بەڵام سەفەرەکە گەلێ جیرۆنیمۆی گۆڕی، خێزانەکەشی لەتوپەت بوون و دارزین، هێندێکیان بەرێگاوە مردن، ئەوانی دیکەش نەخۆشن، خۆیشی تووشی ئەو ئێش و ئازارەی پشتی بووە و دەموچاویشی لە گەرمانا گڕی ئەستاندووە.

– گەر ویستت بمێنەوە... ئەمنیش دەتبەخشم بەڵکو خودا دەست وەباڵتەوە بگرێ... ئێمەش بەردەوام دەبین. دوارۆژمان لێراکە بێ مانایە، ئێمەمانانیش...

– بەکێ بزانێ، ڕەنگە منیش دوایی ئەگەر زانیم حاڵ و گوزەرانم باش نییە پێتان ڕابگەم.

جیرۆنیمۆ گوتی:

– دەی با بنووین.

– باوکە گیان، جارێ ڕاوەستێ...

– چییە؟

– گرترێدیش گەرەکیە لەگەڵما بمێنێتەوە...

– چۆن؟

– هەر کە کاهینێک بێرە هات زەماوەند دەکەین. یەکێکیش بەبۆنەی جێژنەوە هەر دێت.

جیرۆنیمۆ ڕوانییە جۆبیدرۆ. هیچ نیشانەیەکی ناقایلبوونی بەسەروسیمای براگەوەی بەدی نەکرد لە حالێکدا کە دەستی هەڵبڕی و گوتی:

– قەی چی ئەکا، باشتر وایە لەگەڵ ئەمدابێ تا وەک یەکێکی تر... بەڵام ئەمن گەرەکمە شوو بکا، نامەوێ ببینم کچەکەم وەک کچێکی داماو و مردوو بمێنێتەوە... ئەوە سەرشۆڕی و عارێکە ژنە کلۆڵ و بەدبەختەکەم هەرگیز نەیدەویست.

– بەڵام ئێمە زەماوەند دەکەین...

– چما شتێکت لەگەڵدا کردووە؟

– نەخێر، من بەڵێنی ئەوەم بەدایکم دا کە ڕێز و حورمەتی لێ بگرم و ڕێز و حورمەتیشم گرت. بەڵام ئەمێستا لێرە دەمێنینەوە.

جۆکۆندینا قسەکەی پێ بڕی:

– سوێند ئەخۆی کە دەیخوازی؟... بەڕۆحی دایکی؟.

– سوێندت بۆ ئەخۆم... هەر لەو ڕۆژەدا کاهینەکە بگا.

سارەبەیانی بەبێ ئەوان چوون. گرترێد نەگریا، بەڵکو شاد و کەیفخۆش بەدیارکەوت چونکە لە ماڵی خۆی دایە. ئۆگستینیۆ لێی دا بۆ سەر کێڵگەکەی داسەکەشی بەسەر شانەوە بوو. جیرۆنیمۆ لەبەر خۆیەوە دەیپرسی چۆن چۆنی پێیان دەکرێ بەسەر ئەرکە



ناخۆشییەکانی ژیاندا لە ساوپاولۆدا زاڵبن –لە حالێکدا کە بەخۆی نەساغە و براکەشی گێلۆکەیە– ئەدی جۆکۆندینا و مرتا و مناڵەکان بە چ حالێ گوزەران بکەن؟ ئەگەر بەخۆی توانای هەبا و بەرگەی گرتبا هەتا لە پارچە زەوییەکدا نیشتەجێ بن و جۆبیدرۆش تێیدا ببوایە بەجووتیار، ئەوا هەر نە ئێستا و ئەو حەلە لە خۆشیاندا سەری دەناوە. دیسانەوە بیری لە ئارتێر و دکتۆر ئۆرلیانۆ کردەوە، بەڵام هەستی بە چ ڕق و کینەیەک نەدەکرد، ئەگەرچیش شەکەت و ماندووبوو یانیش ورە و ئازایەتی ڕووخابوو.

## ٢٣

ڕەوەندەکان لە پشتەوەی کلێسەکەدا هەڵیاندابوو. ژمارەشیان هەمیشە زۆر و زەبەندە. چونکە ئەوانەی دەچنە پیراپۆرا هەر دەبوو بەچیازیرۆدا تێپەڕن، لە پێشیانیشەوە لەو بەرەکەی تری ڕووبارەکەوە شاری پیترولینای سەر بەدەوڵەتی بیرنمبۆک دایە. بەڵام ئەو کەسانەی وەڕۆخەکەی تر دەگەن بەکەشتی دەچوونە چیازیرۆ، لەوێڕاش پێیان دەکرێ ئاژانسەکانی دەریاوانی بدۆزنەوە و بلیتەکانیان بکڕن. چێتریش بۆیان وابوو بەزووترین کات بڕۆن و بیرەوەری ئەو کۆچەی نێو کاتەنگا و داخ و خەفەتی مردووەکانیان، ئەو فرەژان و ئازارەی لەبیریانە، لە پاش خۆیان بەجێ بێڵن. لە نێوان ئەم هەموو خێزانانەدا کە لە گۆڕەپانەکەدا هەڵیان داوە، خێزانێکیان تیا نەبوو، هەمان سەر و ژمارانەیان مابێتەوە کە لە سەرەتادا ڕێگای کۆچەکەیان گرتەبەر. بەگشتیش چەند حەکایەت و بەسەرهاتگەلێکیان پێ بوو دەیانگێڕاوە، شتاقیشیان لە نێواندا نەبوو ڕووگەش و دڵخۆش بێت. بۆیە لە خوایان گەرەک بوو بەزووترین کات بڕۆن. ئەگەر کەشتییەکانیش وەڕێ دەکەوت، سێهەمین خانە چڕوپڕ دەبێ، ئەو کۆچلەبەرانەش کە دەمێننەوە، دەبێ هەیامێکی دوورودرێژ چاوەڕێ بکەن بەر لەوە شوێنیان وەچنگ بکەوێ، چونکە قەرەباڵغن و کەشتییەکانیش ژمارەیەکی کەم لەو موسافیرانە نەبێ ناتوانن پتر هەڵگرن. ئەوماڵ کاولانەش کردبوویان وەپیشە لە سێهەمین خانەدا بیکەن بەپاڵەپەستۆ و بەسەریەکتردا بڕمێن.

دوا نیوەڕۆی ڕۆژێکی گەرمی لە ڕۆژەکانی هاوینە، هەتاو تۆز و گەردی شەقامەکان هەڵدەبڕێ و پەنجەرەکانی زۆربەی ماڵەکانیش داخراون. لەوێڕا چەند پیاوێک بەکراسی قۆڵدارەوە تێدەپەڕن. ژیان، سەرەڕای نەخۆشییەکان و شەکەتی و دەست نەکەوتنی جێ و ڕێ، لە ئۆردووگای کۆچلەبەرەکاندا وەجۆش و خرۆش کەوتووە.

هەمیشە لای بازاڕەکە سووکە ئاپۆرەیەک لە فرۆشیار و کڕیارەکان دەوێستان، بەقەد کێوێک کەوش و پێڵاوی تێدا بەسەریەک دانراوە، ئەوەش هەموو ئەو کۆچلەبەرانەی کە بەکەوش و کەڵاشی دڕاو و شڕەوە دەگەیشتن فرە وە ئاتاژی بوون. هەروا جلوبەرگی کەتان و کراسی ژنانە بەنرخێکی هەرزان و گۆشتی گا و هەندێ سەبزە و مەبزەشی لێیە.

کەرێک هات و ڕپ و ڕاست لەبەر قاپی بازاڕەکە ڕاوێستا. هەوەڵ کەس کە چاوی بەکەرەکە کەوت کوڕە قولەڕەشێکی بچکۆلە بوو، وەی زانی هی جووتیارێکی ئەو دەوروبەرەیە، هەوڵی دا لەو ناوە دووری بخاتەوە، بەڵام چوارپێیەکە توینوو بوو،



دەیەویست توێنییەتییەکەی لەو حەوزە ئاوەی کە دەبەرامبەر بازاڕەکە دایە بشکێنێ. کوڕەش بەفزوولییەکی سادە و ساکارانەوە تەماشایەکی نێو سەبەتەکانی کرد تا بزانێ باری کەرەکە چییە، هاکا مندالێکی مردووی تێدا بەدی کرد. کوڕە مندالە قولەڕەشەکە سەرسام سەرسامێ ڕاما. لە پاشان لێی دا و نەوی لە قۆڵ ئەو نابینایە کە لە خێر خواهان دەست پان دەکاتەوە.

–ئەوە چییە!

کوێرە ئەگەر بەمەسەلەکەی زانی، دوور کەوتەوە و گازی لەو ئافرەتە کرد کە پەتاتە چینی و (مەنیهۆت)ی ترشاو دەفرۆشێ. لە پاشان خەڵکەکە کۆبوونەوە و لەهەر تایەک لەو دوو تایانەی نێو هەگبەی سەر پشتی کەرەکە مندالێکی مردوویان دۆزییەوە. ئینجا چوون بگەڕێن بەدووی قومیسێری پۆلیسدا، هیچ مەتەڵێک لە ئارادا نەبوو پێویست بەهەڵهێنان بکا، مەسەلەکە دەبێ بەخێزانێکەوە بەندبێ کە بەڕێگاوە مردبن. ئەمەش باوە. چونکە گەلێ جار وا ڕێ دەکەوێ دوانزە یان بیست کەس لە دەوروبەری سەرتاوەوە وەڕێ دەکەون، کەسێکیان بەزیندوویەتی ناگا. بەڵام کەرەکە بەرگەی گرت و تا شار هات.

تاقمێک لە حەوت پیاو پێک هات بەشوێن پێیەکانی کەرەکەدا گەڕانەوە تا بزانن کەسێکی ئەو خێزانە بەزیندوویەتی ماون. چەک و داودەرمان و شیریان هەڵگرتبوو. لە پاش سەعات و نیوێک ڕێپێوان لەژێر دارێکدا تووشیان بوو بەتووش جیرۆنیمۆ و دەستە و تاقمەکەیەوە. پیرەمێرد خوێنی هەڵدێنا، خوێنەکەی شینێکی ئاماڵ ڕەشە. جا ئەوانیش لە بارەی خاوەنەکانی کەرەکەوە هەرچی هاڵ و هەواڵێکیان دەزانی پێشکەشیان کرد. ئەوان ژن و مێردێکن لە برسانا مردن، لە شوێنێکی سەرووتر لەسەر ڕێگاکە کە تووشیان هاتن. ئەمانە بەخۆیشیان هێندەیان نەمابوو وەجاغیان کوێر بێتەوە. بۆیە جیرۆنیمۆیان دەنێو جۆلانێیەکدا هەلاژاند و دوو پیاو ڕێگاکەیان گرتەبەر بۆ دۆزینەوەی هەردوو لاشەکە تا لە ڕای خوادا بیان نێژن. مردنی فلاگیلادۆسەکان ڕووداوێکی زۆر باوبوو لە دەوروبەری چیازیرۆدا.

جۆلانێکەیان نا بەسەر شانەکانیانەوە. جۆکۆندینا ئیرینستۆی هەڵگرتبوو. پیاوێک بەزەیی پێ داهات و منالەکەی لێ وەرگرت و لەوە واقی وڕما کە ئەم منالە وێڕای لەڕ و لاوازییەکەی هێشتا زیندووە. جۆبیدرۆ و مرتاش بەحاڵ خۆیان وەکێش دەکرد تا وەکو بەڕێوەبچن. بەڵام تاکە کەسێکیان تا ئێستە تێدا بێ گورج و توانای ڕێکردنی تیا مابێ

تۆنیۆ بوو. ئەویش یەکێ لەو پیاوانە کە دەستی خاڵی و بەتاڵ بوو هەڵی بڕی و خستییە سەر تلیقانەی.

– ئای کوڕپە هەژارەکە!

ئاوەها پێیان وەنێو شار نا. جۆکۆندینا دەیڕوانییە ئەو جۆلانێیەی کە جیرۆنیمۆی تیایە. ئەوان لە سەرتاوادا بەو حاڵە مردوو دەنێژن. هەڵیان دەگرن و بەدرێژی چەندەها میل جۆلانێیان پێ دەکەن، تا گۆڕستانێکیان وەچنگ دەکەوێ. جۆکۆندینا لە دیمەنی مێردەکەی کە بەبێ هیچ هێز و توانایەکەوە خوێن هەڵدێنێ و هەروەک لاشەیەکی بێ گیان هەڵگیراوە، دڵی گوشرا و نیگەران بوو. ئەم کارە تەنها مۆم و دروودی کەم بوو.

ڕێوڕاست بەرەو خەستەخانەکە چوون. لەوێڕاش سیستەرێک پێشوازی لێ کردن. جۆکۆندینا گوێی لێ بوو یەکێک لە پیاوەکان دەیگوت:

– ئیسقایەتی... و حاڵیشی گەلێک پەرێشانە.

لە پاشان گفتوگۆیەک کرا شتێکی لێ هەڵنەکڕاند. لەبەردەم دەرگاکە چەند پزیشکێک جلوبەرگی سپییان پۆشیوە و داخێون. خەستەخانەکە جمەی دەهات. جۆبیدرۆ کە گوێی بۆ قسەکان هەڵخستبوو، هەندێ ڕوونکردنەوەی پێشکەش کرد. دواجار قایل بوون کە جۆبیدرۆ لەژێر چاوەدێریدا لای خۆیان بهێڵنەوە، تا بزانن ئەنجام چ پێویست دەکا بۆی بکەن. پاشان جۆلانێکەیان کێشایە ژوورێ و لەچاو جۆکۆندینا ون بوو. ئینجا یەکێک لەوانەی کە بەتەکیان کەوتبوو شوێنی ئۆردووگای کۆچلەبەرەکان و بازاڕەکەی بۆ دەستنیشان کردن، لەوێ دەتوانن ئازووخە و خواردەمەنییان وەدەست بکەوێ. مۆڵەتیان پێ درا سبحەینێ بێن و چاویان بەجۆبیدرۆ بکەوێ، سەردانی لە هەمان ڕۆژدا مەحاڵ بوو، چونکە یاسا و پێڕووەکان ڕێگا بەو کارە نادەن.

لە گشت دنیادا کەسێک نەبوو ئەمەندەی جۆکۆندینا زەندەقی لە خەستەخانە چووبێ. چونکە هەر وەختێ هەژارێکی تیا بکەوێ مەحاڵە هەروا بەهاسانی دەرچێت و هەردوو لاقەکانی بۆ پێشەوە دەرنەپەڕیبێت؛ جۆکۆندینا لە منالیدا ئەوە فێر ببوو. تاقیکردنەوەی دوورودرێژی ژیانیش پتر ئەو بڕوایەی تێدا چەسپاند. دوا جاش کە لە پلیکانەکانی خەستەخانەکە هاتنە خوارێ، وەها بەدیارکەوت وەک بڵێی ماڵئاوایی هەمیشەیی لە جیرۆنیمۆ بکات. لەو بڕوایە دابوو جارێکی دیکە چاوی بەچاو پیرەمێردە هەژارەکەی ناکەوێ.



بەڵام پیرەمێرد دوای سێ ڕۆژ لە خەستەخانە هاتە دەرێ و هەموو بۆچوون و بیروباوەڕەکانی ئەمیانی پووچەڵ کردەوە. چونکە ئاتاژیان بەخێزانە زیاتر تا وەک دەرچوونی لەبەر ئەوە چاک بۆتەوە. هەنگێش تەنگژەکە تێپەڕی پزیشکەکان بڕیاریان دا نەخۆشییەکە لە هەوەڵەمین قۆناغی بووە و لێی کۆنی نەکردووە. بۆیە هەندێ داودەرمانیان دایە و گەلێکیش ڕێنمایی و ئامۆژگارییان کرد: پشوو بەخۆدان، نوستن لە پاش چاشت*، خۆنەدان لە ئیشوکاری قورس و گران و خواردنی باش. تێکڕاش خۆی لابدات لە زۆر شت کە لە وزەیدا نییە بیکات.

(١) چاشت: خواردنی قاوەڵتی.

## ڕووبارەکە

١

کابرای لەمەڕ ئاژانسەکە بۆیان ڕوونی کردەوە کە کۆچ کردن بەڕووباردا نێزیکەی حەوتوویەک دەخایێنێ، بەڵام ناتوانێ مسۆگەریان بکا، چونکە گەلێ جار کەشتییەکە بەسەر کۆمەڵە لمێکەوە لەنگەری دەگرت ڕەنگبوو چەند ڕۆژێک هەروا بمێنێتەوە، لەولاشەوە دەریاوانەکان هەوڵیان دەدا وەنێو ئاوەکەی بخەن. کابرا گشت ڕوونکردنەوەکانی بەنابەدڵی پێشکەش کرد، چونکە هەموو ڕۆژێکی بەوەڵامدانەوەی ئەو فیلاگیلادۆسانەوە بەسەر دەبرد کە بلیتی سەفەریان دەوێ، وەنەبێ ئەم ئەرکەشی پێ خۆش و بەدڵ بێ.

ئەگەر جیرۆنیمۆ چوو بلیتی شوێنەکان بکڕێ، پەنجەرەی تیکتەکان لەلایەن کوچلەبەرێکەوە گیرابوو، ئەویش پاشماوەی مشتومڕەکەی گوێ لێ بوو.

– ناشێ لێی کەم بکەیتەوە؟

ئەم پرسیارە دەبوو لای مووچەخۆرەکە باوبێ:

– ئێمە لێرە دوکانی تورکیمان دانەناوە... نرخەکە وا دانراوە.

پیاوەکە هەناسەیەکی هەڵکێشا:

– هەر تۆزێکیش کەمتر؟

چ وەڵامێکی وەچنگ نەکەوت. بەڵام پەنجەرەی تیکتەکانی بەرنەدا، بەئومێدی ئەوە کابرای مووچەخۆر دڵی نەرم بێ.

– ڕێگا بدە بەیەکێکی تر، ئادەی برادەر دەستی لێ بەردە.

– بیکە بۆ خاتری خوا، ئەی گەورەم، تیکتەکانم پێ بفرۆشە، تەنها (١١) (میل ریس)ی کەمە... لە پاشان دەگەڕێمەوە دەتدەمەوە...

– دووبارەی دەکەمەوە ئەمە مەحاڵە. چونکە من لێرە خاوەن کار نیم.

بەخۆیشی دەیگوت، ئەگەر بهاتبا و خۆ بەخۆی خودان کار بایە، بێگومان لەم چیازیرۆیەدا هەڵی نەدەکرد، ناچاریش نەدەبوو گوێ لە تکا و پاڕانەوە بێهوودەکانی فیلاگیلادۆسەکان بگرێ.

– ئەدی خاوەن کار لە کوێ دایە؟. دەمەوێ لەگەڵیا باخێوم، دەبێ ئەو پیاوێکی چاک



بێ، ڕەحم و بەزەیی تیا مابێ؛

– خاوەن کار دەوڵەتی (باهیا)یە...

وەختێ پیرەمێردەکە هەر دایە کەللەڕەقی و شوێنەکەی بەرنەدا، مووچەخۆرەکە لە کەلێنی پەنجەرەی بلیتەکانەوە سەری کێشا و بانگی جیرۆنیمۆی کرد:

– سەرەی تۆیە، هێی کابرا... ئەتۆش برادەر، دەی خێراکە یانزە (میل ریس)ەکە پەیدا بکە و بگەڕێوە!...

کابرای سادەی بەستەزمانیش بۆڵژنێکی بۆ کرد، بەڵام شوێنەکەی بەردا، جیرۆنیمۆش فلس و عانەکانی دەژمارد و بۆ ئەوانی تر کە چاوەڕێ دەکەن ڕوونی دەکردەوە:

– وتیان نرخێک هەیە، ئەوەتە ئێستەش نرخێکی ترە... چۆن بەسەر ئەم کۆسپەدا زاڵ بم و ئەوی پێویستیم پێیە وەدەستی بێنم؟. لەوێدا ئیشوکارێک نییە مرۆڤ بیکا و بەهۆیەوە لەتە نانێک پەیدا بکا... تەنها سواڵکردنە و هیچی تر...

ئەم هزرە سام و ترسی وەبەر نا، بەڵام بوو بەقیڕ و پێوەی لکا: کابرایەکی کۆنە ساڵی وەک منیش کە عار و شەرمەزاری دەموچاوی پۆشیوە و وەک پەککەوتە لە خێر خواهان دەست پان بکاتەوە...

ئەوانی کە وەڵامیان نەدایەوە... نەک لەبەر ئەوە یەکێتی دەنێویاندا نییە، بەڵکو لەوە دەترسان نەبا پیرەمێرد داوای یارمەتییان لێ بکات و ئەوانیش پارەکانیان کەمە، هی واشیان تیا بوو حاڵیان وەک حاڵی ئەوبوو، سوور بوون لەسەر ئەوە کە بەختی خۆیان تاقی بکەنەوە، ئەگەرچیش گوێیان لە وەڵامەکانی مووچەخۆرەکە بوو.

جیرۆنیمۆ پارەی تەواوی پێ بوو، هێندێکیشی بۆ دەمێنیتەوە، چونکە نەختێ زیاتری هەڵگرتبوو لەو پارەیە کە بەشی ڕێگاوبانی هەموو خێزانەکەی دەکا، ئەمە وێڕای بلیتێکی تەواو بۆ دینا و نیو بلیتیش بۆ نۆکا. بەڕێگاشەوە لەوە پتریان خەرج کرد کە پێشتر دایان نابوو، بەڵام ئاتاژی بەوە نەبوو داوا لە کابرای مووچەخۆر بکات بۆی کەم بکاتەوە وەک ئەوە پیرەمێردەکەی بەر لەخۆی کردی. بۆیە لە دوای ئەوە کە پارەکەی لە چمکێکی دەسەسڕەکەی دەرهێنا و لە پاش وی لە مست مووچەخۆرەکەی نا، پێ حەسیا بۆی هەیە چەند پرسیارێک بکا. کاتی ڕاست و دروستی کۆچکردن دانرابوو ڕۆژی سێشەممەی داهاتوو بێ، بەڵام ئەوە بەمێژووی گەیشتنی کەشتی و هێنانە خواری شتومەکەکانەوە بەندە. مووچەخۆرەکە وەڵامی هەوەڵ پرسیارەکانی جیرۆنیمۆی بەدڵێکی فراوانەوە دایەوە،

وەلێ هێشتا کارتێکردنی دیمەنی ئەو پیرەمێردەی کە یانزە (میل ریس)ەکەی ناتەواوە بیدات بەهەقی سەفەرەکەیدا پێوە دیار بوو. بەڵام جیرۆنیمۆ گەرەکیە گەلێ شتی تر بزانێ، دوایەش تەنگی بەئۆقرەی کابرای بلیت فرۆش هەڵچنی:

– هەفتەیەک، دە ڕۆژ، مانگێ، ئەمە بەڕووبارەکەوە بەستراوە... دەشزانرێ کەی دەڕوا بەڵام نازانرێ کەی دەگات...

ئەویش سوپاسی کرد و چووە دەرێ. جیرۆنیمۆ بەهۆی داودەرمانەکانەوە ئەو ئێش و ئازارانەی لە پشتی هەستی پێ دەکرد نەمان و (تێ)کەشی کۆتایی پێ هات. لە ئۆردووگاکەدا دەیتوانی چێشت لێ بنێ و گۆشت بکڕێ و شیریش بۆ منداڵەکە پەیدا بکات و ئەو ڕۆژانەی وەسەریان برد وەک بووژاندنەوە بوو بۆیان.

جیرۆنیمۆ وەختێ گەڕایەوە نێو خێزانەکەی بەهەزار حاڵ وار و وردەکانی دەکرد، چونکە باش سەری لە هەژماردن دەرناچێ. «گەر ئۆگستینیۆ و گرترێد بهاتبان، ئەو پارەیەمان پێ نەدەما بیدەین بەهەق بلیتەکاندا». ئەوە ڕاستە (١٢٠) میل ریسی دانێ، بەخۆی بەجۆکۆندینای گوت بیانداتێ. هەقیشی نەبوو بیانداتێ چونکە ئۆگستینیۆ کار دەکا، ئەوانیش بۆ ئەو ڕێگایەی لە پێشیاندا بیبڕن گەلێ وەئاتاژی بوون. بەڵام نەیویست پێشەکی کوڕ و برازاکەی بەبێ هیچ فلسێ دابمێنن، ئەوە وەک بەزەیی پیا هاتنەوەیەک وابوو، جا ئەو پارەیەی دانێ کە تا سەری مانگ بەشیان بکات، لەبەرئەوە کرێکەیان زۆر کەم بوو و ناشتوانن پاشەکەوت بکەن مادەم ئۆگستینیۆ ناچارە خۆبەخۆی کەرەستە و تفاقی کارکردن بکڕێ، گەر بهاتبا و ئەو چوار کەسە کە لێیان کەم بوونەوە لەگەڵیاندا بهاتبان پارەکە بەشی هەمووانی نەدەکرد.

کۆچەکەیان پتری خایاند تا وەک ئەوە دایان نابوو. هەموو شتێکیش بەقەد ئەوە وابوو چاوی مرۆی لە تەکدا دەربێ و دواجاش بەدرێژی ئەو هەفتەیەی کە بەناچاری لە چیازیرۆدا بەسەریان برد دەبێ مشوورێکی خەرجییەکەیان بخۆن، ئەگینا بەبێ هیچ فلس و عانەیەک بەپیراپۆرا دەگەن. جیرۆنیمۆ دەیزانی هیچ نەبێ مانگێک پتر چاوەڕێی هۆی گواستنەوە دەکەن، چونکە قۆناغی شەمەندەفەر لەسەر دەوڵەتی ساوپاولۆیە ئەو کەسانەش لە پیراپۆرادا لە کەشتی دەهاتنەخوارێ بۆ ئەوەی بچنە پایتەخت[1] بەسەدەها و سەدەها

(١) ساوپاولۆ پایتەختی دەوڵەتی ساوپاولۆیە و، هەر یەک لەو بیست دەوڵەتە کە کۆماری بەرازیل پێک دێنن، پایتەختی خۆی هەیە.



دەژمێردران.

جیرۆنیمۆ گەیشتە ئۆردووگاکە و بەرەو ئەو سووچە کە دەستە و تاقمەکەی ئەو ڕۆژە گەیشتن و پیارسکەکانیان تیا دانا، چوو. بەنێوان پیاو و ئافرەتەکاندا و بەلای ئەو چاوەجاغە سەفەرییانەدا کە لە سێکوچکانی پێک هاتبوون، ڕاڕەوێکی بۆ خۆی کردەوە و جار ناجار دەکەوتە سەر منالە بەچەوازی تێ کەوتووەکاندا. ئایا ژمارەی ئەوانەی لێرەدان چەند بوو؟ ڕەنگە سێ سەد بن، لەوانەیە پتریش بن... گومانیش لەوەدا نییە کە جیرۆنیمۆ باش سەری لە ژماردن دەرناچێ و ئەنجام کۆکردنەوەکەی هەمیشەیان ئێگجار زۆر دەبێ، یانیش زۆر کەم دەبێ.

جۆکۆندینا کە دی دێتە پێشەوە هەڵسایە سەر پێ. ئیرنیستۆی خنجیلەی بەباوەشەوە بوو، لەو دەمەدا جیرۆنیمۆ دوا نیوەڕۆی ڕۆژێکی نێو دێبەرەکەی بەبیرهاتەوە، دوا نیوەڕۆی ڕۆژێکی پاش جێژنەکەی ئەتالیبا و هەواڵی دەرکردنەکەیان. ئەو لەو ڕۆژەدا کوڕە خنجیلەکەی لەنێو گەوڕەکەدا بەباوەش جۆکۆندیناوە دی، لەولاشەوە ژیڤا بەبۆڵژن و منگەمنگەوە درووود و نوێژەکانی بەئەنجام دێنا. سێ مانگ بەسەر ئەو سەرلەئێوارەیەدا تێپەڕیوە کەچی وای بەخەیاڵدا دێ ئەوە چەند ساڵێکی دوور و درێژە؛ ئەودەمەی زۆر بەدوور دەهاتە پێش چاو، جا بەسۆزەوە دەیهێنایەوە یاد، بەقەد ئەوە کە کەمێ پێشتر بیرەوەرییەکانی ناو کێڵگەکانی دێناوە یاد، بیرەوەریی ڕۆژانی لاوێتیی، ئەو وەختەی کە گاوانێک بوو و بەڕێوبانەکاندا دەخولایەوە و چاوی بەجۆکۆندینا کەوت، ئەویش لەو دەمەدا کچێکی نەشمیلە و نازدار بوو...

بەچیچکانەوە بەلای ژنەکەیەوە دانیشت و بلیتەکانی بۆ فڕێ دا کە چاک لەکن خۆی هەڵیان بگرێ، چونکە بەنرخترین شت بوو کە شکی دەبەن. جۆکۆندیناش پاش ئەوەی لە بەڕکی داینا، هات و بەتەنیشتییەوە ڕوونیشت.

– چاکتر نەبووی؟

– بەڵێ... ئازارەکەم نەماوە.

– ئەوە ئی هیلاکی ڕێگاوبانە.

– بەڵێ.

جیرۆنیمۆ پاشماوەی ئەو پارەیەی کە لە چمکێکی دەسەسرە گرێدراوەکەی وەشێردبوو دەرهێنا و لە جۆکۆندینا داوای کرد:

– بیژمێرە تا بزانی چەند ماوەتەوە...

بەخۆیشی دەستی کردە وردکردنی تووتن تا جگەرەیەک پێ بکات و ژماردنە شل و خاوەکەی جۆکۆندینای شێواند وەختێ لێی پرسی:

– جۆبیدرۆ لە کوێیە ؟

– لە بازاڕە شتێک دەکڕێ بیخۆین...

– ئەی مرتا ؟

– هۆ ئەوەتە، کۆمەکی ئەم و ئەو دەکات... فێر نەبووە هەروا بەدەستی خاڵی دانیشێت...

جیرۆنیمۆ بزەی هاتێ. «مرتا دڵێکی هەیە لە ئاڵتوون؛ ئەو بەمەشییەوە لە جۆکۆندینا دەچێ». بەئاواتیشەوە بوو لە ساوپاولۆدا بەختی یاربێ و شوو بەکوڕێکی سالار و گران بکا، شیاوی خۆی بێ و کەمێ پارەداریش بێ.

– ئەدی تۆنیۆ؟

– لەتەک جۆبیدرۆ دایە.

ئافرەتی تاین چاوی لە فلس و عانەکان هەڵبڕی.

– دیسانەوە لێت تێک دام.

بەڵام ئەمیان بیری لە شتێکی دی دەکردەوە.

جۆکۆندینا متەقی نەکرد، چاوەکانی نەوی کرد. تاریکی لە شاردا کەم خایەن بوو، چونکە ئەلکتریکەکان خێرا وەفریای شەو دەکەوتن. تۆزێ بێدەنگی باڵی کێشا، ئینجا جۆکۆندینا داوای کرد:

– لە هەژماردنی پارەکە یارمەتیم بدە.

بەهەردووکیانەوە بۆیان ساغ بۆوە کە پارەکە سەد و سی و هەشت (میل ڕیس) و چوارسەد ڕیسی ماوەتەوە.



–٢–

شتێک لەوێدایە لەوەسپ و پێناسەکردن نایە بۆ ڕۆخ ڕووبارەکە وەکێشی دەکردن. بەسەر ڕۆخەکەی ترەوە ئەلەکتریکەکانی پیترۆلینا و سێبەری (کاتیدرائیە) بەسامەکەیان بەدی دەکرد، ئەو کلێسەیەی کە تاکە ڕۆنراوێکی هونەریی مەزن و گەورەیە لە شارەکەدا. یەکێک ڕوونی کردەوە کە ئەوێ قەشەیەکی لێیە، لەبەر ئەوە (کاتیدرائیە)کە جوان و ڕازاوە بوو، شووشە و جامەکانی لە فەرەنساوە هێنراوە، ئیرەیی و بەخیلی چیازیرۆ دەورووکێنێ، ئەو شارە هەرە پان و بەرین و پێشکەوتوو و وەجۆش و خرۆشەی کەوا کلێسەیەکی تیا نییە –تەنانەت لە دووریشەوە– لە کلێسەکەی پیترۆلینا بچێ. چەند کۆچلەبەرێکیش لەوێدایە قیرووسیایان لە پارچە پوولێکی بچووکی بەنرخ –چوار سەد ڕیسییەک– دەکرد و سواری بەلەمێک دەبوون تا بچنە ڕۆخەکەی تر، لە نێزیکەوە پێخۆشحاڵیی خۆیان بۆ ئەو ڕۆنراوە دێرینەیە دەردەبڕی، بەڵام مجێوری کلێسەکە ڕێی نەدەدان بچنە ژوورێ، لەوە دەترسا نەبا بێت و نەختینە ئاڵتوونییە زۆر و زەوەندەکانی ناوی بدزرێن. بەدەوروبەریدا گەلێک ماڵی کۆن و ڕزیو و کۆختی داڕماو هەبوون. بەڵام ڕووبارەکە پتر سەرنجی ڕادەکێشان تا وەک کلێسەکە. ئەوە ڕووباری ساوفرەنسیسکۆیە، ئەوان لە وڵاتی خۆیاندا. لە وڵاتی هەتاو و وشکی و نەهاتیدا لە بارەیەوە شتیان دەبیست. پێشتر ئاوێکی وەهایان بەچاو نەدیبوو. هزری ئاو لەلای ئەوان هزری لافاوی دەخستنەوە یاد وایان بەخەیاڵدا دەهات کە ئەو عاردانەی دەوروبەر لە ڕادەبەدەر بەپیت و بەفەڕ و بەرەکەتن و سەریان سوڕما لەوە وەختێ دییان جووتیارەکانی ڕۆخ ڕووبارەکە جلوبەرگەکانیان شڕۆڵە و خۆشیان لەڕ و بنێس و ئەسپێیاوی و پیس و پۆخڵن و دەموچاویان (تێ) هەڵیبزڕکاندوون. ئەگەرچیش وا چاوەنۆڕ دەکرا گشت ئەو خەڵکە لە نێو ئەو هەموو ئاوە چڕوپڕەدا بەمنەکردنی ئاڵتوونەوە خەریک بن. بەڵام هەر زوو بۆیان ئاشکرا بوو کە ئەو عاردوبەرە بەرین و بەپیت و فەڕانە ئی دوو سێ دەرەبەگن، ئەو پیاوە سیس و ڕێوەڵە تێدارانەش کە هەر لە بەیانێوە تا ئێوارێ بەسەر بێڵەکانیانەوە لە کێڵگەکانی ئۆریکیری auriacur و کەرنۆبس Carnaubais و لە دێبەرەکانی چەڵتووک و لۆکەدا ئارەقە دەڕێژن، لە عاردی کەسانیکدا کاریان دەکرد و قازانجێکی کەمتریان وەچنگ دەکەوت لەوێ کە لە سەرتاودا وەدەستیان دێنا.

زۆربەی کۆچلەبەرەکان لە سیارا و پاراهیبا و ڕیۆگراندی و دی نۆرتەوە دەهاتن، لەو

هەرێمانەوە کەوا لە سۆنگەی وشکی و قاتییەوە وێران و کاول ببوون. کاتێکیش چاویان بەڕووبارە بێ پایانەکە و ئاوە زۆر و زەوەندەکانی هەموو ئەو لایانە دەکەوت، دەموچاویان لە خۆشیاندا دەگەشایەوە و، تا ماوەیەک ڕادەمان و بەئانیشکەکانیان خۆیان دەدا بەسەر شوورەی شۆسەکەدا و دەیاننۆڕییە ئەو کەشتییە خنجیلە تایەدارانە کە لەوێڕا مۆڵیان پێ دراوە و چاوەڕێی ساتی کۆچکردن دەکەن و بەپەرۆشەوە گوێیان بۆ ئەو خوڕە و هاژەیە دەگرت کە ڕووبارەکە لە ڕۆشتنی بێ وچانیدا دەیناوە. یەکێکیان گوتی:

– ڕووەو دەریا دەکشێ...

جا هەوڵیان دا خەیاڵی ئەوە بکەن؛ داخوا دەریا چ بێ. ئەگەرچیش ساوفرەنسیسکۆ ئێستا بەدەم ئاوەڕۆکەیەوە ئەو هەموو ئاوە بەفیڕۆ دەدا کە دەشێ ئەقڵ بیگرێ، داخوا دەریا چەندە ئاوی لێ بێ؟. ئەو کەسانەش بەزۆری سەفەریان کردووە و بەڵەدی گەلێ شار و شارۆچکەی نێزیک ڕۆخەکەن حەکایەتگەلێک لەمەڕ دەریاوە دەگێڕنەوە، دەڵێن تا چاو هەتەر بکا دەکشێ و لە کۆتایی نایە. کەسێکیش نییە چاوی بەڕۆخەکەی تر کەوتبێ... ئەم ئاخاوتنە دووڕەگێکی بچووک سەلماندی و دەڵێ ئەو بەخۆی لە کۆرتالیزا بووە.

– ئەگەر بەعاردەکەشدا دەماڵێ سپی سپی بەوێنەی شیر هەڵدەگەڕێ و لە خوات گەرەکە بیخۆیتەوە.

یەکێکی دیش ویستی بزانێ داخوا ڕاستە ئاوی دەریا سوێرە. چونکە ئەوەی پێ وتراوە. بەڵام تۆ بڵێی ئەمە وا بێ؟.

– ئەمەندە سوێرە مەحاڵە لە گەروو بچێتە خوارێ.

ئەوجا پیرەژنێک پرسی:

– ئەدی بۆ چێشت و مێشت بەکاری دێنن؟

– نەخێر بەکاری ناهێنن.

بەم مەتەڵەوە دۆش دامان. مادەم سوێرە لە بەرچی بۆ چێشت بەکاری ناهێنن؟.

– ئەمە پاشەکەوتێکی زۆر دەنێتەوە.

ئەو حەلەش شەو دادێ ژمارەیەکی کەمیان لە ئۆردووگاکە دەمێننەوە، چونکە گرووپ گرووپ و خێزان خێزان –هەمیشە ڕوو دەکەنە هەمان لا: ڕووەو شوورەی شۆسەکە. دانیشتووانیش وەختێ ئەوانە تێدەپەڕین، بەبێ فزووڵەوە تەماشایان دەکردن، چونکە دیمەنەکە دیمەنێکی ئاسایی بوو لە ژیانی شارەکەدا. هەموو ساڵێک دووپات دەبۆوە. جار



ناجاریش دوو کۆمەڵی جوداجودا لە ئۆردوگاکە دەبینران: ئەوانەی ڕووەو ساوپاولۆ شۆڕدەبنەوە و بەبڕینی کاتەنگاوە سەفەرەکەیان بەئەنجام دێنن و ئەوانەی لە ساوپاولۆ دەگەڕێنەوە و خۆیان ئامادە دەکەن بۆ بڕینی ڕێوبانەکانی سەرتاو. ئەوانەش هەر هەموویان دەسبەجێ ڕێی سەفەر دەگرنەبەر، شەوێک لە چیازیرۆ دەنوون تا هێز و گوڕیان بێتەوەبەر لە پاشاندا بەرەو ناوخۆ دادەکشێن. ئەوانی دیش کە دەچنە ساوپاولۆ هەیامێکی زۆر بەچاوەنۆڕکردنی کەشتییەوە دۆش دادەمێنن. کەسانی بێ چانسی وایان تیا بوو مانگێک زیاتر چاویان لە هاتنی ئەو کەشتییە دەبڕی کەوا بۆ لایەکی کەمێ قووڵی ڕووبارەکە لایداوە. ئەنجامیش گەلێکیان بۆ بڕینی قۆناغی نێوان چیازیرۆ و پیراپۆرا لەو پاپۆڕە گەورە و زلانەدا کە چەند هەفتەیەک دوا دەکەوتن، شوێنیان دەگرت.

پاپۆڕە گەورەکان بەپێچکەکانیان و توێکڵی ئاسنین و دووکەڵکێش و هۆڕن و شووتەکانیانەوە پتر کاریان لە جووتیارەکان دەکرد تا وەک کەشتییەکان. پاپۆڕە دارینەکان بەوێنە هەڵکەنراوەکانی پێشەوەیان: سەرە ئافرەت یان گیانەوەر– وێنە گەلێک وەک وێنەکانی فانۆزی ئەفسووناویان دێناوە یاد، زۆربەی ئەو پاپۆڕانەش بەشەو دەگەیشتن و بەلای سوکانەکانیانەوە ڕووناکییەکی سوور هەبوو. لەولاشەوە کۆچلەبەرەکان بەئانیشکەکانیان خۆیان داوە بەسەر شوورەکەدا و ئەو بانگەواز و هاوارە سەیرانەی کەشتیوانەکان دەیانکرد وا بەدیاردەکەوت و وەک بڵێی لە کەسانێکەوە دێ، خاوەن زمانێکی دی و خەڵکی وڵاتانێکی تر بن.

فلاگیلادۆسە سلۆکە[1] شەرمنەکان دۆست و هاوەڵیان لە شارەکەدا نەگرت. ئەم مەسەلەیە کەمترە لە نێوان ئەو دەریاوانانەی کەوا جۆرە چاوسووکییەک دەنوێنن، وەک بڵێی ژیانیان بەسەر ڕووباری ساوفرەنسیسکۆوە سەرکێشییەکی پاڵەوانانەیە وایان لێ دەکا بەرزتر و گەورەترین لە گشت ئەو جووتیارە سیس و نەخۆشانە کە تینوو و تامەزرۆی ئاون. ئەوان پێخۆشحاڵی خۆیان لە حاست ئەو قولەڕەش و دووڕەگانەی کەوا قیت و قۆز و هەتا نێو قەد ڕووت بەسەرلێواری پاپۆڕەکاندا دەڕۆیشتن، دەردەبڕی، نەخوازەڵلاش لە حالێکدا دارە درێژەکانیان سووڕ دەدەن و لە ئاوەکەی دەژەنن تا لە بنی دەدا، بەو کارەیان وا لە پاپۆڕەکە دەکەن بەسەر ئاومالکەکاندا بڕوات. سەری دارەکانیش توند توندێ نووساوە بەسنگیانەوە و هەمیشە ئەو شوێن دارانە پفیلکەی خوێناوی دەکەن. ئەم کارە

---

(١) سلۆک: ترسنۆک.

سەیرە لە کن خەڵکی سەرتاو مایەی دەربڕینی پێخۆشحاڵییەکی بێ هامتا بوو و دەیانگوت:

– کارێکی پیاوانەی ڕاستەقینەیە.

گوێیان بۆ پێکەنین و گۆرانی و مۆزیقای دەریاوانەکان شل کرد، بێگومان ئەوان سەر بەرەگەزێکی دین، لەوان جوداتر... وێڕای ئەوەش گەلێک شێوەیان لەوان دەچێ، هەمان دەموچاوی هەڵبزرکا و هەمان ڕوومەتی چاڵ و هەمان ئەو پێ و پلانەی کە بەهۆی زۆری عارد کوتین و بەرێوەچوونەوە زل و ناقۆڵا بوونە.

وەختێ پاپۆڕێک دەوەستا، هات و هاوار و غریوە غریو پەرەی دەستاند: ئەوە چەند فەرمانێکە کە دەریاوانێک لە پلەیەکی پێش پلەی خوارەوە بەدەنگی بەرز دای، چەند پیاوێکیش بەخستنی لەنگەرەکانەوە دەستوبرد دەکەن، ئەوانی کەشیان دارەکان دەچەقێنن، لە پاشان گەمییەکە خاوو قورس لەنگەر دەگرێ، وەک ئەوە باڵندەیەکی زەبەللاحی نوستووبێ بەسەر ڕووبارەکەوە. پیاوێک گوتی:

– ئەڵێی نێرە سۆنەیە.

وێنەکەی پێشەوە سەرە ئافرەتێک بەقژێکی کاڵی شۆڕ تا بلێی شۆڕ بەرەو نێو ئاوەکە و دوو چاوی شین لەو چاوانەی ئەوپەڕ دەریا و دوو لێوی سووری گۆشتن دەنواند. ڕووناکیی گەمییەکەش دەلەرێتەوە و وێنە هەڵکەنراوەکە ڕۆشن دەکاتەوە. دڵی زیاتر لە یەکێ لەو فلاگیلادۆسانە لە سۆنگەی ئەوینێکی کوتوپڕی ئەو ئافرەتە دەستکردە داریینەیە کە تەنها سەروملی پێوەیە، خێرا خێرا وەلێدان کەوتبوو. بەڵام تا بڵێی جوانە، لە تۆ وایە زندووی زندووە و ڕۆحی لەبەرە.

گەمییەکە لە نێزیک شوورەکەوە وێستا. ئەو کوڕە لاوەش کە لەوێ بەتەنیشت مرتاوەیە و دووڕەگێکی کەتەیە و (ڤیسانت)ی ناوە، بەمرتای گوت:

– ناوی تۆی هەڵگرتووە...

– کێ؟

– کچی لەمەڕ گەمییەکە.

مرتا تێ نەگەیشت و دەستی کرد بەحنجەکردنی ناوی پاپۆڕەکە.

– م ر، مر... ت ا، مرتا.

مرتا ڕوانی، بەڵام پاپۆڕەکە بەشێوەیەکی چەپ و ڕاست دەڕۆیشت، لەناو ئاڵقەی



ڕووناکییەکە دەرچوو و چی دی نووسینەکە نەدەخوێنراوە. مرتا پێ حەسیا بەختەوەرە. کوڕە لاوەکە نۆڕییە دەموچاوە هەڵبزرکاوەکەی کە بەهۆی کۆچەکەوە ڕەق و لاواز هەڵگەڕاوە، دوایەش سەیری چاوە بەقوولاچووەکانی و مەمکۆڵە خڕومڕەکانی کرد. وەک ئافرەتە قژکاڵەکەی پاپۆڕەکە نەشمیلانە نەبوو. بەڵام وێڕای ئەوەش کچێکی لەبارە، شیاوی ئەوەیە بیخوازێ.

(ڤیسانت)یش چار نەبوو، دەبوو بچێتە ساوپاولۆ؛ چونکە باوکی لە گرتووخانەی (فرناندۆ دی نۆرنها) باجی سزایەکی دەدایەوە.

ئەو کاتی خۆی ئاغایەکی کوشتبوو، ئاغاکە بەبیانووگەلێکی دزێو دزێوەوە[1] لەسەر عارد و ماڵی خۆی وەدەری نابوو، خێزانەکەش پەرتوبلاو و پەڕەوازە ببوون، دایک لە تەک ئەو برا گەورانەدا مایەوە کەوا لە دێبەرێکدا کرێکاری ڕۆژانە بوون؛ ڤیسانت وای بەچێتر زانی سواری شەمەندەفەری ساوپاولۆ بێ، لەوێڕاش دەتوانێ کار بکات و دادیارێکی[2] دڵنەرم دەسنیشان بکات و باوکی لە بەندیخانە دەربێنێ. ئەمە کاهینی ناوچەکە پێی گوت. جا لێی دا برسی، تینوو، چەندەها میل وەرێوە چوو، لێرە و لەوێ کاری دەکرد تا سەفەرەکە تەواو بکات؛ هێندە نەمابوو لەگەڵ پیاتۆئیستیڤاودا بمێنیتەوە نەخاسمە وەختێ چاوی پێ کەوت و ئاخاوتنەکانی چوون بەدڵییەوە. بەڵام ئارەزووی وەدەستهێنانی پارەوپوول بۆ ئەوەی بیدا بەکرێی پارێزەرێک کە لەسەر باوکی بکاتەوە و ئازادی بکا، لە هەموو شتێک گرینگتر بوو لەلای. کاهینەکە پێی گوت بە(کۆنتۆ)یەک[3] یان دووان دەتوانێ چاکترین دادیار لە پاراهیبا بگرێ. دوو (کۆنتۆ)یش پارەیەکی زۆرە. بەڵام کابرایەک بێ وچان بەدرێژی چەند ساڵێک کار بکات، دەستبلاو نەبێ و بەهیممەت بێ دەتوانێ کۆیان بکاتەوە. ئەگەر ئەو ساوپاولۆ بەناوبانگەش وەک دەڵێن خێر و خۆشی و هەرزانی بەسەریا داڕژابێ، ئەوا بێگومان بەڵێنەکەی بەجێ دێنێ. پیرەمێردیش سی ساڵی ڕەبەق لە گرتووخانە بۆ بڕابۆوە سەرەڕای سەختی ئەشکەنجە.

بەهۆی سەرکردن و دابەزینی ئاوەکە پێشەوەی پاپۆڕەکە هەمدیس هات و کەوتە بەر ڕۆشناییەکە. ناوەکە بەڕەنووسێکی ناشیرین، بەپیتی سوور نووسرابوو، بەڵام چاک

---

(١) دزێو: ناشیرین.

(٢) دادیار: پارێزەر، محامی.

(٣) Conto: هەزار میل ریسە یان هەزار کریزیروسە Cruzeirus.

دەخوێندراوە، تەنانەت مرتاش کە لە شەش ساڵ زیاتر لە قوتابخانە نەمابۆوە پێی دەکرا بیخوێنێتەوە.

جا بەچەپڵە لێدانەوە بەدەنگی بەرز گوتی:

– ئەمە ڕاستە!

ڤیسانتیش بەدڵنیاییەوە گوتی:

– تۆ لەو جوانتری.

– هەی! تۆ بۆیە وا دەڵێی تا دڵم خۆش بکەی.

هەرچەند خۆشحاڵییان دەربڕیبا بەرامبەر ڕووبارەکە و ئاوە ڕۆیشتووە بێ وچانەکەی و ئەو هات و هاوارە و غریوە خۆشانەی دەهاتە گوێیان وەڕەز و بێزار نەدەبوون. نەک تەنها مرتاو ڤیسانت، بەڵکو ئەوانی کەش بەگشتی، ئەوانەی کە لەو وڵاتانەوە هاتوون کە بەهۆی بێ ئاوی عاردەکەی وشک و ڕەقە و تەنها دڕندەترین گیانەوەرەکانی و پیاوی لە هەمووان زاڵتر و دڕندەتر دەتوانن بەرگری لە خۆیان بکەن. ڕووبارەکە بێباکانە دەڕوا، ستران و گۆرانی دەریاوانەکانیش لە بەلەم و پاپۆڕە وێستاوەکانەوە دێتە گوێ لەمەڕ ئەوین و غەم و ناپاکی و مردنەوە.. دەدوێن. جا هەردووکیان بێدەنگ گوێیان شل کرد.



-٣-

لە حاڵێکدا کە خۆیان دابوو بەسەر شوورەکەدا کەم کەم داخاوتن. ڕامابوون لە ڕووبارەکە ورد دەبوونەوە، دەست و پلیان تێ وەردەدا، دەیاننۆڕییە قووڵاییی ئاوە لێڵە کەرپچییەکە، هەموو شتێک بەلایانەوە تازە و سەیر بەدیار دەکەوت. بێدەنگیش لە دوورەوە نەبێ کە بەڕستەیەکی کورتی پێخۆشحاڵی بوون یانیش کتوپڕییەک دەنا هەر نەدەبڕاوە. گفتوگۆ و دەمەتەقێیەکان کەم بوون، بچووکترین ئەو ڕووداوانەش کە بەسەر ڕووبارەکەوە ڕوو دەدەن سوود و قازانجێکیان دەناوە جا قسەوباسیان دەسبەجێ کڕوکپ دەبوون. ئەو حەلەش بەڕێکەوت پاپۆڕێک وەڕێ دەکەوت، هەمووان خۆیان دەدا بەسەر شوورەکەدا، ئێرەیی و بەخیلییان بەو کەسانە دەبرد کە لە خۆیان دەها بەختەوەرترن چونکە ئێستا دەڕۆن. کۆچلەبەرەکانی سێهەمین خانەی چڕوپڕیش بەشەرمەوە دەستەکانیان بەئیشارەی خوداحافیزییەوە ڕادەوەشێنن، پاشان چاوەکانیان لە کەشتییەکە دەبڕن بەدوی ئەو کەفەی کە پێچکەکان بەهەموو لایەکدا دەیبینینەوە. ئەو شتە لەکن وان دیمەنێکی گەلێ نایاب بوو، وای لێ دەکردن بەوپەڕی ڕێز و حورمەتەوە سەیری بکەن و تۆزێ سام و ترسیشیان وەبەر بنێ. چونکە ئەو ساوپاولۆ دوورە دەبێ زۆر بەپیت و دەوڵەمەندبێ تا شیاوی گشت ئەم قوربانییەی ئەوانە بێ کە ڕوویان تێ کردووە.

لە ئۆردووگاکەدا بەدووورودرێژی داخاوتن. سەری قسە و بنی قسەکانیشیان بریتی بوو لەو هەموو پرۆژانە کە بۆ ساوپاولۆ ئامادەی دەکەن.

ئەو دەمەش جووتیارەکان لەو وڵاتە ڕازاوە و پڕ لە پیت و سامانە، بەجلوبەرگە شڕ و ڕزیوەکانیانەوە دەگەڕانەوە کە لە جلوبەرگی دانیشتووانی ئەوێ شڕۆڵەترە و باسی ئەو تەنگانە و ناخۆشییانە دەکەن کە چەشتوویانە، ئەوا ئەو گوێگرانەی کە تۆزێ خۆیان ئامادە کردووە بڕوایان پێ بکەن، هەمیشە ڕووی دەمیان دەکردە پیاوێک کە لە هەمووان گەشبینترە و قسەی ئەویان بەڕاست دەزانی:

– ئەوانە ساویلکە و منداڵن، حەز لە ئیشوکار ناکەن... هەر هێندەیان دەوێ بۆ خۆیان ڕابوێرن و بەبێ عارەق ڕشتن سوود و قازانج وەچنگ بێنن.

کەسێکیش پێی وا نەبوو کە وەدەستهێنانی پارە و سامان لە ساوپاولۆدا هەروا ئاسان بێ، بەڵام ئەو هیواو و ئومێدە شک دەبەن کە هەیە، عاردیش وشک و بێ بڕست نییە، یانیش دابینکردنی گران نییە وەک ئەو عاردانەی کە بەجێیان هێشت.

دەڵێن پیاوێک هەنگێ بەوێ گەیشت دەسبەجێ پارچە زەوییەکی درایە تا بیکێڵێ... لە چاندنی قاوەشدا شەتڵی گەورە گەورە دەبەخشن... وا بەدیار دەکەوێ لەوێڕا هەموو شتێکیان بۆ دەڕەخسێ... چ لە ڕووی ئامێر و کەرەسەوە و چ لە ڕووی ئاژەڵ و وەڵاخیشەوە.

بەڵام ئەوی هومێدێکی لەم دڵە شەکەتانەدا هێشتبێتەوە، دیتنی ئەو زەویوزارانە بوو کە بەبێ ماندووبوون و بەبێ ئەو گێرمە و کێشە و بگرە و بەردانەی کە چەند ئاغایەکی نەناسراو دەینێنەوە، پێیان دەدرێ. کاتێکیش عارد پوختە و جوان بکێڵدرێ، داهات چێتر دەبێ، ئاڵوگۆڕ کردنی ئەم هاڵ و هەواڵە نادروستانە لەمەڕ ساوپاولۆوە بنچینەی پێوەندییەکانی لە ئۆردووگاکەدا پێک دێنا.

لە ڕۆژانی هەوەڵدا بێجگە لە دەردەسەری و ئێش و ئازاری کۆچەکە نەیاندەویست شتێکی دی بگێڕنەوە، وەک: برسێتی و توێنییەتی و نەخۆشی و مردن. بەڵام حەزیان دەسبەجێ دەچووە سەر کەشتییەکە و ئەو هێڵە ئاسنینەی کە دەچێتە پیراپۆرا و پاشانیش ڕووەو ساوپاولۆ دەکشێ. هەر ئازار و هاوار و داد بوو و هەمووان بەزەیی و گریانیان دەهاتێ. بەڵام تاقە شتێک لەوێڕا لە دوویان بەجێ ما، ئەویش ئەوەیە کەسێک ناتوانێ مردووەکان لە گۆڕەکانیان دەربێنێ، ئەو مردووانە لە سیقەتۆرەی ئیرپیبیسەکاندا بوون و ببوون بەگۆشت. ئەم ڕووبارەش بەخوڕە و هاژەی ئاوەکەیەوە کە وەک ڕەنگی عاردە، وەک بڵێی سنوورێک لە نێوان ڕابردوو و ئێستادا دادەنێ. ئەوان گەلێک ئازار و مەینەتی و کلۆڵییان بەتوولەڕێیەکانی کاتەنگاوە دی، ئێستاش شیاوی ئەو خۆشی و ئاسوودەیەن کە لە ساوپاولۆ چاوەنوارِیانە.

جارناجاریش گومان لەو خێر و خۆشییە و ئەو ئاسوودە و ئاشتییە دەکەن، نەخاسمە کاتێ تەماشای بزە و زەردەخەنە گاڵتەجارِییەکانی سەر لێوی ئەو کەسانە دەکەن کە لە پایتەختەوە گەڕاونەتەوە.

– بڕۆنە ئەوێ، ئەوجا دەبینن چییە...

ئافرەتەکان بەئاسانی ورەیان بەردەدا. بەڵام سەرجەم ڕەشبینییەکەیان کەم خایەن بوو. جا بۆ ئەوەی سەلماندنەکان ئەو بێ باوەڕانە پووچ بکەنەوە پشتیان بەحەکایەتەکانی نێو ئۆردووگاکە و حەکایەتی فلانە یان فیسارە فلاگیلادۆس دەبەست کە خزمەکەی لە ساوپاولۆدا دەوڵەمەند بووە. یەکێک لەو فلاگیلادۆسانە مامێکی هەبوو، دوانزە ساڵ پێشتر کۆچی بۆ ئەوێ کردبوو، زۆر دەوڵەمەند بووە، تەنانەت خانوویەک لە پایتەخت شک



دەبا و نازناوی (کۆلۆنێل)یشی وەدەست هێناوە.

– بەکۆلۆنێل نەبێ ناوی نابەن... هەر ئەویش پارەوپوولی بۆ ناردین تا بڕۆین... دەڵێ تەنها لە شەتڵە قاوە هێندە شک دەبا لە هەژماردن نایە. ئێمەش لە بۆ خۆمان دەچین لەنێو زەویوزارەکاندا کار دەکەین.

جا ئەو حەلە هەمووان دەدەنە قاقای پێکەنین و قسە و سەلماندنەکانی ئەو کەسانەی بەدەسخەڕۆیی گەڕاونەتەوە پووچەڵ دەکەن، وەک ئەوە سەلماندنەکانیان تەنها ڕمڵ و خەیاڵ بن. دوایەش هەموو خەڵکی بۆیان نالوێ سەرکەوتوو و بەختەوەر و خۆشبەخت بن و ماڵ و سامان پێکەوە نێن. چونکە گەلێ کەس هەن بەدرێژی ژیانیان بەهەژاریی دەمێننەوە. ئەمە بۆچوونی ئافرەتەکان بوو، بەڵام هەریەک لەو ئافرەتانەش وایان دادەنا لە ڕیزی دەوڵەمەندەکانی داهاتوودا خۆیان ببیننەوە. ئا لەم بارودۆخە ڕۆحییەدا لە چیازیرۆدا چاوەنواڕی کەشتییان دەکرد.

ئەم ژیانەش کە لە هەندێ سات و تۆزە وەختدا وەختە بوو کوێر ببێتەوە، بەتایبەتی کاتێ گشت هەویا و هومێدێک وا بەدیارکەوت وەک ئەوە ون و لە دەست چووبێت ئەوا لە ئۆردووگاکەدا هەمدیس دەپشکووت و دەگەشایەوە. ئەوە ئۆردووگایەکی هەژارە، بەڵام شتێکی تیا بەچنگ دەکەوت بیخۆن و ئاویشیان کەم نەبوو. دەوروبەریشیان بەمارە ژاراوییەکان نەتەنراوە، ترووسکەی هیواش سەرلەنوێ لە ناخیاندا سەری هەڵدا. بەڵام وێڕای ئەوەش کۆچلەبەرە بەرباد لەرزوتێ گرتووەکان و ئەوانەی لاوازیی لە سنگیاندا شک دەبەن، نەخاسمە منداڵەکان لەو ئۆردووگایەدا دەمردن؛ بەڵام ئەم چەشنە مردنانە بەڵگەی ئەوە نەبوو کە داهاتوویشیان وا دەبێ، چونکە یەک دەبێ بەدووی ئەوی تردا بڕۆن. مردووەکانیش تەنها گاوگەردوونی و قوربانی کاتەنگان، ئەوان وەها بیریان دەکردەوە.

لەسەر عارد دەنووستن، ئەوانەی کە نەختێ پارەیان شک دەبرد، دەستی کۆمەکیان بۆ هەرە لات و هەژارەکان درێژ دەکرد، قیرِوسیایان لە چەند لەتە گۆشتێ یان چەند مشتێ لۆبیە، یانیش تۆزێ ئارد دەکرد. بازاڕی چیازیرۆ دەوڵەمەند و پتر لە پێویست شتی تیا بوو، بەڵام هەمووان بەکەمێک پارە و پوولەوە دەگەیشتن، ڕەنگە پارەکانیشیان بەشی ئەوە نەکا بیدەن بەهەق بلیتەکاندا. جا ئەوی زۆر ئاتاژیان پێ نەبێ نایکڕن و گۆشتی هەرزان و وردە لۆبیە و ئاردی بۆریان دەکڕی. جیاوازیی نێوان ژیانی ئێستایان و ئەو برسێتییەی لە کاتەنگادا چەشتیان –سەرباری پاشەکەوت– زۆر بوو. شیریشیان بۆ منداڵەکان پەیدا دەکرد، هیچ نەبێ بۆ ئەوانەی کە کەسوکارەکانیان دەستیان دەڕوا بیکڕن. جۆکۆندینا تۆزێ

پشـتێنی دەسـتـە و تاقـمـەکـەی خـۆی شـەتەک دەدا، بەڵام ڕۆژانەش نیـو قـاپ شـیـری بۆ ئیرنیستۆ دابین دەکرد. شیرەخۆرەکە ڕووی لە چاکبوون کردبوو، سگیشی بەهۆی ئاردەوای ڕەگە (مەنیهۆت)ەکانەوە هێشتا ئاوساوە، بەڵام ئێسکەکانی بەسەر پێستەکەوەی بەدیار نەکەوتبوون. لەبەر ئەوە تۆزێ جیڕ و توند بوو بۆیە کەم کەم دەگریا و بەسەر زبڵ و پیس و پۆخڵییەکانی ئۆردووگاکەدا گاگۆڵکێی دەکرد. بەڵام تۆنیۆ بەپێچەوانە. ئەو هەر سیس و بنێس و نەوسن مایەوە، لە دوکانە دارینەکانی دەوروبەر دزی دەکرد و بەردەوام زللە و تێهەڵدانی لەلایەن جۆبیدرۆ و جیرۆنیمۆوە بەر دەکەوت. بەدەموچاوە ڕەق و باریک و چاوە زیتەکانی و دەست و پلە خێراکانییەوە هەر دەتگوت مشکێکی بچووک و خنجیلەیە. ئەو منداڵانەش کە بەتەمەنتر بوون، چەند تاقمێکی هەرچی و پەرچییان پێک هێنابوو، کەسێک نەمابوو جاڕس و بێزاری نەکەن، بگرە لە کۆگاکانیش شتیان دەدزی و بەلۆکە و کیابۆس Quiabos و شتی پێچراوەی دزراوەوە لە بازاڕ دەگەڕانەوە.

ئەوان کە لە سەرتاوەوە هاتبوون، وەها گەورە دەبوون و گەلێ شتی سەیر و پەنام فێر دەبوون: هەمووکەین و بەین و زانیارییەکی منالانی قولەڕەشەکانی شار، ورد و درشتی ئەو ئاکار و ڕەوشتانە کە پێوەندییان بەژیانی سیکسایەتییەوەیە وشەی ڕەق و ناهەموار و وەڵامی دزێو و ناشیرین. بەڕاکردن و غاردان دەکەوتنە دووی ئەو عەتارە عەرەبانەی کە دێن شتومەکە قەڵب و تورەهاتەکانیان لە ئۆردووگاکەدا بفرۆشن و بەملوانکەی شووشەیی ڕەنگاوڕەنگ و شانەی گەورەی قژ و شاڵی گوڵگوڵی و عەتر و گوڵاوە هەرزانەکانیان ئافرەتەکانیان دەخاپاند.

ئافرەتەکان چاویان لەو سنووقە سیحراوییە دەبڕی کە گەلێ شتی ڕازاوە و دڵفڕێنی تیا وەسەریەک نراوە. ئەو فلس و عانانەیان دەژمارد کە بۆ ئاتاژێ یان شتێکی پێویست هەمیشە وەیان شێردبوو، هەروەک سترانێکی خۆش و دڵگیر گوێیان بۆ (های، های)[1] ڕۆژهەڵاتییەکان -کە بەزمانێکی سەقەت و شێواوەوە دەیانگوت- شل دەکرد:

- دەی وەرن بەلاشە، بەلاشە[2]... ئاڵتوونم پێیە، ئاڵتوونێکی ڕاستەقینە... سوێندت لە سەری بۆ دەخۆم...

(١) یەکێک شتێک ئەفرۆشی بەدەنگی بەرز دەڵێ های «وەک چۆن دەڵێن های کاڵەگ... های ترۆزی... هتد».

(٢) بەلاش: بەخۆڕایی، زۆر هەرزان.



ئەمانەش ئەموستیلەن، ئای ئەم ئەموستیلانە چەند جوانن! ئەمانەش گەردانەن؛ گەردانەی شین، سوور، پەمەیی!. ئەم شتانەش شانەن، بەشێوەیەکی پێچاوپێچی جوان نەخشێنراوە و لەبەر هەتاو وەکو ئەڵماس دەچریسکێنەوە. ئەمانەش وێنەی پیاوچاکانن، پیاوچاکە لە هەموان خۆشەویستترەکان: خاتوو پاکیزەی فریاڕەس، گەورە و سەروەرمان دی بۆ نڤیم، (بارب)ی پیاوچاک، (کۆم)ی پیاوچاک، (دیمیان)ی پیاوچاک و باوکە هەرە پیاوچاک سیسرۆ، لە چیازیرۆکەی ترەوە، لە سباراوە. ئەمانەش عەتر و گوڵاون، ئەو عەتر و گوڵاوانە کە بۆنی ئەم هەناسەیە دەبەنەوە کە بەلەشیانەوە لکاوە و هێشتا ئەم گەرماوە زۆر و ئاوەی لای ڕووبارەکە نەیبردۆتەوە ئەمانەش نموونەی چەند قوماشێکن لە گشت ڕەنگێ، لە چنین و دەسکردی وەڵاتی ساوپاولۆن و ئەو عەتار و بازرگانە عەرەبانە دەیانگوت لێرە هەرزانترە تا وەک ساوپاولۆ، لەو سندووقانەیاندا کە پڕن لە زۆر شتی جۆراوجۆری پڕوپووچ هەموو شتێکیان پێ بوو، ئەگەر لە پێش ئەو چاوە واق و وڕماوانەشدا دەیانکردەوە؛ دەسبەجێ یەک لەوانە دەیانگوت:

- پارە شک نابەم.

بەڵام عەتارەکان شارەزای گشت پەنام و نهێنییەکان بوون:

- ئەگەر لە چمکی دەسماڵەکەتە... برۆ و بۆی بگەڕێ، ئەمە هەلە...

پاشان بووکەشووشەی منالان و هەندێ وردەواڵەی پڕوپووچیان پێشان دەدا.

منالە چاوچنۆک و دەست پیسەکان دەوریان دەدان، ئەوان بۆ هەلێک دەگەڕان یەکێک لەو وردەواڵانە بفرێنن و پێشکەش دایکەکانیان یان خوشکەکانیان بکەن، یانیش بە(میل ڕیسێک) بیدەن بەهەر کۆچلەبەرێک لەو کۆچلەبەرانە. عەتارە عەرەبەکەش گەزەکەی هەڵدەگرت تا بماڵێ بەقاچ و قولی قولەڕەشەکاندا.

- دوور بکەونەوە، جروجانەوەرینە...

بەڵام وێڕای ئەوەش زەردەخەنەی سەرلێوەکانی نەدەتاراند و بەژنە مەعمیلەکەی خۆی دەگوت:

- بکڕە ئەی خاتووە خنجیلانەکەم، ئەمە هەر بەلاش و خۆڕاییییە...

چۆن بەشەو دێن، بەڕۆژیش هەروا، ئەوان سات و وەختێکی دیاریکراویان نییە تا بازرگانییە بچووکەکەیان وەئەنجام بێنن. عەسر و ئێوارانیش بۆیان باشتر بوو، چونکە ئەو حەلە کۆچلەبەرەکان خڕ دەبنەوە و ئاپۆرە دەبەستن. عەتارە عەرەبەکان دەیانزانی باخێون، جا

گەلێ هاڵ و هەواڵیان لەمەڕ ساوپاولۆوە دەگێڕاوە، کاتەکەیان بەسەر کەشتییەکانەوە بەهاتوچۆکردن بەسەر دەبرد. لێشیان نەدەپاڕانەوە خێروخۆشیان بەسەردا داباریێن، قسەکانی خۆیشیان نابڕن تەنها بۆ ئەوە نەبێ کە مەتح و ستایشی شتومەکەکانیان بکەن. نرخێکیان دەویست پاشانیش بەنیوەی ئەو نرخە قایل دەبوون و، پارچە پارەوپوولە بچووکەکانی ژنە جووتیارەکانیان دەژمارد و ئینجا دەیانئاخنینە نێو گیرفانەکانیانەوە. وێڕای ئەم خۆرە و ئەم هەموو گەرمییەی سەرتاویش جلوبەرگی بۆرینی ئەستووری لە خورییان لەبەردابوو و سوخمەشیان کردبوو و سەری هارومارییان لە گیرفانەکانیاندا شاردبۆوە.

ئەوان نەک تەنها شتیان دەفرۆشت، بەڵکو دەشیانکڕی و بۆ پارەی دەگمەن و نرخدار دەگەڕان، بۆ ئەو (دوو میل ریسییە) کۆنە زیوینیانە کە بەزۆری لە کن جووتیارەکان وەچنگ دەکەون. لە بەرامبەر هەر دانەیەک لەو دوو میل ریسیانە سێ میل ریسیان دەدا. هەروا ئارەزوویان لە کۆکردنەوەی گوارەی ئاڵتوون و چەند شتێکی تری هەمەجۆر هەبوو کە بەلای ڕەوەندەکانەوە بێ نرخن، ئەوان ئەو شتانەیان پێ بوون چونکە لە دایک و داپیرەکانیانەوە بۆیان بەجێ مابوون، ئەو شتانە لای ئەوان تەنها نرخێکی سۆزاوییان دەبەخشی و هیچی دی.

خەڵکی سەرتاو و زۆربێژیی بەساڵاچووەکان و ئاڵوگۆڕکردنی مەنجەڵ و قاپ و قاجاخ و ئازووخە. نەختە نەختە بەناوی یەکتر و شوێنەکانی پێشوویان و ئەو هۆیەی پاڵی پێوە نان بۆ کۆچکردن، شارەزا بوون. هەواڵێکیش لەو هەواڵانە لە ئۆردووگاکەدا بەر گوێی جۆکۆندینا کەوت و ئێگجار کاری تێ کرد. دەمەو ئێوارانێک بەناو ئاپۆرەیەکدا تێپەڕی لە بارەی (ئیستیڤاو)ی پیاوچاکەوە داخاوتن، وێستا گوێ بگرێ، چونکە ئەمەی قسەی دەکرد، لەمەڕ ئافرەتێکی خواناسی پاکیزەوە دەدوا کە لەم چەند ڕۆژەی دواییدا لە نێزیک (پیاتۆ)وە پەیدا بووە:

– وا دیارە کتومت وەک پیاوچاکەکە کەرامات و پەرجوو دەکا... کەسێکیش نازانێ چۆن و بە چ حاڵ گەیشت، ئەو ڕۆژێک لە ڕۆژان هات... یەکێکیش نییە لە پیاتۆ تێ بگات ئەو نەبێ...

کابرایەکی تر قسەکەی پێ بڕی:

– وابوو لە مێژەوە نییە لەوێدایە.



لە پاشان هەر ئەوەی کە داخاوت ئاشکرای کرد کە ئەو بەخۆی سێ مانگ لەمەوبەر چاوی بەو ئیستیڤاوە کەوت کە هاتە سەرتاو. چەند ڕۆژێکیش دواتر وەدووی کەوت، دوایەش بەجێی هێشت، چونکە ئەوان گەڕانەوە و ڕوویان کردە باکوور، ئەمیش ڕێگاکەی بەرەو باشوورە...

– لەو دەمەدا هێشتا چ ئافرەتێکی خواناس و پاکیزە ناوی لە گۆڕدا نەبوو... بەڵکو کۆمەڵێک ئافرەت هەبوون، بەڵام هەموویان ئیشکەر و ڕەنجدەر و خەریکی نوێژ و تۆبەکردن بوون.

– ئەوی گوتم ماوەیەکی کەمە ڕووی داوە. کاتێکیش ئەو ئافرەتە پاکیزەیە بەدیارکەوت، پیاوچاکەکە فەرمووی کە مەریەم خۆ بەخۆی ناردوویەتی تا ئافرەتەکان تەمێ و ئاگادار بکا. واش دیارە هێز و توانایەکی لەبن نەهاتوو بەسەر ئەو گیان و ڕۆحانەدا شک دەبا کەوا هەر چ فەرمانێکیان بەسەردا بدا دەیکەن.

جۆکۆندینا ملی ڕێگاکەی گرتەبەر، بەڵام گوێی لێ بوو کابرا زێدەتر لەسەری دەڕوا:

– ئەوە ناوی ژیڤایە... بەخۆیشی وەختێ بەوێ گەیشت گوتی: «ئەمە منم، ژیڤا، پەیامبەری یەزدانی مەزنمان».

جۆکۆندینا ئەگەر چوو ئاو پڕ بکات، بیری کردەوە: ئەم کارە دەشێ ڕوو بدات و ڕەنگە لە ماڵی مرۆڤدا هەندێ جار ئافرەتێکی پاکیزە هەبێ و پێی نەزانێ. جا وەک هەموو ئینسانێکی دی مامەڵەی لەتەکدا دەکرێ، بام بڵێین وەک ئافرەتێکی شێتۆکە ڕەفتاری دەگەڵدا دەکرێ. ئەمە گەلێ ئەقڵ دەیگرێ، چونکە شەو و ڕۆژی بەسەر دەبرد و لەمەڕ ئەو شتە ئاڵۆزانەوە داخاوت کە بەئاخر و ئۆخری دنیاوە بەندن. جۆکۆندیناش هەمیشە لەو بڕوایەدا بوو کە ڕۆحێک هاتووە و لە ناخ دشەکەیدا[1] لەنگەری گرتووە.

ئەدی لەبەرچی ئەو ڕۆحە ڕۆحی پیرێ یان کاهینێک نەبێ، یان بۆ چ ڕۆحی خواوەندی بەتوانای نەبێ کە شیاوی ئەوەبێ پەرجوو بکا و کە لە نێو خەڵکیشدا جاری کۆتایی پێهاتنی دنیا دەدا؟ هەر لە منالیشەوە جۆکۆندینا لەمەڕ کۆتایی پێهاتنی دنیاوە دەیبیست، دەبێ ڕۆژێکیش بێت هەروەک چۆن دەستی پێ کرد ئاواش کۆتایی پێ بێ، هەموو شتێکیش سەرەتا و کۆتایی هەیە.

(١) دش: خوشکی مێرد.

ئەم چاخەش فرە دڵڕەق و دژوارە، پڕە لە بەدبەختی و کلۆڵی، جا چ سەیرێکی تێدا نییە دنیا لە کۆتایی پێ هاتنییەوەوە نێزیک بێ. ڕەنگە ئەو کاتانەی کە بەساڵاچووەکان لە بارەیەوە داخیێون هاتبێ. ئەدی چۆن و بە چ حاڵێ گێتی کۆتایی پێ دێ؟ بەئاگر یان بەئاو؟. وا لێرەش: بەو ئاوە کۆتایی پێ دێ کە زەویوزار نوقم دەکا و خەڵکی و ئاژەڵ و دارودەوەن و گیا دەکوژێ و، لەوانەشە گشت خەڵکی لە سای ژیڤاوە کە بۆتە ئافرەتێکی پاکیزە و خواناس لەنێو کۆمەڵەکەی پیاتۆئیستیڤاودا، ڕزگار ببن.

کە جۆکۆندینا گەڕایەوە ناو کەسوکارەکەی، ئەو باس و قسانەی بیستنی بۆیان گێڕاینەوە. جیرۆنیمۆ لەم ڕۆژەدا باری تەندروستی باش نەبوو. چونکە ئێشەکەی پشتی هەمدیس سەری هەڵداوە و، کەشەنگ و ماندوو و، وای لێ کرد لە جێگادا لێی بکەوێ و هیچی تر نەکا. تەنانەت توانای ئەوەشی نەبوو ئەلفێک بخاتە سەر ئەو قسەوباسانە. بەڵام جۆبیدرۆ چوو بگەڕێ بەدووی ئەو پیاوەدا کە باسەکەی گێڕاوەتەوە، هەوڵی ئەوەی دەدا هاڵ و هەواڵی زیاتر هەڵکرێنێ، تا بزانێ ئایا ڕاستە مەسەلەکە بەژیڤای خزمیانەوە بەندە کە لە کاتەنگادا بزر بوو. ئەو عەسرەش قورس و ناخۆش بوو، جۆکۆندیناش بەپەنجەکانی ئەو ڕۆژانەی دەژمارد کە لە نووکەوە دەستیان بەکۆچەکەیان داوە. ئێواری جاری هاتنی کەشتییەکە درا، بەڵام بەهۆی بەتاڵکردنی شتومەکەکان و بارکردن سێ ڕۆژ دوادەکەوت. لە پێنجەمین ڕۆژدا لەنگەرەکان هەڵدەگیرێن و، شتێکی ئەوتۆ بەسەر کەشتییەکەوە خەرج ناکا، تەنها کرینی شیر نەبێ بۆ ئیرنیستۆ. چونکە خەوتن و خواردنیان بەخۆڕاییییە. لە پیراپۆراشدا بەگوێرەی ئەوەی کە گوترابوو، هەر هێندەیان لەسەرە سواری شەمەندەفەربن و ساوپاولۆ خۆت بگرە و هاتم. دوو ڕۆژ جارێکیش شەمەندەفەر هەیە. جۆکۆندینا وای خەیاڵ دەکرد کە ئەوان ئەوپەڕی چل و هەشت سەعات لە شاردا دەمێننەوە، ئەمەش لە حاڵێکدا ئەگەر فریای شەمەندەفەر بکەون و کاتی ئەوەیان نەبێ بچنە نووسینگەی ڕەوەندەکان و ڕوخسەتی پێویست وەربگرن. بەڵام ئەگەر هات و زوو لە کەشتییەکە دابەزن ئەوا دەتوانن ئەم ڕێوڕەسمە یاساییانە پڕ بکەنەوە و لە هەمان ڕۆژدا بەردەوامی سەفەربن. ئەم کارەش بۆیان باشتر دەبێ. جۆکۆندینا لە خوای دەویست بەزووترین کات بگات و، کۆتایی بەکۆچەکە بێنێ و، بەچاوی خۆی ببینێ مێردەکەی ماڵێکی هەیە و تێیدا دەژی، جۆکۆندینا دڵنیا بوو کە ئەودەمە مێردەکەی دەسبەجێ چاک دەبێتەوە. دیارە ئەم کۆکە و ئەو ئێش و ئازارەی پشتی لە سۆنگەی کۆچ و سەفەرە ناخۆش و دژوارەکەیانە. ئەو حەلەش سەرلەنوێ نیشتەجێ دەبن و ژین و گوزەرانیان ڕێک دەخرێ،



ئەوا دەرد و خۆشی دەبڕێنەوە و دیسان ژیانێکی خۆش و ئاسوودە بەسەر دەبەن وەک ڕۆژانی کۆن و ڕابردوو. تەنها ئێستاش جۆکۆندینا پێ حەسیا کە ئەو پێشتر لە وڵاتەکەیدا و لەناو ماڵەکەی خۆیدا و لە تەک کوڕ و نەوەکانی و مێردەکەیدا بەختەوەر بووە.

جیرۆنیمۆ هەڵاژابوو، چاوەکانی وێڵ سەرگەردان بڕیبووە ئاسمانی شین. گەرما قورس و وروژێنەر بوو. ڤیسانتیش ڕووەو لایان دێت و خول و دەوری مرتا دەدا، جۆکۆندیناش بایەخی دایە، چونکە سالار و گران بەدیار دەکەوێ، بەڵام ئەو شتێک شک نابا و توانای ئەوەی نییە ژن بێنێ. ئای! تۆ بڵێی بۆی بلوێ و لە ساوپاولۆدا ببن بەخودان زەویوزار و کێڵگە و، قاوە بڕسکێنن! ئای خۆزی ئەوەیان بۆ هەڵکەوتبا! و ئاه و هەناسەکەی جۆکۆندینا لەنێو ژاوەژاو و ئاپۆرەی ئۆردوگاکەدا ون بوو. جیرۆنیمۆش بەچاوە خەمناکەکانییەوە، بەچاوی پڕ نەخۆشییەوە دەڕوانێتە دەوروبەری خۆی.

مرتا ڕۆژانی دەژمارد، بەڵام تەنها بۆ ئەوە پێشەکی تا بزانێ چەند لە چیازیرۆ دەمێنێتەوە. ئەوە ڤیسانت بەکەشتییەکەی ئەوان سەفەر ناکات، ئەگەر ویستیشی بلیتەکەی بکڕێ، شوێنەکان هەموو گیرابوون و لە کەشتییەکەی داهاتوودا نەبێ شوێنی وەدەست نەکەوت.

بەتەنیشت یەکترەوە ڕادەوێستان، خۆیان دەدا بەسەر شوورەی پێش ڕووبارەکەدا. کەمتر داخاوتن نەیاندەزانی چ بڵێن، جا لەبری ڕاز و قسە زەردەخەنەی شەرمن بەسەر لێوەکانیانەوە بەدیار دەکەوت.

چاویان دەبڕییە پاپۆڕەکان و گوێیان بۆ سترانی دەریاوانەکان شل دەکرد. مرتا بەشەرمەوە سەری دەکێشا تا بڕوانێتە ڕەنگی ئاوەکە لە دەمەدەمی زەردەپەڕدا، ئەو کاتە پێ دەحەسێ شانی کوڕە لاوەکە لە شانی دەدا و دەستیشی کە بەکاوەخۆ نێزیک دەبێتەوە و لە دەستی دەدا تا بەخێرایی لێی بترازێ وەختێ ترپەی هەنگاوەکانی دێتە گوێ. جیرۆنیمۆ و جۆکۆندینا لە پشتیانەوە بەسەر کورسییەکەوە دانیشتبوون. تۆنیۆش لە تەک منداڵەکانی تردا بەشەقامەکاندا دەسووڕێتەوە. جۆبیدرۆ تاقە کەسێک بوو بەلایانەوە مابوو.

لە شارێیەکی لاتەریبیدا، دانیشتووانی شار گەشت و سەیرانێکی پاک و تەندروستییانەیان دەکرد. پۆل پۆل کچان و کوڕان و کارمەندانی کۆگاکان، تێدەپەڕین، سەرقاڵی دەمەتەقێیەکی دوورودرێژ و گەرم بووبوون و ڕاز و چپەی دڵداران یانیش بووک و زاواکان پەردەی گوێیەکانیان دەسمی، مرتاو ڤیسانتیش خۆیان داوە بەسەر شوورەکەدا.

جا بەبێدەنگییەکی ڕێزدارەوە، بەڵام بێدەنگییەکی تا بڵێی بەتام و ئەویناوی لەبەردەم ڕووبارەکە ڕادەوەستان، ئەوان دەتوانن، بێ ئەوە پێ بحەسێن، وەها ژیانیان بەسەربەرن.

تەنها جار ناجارێک نەبێ ڕستەیەکیان لە زار دێتە دەرێ و ئیشارە بۆ ماسییەک دەکەن کە لەناو ئاوەکەدا زڵقە دەدا:

– لەوێرا...

– لە کوێ؟

– لەوێ، خەریکە هەڵدەبەزێتەوە.

– بەڵێ، وایە.

ئینجا پێدەکەنن و چاوەڕێی دەکەن دیسان ماسییەکە دەرکەوێ.

– ئەمەیان زلە.

– ئەوی دی زلتر بوو.

– ئاه، من بزانم ئەمیان زلترە.

بەبێ ئەوە هیچ وشەیەکی عیشقبازیی یان دڵداری لە ئارایاندا هەبێ، بەڵکو هەر گەرمی شانەکانیان بوو کە نووساون بەقەد یەکەوە و ئەو دەستەیان کە نراوەتە سەر دەستەکەی تر و چاوە شۆڕەکانی کچە و ئەو دەموچاوەی کە لە شەرمانا سوور هەڵگەڕاوە.

لە پاش ویش لەناو جێدا وەختێ دەنوێ، هەستی بەهەمان ئەو دڵەکوتە و ڕاڕاییەی جاران دەکرد کاتێ دکتۆر ئۆرلیانۆ و ژنەکەی بەبیر دێتەوە، جا مەمکەکانی قوت دەبنەوە و هەناسەشی خێراتر دەبێتەوە و دەسبەجێ نیگاکانی گرترێدی وەبیر دێتەوە لەناو کاتەنگادا ئەو دەمەی دەچوو و لەگەڵ ئۆگستینیۆدا ون دەبوو.

شنەیەک بەسەر شۆسەکەوە هەڵی کرد و بەسەر کەشتی و بەلەمەکان و کۆچلەبەرەکاندا تێپەڕی. کەشتییەکەش لەوێرا دەنگی شووتەکەی دێتەگوێ و ڕووناکییە ورشەدارەکانی بەدیار دەکەوێ. جۆبیدرۆ بەدەنگی بەرز گوتی:

– ئەوەش ڕەخشەکەتان...

ئاوڕی لە جۆکۆندینا و جیرۆنیمۆ دایەوە.

– هۆ و ئەوەتە هات... ئەوە کەشتییەکەی ئێمەیە.

بۆکۆندینا هەستایە سەرپێ، ئیرنیستۆی بەباوەشەوە بوو، جیرۆنیمۆش وەدووی کەوت و



هەموویان خۆیان دا بەسەر شوورەکەدا. ڤیسانت دەستی شل بۆوە و مرتاش وا پێ حەسیا بەجێ هێڵراوە و پتر خۆی دا بەسەر شانی کوڕەکەدا. بەڵێ، ئەوە کەشتییەکەیە. غریوە غریو و غەڵبەغەڵبێک لای کۆچلەبەرەکانەوە بەرزبۆوە و هەستیان بەتۆزە هورووژاندنێک کرد. فرە کەس لە نێوانیاندا هەبوون بەم کەشتییە دەڕۆن و بەدیتنی دڵشاد و کەیفخۆش بوون و ئەوان بەدەم چاوەنۆڕییەوە ڕۆژانێکی زۆریان بەسەربرد. جۆکۆندینا بەبزفتێکی غەریزیانە دەستی بۆ باخەڵی برد تا بزانێ ئایا بلیتەکان لەو شوێنەدا ماون کە وەشاردوونی.

کەشتییەکە تا دەهات گەورە دەبۆوە، ڕووناکییەکانیش دەدرەوشانەوە و هەمدیس فیقەفیق و شووتەکەی هاتە گوێ. ڤیسانت گوتی:

– ئەوە کەشتییەکەی ئێوەیە.

– وا دیارە دووسبەی دەچێ.

بێدەنگیی کوڕە و کچەکە خەمناک بۆوە، وەها نیگەران و دڵتەنگ بووبوون، لە قسەکردندا دەمیان تەتەڵەی دەکرد:

– دوایی یادم دەکەی.

– بەڵام نەء، دەسبەجێ لەبیرم دەکەی.

– من وەهانیم...

کەشتییەکەیان بەشێوەیەکی پان و پۆڕ هاتە پێش چاو، ئەگەرچیش بارێکی سووکی هەڵگرتبوو. کەشتییەکی کۆن و خاو و پیس بوو و توێکڵەکەشی بەتەواوی داماڵرابوو. بەڵام لەکن وان شتێکی سەیر بوو، وەک خەونەکانی ناو حەکایەتی خێو و جنۆکان، ئەوەش بەهۆی ڕووناکییە ورشەدارەکانی و دەنگ و ئاوازی ئەو پیانۆیەی کە شنە دەیهێنا. هەرچەندە مرتا پێ دەحەسیا دڵی پڕە لە سۆز و ئەوینی نیشتمان، بەڵام پێشی نەکرا خۆی ڕاگیرێ و هەست بەهەندێ لەخۆبایی بوون و شانازی نەکا بۆ دیتنی ئەو کەشتییەی کە بەسەرییەوە سەفەر دەکا:

– جوانە...

ڤیسانت وەڵامی نەدایەوە و نیگاکانیان بەیەکتر کەوتن و دەسبەجێ وەریان چەرخاند.

– گەر لە پیراپۆرا نەتانبینم، ساوپاولۆ سەرەوژێر دەکەم تا دەتاندۆزمەوە.

– هەر کە وەپیراپۆرا گەیشتین، ڕێوڕاست سەفەر دەکەین.

– ئەمە لە سەداسەد نییە. چونکە پێیان گوتم گەلێ کۆسپ و تەگەرە لەوێ هەیە، جارێ نۆرینی لای پزیشک هەیە و، دەبێ چاوەڕوانی ڕێگاپێدان و شەمەندەفەری ڕەوەندەکان بکرێ. وا دیارە ئەمە کاتی دەوێ... ڕەنگە بەئاسانیش بتاندۆزمەوە.

– بریا وا بوایە.

– حەز دەکەی؟

– ئۆه، بەڵێ...

کەشتییەکە بەبەردەمیاندا گوزەری کرد بینییان موسافیرەکانی هەوەڵەمین پلە خۆیان بەسەر شوورەکەدا داوە، چاویشیان بەو کچە کەوت کە پیانۆ دەژەنێ و کوڕێکیش بەتەنیشتییەوە دانیشتووە. لە سەریشەوە کاپتنەکە بەخۆی و شەپقە سپییەکەیەوە ڕاوەستاوە.

– ئاواتەخوازم ببم بەکاپتنێک... ئەوجا وات لێ دەکەم بۆ نێو ڕووبارەکە شۆڕ ببیتەوە و بێیتەوە سەرێ و تا دەریاش دەتبەم.

مرتا بزەی هاتێ. کۆچلەبەرەکان ڕووەو ئەو شوێنە چوون کە لای ڕۆخەکە لە کەشتییەکەوە نێزیک دەبێتەوە. جۆکۆندینا و جیرۆنیمۆش چوون. جۆکۆندینا کە بەلایانەوە تێپەڕی، گوتی:

– مرتا، ئێمە وا دەچین...

جۆبیدرۆ لەپێشەوە بوو. مرتا لە نێوان ئاپۆرەیەکی کوڕە وردەدا چاوی بەتۆنیۆ کەوت لە گەشتکەرەکان دەپاڕانەوە شتومەکەکانیان هەڵگرن. ڤیسانت شان بەشانی کەوتە ڕێ:

– دواجار هەر بیرم دەکەی.

– تۆیش...

– کەشتییەکە گەلێ شتی دڵخۆشکەر و عەنتیکەی تیایە، منت بیر دەچێتەوە.

بەڕوانین و نیگاکانییەوە دیار بوو کە ئەو لەو کچ و ئافرەتانە نییە لە بیری بکات. کوڕەکە دەستی کچەی گرت و پەنجەکانی خستە نێوان پەنجەکانییەوە، هەردوو بەسالاچووەکان لەپێشیانەوە دەڕۆشتن و، مرتاش چاوەکانی داخست و بەسەر شۆسەکەوە گەلێ وشەی بەخێرهاتن و چۆن و چاکیی هاتە گوێ. پیاوێکی قەڵەو هاتە خوارێ و



دەستی کردە مل ئەو ئافرەتەی کە چاوەنۆڕی دەکا.

– ئەدی منالەکان چۆنن؟

– هەمووان لە سای خوداوە ساغ و سەلامەتن.

بەژێر ئاوێنەیەکدا تێپەڕین ڕووناکییەکان لەناویا تیشکیان دەداوە و، لەپاشیانەوە ئاڵقەیەکی سێبەر خێوەتی هەڵدا، چونکە دارێک لەوێڕا قوت ببۆوە و بەری ڕۆشناییەکەی دەگرت. ڤیسانت سەری بۆ دواوە کێشا و لێوی درێژ کرد، بەڵام پێی نەکرا ماچی بکا، چونکە دیسانەوە کەوتنە نێو ڕووناکییەکە.

ڤیسانت و مرتا دیبیان کاپتنەکە بەچەند ئیشارەیەکەوە دەستی بۆ ئافرەتێک دەهەژێنێ. ئافرەتەکە لاو و ناسکۆڵە و لەبار بوو، بەسەر شۆسەکەوە زەردەخەنەی بۆ دەکرد، مرتا گوتی:

– کاپتن ناتوانێ لە کەشتییەکەدا ژنەکەی بخاتە تەک خۆی.

– گەر من بوومایە، لەگەڵ خۆما دەمبردی و، تا نێو ئاوی دەریا وەکێشم دەکردی، سوێندت بۆ دەخۆم دواجار لەتەک خۆمدا دەتبەم...

تۆنیۆ تیژ تێپەڕی، جانتایەکی بەسەر سەرەوە بوو و، ئافرەتێکی ڕەشپۆشیش وەدووی کەوتبوو و بەسەریا دەیقیژاند:

– لێرەوە، بچکۆلەکەم، لێرەوە...

## -٥-

ئەو ئێوارێیەی کە بڕیار وابوو کەشتییەکە بچێ، کاروانێکی گەورە لە ڕەوەندەکان گەیشت. ئۆردوگاکە جمەی دەهات. لەبەر ئەوە هاتوهاوار و زەنایەک لەسەر شوێن گرتن دەستی دابوویە مەپرسە. جا خۆتێگەیاندنی کاربەدەستان بووە کارێکی پێویست. چەند کەسانێک لەوێ شوێن و جێگەی ئەو کەسانەیان زەوت کردبوو کە چەند حەوتوویەک پێشتر گرتبوویان، ئەمەش بووە هۆی بەرپابوونی ئاژاوە و بگرە و بەردە. قومیسێری پۆلیس بەخۆی و دوو پۆلیسیش لەدوایەوە هات و ناڕەزایی دەربڕی بەرامبەر پیسوپۆخڵی ئۆردگاکە، بەبێ ئەوە قسەکەی تەواو بکا، ئاشکرای کرد:

– ئێوە، هەر بەقەمچی...

پیاوەکانی دەوروبەری قومیسێرەکە داوایان لێ کرد چارەیەک بۆ کێشەکە بدۆزێتەوە. بەڵام ئەو سەرقاڵی شتێکی دی بوو. چونکە هاتنی ژمارەیەکی زۆر لەو کۆچلەبەرانە هەمیشە دەبێتە سەرچاوەیەکی ترسناک بۆ گەلێ دەرد و نەخۆشی. وێڕای لەرزوتێ کە نەخۆشییەکی ناوچەییە، ئاوڵەش زۆر بڵاوە لەنێو ئەو کەسانەی کە لە عاردی دڕکودالەوە هاتوون. (I'alastris)یش کە جۆرە ئاوڵەیەکی سووکە، حاڵی دانیشتووانی سەرتاوی شڕ کردبوو. بۆیە قومیسێریش ڕی و ڕاست ناردی بەدووی پزیشک و گەورەی شاردا. ئەودەمەی پزیشک بەشێوەیەکی سەرپێیانە نۆڕییە هاتووە تازەکان، کاربەدەستان لە هەمان ئۆردوگادا کۆنگرەیەکیان گرێ دا و بڕیاریان ڕۆنا داوا لە کۆمپانیاکە بکەن مۆڵەت بەوانە بدا کە سبەینێ سەفەر دەکەن، لە کەشتییەکەدا بنوون. ئیدی وەها جۆبیدرۆ ناردی بگەڕێن بەدووی تۆنیۆدا کە لە جادەکانی شاردا سەیران دەکا و کەسێکیش ناتوانێ دەسگیری بکا. ئێوارێش وەختێ دێتەوە بنوێ، هەمیشە هەندێ کوتە نیکڵ و چەند شتێکی دزراوی لە بازاڕەوە دێناوە. جۆکۆندینا و مرتا دەپەرژانە سەر ڕێکخستنی کاروبارەکان و جیرۆنیمۆ کۆمەکی دەکردن، ئیمرۆکەش لە خەستەخانە گەڕایەوە، بۆ شووشەیە دەرمانی تر دەگەڕا، چونکە شووشەی هەوەڵی تەواو کرد. ئەو هەستی بەچاکبوونەوە دەکرد ئەگەرچی ئێوارێ هەموو جەستەی لە سەرمانا لەرز دایدەگرت. ئەو بەهومێدی ئەوەبوو ئەم ئاهۆ و درمانە لە سایەی ئەو سەفەرە خۆشەی کە بەسەر ڕووبارەکەوە دەیکەن و گەیشتنیان بەساوپاولۆ، بڕەوێنەوە و نەمێنن. زۆریش بیری لە پیراپۆرا نەدەکردەوە؛ چونکە ئەوێ لەکن ئەو تەنها شوێنێکە هۆی گواستنەوەی تیا دەگۆڕن و هیچی تر.



پۆلیسێک فەرمانی پێ دان کە لە ڕیزەکەدا بووەستن. پتر لە سەد و پەنجا کەس دەبوون، ئەگەرچیش لە سێهەمین پلەی کەشتییەکەدا تەنها سەد شوێن هەیە و هەریەکەشیان باوڵی دارین و زۆر سندوقی لە تەنەکە و بوخچە و پیارسکەیان پێ بوون. خێزانێک لەو خێزانانە تووتییەکیان پێ بوو، ئەوانی دیش کۆمەڵێک سەگیان لەتەکدا بوو؛ ئەودەمەش لەدوا دواییدا دەستیان کردە کۆکردنەوەی باج و سەرانەی ئاژەڵەکان، موسافیرەکان سەگومەگەکانیان پێشکەش بەوانە کرد کە بەتەمان بەکەشتیی داهاتوودا بڕۆن.

ژنێکیش کە سەگێکی دایە دەست کابرایەکی خەڵکی سیارا، گوتی: چاک خزمەتی بکە، ئەو خنجیلە بەستەزمانە... سەربازی پۆلیسەکە ئاشکرای کرد کە حەزی لە کڕینی تووتییەکە هەیە و پێنج (میل ڕیس)ی پێ دا. خاوەنەکەی گوتی ئەم پارەیە کەمە چونکە تووتییەکە دەزانێ باخێوێ و زانیارییەکی زۆر شک دەبا لەمەڕ وشە ڕەق و دزێوەکانەوە. زێدەتر ڕوونی کردەوە و گوتی:

– لە ماڵێک لەو ماڵانەی ژنە داوێن تەڕ و سۆزانییەکان پەروەردە کراوە، بۆیە هەر چ خراپەیەک لەو ماڵەدا هەبووە فێر بووە.

لە پاشان باڵندەکەی هان دا و خۆبەخۆی چەند وشەیەکی ناشیرینی دووپات کردەوە، تا دواجار تووتییەکە بەبۆڵەبۆڵ کەوتە گوتنەوەی ئەو وشە دزێو و ناپەسەندانە. ئەم کارە سەرکەوتنێک بوو و کابرای سەربازیش بڕیاری دا شەش (میل ڕیس)ی بداتێ.

یەک بەدووی یەکدا چوونە دەرێ. هەموو شتێک بەخێرایی کۆتایی هات، تەنانەت نەپەرژانە سەر ئەوە ماڵاواییش لە یەکتر بکەن.

وا دەهات و سەربازەکە قیڕاندی:

– بۆ پێشەوە! وەڕێ بکەوە!.

مرتا ئاوڕی دایەوە تا جارێکی دی چاوی بەڤیسانت بکەوێ. ئەویش وێستا بوو، جگەرەکەی بەلادەمییەوە کوژابۆوە، لە پاشان سەرکەوتنە سەر کەشتییەکە و لەوێڕاش یەکێ لە مووچەخۆرەکان دەنۆڕییە بلیتەکانیان. لە متبەقەکەشەوە بۆنی خواردەمەنییەک دەهات، ماسیی سوورەوە کراوە.

جیرۆنیمۆ پرسی:

– لە کوێ داماندەنێن؟

کابراش ئاماژەی بۆ ئەو عاردە دارینەیە کرد کە پڕە لە شتی پێچراوی لوولەیی و پەت و

گوریس و ئاسنە کۆن و گەلێ شتی هەمەجۆر.

– قەی چی ئەکا، هۆ و لەوێ چۆنتان بوێ خۆتان ڕێکخەن...

دامەزران و پاڵیان بەشتومەکەکانیانەوە نا بۆ سووچە بەتاڵەکە، ئینجا کەوتنە خولیای شوێنی سەراو و سات و وادەی نانخواردن.

– ئیمڕۆ بۆتان نییە لێرە نان بخۆن، تەنها ئەو کاتە نەبێ کە کەشتییەکە دەکەوێتە ڕێ.

– ئەدی بۆمان هەیە خواردن لێ بنێین؟

– ئا لێرە، بەسەر پشتی کەشتییەکەوە؟. نەخێر.

– دەی باشە چ بکەین؟

– من دەزانم؟ دەبوو ئێوە سبەینێ بەیانی بهاتبان، ڕۆژی ڕۆشتن... بەڵام ئەوە تەگبیری کوێخایە، گەورەی شار، کەران باوگاییە ئەڵێی قاپییە!

سەیری یەکتریان کرد. گەر شتێکیان نەدەنێ بیخۆن و بۆیان نەبێ خواردنێک بۆ خۆیان لێنێن، ئەدی چۆن دەتوانن ئیمڕۆ وەسەر ئەم ناخۆشییەدا زاڵ بن؟ هەمدیس لەگەڵ کابرادا دەستیان کردەوە مشتومڕ و دابەزینیش بۆ سەر وشکایی قەدەغە بوو، بەڵام بۆ کوڕەکان ئیجازەیان وەرگرت بچنە بازاڕ تا مۆز و نان بکڕن. لە پاشان سەرژمێری ئەو کوڕانەیان کرد کە دەڕۆن و دوای تکا و پاڕانەوەیەکی زۆر کابرا قایل بوو ڕێگا بەپیاوێک -تەنها پیاوێک- بدرێ، بکەوێتە تەکیان تا پارە بدا بەهەق شتە کڕاوەکاندا. بۆ ئەمەش کابرایەکی زلەی دووڕەگ دەستنیشان کرا کە خوێندن و نووسین دەزانێ و لە ئۆردوگاکەدا هەڵسوکەوتی دەگەڵ دانیشتواندا باش بوو. ئەوانەش کە پارەکانیان دایەوە دڵەڕاوکێ کەوتبوون. دووڕەگەکە لە لیستەیەکدا ناوی کەسەکان و ئەو پارەیەی داویانە بۆ کڕینی ئەو شتانەی ئارەزوویان لێیە نووسی.

گەڕانەوەی کوڕەکان بەدەستە مۆز و سەبەتە نان و هەندێ کاڵەکەوە مایەی دڵخۆشی بوو. کابرای دووڕەگ پاشماوەی فلس و عانەکانی بەوپەڕی دەسپاکییەوە داوە. ئەمەش بووە هۆی ئەوە لە لای هەموویان ناو و پایەیەکی باشی هەبێ و بەچاوی ڕێزەوە تەماشای بکەن. خەڵکەکە بەسەر کەشتییەکەوە خواردیان و توێکڵە کاڵەکەکانیان فڕێ دەدایە نێو ڕووبارەکەوە. تۆنیۆ توانیی دوو نان بدزێ و لە لایەن جۆبیدرۆوە تۆزێ لێدانی بەدار بەرکەوت. ئافرەتە نان دزراوەکە بەقیژە و هاوار دەستی کردە ناڕەزایی دەربڕین و مرتا نانەکانی بۆ ڕەت کردەوە.



– ببورە خاتوو گیان.

– گەر نازانن منداڵەکانتان پەروەردە بکەن، ئیدی بۆچی دەیانهێننە دنیاوە؟!

بەڵام ئەم جۆرە هەڵچوونانە سەرپێیین، چونکە ئەو کوڕەی دزی ناکا بوونی نییە، تەنها ئەو منداڵانە نەبن کە شیرەخۆرەن وەک ئیرنیستۆ. ئێستەش لێیان توورە دەبن و سەرزەنشتیان دەکەن تا پاش تۆزێکی دی لێیان ببوورن.

موسافیرەکان لەم هەوەڵ ئێوارەیەدا، بەگیانێکی پڕ خۆشەویستی و دڵنیاییەوە مۆز و نانیان بەیەکتر پێشکەش دەکرد. ئەو کەسانەش کە کاڵەگیان کڕی کەرت کەرت و قاش قاش دابەشیان کرد.

جیرونیمو لانکێکی (Ranch) لە نێزیک کلافەی گوریسەکانەوە دانا. جۆلانێیەکی پێچراویشی بەسەر هەندێ عانە و فلسەوە دانا تا ئیرنیستۆ لەسەری بنوێ. کەشتییەکە هێدی هێدی جۆلانێی دەکرد و کوڕەکە خەو بردییەوە. لەولاشەوە تۆنیۆ قاچەکانی لە ئاوەکە وەردا، بەڵام چینێ جنێوی خەست و خۆڵی لە دەریاوانێکەوە بەرکەوت کە ڕاوە ماسی دەکرد، چونکە کوڕە هێمنییەکەی لێ لێڵ کرد و شڵەقاند:

– بەولاوە، هەی ژەقنەبووت!

شەو داشکا و ئەوانیش لە کەشتییە تاریک و بێ ڕووناکییەکەیانەوە دەیانڕوانییە ئەو کۆچلەبەرانە کە بۆ گەشت و سەیرانە ئاساییەکەیان هاتوونەتە سەر شۆسەکە. مرتا ئەوپەڕی هەوڵ و تەقەللای وەگەڕ خست تا چاوی بەڤیسانت بکەوێ، بەڵام لە نێوان ئەو پیاوانە کە هێندێکیان هاتبوونە لای کەشتییەکە بەدیی نەکرد. دەمەتەقێ لە نێوان ئەوانەی بەسەر کەشتییەکەوەن و ئەوانەی بەسەر دەشتاییەکە وەن گەرم بوو. مرتا گشت هەویا و ئارمانجێکی لە قیس دابوو ئەودەمە گوێی لێ بوو کەسێک بەچپە لەگەڵیا داخێوێ:

– مرتا، مرتا...

جۆکۆندیناش گوێی لێ بوو... مرتا خۆی لەخش نەکرد و وەیزانی دایکی ناڕازییە. بەڵام ئەو لەجیاتی ئەوە پێی گوت:

– دەتوانی بچیت و تۆزێ لەگەڵ ئەم لاوە باخێوی.

مرتا بەنێوان ئەوانەی کە خۆیان دابوو بەسەر شوورەکەدا، چاوی گێڕا. بەڵام کوڕە لەسەر عاردەکە، لەبن ئەو پردەی کە لە شۆسەکەوە بۆ هەوەڵەمین پلە هەڵدەکێشێ، دانیشتبوو.

– من لێرەم...
– وەمدەزانی نایەیت...
– چۆن پێم دەکرێ نەیەم؟
پاشان بەدەنگێکی کز و خەماوییەوە گوتی:
– وا پێ دەچێ کەشتییەکەی من گەلێ دوا دەکەوێ. هێشتا نەگەیشتۆتە پیراپۆرا. لە ڕێگا لایداوە، دەوجاش، دەبێ بێ...
– چۆن بەوەت زانی؟
– ئیمرۆ لە کۆمپانیاکە بووم...
بەڵام گەر لە پیراپۆرا نەبووی، لە هەموو کون و قوژبنەکانی ساوپاولۆدا پەلەکوتکێت بۆ دەکەم تا بتدۆزمەوە.

گۆرانیی کۆچلەبەرە موسافیرەکان لەگەڵ گۆرانی و سترانی کەشتیوانەکاندا تێکەڵاو بوو و دەنگەکان لەنێو خوڕەی ڕووبارەکەدا بزربوون. سەربازی پۆلیسەکە کە لەو کەرتەدا نۆرە ئێشکی دەگرت دووجار وەخەیاڵیدا هات ڤیسانت لە شوێنەکەی خۆی وەدەرنێ. گەر گەرەکی بایە بەیەک وشە دەریدەپەڕاند و کوڕە گەنجەکەش ئەو حەلە ناچار دەبوو لەتەک ئەوانی دیدا بڕوا، بەڵام ڕۆحم و بەزەیی پێدا هاتەوە و لە بەرخۆیەوە گوتی: ئەوها ئێستەها تۆزێکی تر دەزگیرانەکەی بەجێ دێڵێ جا لە پای چی ببێتە هۆی نانەوەی ئەم هەموو ناخۆشییە؟ سەربازەکەش کوڕێکی گەنج بوو و دەیزانی چ لە گۆڕ دایە.

ئینجا پێکەنینێکی پاکوخاوێنی هاتێ، گەر لە دەستی بهاتبایە و چووبا لە مەیخانەکە چۆرێکی بخواردبایەوە. بەڵام لەجیاتی ئەوە بکا، ناچارە لە نۆرە ئێشکەکەیدا تا بەرەبەیان بمێنێتەوە.



-٦-

سوارکردنی موسافیرەکانی هەوەڵەمین پلە پتر دەبیسترا تا وەک ئەوە بەچاو ببینرێ. کەشتییەکە دانرا لە سەعات (نۆ)ی بەیانی وەڕێ بکەوێ و غەڵبەغەڵبیش زووتر دەستی پێ کرد، فلاگیلادۆسەکان وێڕای ئەو هاتوهاوار و بگرە و بەردەیەی کە حەماڵەکان بەدەم بارکردنی شتومەکەکانەوە نابوویانەوە خەوێکی قووڵیان بۆ کردبوو، لارە لاری کەشتییەکەش زیاتر خەوەکەی خۆشترکردن، بۆ بەیانیش قاوەیان نەدرایە و بەپاشماوەی نان و مۆزەکەی ئێوارێیان بەرچاییان کرد. لە سەعات حەوتی بەیانیدا یەکێک لە دەریاوانەکان پێی ڕاگەیاندن کە چێشتچییەکە قاوە دەفرۆشێ و پیاڵەی بەدوو (میل ریس) دەدا. زۆربەی زۆریان حەزیان لێ بوو، پەرداخ و عانەکانیان هەڵگرت و ملیان نا، کابرای چێشتچیش پەیتا پەیتا داوای دەکرد:
– پارەکانتان، پارەکانتان!

لە خوارەوە دەیاندی موسافیرەکانی هەوەڵەمین پلە دەگەیشتن و ئەو کەسوکار و دۆست و هاوەڵانەیان کە هاتوون بۆ بەڕێخستن و ماڵاوایی لێکردن، لەتەکدایە. کۆمەڵێک خێزان و کوڕ و کچ و خەڵکی پۆشتە و ڕێکوپێک بوون، بەخۆیان و فرمێسک و قاقای پێکەنینەکانیانەوە ئامادە ببوون. لەپاش قاوە خواردنەوە وادەی سەرخستنی بەرازەکان هات. کابرایەکی لێیە بەجلوبەرگی خاکییەوە، قەمچییەکی بەدەستەوەیە، کار و فەرمانەکانی بەدەستە. نزیکەی بیست بەرازی زل زل لە ڕەگەزێکی تۆزێ ناسراوی ئەو هەرێمە لەوێدا بوو، بۆ ئاغایەک دانرابوون لە سان فرەنسیسکۆ دادەنیشت، بەهەزار حاڵ سەریانخستنە سەر کەشتییەکە. کۆچلەبەرەکان ئەگەر دەیاندی بەرازەکان دادەڕمان بەسەریەکدا و وەپاڵەپسکێ کەوتوون، قاقا پێدەکەنین و زیاتر قاقا بەرز بۆوە کاتێک بەرازێک کەوتە ناو ئاوەکەوە و دوو پیاو ناچاربوون خۆیان فڕێ بدەنە نێو ڕووبارەکەوە تا بۆ سەر کەشتییەکە ڕایانبکێشن. کابرای خاوەن قەمچیش دەیشیڕاند:
– کوڕە دەریانبێنن، ئی کۆلۆنێل (جیفنال)ە!.

بەرازەکان لەدواوەی کەشتییەکە مۆڵ دران و پەرژینێکی سەفەری وەک گەوڕیان لەو شوێنەدا بۆ کرا. بەڵام چەند خێزانێک لەوێدا بار و بنەیان خستبوو. ئیدی هەر هاوار و ناڕەزایی و جنێویان داباران. دەریاوانێک پرسی:
– دەی باشە چ بکەین؟ چما دەتانەوێ لێ گەڕێم بەکەیف و مایەشەی خۆیان لە

نێوانتانا غارغارێن و هەڵبەزودابەز بکەن؟

کابرایەکی تری دەموچاو زەردی دڵنەرم، هەوڵی دا هێمنیان بکات:

– ئەوە بۆ بەرژەوەندیی ئێوەیە... تا لەگەڵ بەرازەکاندا تێکەڵاو نەبن...

بەڵام ئەوانەی لەدواوە دانیشتبوون، قایل نەبوون، هەڵسان و بەسەر کەشتییە چڕوپڕەکەوە بۆ شوێنی دیکە دەگەڕان، لەوێدا کە موسافیرگەلێکی نوێ نیشتەجێ بووبوون و سەرباری ئەوەش زۆر جانتا و قەفەزی مریشک و سنووق دانرا بوو.

دەچوون لەسەر سنووقەکان یان لە نێوان ئاژەڵەکاندا، یانیش لەسەر ئەو سنووقە گەورانە کە هی موسافیرەکانی هەوەڵەمین پلەن و لە لۆجە بچووکەکاندا دایان نەنابوون، دەنووستن. جا دەبوو مرۆ وەختێ تێدەپەڕی سەری نەوی کردبا. چەند ئافرەتێکیش لەوێدا جلوبەرگە پیس و چڵکنەکانیان دەشۆرد تا لە ئاوی ڕووبارەکە کەڵک وەرگرن.

فیقەفیق و هۆڕن لە سەعات (نۆ)دا بیسترا. بەڵام کەشتییەکە لە دە و نیودا نەبێ وەڕێ نەکەوت، ئەویش لەپاش هەزار ترس و لەرز بۆ ئەوە لە ڕۆخەکە وەرچەرخێ و نەبا لە کاتی دەرچوونیدا لا بدات، وەک ئەوە گەلێ جار ڕووی دەدا. هەمووان بەخێرایی ڕوویان کردە کۆڵەکەکە، پاڵیان بەیەکترەوە دەنا و بەشان و قۆڵ پێشبڕکەیان دەکرد تا شوێنێکیان وەچنگ بکەوێ. دەیانەویست سەیری ماڵەکانی شار بکەن کە لە دوایانەوە بەجێما و وا بەدیار دەکەوێ وەک بلێیی ئەویش بەڕێ کەوتووە و، حەزیان دەکرد چاویان بەهاوەڵ و دۆستان و ئەو کۆچلەبەرانەی دی بکەوێ کە بەسەر شۆسەکەوەن. مرتا بۆ تارماییەکەی ڤیسانت چاوی دەگێڕا و پێی نەکرا بیناسێتەوە، ئەو تەنها بووبوو بەخاڵێکی بزر لەنێو مەودا دوورەکاندا.

مناڵەکان لە جووڵانی پێچەکان واقیان وڕما، بەسەر سێهەمین پلەدا غریوە و هاوار هاوار بەرز بۆوە و تا ئەو ساتە نەبێ کە زەنگ جاری وادەی تاشت[1] لێ دەدا، دەنا کڕ نەدەبۆوە.

ئەوان سکاڵای کەمیی خواردەمەنییان نەدەکرد. لەگەنێک و پەرداخێک و کەوچکێک بەسەر هەریەکەیاندا دابەش کرا. لە پێش موبەقەکەدا ڕیزێکیان پێک هێنا بوو، لەوێ شاگرد چێشتچییەکان لە بەردەم مەنجەڵی گەورە گەورە وێستابوون و برنج و ماسی و

(١) تاشت: قاوەڵتی، بەرچاییکردن.



(پەراکیری Puracuru)ی برژا و نەختێ خوێیان دابەش دەکرد. ئاردیشیان دەدا و موسافیرەکان ئەو ئاردەیان تێکەڵاو شلەی چڕ و خەستی ماسییەکە دەکرد و گرارێکی زێڕینی بەتامیان لێ دەنا. فرە کەسیشیان تیابوون ڕقیان لە بەکارهێنانی کەوچک دەهات و پێیان خۆش بوو بەدەست بخۆن، جا دەستەکانیان لەو بەز و چەورییە وەردەدا کە بەسەرتاپای پەنجەکانیان دەهاتە خوارێ.

کاتێک کەشتییەکە کەوتەڕێ، چوو هەستیان بەگەرما نەکرد. شنەبایەکی فێنک هەڵیکرد؛ زۆربەیان لە پاش بەرچاییکردن هەڵاژان تا سەرخەوێکی بۆ بشکێنن. جیرۆنیمۆ کەیف خۆش بوو، قەت ئێشەکەی پشتی وەڕەزی نەدەکرد، شنەباکەش وای لێ کرد ئارەزووی نووستنی هەبێ، ژەمە خواردنەکەش باش بوو. جۆکۆندینا لەگەن و قاپەکانی هەڵگرت بیانشوات. چەند ئافرەتێکی دیش چاویان لەو کرد. لە ئاوی ڕووبارەکەیان وەردەدا و دەستیان بەنێویاندا دێنا و لە پاشماوەی ئەو هەویرەی کە پێوەیان لکاوە پاکیان دەکردەوە و بۆخۆشیان دەیانڕوانییە ماسییە وردیلەکانی دەوروبەریان کە لەناو ئاوەکەدا بازرەقەیان دەدا. هەموو شتێک لە هەوەڵ ڕۆژی ئەم گەشتەدا بەلایانەوە وەک بلێیی ڕابواردن بێ وابوو. کۆمەڵێک ئافرەتی کە جلوبەرگی پیس و چڵکنیان هێنا و لە ئاوەکەیان هەڵژەند و ئینجا بەسەر کلافەی پەتەکانەوە هەڵیانواسی تا وشک ببنەوە و بەلایانەوە وەستان ئێشکیان دەگرت. مناڵە لاسارەکان دەچوون لەتەک بەرازەکاندا گەمە و یارییان دەکرد و ڕق و تووڕەیی کابرای قەمچی بەدەستیان دەوروژاند.

– بەولاوە، هەی گەن و گواوینە... دوور کەونەوە، دەی خێرا! ئەگینا تێروپڕتان لێ دەدەم.

جۆکۆندینا گشت خەمێکی ئەوە بوو شیری وەچنگ بکەوێ. ئێوارێش لەبەر پەلە و دەستوبردکردنی کۆچەکە پێی نەکرا بۆ ئیرنیستۆ بکڕێ. ئەو هەر تۆزێک شیری پێ مابوو، ئەویش وێڕای ئەوە کە لەگەڵ ئاودا تێکەڵاوی دەکا، بەڵام تا ئێوارێ بەشی دەکا و ناکا. جۆکۆندینا بەیانی کە چووە کن چێشتچییەکە کەمێک قاوەی بداتێ، هەندێ شیری دایە. بەڵام ئیرنیستۆ هەڵی قوڕاند و ئیتر کابراش لەوە زیاتری نەدایە نەبا موسافیرەکانی هەوەڵەمین پلە وەئاتاژی بن، لە شارەکەی داهاتووشدا نەبێ ناتوانێ بۆیان دابین بکا. بۆیە بەڕێنماییەوە پێی گوت:

– شۆرباوی ماسی پێ بدە.

چێشتچییەکە بەچەمچەیەک دۆشاوە چڕ و خەستە زێڕینەکەی لە دیزەکە دەرهێنا. منداڵەکە بەخۆشی و ئیشتیهاوە هەڵیقوڕاند، چونکە برسی بوو. جۆکۆندینا بەکەوچکی بچووک دەیکرد بەدەمیەوە. ئینجا پێکەنی و بەجیرۆنیمۆی گوت:

– ئیدی پێویستییەکی وامان بەشیر کڕین نابێ.

– خواردنەکە چاکە... و زۆری لێ دەست دەکەوێ...

تۆنیۆش خۆبەخۆی کەوا بەدیار دەکەوێ نەوسنە و تێر نابێ و هەر خواردنێکی بەردەست کەوتبا لرفی دەکرد؛ تەنانەت ئەویش لە دوای ژەمە خواردنەکە وا پێ دەچوو تێروتەسەلە، ئەوان لە کاتی بەرچاییکردندا لێ دەگەڕان جارێکی کەش بخوات؛ یەکێ لە شاگرد چێشتچییەکان، بەهۆی دەموچاوە مشک ئاساکەی و فزوولی و دەنگە کەرخەکەی بەگاڵتە سەری دەخستە سەر منداڵەکە و پسکویتێکی گەورەی پێشکەش دەکرد و ئەویش نەیدەتوانی ئاوای بکا جا بۆ مرتا هەڵی دەگرت.

جۆبیدرۆ لە جۆکۆندینا و جیرۆنیمۆ هاتە پێشێ و لەسەر کلاّفەی گوریسەکان دانیشت و بەتێبینیکردنەوە گوتی:

– گەر خێزانە خوالێخۆشبووەکەم لە دنیا مابا، ئەم گەشتەی لا خۆش دەبوو. ئەو حەزی دەکرد بزانێ کەشتی چییە.

لەمەڕ (دینا)وە ئاخاوتن، پاشان مردووەکان و ونبووەکانیان هاتەوە بیر، گرترێد و ئۆگستینیۆ و نۆکا و دینا و ئەو سێ کوڕە کەوا ڕۆشتن و ژیڤا کە بۆتە ئافرەتێکی پاکیزەی خواناس و (گەرمیاس)ی گوێدرێژ کە بەگیایەکی ژاراوی تۆپی و ئەو (ماریسکا) پشیلەیەی کە خواردیان. هەموو ئەمانەیان هاتەوە یاد.



-٧-

جوانترین شت تیشکدانەوەی ڕووناکییەکان بوو بەسەر ڕووی ئاوەکەوە، مرتا دەیڕوانی و بیر و خەیاڵی لە دووررا مەلەوانی دەکرد. خەونی بەڤیسانتی لاوەوە دەبینی. داخوا ڕۆژێک لە ڕۆژان چاوی پێ دەکەوێتەوە؟ ئەمە مەحاڵ نییە، ئەگەرچی لەوانەیە نەکرێ ڕوو بدا. ئەوان نازانن لە ساوپاولۆ چیان وەسەر دێ، کابرایەکیش پێی ڕاگەیاندن کە دەبێ لە میوانخانەی کۆچلەبەرەکاندا بمێننەوە تا ئەودەمە یەکێ لە خاوەن دێبەرەکان بەکرێیان دەگرێ. تۆ بڵێی لەوێدا چاوی پێ بکەوێتەوە؟ بەکێ بزانێ؟ ڕووناکییەکانیش بەسەر ڕووی ئاوەکەوە دەچریسکێنەوە.

یاریکەرانی پەپەز لە حاست جوانی تیشکدانەوەکانی سەر ڕووبارەکە کوێر و نابینان. شەوقی چراکانی سێهەمین پلەش زۆر ڕۆشنا نییە و دەبێ وریای فێڵ و کەڵەکی دەریاوانەکان بن نەبا بەهەندێ سیحر و جادوو هەڵخەڵەتێن. چونکە دەریاوان ئاژەڵێکی زانایە و پەپەزەکانیش کۆنە و بەهۆی چەورییەوە چڵکن و پڵکن بووە، یاریی قوماریش زەلامی ساختەچی و فێڵزانی دەوێ. ئەوان بەتەڵە شقارتە یارییان دەکرد و هەر تەڵەشی بەبیست (ڕیس)، بەڵام ئەمە لە چاو جزدان و پارەکانی ئەواندا زۆر بوو.

دەریاوان پەپەزەکان بەیەکا دەدا و دەمەتەقێی نێو جەماوەرەکە درێژە دەکێشێ، ئێستە ئەوان لەوێ بەسەر پشتی کەشتییەکەوە وەک ئەوە خێزانێک بن کۆ دەبنەوە؛ ئەو پیاوە دووڕەگەش کە ئازووخەکەی کڕی وای لێ هات دەستەڵاتی سەرۆک و دەمڕاستێکی هەبێ؛ چونکە هەر خۆی ئەو ناکۆکییانەی دادەمرکاند کە بەهۆی شوێنەکانەوە ڕوو دەدەن و دەچوو لەتەک چێشتچی و قومیسێردا ڕا و تەگبیری دەکرد، ئەو بەئەرستۆ ناو دەبرێ و بەڕواڵەت لە کۆچلەبەر ناچێ. دەڵێ دەیەوێ لە ساوپاولۆدا بمێنێتەوە لەوێش بۆی دەڕەخسێ ببێ بەشوفێری شەمەندەفەرێکی کارەبایی. هەندێ لەو کۆچلەبەرانە نازانن شەمەندەفەری کارەبایی چییە، ئەویش بۆیان باس دەکا و لە ئارای باسەکانیشیدا چەند ئیشارەت و بزفتێکی گەورە گەورەی بۆ دەکا:

– ئەوە قەتارێکی بچووکە تیژ بەشەقامەکاندا دەڕوا، خەڵکی لە شاردا لە لایەکەوە بۆ لایەکی دی دەبا.

– کە وابوو بڵێ!... ئەو وەهایە ئەی منداڵینە!...

– ئای لە دنیا و سەیروسەمەرەی دنیا!

دوورەگەکە بەخەشیمی و نەزانیان پێدەکەنێ. ئەم کابرایە پێشتر سەفەری کردووە و بەشێکی زۆری ئەو عاردە شارەزایە و سەری لە گەلێ وشەی سەیر و شاراوە دەردەچێ. بەدەوروبەریدا خڕ دەبنەوە و دەمەتەقێ و گفتوگۆ گەرم دەبێ و حەکایەت و بەسەرهاتێکی زۆری لێ دەبێتەوە.

– نازانم چۆن ئەمە ڕووی دا، کە وەئاگا هاتم، بەسەر کابراوە بووم و چەقۆکەش لەنێو سندووقەکەیدا بوو...

دادوەرەکەش گوتی: ئەمن هۆش و ئاوەزم لە کەللە نەما بوو، ئەمەش ڕاستە...

لە هەوەڵەمین پلەوە ئاوازگەلێکی پیانۆیەک و چەند دەنگە دەنگێک و قاقای پێکەنین هاتە گوێ. مرتا لە ژووری سەرێییەوە و بەسەر پشت کەشتییەکەوە گوێ لێ بوو ژن و پیاوێک نوقمی قسە و باسێک بوونە. ڕەنگە ئەو دووانە دڵ و دڵخوازی یەکتر بن، گەلێ جاریش پیاوەکە دەستی دەکردە مل ئافرەتەکە و هەندێ وشەی دڵداریی بەدەنگێکی نەرم و خۆش بەگوێدا دەچرپاند. مرتاش دەڕوانێتە هێڵە ڕووناکییە ورشەدارەکەی سەر ئاوە ڕۆشتووەکە، تۆ بڵێی بیدۆزێتەوە؟ لەپڕ ناکۆکییەک دەنێوان ئاپۆرەیەک لە یاریکەرەکاندا قەوما. کۆمەڵێک پیاو و ئافرەت غاریان دا، دەریاوانێک قیژاندی و ئەو کابرایەی کە چەقۆیەکی ڕادەوەشاند دەسگیر کرا،

– خۆ ئازارت پێ نەگەیشت، ئازیزەکەم؟

تاقمێک خەڵکی لە هەوەڵەمین پلەوە هاتن بۆ تەماشاکردنی دیمەنەکە. بەڵام ئەو دوو دەزگیرانە خۆیان لەخش نەکرد و نەبزووتن دەم لەناو دەم هەر یەکتریان ڕادەمووسی، مرتاش سێبەرەکەیانی دەبینی؛ داخوا دەبێ ڤیسانت لەم ساتەدا چ بکات؟ تۆ بڵێی خۆی دابێ بەسەر شوورەی شۆسەکەدا، بڕوانێتە ڕووبار و بەلەمەکان و ئەو کەشتییە ناوی مرتای بەسەرەوەیە؟ هەرگیز چاوی پێ ناکەوێتەوە، ئەو لەوە، تا ڕادەیەک دڵنیایە. ئەوان ڕۆژێک لە ڕۆژان لە سێبەری دارێکدا بوون، کوڕە گەرەکی بوو ماچی بکات و هەلی بۆ هەڵنەڕەخسا. بۆچ ماچی نەکرد؟ کچە پێحەسیا بریندار کراوە دەنگی جۆکۆندینا بەرز بۆوە، بۆ مرتا دەگەڕێ:

– مرتا، مرتا!

– هاتم ئەی دایە گیان...

هەلی بۆ هەڵکەوت بڕوانێتە ڕووناکییەکانی سەر ئاوەکە. شڵپەی ماچێکی تازە و



دەنگی پیاوەکەی هاتە گوێ دەیگوت:

– ئازیزەکەم، ئازیزەکەم، ئای چەندم خۆش ئەوێی...

مرتا بەکاوەخۆ هەنگاوی نا، چونکە گریانی دەهاتێ.

–٨–

ڕووبارەکەیان بەدی نەدەکرد تەنها ئەو ئاوە نەبێ کە کەشتییەکە دەیبڕێ، بەچوونێک وا دەهاتە پێش چاویان کە زۆر تیژ و خێرایە، بەڵام لە بەرچاو موسافیرەکانی هەوەڵەمین پلە لەوە خاوترە. ئەوان دەغڵ و باخ و بێستانە سەوزەکانی هەردوو ڕۆخەکە و جووتیارە دەموچاو ئاماڵ زەردەکان و ئەو شارۆچکانەشیان دەدی کە تیایاندا گیری کەشتییەکە دەخەن، بەڵام تەلیسمی ڕووبارەکە و کارەساتەکانی و جوگرافییە مرۆڤایەتییە جەرگبڕەکەی، گشت ئەمانەیان لە لا ون و پشتگوێ خرا بوو. ئەوان لەو ژیانەی دەوروبەریان نەشارەزا و بێ ئاگان و هەست بەخۆشییەکی ڕاستەقینە ناکەن تەنیا ئەودەمە نەبێ کە کەشتییەکە دەنێو لمەکەدا دەچەقێ و دەریاوانەکانیش دارە درێژەکانیان دەگرن بەدەستەوە و دەیاننووسێنن بەسنگیانەوە و چەند سەعاتێکی دوورودرێژ دژی کەشتی و لم و ڕووبارەکە ململانێ و زۆرانبازی دەکەن، چونکە ئەوان شتێک لەمەڕ ئەو وەڵاتەوە نازانن کە لەسەر ئەو ڕۆخەکەی تری دەریایە جگە لەوە نەبێ کە بەڕێکەوت بیستبوویان –چەند زانیارییەکی شاراوەی بێ سەروبەر– جا لەو تێبینییە ئەدەبییە تێنەگەیشتن کە موسافیرێکی بازرگانیی هەوەڵەمین پلە پێشکەشی کرد، ئەو موسافیرە وای بیر دەکردەوە بەڕێگاوە بەهۆی ئەو تێبینییەوەی کار بکاتە سەر هاوەڵەکانی نەخوازەڵڵاش کچەکەی کۆلۆنێل مانەندیرۆ کلاریس کە بۆ شاری پارا دەچوو.

– ئەوان لە دەریاوانەکانی ڤۆلگا دەچن.

ڕەنگە لەوان بچن و ڕەنگە لەوانیش نەچن. چونکە کاکی موسافیری بازرگانی خۆ بەخۆیشی، بێجگە لە ئاواز و وشەکانی گۆرانییەکە دەنا شتێکی زۆری لەمەڕ ڤۆلگاوە نەدەزانی، ئەوەشی دەزانی کەوا شۆڕشێکی خوێناوی لەوێڕا بەرپا بوو. ئیدی دەریاوانەکانیش لەوساوە چیتر بەشان و بازوو پاڵیان بەبەلەمەکانەوە نەنا. گشت ئەمانەی لە بۆ کلاریس بەزمانە جلّفەکەی گێڕاوە و هەندێ جاریش لە ئارای قسەکانیدا نوکتەیەکی دەگوت:

– شەڕێکی تۆقێنەر بوو. دەریاوانەکان ئازادیخوازبوون. شایان کوشت و ئێستاش خۆیان فەرمانڕەواییبیان بەدەستەوەیە...

کچەکە لە یەکێ لە زانکۆکان دەیخوێند لە کابرا زیاتری لەو بارەیەوە دەزانی و پێکەنی. دیمەن ئەو پیاوانە کە دارەکانیان نابوو بەقەد سنگیانەوە تا کەشتییەکە لە ئاوەڕۆی ڕووبارە



خایەنەکە هەڵبڕن کاری تێ نەکرد. چونکە ئەو لە مناڵییەوە لەتەک ئەم دیمەنە ڕاهاتبوو. هاوەڵەکانی زانکۆشی ئەوانەی کە لە شوێنانی ترەوە هاتوون، پێیان خۆش بوو گوێی لێ بگرن ئەم حەکایەت و باسانەیان بۆ بگێڕێتەوە. ئەوانیش لە بارەی بەهرە ئەدەبییەکانیەوە داخاوتن. جا کچە لەبەر ئەمە بەکابرای موسافیر پێدەکەنی و وا پێ دەحەسیا کە تۆزێک لێی وەڕەز و بێزارە.

کۆچلەبەرەکان شوبهاندنەکەیان گوێ لێ بوو –چونکە کوڕە گەنجەکە بەدەنگێکی بەرز داخاوت– و لێی تێنەگەیشتن. بەڵام هەمووان واقیان وڕما بوو بۆ دیمەنی ئەو دەریاوانەی کە تا نێوقەدیان ڕووتە و لە ئارای ئەو شیرەشیرِ و فەرمانانەدا کە کاپتنەکەی سەرەوەیان دەیکا، دارەکانیان ڕادەوەشێنن. ئەوە کارێکی گرانە، گەلێ گران و دژوارە، گرانترە لە کێڵانی عارد و هەڵکەندنی چاڵی قووڵ قووڵ و چاندن و چنین. جۆکۆندینا دیاردی بۆ یەکێ لە پیاوەکان کرد:

– پفیلکەیەک بەسنگییەوەیە...

هەموویان بەو شوێنەیانەوە کە دەیدەن بەسەر دارەکەدا، پفیلکەیان هەبوو. فلاگیلادۆسەکان چاویان لێبوون، بەخۆیان و دارە درێژەکانیانەوە نوقمی نێو ئاوەکە دەبوون و سەرلەنوێ بەژێر توێکڵی کەشتییەکەوە دەیانخزێنن. ئەوە زۆرانبازییەکی بێ وچانە بەدرێژیی چەند سەعاتێکی تەواو. نەختە نەختە کەشتییەکە سەرلەنوێ خەریک بوو نوقم دەبوو، ئەمەش پتر سەرسوڕمانی وەبەرنان، چونکە ئەوان پێیان وا نەبوو کە لە توانایاندا بێ بیجوولێنن. دیقەت قوڵەڕەش و دووڕەگەکانیان دا ئەو هەموو هەوڵ و کۆششە دەدەن، ئەوانیش پیاوانێک بوون وەک خۆیان، هەمان بەژنوباڵا و هەمان پێست و ڕەنگ، بەڵام لە چاو جووتیارەکاندا وەک دێو بەدیار دەکەوتن، گشت کارێکیان پێ دەکرێ، بەسەر هێز و گەورەیی ڕووبارەکەدا زاڵ و بەتوانان، کە کەشتییەکەش لە پاش هەوڵێکی مەردانە کەوتەوە ڕێ و دەریاوانەکان بازیاندایە سەرەوە، کۆچلەبەرەکان لە دەوروبەریان خڕبوونەوە و گەلێ پرسیاریان لێکردن، مناڵەکانیش دەستیان لە برین و پفیلکەکانی سەر سنگ دەریاوانەکان دەدا، ئەوانیش زەردەخەنەیان دەهاتێ، چونکە ئەم کارە دژوار و سەختە ژیان و گوزەرانیان بۆ دابین دەکا، مرۆیش دەبێ بەشتێک بژی.

## -٩-

ئیرِنیستۆ هەوەڵ منالّ نەبوو کە مرد. گەلێکی دیش پێش ئەو مردن، سکچوون تەنانەت منالّە هەرزەکارەکانیشی توورِ هەلّدایە ناو ئاوی ڕووبارەکەوە. چونکە لە پاش ئەوەی کە لە کاتەنگادا خواردنی وشەکەوە کراوی نێو قووتوو و لەتە گۆشتی گای سوێر و ئاردەوایان بەکار دێنا و لە دوای ئەو بێ بەشی و کەم خەرجییەی لە چیازیرۆدا چەشتیان، خواردنی چەوری سەر کەشتییەکەیان بەوێنەی خەون دەهاتە پێش چاو. پیاوەکان چەندیان لە توانا با دەیانخوارد، دوو یا سێ قاپ (پاراکیری)یان دەخوارد و پەنجەکانیان دەلستەوە، ئینجا بەسەر عاردە دارینەکەی کەشتییەکەدا لێی ڕادەکشان و سکیان دەدایە شەمالّ و لە بەر خۆرەتاو خۆیان گەرم دەکردەوە، هەروەک مارەکانی سەرتاو کاتێ گۆلکێک یان کارێکیان هەلّدەلووشی. بەر لەوە نەخۆشیی سکچوون پەیدا بێ تاکە ئاودەسەکانی سێهەمین پلە وایان لێ هات چ کەلّک و سوودێکیان تیا نەمێنێ.

ئاووەشێنەرەکە لە دووەمین ڕۆژەوە پەکی کەوت، گونجەکەش چی دی هەلّی نەدەگرت. خەلّکەکە سەرلەبەر ئەو ئاودەسە تەنگانەیان پیس کرد و لەوتان کەوا بەبێهوودە مانەوە و چیدی مرۆ پێی نەدەکرا لە دەرگاوە بچێتە ژوورێ، ئەوجا فێری ئەوەبوون لەنگەری خۆیان بەسەر شوورەی کەشتییەکەوە ڕابگرن، دواوەیان بکەن بۆ دەرەوە و بەگەلّ و قنگی ڕووت پیسی بکەنە نێو ئاوی ڕووبارەکەوە.

دەریاوانەکان هەموو بەیانییەک ئاودەسەکانیان خاوێن دەکردەوە، بەلاّم هەرکە سەعات دەبوو بەدە و نەدەبوو ئیتر کەسێک نەیدەتوانی وەژووریان بکەوێ. ئاووەشێنەرەکەش بەئێگجاری شکا، ئیدی چار نەبوو دەبوو تا داهاتنی شەو و تاریکی چاوەنوارِ بن تا بەسەر سەری ڕووبارەکەوە تەنگاویی خۆیان دەربێنن، یانیش ئەودەمەی بەکەنارێک گەیشتبان، دەسبەجێ بەتەنگەتاوی بۆ ناو زەل و زوولەکەکانی دەوروبەر غاریان دەدا. لە سەرەتا ئافرەتەکان شەرمیان دەکرد بەچیچکانەوە لەسەر شوورەکە، لە پێش چاوی هەرزەکارە بیجی و فزوولّەکان و تیز و قسەی سووکی کوڕەکان، دانیشن. بەلاّم کاتێک سکچوون پەیدا بوو، گشت شەرمێکیان وەلاوە نا و چیتر چاوەڕێی داهاتنی شەویان نەکرد؛ موسافیرەکانی هەوەلّەمین پلەش بێزیان نەدەهات تەماشای ژێرەوە بکەن.

هەوەلّ کەس منالّەکان بوون وەئەنجامی خراپی گۆڕینی خواردەمەنییەکە و زۆربوونییەوە گلان. پیسییەکەیان سەوز و شل هەلّگەڕا و بۆنێکی بەربادی لێ نیشت. ئەگەر یەکەمین



کەسیشیان لێ مرد، هەمووان خەم و پەژارەیەکی گشتی دایگرتن. گەمییەکە پزیشکێکی تیا نەبوو، ئەگەرچی بڕیارێکی کۆنی میری هەبوو وای بەپێویست دادەنا تێیدا هەبێ. برینپێچێکی دووڕەگی بەدفەسالّ و خاوەن خوو و تەبعێکی ڕەق هات. هەمان شت بەسەر هەموو کەشتییەکانی کۆچلەبەرەکانەوە دەقەوما: برسی و تامەزرۆ دەگەیشتن، جا تێروپڕ ماسییان دەخوارد و بەشێکی زۆریان بەسکچوون دەمردن. برینپێچەکە دی منالّەکە دەمرێ، ئاوڕی لەوانی تر دایەوە و پرسی ئایا بەهیچ سک ئێشەیەک پێ ناحەسێن. ئینجا کۆکەی بۆ کرد و گوتی:

- سکچوون دەستی پێ کرد.

نە داودەرمانی دا و نە ڕوونکردنەوەشی پێشکەش کرد...

- چارە هەر ئەوەیە خواردنەکە کەم بکرێتەوە. هەرچەند خواردن کەم بکەنەوە ئەنجام باشتر دەبێ.

ڕەچاوکردنی ڕێنماییەکەی کارێکی مەحالّ بوو. چونکە گۆشتی ماسییەکە دەیانخاپێنێ و حەز و ئارەزوویان وەبەر دەنێ. گۆشتەکە لەگەلّ ڕۆنی دەندە (Dendê)دا جوان و پوختە ئامادە کراوە و بۆنە خۆشەکەشی کەشتییەکەی داگرتووە. بەلاّم هەر زوو بەزوو گونجەکەی دی لە هەموو سووچ و کەلێنەکانەوە وەشاردییەوە، چونکە نەخۆشە کەشەنگ و ماندووەکان نەیاندەتوانی بەچیچکانەوە دانیشن و تەنگاوی خۆیان بەسەر ڕووبارەکەوە دەربێنن، بەلّکو لەنێو گەمییەکەدا پیسییەکانیان دەکرد بەخۆیاندا و دەرپێ و جلەکانیان پۆخلاّوی دەکرد.

شیرەخۆرەیەکی کەش مرد، لە پاشان نۆرە هاتە سەر ئیرِنیستۆ کەوا جۆکۆندینا لەبەر نەبوونی شیر شلەی ماسی دەدایە. ئەگەر کۆچلەبەرەکان لە وێستگەیەکەوە نێزیک بان لاشەکانیان هەلّدەگرت تا لە گۆڕستانێکدا بیاننێژن، خێزانەکەش شەونخوونیان بەسەرێیەوە دەکێشا و تا ئەوێ دەگریان، نە دارەمەیتیش وەچنگ دەکەوت و نە گولّومولّیش. لە وێستگەشدا بەپۆلیسیان دەسپارد، چونکە کەشتییەکە ماوەی چاوەڕێکردنی نییە... بەلاّم کاتێ لە وێستگەیەکەوە دووربان، ناچار دەبوون لاشەکان توورِەهەلّدەنە ناو ڕووباری ساوفرەنسیسکۆوە و لێ دەگەڕان (پیرانیاسەکان - Piranie)[1] بیانخۆن،

(١) Piranie ماسییەکی گەلێ وردە، بەلاّم تا بلّێی چلّێس و نەوسنە.

ئەمەش لە ئیرِنیستۆ قەوما. ئەوان چاویان لێ بوو لاشە خنجیلەکە ئاو دەیبا و کراسە پۆخڵەکەی بەوێنەی ئاڵا یان وەک دەسەسرێک بەدیارد و ئیشارەی ماڵاواییەوە دەشەکێتەوە.

کۆستەکە بەلای جۆکۆندیناوە گەلێ گران و دژوار بوو. ئەو لە سەرەتای کۆچەکەدا و لەناو کاتەنگادا، چاوەڕێ بوو ها ئێستە تۆزێکی دی بمرێ. چونکە نەبوونی شیر و خواردنی باشتر لە ئاردەواکە، ترسی وەبەر دەنا. وێڕای ئەوەش شیرەخۆرەکە خۆی ڕاگرت و بەرگەی کۆچەکەی گرت، ڕۆژیش لە دوای ڕۆژ لاواز بوو، بەڵام نەخۆش نەکەوت و جۆکۆندیناش نەختە نەختە هاتە سەر ئەو بڕوایەی کە دەژی. ئەمێستاش ئەگەر کارەساتەکان وا بەدیار کەوت وەک ئەوە بەکۆتاییەکەی گەیشتبێ و ئەو حەلە ئازارەکانی وەختە بوو وەکۆتا بێ – وەک خۆی بیری لێ دەکردەوە– و کاتێک دی خواردن زۆر و زەبەندە وای لێ هات دڵنیا بێ کە ئیرِنیستۆ گەورە دەبێ و ڕۆژێ لە ڕۆژان دەبێتە کوڕێکی شۆختر لە نینن–، بەڵێ لەودەمەدا مرد و گۆڕێکیش نەبوو لاشەکەی وەشێرێ، بگرە بەکەیفی ڕووبارەکە دەچوو، تا ببێ بەنێچیری پیرانیاسەکان... گەر بهاتبا و لە کاتەنگادا مردبا، دەیانناشت و هیچ نەبا خاچێکیان لەسەر گۆڕەکەی دادەنا و شەویش شەونخوونی و نوێژیان بەسەرەوە دەکرد. بەڵام ئەوا ئێستا دەبینن ئەم لاشەیە بەسەر ڕووی ڕووبارەکەوە، بەنێوان چڵەدار و گەڵا و گۆڵەکان و گشت ئەو پیسییانەی کە لە کەشتییەکەوە فڕێ دەدرێن، وەک ئاومالکێک دەڕوا. گەڵا و گۆڵەکان بەلاشەکەوە دەلکان و جار ناجاریش ئاو دایدەپۆشی و قاچەکانی نەبێ هیچی کەیان بەدی نەدەکرد، تەنها ئەو دوو قاچە لەڕولاواز و خنجیلانەی نەبێ.

بەڵام جۆکۆندینا تاکە کەسێک نەبوو بەسەر کەشتییەکەوە خاوەن کۆست بێ، مردن هەر هات و نەبڕایەوە، تەنانەت لاشەی پیاوەکانیش خۆ بەخۆیان تووڕ هەڵدەدرانە نێو ئەم گۆڕستانە سەیرەوە. ئەودەمەش وادەی نانخواردن دێتە پێشێ ئەوا لەکن هەریەک لە کۆچلەبەرەکان کارەساتێک دەگەیێنێ: برسێتی و حەزکردن لە گۆشتی تامداری ماسی و مەترسیکردن لە سکچوون.

لە یەکێ لەو بەندەرانەدا کە کەشتییەکە تێیدا لەنگەری گرت کاپتنەکە گایەکی کڕی و سەری بڕی، تا دوو ڕۆژی ڕەبەق خورد و خۆراکیان گۆشت بوو، بەو جۆرە کارتێکردنی سکچوونەکە سووک بۆوە. بەڵام دیمەنی لاشەی نەوەکە بەسەر ئاوی ڕووبارەکەوە هەرگیز لە پێش چاوەکانی جۆکۆندینادا ون نەبوو. ئەو گەلێ بەسەرهاتی پێ دەبێ بۆ هەرسێ



کوڕەکانی بگێڕێتەوە وەختێ چاوی پێیان دەکەوێ. گەلێ خەم و کڵۆلیش بەتایبەتی بۆ نینن دەگێڕێتەوە. فرمێسکێکی زۆریش بەسەر هەرسێ کوڕەکانیدا دادەبارێنێ. لەبەر چی هەر کارەساتێکی بەسەر هاتبا، ئەوانی وەبیر دەهاتەوە؟ ئەو بێجگە لەوان کەسێکی ئەوتۆی لە ژیاندا نەما، خێزانەکەی هەر زوو لەناوچوون و ماڵوحاڵی کاول و وێران بوو و بێجگە لەو سێ کەسەی کە چوون بۆ کەسی کە نەدەگریا. –ئەگەرچی یەک لەوانە بۆتە سەرباز و ئەوی دیکە بەکانگاسیرۆ، ئەوا مردن لەم کۆچەدا کە لە بۆ ساوپاولۆ دەیکەن لە گشت ڕووداوەکان ناخۆش و دڵتەزێنترە. ئیدی وای لێ هات ڕقی لەم وڵاتی ساوپاولۆیە هەڵدەستا و نەیدەزانی لەبەرچی سوورن بچنە ئەوێ. ئەوان پێیان دەکرا بەرێگاوە لە دێیەرێکدا وەک پاڵە بمابان. چش، بام کرێکە کەم بایە و عەردیش ئی خۆیان نەبا، خۆ ئەوان لە بۆ کۆلۆنێلێک کار دەکەن و بۆ ئەویش بەروبووم دەچێنن؟. هەرچۆنێک بایە گوزەرانێکی چێتریان دەکرد و هەموویان لەتەک یەکتردا بەدنیاوە دەمان، ئێوارێش دەیدین بەخۆیان و کەرەسە و تفاقی کارکردنەوە دەگەڕێنەوە. ئەوە ئێستاش دەیانبینێ یەک بەدووی یەکدا دەڕۆن تا هەریەکەیان مردنێک بچێژێ تا بڵێی لەوی دی خەماویتر بێ.

ئۆگستینیۆ و گرترێد بەختیان یار بوو کە لەو دێیەرە دوورەدا بڕیاریان دا بمێننەوە. دەبێ ئێستا زەماوەندیان کردبێ، ساڵێکی دیش کوڕێکیان دەبێ و دوور نییە لە ئیرِنیستۆ بچێ، دوایەش گەورە دەبێ و ئۆگستینیۆ بەو پارەیەی پاشەکەوتی کردووە بزنێک دەکڕێ، چونکە شیری بزن منالێکی شیرەخۆرە تێر دەکا و بۆ نەشونما پێکردنی لە شیری مانگا باشترە. هەرچۆنێکیش بێ بزنەکە لەگەڵ خۆیاندا دێنن.

هاواری شین و گریان سەرلەبەر کەشتییەکە دەشڵەقێنێ. لە هەوەڵەمین پلەشدا پیانۆ لێ دەدەن و قاقای بۆ دەکەن. چونکە لەوێدا تەنیا ماسی ناخۆن، بگرە چۆنیان بوێ گۆشتی دیکە و نان و قاوە بەشیر دەخۆن، کەسێکیش نەخۆش نەکەوت. ئەمەیە ژین و گوزەرانی هەژاران... و جۆکۆندینا لەبەر خۆیەوە پرسی لەبەرچی خەڵکی بەهەژاریی دێنە دنیاوە؟. هەر بۆ ئەوە پتر ئازار و مەینەتی بچێژن!... جا چ خۆیان بن کە لە عارد و ماڵوحاڵ دەرکران، یان ئەو دەریاوانە کەوا نێزە نووساوەکانی سەر سنگە خوێناوییەکانیان ڕەنگی هەڵبزرکاندوون، ئەوا کڵۆڵی و هەژاری هەر هەمان کڵۆڵی و هەژارییە. گێتی بەجۆرێکی ناهەموار و دزێو داهێنراوە، پڕە لە زۆر و ستەم و دەبێ وەئاخروئۆخری بێ. گومانیش لەوەدا نییە دواجار کۆتایی پێ دێ. گەلێک نێزیکە کۆتایی پێ بێ.

پیاوچاکەکە ئەوەی گوت، ئافرەتە پاکیزە خواناسەکەش گوتی، دەنگی هەردووکیان لە هەموو (سەرتاو)دا بیستراوە، لەوێڕاش گیتارژەنە نابیناکان و جەردە و ڕێگرە هەرە زیخ و چەلەنگەکان و ژن و ئافرەتە هەرە کلۆڵەکان ئەوە دەڵێنەوە کە ئاخروئۆخری دنیا نێزیکە و ئازار و دەردەسەرییەکانیش دەبڕێنەوە.

«خۆزی کرابا و هەر ئێستە کۆتایی پێ هاتبا!» جۆکۆندینا ئەمەی ئاواتەخوازە. دەبا پێش ئەوە جیرۆنیمۆ بمرێ کۆتایی پێ بێ، ئێستە ئەو تاکە ئاواتی -وێڕای دیتنەوەی کوڕەکانی- ئەوەیە مردنی مێردەکەی بەچاو ببینێ. چونکە مردنی گەلێ کەسی چ ئەوانەی خۆی بەدنیای هێنان و چ ئەوانەش کە پەروەردەیکردن بەچاو دی. لەبەرچی خوداوەند ڕۆحم و بەزەیی پێدا نەهات و بیانباتەوە؟ لەبەرچی لێ گەڕا بژی مادەم هەر بۆ ئەوە دەژی ئازار و بەدبەختی بچێژێ؟ گەر پێی کرابا بەر لەوە کوڕەکانی ماچ بکات، ئەوا بەخۆشی خۆشییەوە سەری دەناوە. (جۆ) کە لە ڕیزی پۆلیسدا سەرباز بوو و (جۆزیە)یان کە کانگاسیرۆیە و (نینن)یشیان کە عەریفە لە سوپادا. گەر هەرسێکیان پێکەوە گەیشتبان و بەخشش و پیرۆزییان لێ داوا کردبا... بەڵام ئەوان بەکوێ دەگەن؟. مادەم نەماڵێک شک دەبەن و نە عاردێکیان هەیە و نە ژن و خێزانێکی ئەوتۆ و بەخۆیشیان نازانن لە کوێ بنوون.

ڕوونیان کردەوە کە ئاوی ڕووبار ڕووەو دەریا دەڕوا، ئاوی ڕووبار دەزانێ بەرەو کوێ دەکشێ و چارەنووسی چ دەبێ... جۆکۆندینا نازانێ بۆ کوێ دەچێ و لە کوێدا بوخچە و پیارسکەکانی دەخا و پشوو بەلەشی دەدا. ئەدی باشە کە وەساوپاولۆ دەگەن، ڕوو بکەنە کوێ؟ ئەڵێن سەرماکەی لە کێشدا نییە و سەهۆڵیش لە زستاندا تەنگی پێ هەڵدەچنێ، وەها تەنگی پێ هەڵدەچنێ کە گوێ و لێوان سڕ دەبن و گۆ ناکەن. هەر هەموویان لە سەرمانا ڕەق دەبنەوە و دەمرن و ئەو کەسانەش کە بەرگە دەگرن... و ئیدی بەو چاوانەی کە چیتر وەئیڕنیستۆ ناکەون بۆ پاشماوەی خێزانەکەی گەڕا. جیرۆنیمۆش نوستووە و مرتاش بەلەپ فرمێسکی دەسڕێ و جۆبیدرۆش سەبیل دەکێشێ، تونیۆش لەتەک ئەو کوڕانەدا کە نەخۆش نەکەوتوون بەچەوازی پێ کەوتووە و غارغارێن دەکا. سیانزە کەس بوون وێڕای کەر و پشیلەکە وەختێ ڕێی کۆچەکەیان گرتەبەر دینا ژماردنی. ئەوەتە ئێستەش ماونەتەوە (٥) کەس، داخوا ئەو حەلەی دەگەن ژمارەیان دێتە سەر چەند؟...





سکچوون سووک بۆوە، بەڵام هەندێ پیاو و ژمارەیەک لە ئافرەتەکان هێشتا پەتاکە بەری نەداون و لەرزوتێیانە. بەڵام ئەو کەسانە کە لە سەرتاوی سەروودا تووش نەبوون پەتا بەسەر ڕووباری (تێ)وە گرتنی. بۆگەنێکی بەرباد لە سێهەمین پلەوە دەهات، گەن و پیسی نەخۆشەکان لەگەڵ پیسییەکی دیدا تێکەڵاو دەبوو کە لە گەوڕە سەفەرییەکەی بەرازەکان و قەفەزی مریشکەکان و ئاودەسە هەمیشە پڕەکانەوە دێ. گریان و وڕێنەی بەدەم تاوە و داد و سکاڵاش بووە شتێکی ئێجگار باو، تەنانەت وای لێ هات کەسێک گوێی نەدەدایە. موسافیرەکانی هەوەڵەمین پلە ترسیان لێ نیشتبوو، هێندێکیان هەڕەشەی ئەوەیان کرد کە لە ترسی لەرزوتادا لە کەشتییەکە بێنە خوارێ. نوێنەرێکیش لە نوێنەرانی کۆگا بازرگانییەکان (تا) گرتی و موسافیرەکان داوایان کرد کاپتن چارەیەکیان بۆ بدۆزێتەوە، پاشان گەلێ (کنین)[1] بەسەر کۆچلەبەرەکاندا دابەش کرا.

وێڕای هەموو شتێکیش ڕەوڕەوەی ژیان بۆ ئەوانەی بەساغی مان لەوەپێشەوە چوون نەکەوت. ئەوانە پەپەزێنیان دەکرد و پارەوپوولیان دەدۆڕاند و گیتاریان دەژەند و پرۆژەومرۆژەیان بۆ ساوپاولۆ دادەنا. پاش چەند ڕۆژێکی کەش بەپیراپۆرا دەگەن، ئەوە وەک ئەوە وایە بەکۆتایی کۆچەکە بگەن، لەوێش هێندەیان لەسەرە بەبلیتێکی خۆڕایی سواری شەمەندەفەر بن، پاشی دوو ڕۆژیش لە شەمەندەفەردا، بەو شارە گەورەیە دەگەن کە هەرزانی و ئیشوکار و سامان و خۆشی دەواریان بەسەریا هەڵداوە. دەبوو گاوگەردوونێکی[2] فرەیان دابا. بەڵام گەر نیوەی ئەو حەکایەتانەی بۆیان گرێدراوەتەوە ڕاست بن، ئەوا ئەو هەموو هەوڵ و تەقەللایە دێنێ.

کە لاشەیەکی کەشیان فڕێ دەدایە ناو ڕووبارەکەوە و دەیاندی پیرانیاسەکان بەچلێسییەوە هەڵپەی دەکەن، بەزەیی و گریانیان دەهاتێ چونکە مردووەکە کاتێکی تۆزێ زیاتر بەرگەی نەگرت. لەرزوتا لە سکچوون زیاتر زیانی گەیاند، بەڵام پیاوەکانی کرد بەزەعفەران و ئافرەتەکانیش هەر بەوێنەی تارمایی، تووشی کەسێکیش بهاتبایە هەرگیز لە کۆڵی نەدەبۆوە، ون دەبوو و بۆساڵی داهاتوو کە زستان بەخۆی و باوبۆرانی دەگەڕاوە

(١) کینن: دەرمانێکە بەشێوەی حەب یا (شروب) جاران بەنەخۆش ئەدرا.

(٢) گاوگەردوون: قوربانی.

هەمدیس سەری هەڵدەدایەوە. لەمەڕ ساوپاولۆوە گەلێ شت دەگێڕدراوە: هەموو شتێک تێیدا جودایە، لەوێ بەزستان باران ناباریّ -سەرمایەکی بەئاستەم لەگەڵ هەندێ بەفر و تەمومژدا، باران لە هاویندا نەبێ ناباریّ- ڕەنگە لەوێش لەرزوتا نەبێ.

کارەکە زیاتر پیستر بوو وەختێ هەواڵەکە بڵاوبۆوە -نەشدەزانرا چۆن چۆنی بڵاوبۆوە و لە چ دەمێکەوە دەرهات- ئەوان لە پیراپۆرادا مۆڵەت بەنەخۆشەکان نادەن کۆچ و کۆچباریان تا ساوپاولۆ وەئەنجام بدەن. چونکە میری شوێن و ڕێیان ناداتێ. گەر بشیانەوێ بەوێ بگەن، دەبێ پارەی بلیتی شەمەندەفەرەکە لەسەر خۆیان بێ و دۆزینەوەی ئیشوکاریشیان بۆ مسۆگەر نییە. تاکە پزیشکێکی میری لێیە یەک یەک فەحسیان دەکا؛ ئەو کەسانەش لە فەحس دەردەچن -وێڕای وردی ئەو فەحسە- مافیان هەیە شوێنیان وەچنگ بکەوێ.

جا ورە بەردان سەرنشینانی کەشتییەکەی داگرتەوە. ئەم سۆزە وای لێ هات لە بۆگەنەکە و گریان و فرمێسک و تاکە پتر هەستی پێ دەکرا. ئەوان تووڵە ڕێگاکانی برسێتی و نەخۆشییان بڕی، ئەو حەلەش لە هەرزانی و خۆشی ژیان نزیکبوونەوە، ئایا ناتوانن دوا هەنگاو بنێن تا بەدەستە چلێس و ماندووەکانیانەوە توند بیگرن؟...

جۆکۆندینا هەواڵەکەی بیست و تۆزێ نیگەران بوو. ئەو ئێستا وای لێ هات بڕوا بەقسەی ئەو پیاوچاکە بکا وەختێ گوێی لێ بوو دووپاتی دەکردەوە. دنیا وەختە وەئاخروئۆخری بێ، لە کۆتایی پێهاتنەوە نێزیکە. باشتر وایە هەر ئێستە وەکۆتایی بێ بەر لەوە بەپیراپۆرا بگەن. ئەودەمەش ڕەنگە تووشی بەدووم و شوومییەک نەیەن.





لە پیراپۆرادا، کەشتییەکە لە نێزیک تاڤگەیەکەوە کە خوڕە و هاژەی گوێچکەی مرۆڤی کەڕ و کاس دەکرد، لەنگەری گرت. فلاگیلادۆسەکان دواکەوتن تا تەماشای موسافیرەکانی هەوەڵەمین پلە بکەن کە لە کەشتییەکە دێنە خوارێ. کابرای موسافیرە بازرگانییە لەرزوتا لێ نیشتووەکەش ڕێ و ڕاست خرایە سەر عەرەبانەیەک و بۆ تیمارخانە بەڕێ خرا. گشت موسافیرەکانی سێهەمین پلە هەستانە سەرپێ، تەنانەت ئەوانەش کە هێشتا تایانە. چونکە کەسێکیان نەیدەویست نەخۆشی پێوەی دیاربێ نەبا لە ساوپاولۆدا شوێنیان وەچنگ نەکەوێ. لە هەریەکەش لەو موسافیرە تازانە کە سەردەکەوتنە سەر کەشتییەکە هاڵوهەواڵیان دەپرسی، بۆ ئەوە بزانن چ بکەن و چۆن چۆنی ڕەفتار بکەن تا ئیجازەکەیان بەدەست بکەوێ و پێویستە ڕوو بکەنە کوێ و ئەو پزیشکە میرییەی فەحسی دەکردن چۆن بووە، پاشانیش کەنگێ شەمەندەفەری کۆچلەبەرەکان دەکەوێتە ڕێ؟

زات و جورئەتیان هاتەوە بەر و ئەگەرچی بڵاوەیان لێ کرد تا بچنە میوانخانە جوداجوداکان، بەڵام خوداحافیزیشیان لێکتر نەکرد بەو هومێدە هەر هەمووان لە هەوەڵەمین شەمەندەفەردا کە دەچێتە ساوپاولۆ یەک بگرنەوە.

ئەو کابرا دووڕەگەش کە ئازووخەکەی بۆ کڕین و پێی خۆشە و دەزانێ باخێوێ، چەند زانیارییەکی لە یەکێک لە حەماڵەکان هەڵکڕاند. ئەو پێ زانی لە کوێڕا پێی دەکرێ بحەوێتەوە. لە شەقامەکاندا گەلێ میوانخانەی هەرزانبەها هەیە کۆچلەبەران ڕادەگرن، بەمەرجێ پێشەکی پارە بدەن. بەڵام بەچەند هەواڵێکی دیشی زانی: شاری پیراپۆرا پتر لە سێ سەد کۆچلەبەری لێیە، چاوەڕێی هۆیەکی گواستنەوە دەکەن بیانگەیەنێتە ساوپاولۆ، ئەمە بێجگە لەو نەخۆشانە کە ئیجازەی پزیشکیان وەچنگ نەکەوتووە، ئەوانە ناشێ بژمێردرێن، جا لە جادە و شەقامەکاندا دەستیان دابووە دەرۆزەکردن یانیش لە کێڵگەکانی ئەو دەوروبەرەدا بەنانەسگێ کاریان دەکرد، هەمیشە هیوایان پێ مابوو بڕوانامەکەیان بدەنێ، جارناجاریش فەحسی پزیشکی دەکران.

– ئەتوانن لێرە دوو مانگ بمێننەوە، وە بزانن هیچ نەبێ وایە.

دوایەش لە پیرە کەشتی هاتنە خوارێ. هەندێکیان بوخچە و پریاسکەکانیان بەسەر سەریانەوە بوو، هەندێکیشیان بەدەستیانەوە، لە پاشان بەسەر ڕۆخەکەوە دەوێستان، لەوێ کە بەلەمەکان دایاندەبەزێنێ بەبێ ئەوە بزانن ڕوو بکەنە کوێ. قەراغی ڕووبارەکە گەلێ

حەماڵی دڵچاک و خێرخوازی لێبوون و شوێن و ڕێی پێ پێشان دەدان.

قرچەی نیوەڕۆ بوو، هەتاو زۆر گەرم بوو. لە جادە و شەقامەکاندا تۆز و گەردێکی ئاماڵ خوێناوی سیبەکانی پڕ دەکرد. وەختێ بەوێ گەیشتن شاری پیراپۆرا لە سەرخەوی نیوەڕۆیدا بوو. لە درۆزەکەران بەولاوە کەسی دیکە نەدەبینران، دەیەها سواڵکەر لە ڕێبوارە تاکوترووکەکان دەستی خێریان پان دەکردەوە، ئەم تۆز و گەردە چڕ و خەستەش نەبێ کە ڕەنگێکی سووری بەگشت شتێک دەبەخشی و تف و بەڵغەمیشی بەڕەنگێکی کراوە هەڵدەگەڕان. لە دووریشەوە تاڤگەکە دەژێر پردێکی چۆڵوهۆڵدا دەینرکاند و هاژەی دەهات. کۆچلەبەرەکانیش گروپ گروپ و دەستە دەستە ڕووەو میوانخانە هەرزانبەهاکان ملی ڕێگایان گرتەبەر.



## شەمەندەفەر

-١-

کە نەخۆشەکە چووە دەرێ، دوکتۆر ئەبامینۆنداس لایت بۆ تۆزەوەختێک دانیشت بەر لەوە سیستەرەکە بانگ بکات. ئەو پێ دەحەسیا کەشەنگ و ماندووە. ڕوانییە پێڵاوەکانی کە لە تۆز و خۆڵدا سوور هەڵگەڕاون. بۆیەکردنیان بێهوودەیە، هەر بۆ فڕێدان باشن. باوێشکێکی درێژی دا و دەستی نابوو بەسەر دەمییەوە. کراسەکەی لە عارەقەدا شەلاڵ بووبوو ئەو گەرمایەی کە لەنێو ژووری عیادەکەیدا خێوەتی هەڵداوە هەناسەی بەمرۆ دەبڕی. ئای وڵات قۆڕت پێوە درێ و وەنەحلەت بی! چارەیەکی دی نەبوو، دەبوو هەڵسێ و کارەکەی ئەنجام بدات. بەیاننامە میرییەکانیش بەسەر نووسینگەکەوەن، دەستەوارەیەکی گەورەن نەختە نەختە کەم دەبوونەوە. پاش نیوەڕۆ بیست کۆچلەبەری فەحس کردبوو تەنها نۆ کەسیان بەخۆی و ئەو بڕوانامەیەوە کە لەش ساغییان دەسەلمێنێ و ئیجازەی تێپەڕبوونیان بۆ ساوپاولۆ دابین دەکا، ڕۆشتن، دابەشکردنی ئەم بڕوانامانە لە لایەکی دیکەی ڕۆنراوەکەوە کار دەکات. نزیکەی هەموو کۆچلەبەرەکان تووشی لەرزوتا ببوون، هێندێکیان کرمیان هەبوو، هێندێکیشیان سیلداربوون، لەو ڕۆژەشدا حاڵەتێکی نەخۆشی گەڕیی بەدیارکەوت. ئەگەرچیش فەحسەکە سەرپێیانە بوو، بەڵام نیشانەی نەخۆشییەکان بەسەر گشت دەموچاوەکانەوە نیشتبوو، کە ئەبامینۆنداس ساڵێک لەوەبەر گەیشتە پیراپۆرا، یەک یەک بەوردی فەحسی دەکردن و بەدوورودرێژی لە تەکیاندا داخاوت، حەوت پشتی لێ دەپرسین، هەوڵی دەدا هەموو شتێک لەمەڕ پشتاوپشتەکانیانەوە بزانێ. گەلێک لەو کۆچلەبەرانە هێشتا بەدەم (تا)وە هەڵدەقرچان و دەبرژان، جا نیشانەکانی بەڕەنگە زەرد و هەڵبزرکاوەکانیان و لەرزینی دەست و پلیان و چاوە بەقووڵاچووەکانیانەوە دەردەکەوت. هەر ئەوەندە بەس بوو تەماشایەکی ئەو کلۆڵانەت کردبا، ئیدی لە پای چی دوایان بخەن؟ کەسانی واشیان تیابوون پشتیان کۆم و ڕوومەت قووپاو و هەناسەیان سوار و لرخە لرخی سنگیان دەهات، تیمارخانە خۆڕاییەکەش ئامێرێکی تیشکی ئێکسی تیا بوو، بەڵام ئەم تاکە ئامێرە هەمیشە لە کار کەوتووە و بێ سوودە و هەرچەندەش سەرپەرشتانی بەئیلحاحەوە داوای چاککردنیان دەکرد، جا بن و بنەمای گشت نەخۆشی و گشت ئیسقەیەک دۆزینەوەیان زەحمەت و بەدەگمەن بوو. سەرەڕای ویش پزیشکەکە

بەهۆیەکانی دەزانی، ئەم هۆیانەش:

سەفەر و کۆچ و برسێتی و کارکردنی زۆر و ماندووبوونە، لە مانگەکانی هەوەڵیشدا کە کۆچلەبەرەکان لە ژووری عیادە دەهاتنە دەرێ، دەیانگوت:

– ئەم پزیشکە وەها پێناسەمان دەکا هەر دەڵێی کاهینە... ئەو لە بارەی سەر و بنی ژیانمانەوە دەپرسێ.

وا پێ دەحەسیا شەکەت و ماندووە، نەک تەنها لەم دەمەی پاش نیوەڕۆیەدا. ئەو لەمێژەوە شەکەت و ماندووە، بەر لە چەند هەفتەیەک، بگرە چەند مانگێک تێپەڕیوە وایە، ئەو لە گشت شتێکی دەوروبەری پەست و بێزارە: لە گەرمای پیراپۆرا، لەو تۆز و خۆڵەی کە لووت و دەمان پڕ دەکا، لە شیرە و قیژەی پڕوپووچی پیرەژنانی نێو ماڵە کپ و خامۆشەکان، لە خورە و هاژەی ڕووبارەکە و نەخۆشییەکانی ڕەوەندەکان، لە تکا و فرمێسکەکانیان و لە بەسەرهات و حەکایەتەکانیان و ئەو بێزار بوو لە سیستەرەکە، بێزار بوو لە ڤیلۆ ئەو کچە تیوەی کە ئێوارێیەکی ئەوتۆ نەبوو لەگەڵیا نەنوێ و هەمیشە لە مەیخانەکەدا چاوەڕێی دەکرد، تەنها یەک شت نەبێ دەنا هیچی دیکەی لە خوا نەدەویست، ئەویش: بڕوات و شار و تیمارخانە خۆڕاییەکە و ئیجازە بێ کەڵکەکانی تێپەڕبوون وەجێ بێڵێ و چی دی چاوی بەسەروسەکوتی مووچەخۆرەکانی کە نەکەوێ و دەنگی (ئامالیا)ی سیستەری نەیەتە گوێ وەختێ بەسەر کۆچلەبەرەکاندا دەشیرێنێ:

– دەی بچنە ژوورێ، بۆ لای خزمەکەتان.

گەمژەیی و کەم ئەقڵییە! خزم... چما دەیانزانی ئەم وشەیە چ دەگەیێنێ؟. کام مانای مەبەستە! ئەی تەورات –ئایا ئەوە تەوراتە؟– دەیگوت نابێ مرۆڤ دەگەڵ خزم و خوێشەکەیدا خراپە بکا... بەڵام لە هەموو شت قورستر ئەوەیە بەڕوونی مانای چاکە و خراپە لێک بدرێتەوە. ئەو کەسەی بەڕاستی هەوڵی ئەوە بدات، شیاوی بەزەیی پێ هاتنەوەیە، ئەنجامیش شێتوویت دەبێ!... بەڵام ئەو، ئەبامینۆنداس، هەر لە هەوەڵ مانگەکانەوە تەق لووتی بوو بەلووت ئەم کێشەیەوە. ئیدی خەو بەچاوی نەدەچوو، ئەوەش بەلایەوە کاتێکی سامناک و ناخۆش بوو. ئەبامینۆنداس دەبوو خۆی وەڕس و دڵتەنگ نەکات و لێگەڕێ لە کارەکان چۆن بووە وابێ، چونکە جیهان بەجۆرێکی دزێو و ناشیرین داهێنراوە، ئەبامینۆنداس لایتیش خۆبەخۆی لە پاش دوو ساڵی کارکردن و مووچەیەکی پێنج سەد و یەک (کۆنتۆ)ییەوە پێی نەدەکرا چارەسەری بکا... دکتۆر دەیوجنیش گەیشتە



هەمان ئەنجام، ئەوە نەبێ ئەمیان لەبری ئەوە ملکەچ بێ بۆ ئەم بار و زەمینە تازەیە ئالوودەی مەی و خواردنەوە بوو و ئەقڵ و هۆشی لە کەللە نەما. بێگومان ئەبامینۆنداسیش بەم ئەزموونەوە گلا، گەلێ ئێوارێی بەسەردا دەهات و تاکە ئارەزووی لەوەدا بوو بخواتەوە تا گێژ و بێ ئاگا بێ، لەناو شاردا سەری خۆی هەڵبگرێ و بیر لە هیچی کە نەکاتەوە و بەمەی خۆی لە گشت پیس و پۆخڵییەکی دەوروبەری پاک بکاتەوە. بەڵام ئەوی لە دوکتۆر دەیوجین–ی دی پەندێکی باش بوو بۆی و بەرگەی گرت.

لای ئەبامینۆنداس گرینگ ئەوەیە دان بەخۆیدا بگرێ و بمێنێتەوە تا ئەو حەلە هاوەڵەکانی لە ساوپاولۆدا بۆیان دەلوێ بیگوێزنەوە. نامە لە دوای نامەی نووسی و باوکی ساتێک چییە نەحەسایەوە، مقەس و دەرزییەکانی وەلاوە نا و چوو بگەڕێ لە دووی کەسانی خاوەن پلە و پایە؛ گوێی لە بەڵێنەکانیان دەگرت، لە پاشان هەمدیس بەتکا و پاڕانەوە دەگەڕایەوە کنیان. ئەبامینۆنداس تۆزێک نەبێ دەنا باکی نەبوو و خۆی لە خش نەدەکرد وەختێ هاوەڵەکانی بە(گوواوی) گازیان دەکرد، چونکە نەیاندەزانی تیمارخانەی بەخۆڕایی و کۆچلەبەرەکان و کارەسات و تکا و پاڕانەوە و نوێژ و درووەکانیان چ دەگەیێنن کەوا گشت ئێوارێیەک لە گوێیەکانیدا دەزرنگێتەوە و خەویان لێ هەراسان کردووە. گەر ئەوان بەهەموو ئەم شتانەیان زانیبا ناویان لێ نەدەنا (گوواوی).

خۆزی هیچ نەبووایە ناو بەناو ئافرەتێکی نەشمیلانەی کۆچەریی بهاتبایە لا!... ئەو شتە گەلێک دەگمەنە، چونکە مانگ دەهات و مانگ تێدەپەڕی و لە پیرەژنان و ئافرەتی مەمک چرچ و شۆڕ و پیاوی وشک و ڕەقی وەک کۆتەرە بەولا چی دیکە بەدی نەدەکرا. ئەو دەیزانی ئەم بیرکردنەوەیەی ڕیسواییی و لە کیسدانی هەموو خوو و ڕەوشتێکی پاکە، بەڵام هەنگێ ژنە قەرەجێکی جوان بەدیار دەکەوت، توانای تیا نەدەما دان بەخۆیدا بگرێ، جا بەبیانووی ئەوە فەحسی دەکا، لێی داوا دەکرد ڕووت بێتەوە، پاشان دەستی بەلاملی و ڕانەکانیدا دێنا، ئافرەتی تاینیش لە شەرمانا سوور هەڵدەگەڕا و چاوەکانی شۆڕ دەکرد و بەدەستەکانی سینە و مەمکی خۆی دادەپۆشی. پاشی ئەوە هەستی بەژانی ویژدان دەکرد و بێزی لە خۆی دەهاتەوە. بەڵام ئەم وڵاتە و ئەم پیشەیە هەر پیاوێک بێ سووک و ڕیسوای دەکا و چاکترین خوو و ڕەوشتیش دەلەوتێنێ. هەمیشە قسەی ئەو کۆچلەبەرەی دەهاتەوە بیر کە لە دوای گەیشتنی بەماوەیەکی کورت بیستبووی. ئەودەمە چاوی لێ بوو کابرایەک زۆر بێ ڕۆحمانە بەپاژنەی پێڵاوەکەی لە کوڕێک دەدا و خوێن لە لێو منداڵەکە دێتە خوارێ. ئەویش نەوی لە دەست کابرای کۆچلەبەر و بەسەریا قیژاندی:

– بەسە ئیتر! پەککوو لەم دڕندایەتییە!

کابرا چاوێکی بەدووم و شەڕانی هەبوو، بەڵام کە دی ئەو کەسە پزیشکەکەیە، شێوازی خۆی گۆڕی و دەستی لەو کوڕە پۆخڵە چاو بەفرمێسکاوییە کردەوە کە چ تەقەللایەکی ئەوتۆی نەدا خۆی دەرباز بکات.

– ئەی جەنابی پزیشکی سەروەرم، ئێمە هەژارین و دەچینە ساوپاولۆ. هێندە بێ پارە و پوولین، پارووە نانێک شک نابەین بیخۆین. ئەم کوڕە کلۆڵ و بەدبەختەش ڕێگەیەکی تری نەدۆزییەوە ئەوە نەبێ بچێت و نان بدزێ و بەزۆر و زۆرداری لەکەدارم دەکا.

بەزمانە گولمکێ، لێرە، لە پێش دەرگاکەدا حەکایەتەکەی گێڕایەوە. لەودەمەیدا ئەبامینۆنداس بەدڵێکی فراوانەوە گوێی بۆ ئەم باسە سامناکە دەگرت. ئەگەر کابراش لێ بۆوە، ڕێنمایی کرد و لێی پرسی:

– چۆن زات ئەکەیت و لە دڵت دێ لە کوڕەکەت بدەی دوای ئەوە خۆت و خێزانەکەت ئەو هەموو ناخۆشییەتان هاتە ڕێ؟ چما ڕۆحمێکت لە دڵدا نییە؟ کابرا دەنگی هەڵبڕی و بەملکەچییەکەوە گوتی:

– ئازار و ناخۆشی کەسێکی چاک ناخولقێنێ ئەی پزیشکی سەروەرم، ئەوە نەبێ خەڵکی بکا بەدڕندە و شەڕفرۆش.

ئەوەتە ئێستاش پێی خۆشە ڕستەی پیاوە کۆچلەبەرەکە دووپات بکاتەوە، لە یەکێ لە نامە هەفتەییەکانیشیدا کە هەوەڵ جار ڕۆژانەبوون، بۆ ماریتای دەزگیرانی کە لە ساوپاولۆدا دەژی ئەوەی نووسی. خۆیشی بووە مرۆڤێکی خراپ و بەدخوو و تابینە قاقای نوقمی سووکی و شەرمەزاریی بوو. ئەو شیاوی ئەوە نەبوو وەها سووک و ڕیسوا بێ، بەڵام گلاو تووش بوو، کچانی ڕووتوقووت کردەوە و قایل نەبوو مۆڵەت بەمووچەخۆرەکانی بن دەستی بدا و خەون و خەیاڵی ئەوەبوو بۆ چەند ڕۆژێک لە دایەرەی کۆچەریان هەڵێت.

کچی جوان و لەباریش لەگمەن بوو. دەگەڵ هێندێکیاندا سووکی و بێ شەرمی نوواند، چونکە ئەوان بەو برسێتی و ڕووت و ڕەچاڵییەیانەوە نێچیرگەلێکی سووک و هاسان بوون. هەندێکیان مێردیان هەبوو، ئی واشیان مێردەکانیان بەڕێگاوبانانەوە مردبوون و بێوەژن مابوون. ئەبامینۆنداس پێنج (میل ڕیس)ی دەدانێ، ئەوەش لەکن وان پارەیەکی کەم نەبوو. گەلێکیان لە جادە و کۆڵاناندا داوێن پیسییان کردبووە پیشە، ناو بەناو تووشی یەکێک لەوانە دەبوو کە پێشتر بۆ بڕوانامە هاتبووە عیادەکەی. ئەو ئافرەتانە



نەخۆش و نەگریسبوون بەکەڵکی هیچ نەدەهاتن، جا ڕێگای ساوپاولۆی لێ دەبڕین، ئەوانیش ئاخرییەکەی دەچوون و لە ماڵە سۆزانییەکاندا دەمانەوە و لەوێڕاش هێندەی پێ نەدەچوو دەمردن. گشت ئەمانە وایان لێ دەکرد ڕشانەوەی بێت و پێ دەحەسیا کەشەنگ و ماندووە.

بێگومان، پێی دەکرا گەر ویستبای نەیەتە عیادەکە. فرە جاریش وای کرد و لەو ماڵە خنجیلەیەدا کە بەتاقی تەنێ بەکرێی گرتبوو نەهاتە دەرێ (بەڕۆژ ئافرەتێکی قوڵەڕەش دەهات تا مشووری نێوماڵەکە بخوات). ئەبامینۆنداس لە میوانخانەکە نانی دەخوارد، هەندێ عەسرانیش گەرما و دڵتەنگی تەنگی پێ هەڵدەچنی و لەجیاتی ئەوە کە لە سەعات دوودا بچێتە تیمارخانە خۆڕاییەکە، دەهاتەوە ماڵەکەی و لەسەر چرپایەکەی لێی دەڕما، بەڵام ئەگەر دەسبەجێ نەنوێ، (خەوێکی خۆشی بۆ بکا و لە پاشان هەڵسێ و لەشی شەڵاڵی عارەقە بێ و پێ بحەسێ سەری دێشێ) ئەو حەلە بێزار و وەڕەز دەبێ و بیر لە ڕیزە درێژەکانی ئەو پیاو و ئافرەتانە دەکاتەوە کە بەدانیشتنەوە یان بەپێوە لە هۆڵەکەدا چاوەڕێی دەکەن و زەق زەقێ چاویان بڕیوەتە ئەو دەرگایەی کە لێوەی دێتە ژوورێ. بەشێکیان دوو یان سێ جار هاتبوون، هەمیشە مات و بێدەنگبوون و نیگا شەرمنەکانیان نیگای سەگەکەی خۆی دێناوە یاد ئەودەمەی قوتابی بوو. جا بەسەر جێگاکەوەی گێنگڵ دەدا و دوایەش ناچار بۆ سەر ئیشوکارەکەی شۆڕ دەبێتەوە.

لەم ڕۆژانەشدا وا بەدیار دەکەوت پتر تووڕە و ڕەق و وشک و کەمدووە.

ئەو لە پێناو ئەوەدا خوێندنەکەی تەواو کرد.

ئەدی چ ڕێگایەکی کەی لە پێشدایە، جگە لەوەی هەڵسێ و بەردەوام بێ؟. ژووری چاوەڕێکردن جمەی دەهات، کە بەوێ گەیشت بەهەزار حاڵ نەبێ نەیتوانی بەنێویاندا تێپەڕێ، خەڵکیش تا دەهات زێدەتر ئاپۆرەیان دەبەست، تا ئێستاش بەدەستوبرد نێزیکەی بیست کەسی چاوپێکەوت، لای ئاسان بوو بەکۆمەڵی ئەو نەخۆشانە ببینێ.

– ئەمە ئێستا مەحاڵە مادەم تووشی لەرزوتێ هاتووی.

ئینجا ئەو قوتووانەی دەدانێ کە (کینا)ی تێدایە.

– ها ئەمە بگرە و گەر (تا) بەری دای، بگەڕێوە لامان تا بزانین چمان لە توانا دەبێ بیکەین...

چ جادوویەکی کاریگەر پاڵی پێوە دەنا تەماشیان بکات، مادەم لەمێژەوە دەیزانی کە

رووبەڕووی هەمان ئەو چاوە پڕ خۆف و ترس لێ نیشتووانە و هەمان دەمی کراوەی بەتکا و پاڕانەوە و ناهومێدی دەبێتەوە؟. (ئەمە بەقەد تۆزقاڵێک خێری نییە... ناتوانم چارەیەکیان بکەم...».

گوێی بەسکاڵاکانەوە بوو لە ژوورەکەی ترەوە دەهات، دەنگ و شیرەی ئامالیاش، ئامالیای بێ ڕووی[١] ناشیرین! کە خێزانەکە دەکاتە دەرێ. کاکی پزیشک خۆیشی هەمان ڕەفتار دەکا، بگرە کردەوەگەلێکی فرە سووکتر و پڕ شەرمەزاریی دەکا، وەک داکەندنی جلوبەرگی ئەو کچ و ئافرەتانە کە ئارەزووی دەکردن، بەڵام هەستی بەرق و پەستی دەکرد بەرامبەر سیستەرەکە لەبەر ئەو هەڵوێستەی و بەهۆی ئەو گەوجی و نالەبارییەیەوە کە لە حاست کۆچلەبەرەکاندا دەینوێنێ. وا دێتە پێش چاو وەک بڵێی ئەم هەموو کڵۆڵی و بەدبەختییەی دەور و خولیان نابینێ، هەمیشە دەیدایە قاقای پێکەنین و لەگەڵ مووچەخۆرەکانی تردا جەفەنگ و گاڵتەی دەکرد.

– ئای! ئای لەو خەڵکە!... لە ڕاستیدا وا لە مرۆڤ دەکەن ڕشانەوەی بێ...

وێڕای ئەوەش دکتۆر لەو باشتر نەبوو. ئەویش جار ناجار وا دەردەکەوت توند و مۆن و تووڕەیە و وشەی دزێو و ناشیرینی وەک وشەکانی ئامالیای بەکاردێنا. بەڵام لە بەرامبەریدا هەستی بەرق و کینە دەکرد و ئەو خوو و تەبعانەی نەدەشاردەوە.

لە پەنجەرەکەوە ڕوانی. تۆز و خۆڵ لەگەڵ داهاتنی ئێواریدا کەمێک هێمن بووە. تۆز و گەردە سوورەکەش کون و کەلێن و تاقەکانی داگرتووە. پیاوێک لە جادەکەوە تێپەڕی و سڵاوی لێ کرد:

– ئێوارە باش!.

دەکرا لە دوای فەحسی نەخۆشەکان شەوێکی خۆش لەم شارەدا وەسەر ببرێ!. ئەبامینۆنداس نۆڕییە سەعاتەکەی، شتێکی چاکە کات وەختە بەسەر بچێ. یەک دوو نەخۆشی تر و کاری ئیمڕۆشی تەواو دەبێ. لە پاش ئەوەش شام دەکات و شەویش لە باوشی ڤیلۆدا دەنوێ. بەڵام ئەم بیرکردنەوەیە حەز و هەوەسی نەورووژاند. ئەو لەم کچە تا بڵێی بێزارە و ئەگەرچیش دەستی لێ نەکردۆتەوە، چونکە یەکێکی کەی نەدۆزییەوە لەو ڕێکوپێکتر بێ.

(١) بێ ڕوو= بێ شەرم، بێ حەیا.



بەدەنگی بەرز بانگی کرد:

– ئامالیا!

– وا هاتم...

کە سیستەرەکە دەرگای ژووری چاوەڕێکردنی خستە سەرپشت ئەبامینۆنداس غەڵبە و مشتومڕەکانی هاتە گوێ.

– ئایا هەمدیس زۆر خەڵکی لێیە؟

– بەڵێ، زۆر.

– کامیان پێشترن؟

– خێزانێکن بەکەشتییەکەی ئیمڕۆ گەیشتوون، دوو پیاو و دایکێک و –بزەی هاتێ– کچێکی زۆر جوان و کوڕێکی بچووک.

– با یەکێک لە پیاوەکان بێنە ژوورێ.

ئامالیا ڕووەو دەرگا چوو، بەڵام ئەمیان هزرەکەی گۆڕی.

– نا، نا، با هەموویان بەجارێ بێنە ژوورەوە... ئەمانە دوایین کەس دەبن... ئەوانی دیکەش بۆیان هەیە بچن... چارەیەکی کەیان نییە ئەوە نەبێ سبەینێ بگەڕێنەوە.

هەر هەموو بەیەکجار، ئەمە کارێکی خێراترە. دەوجاش مەسەلەکە مەسەلەی فەحسێکی سەرپێییە. کەشتییەکە هەویرێکی ترشاوی بۆگەنی هێنا، نزیکەی گشتیان لەرزوتایانە. چونکە پەتاکە بەسەر پشتی کەشتییەکەوە دەرکەوت و بەخۆیشی لەوە دڵنیا بوو.

کاتێ جیرۆنیمۆ و تاقمەکەی هاتنە ژوورێ، ئەبامینۆنداس پشتی تێ کردبوون و لە پەنجەرەکەوە تەماشای دەکرد. گوێی بەترپەی هەنگاوەکان و دەنگی دەرگاکەوە بوو کە سیستەرەکە، دایخست پاشانیش کپی و بێ دەنگییە ڕێزدارەکەیان. جا پەردەی پەنجەرەکەی دادا و ئاوڕی دایەوە. ئامالیا هەقی بوو، کچەکە جوان و لەبارە، لەناو کۆچلەبەرەکاندا لە وێنەی کەم دیتبوو.

## -٢-

هەنگێ ئەبامینۆنداس لایت پێش تۆزێک کەمتر لە ساڵێک گەیشتە پیراپۆرا، گەشبین و بەرچاوڕوون و ئامادە بوو گەلێ شت وەئەنجام بێنێ. ئەم پایە و شوێنەشی بەهەزار حاڵ وەچنگ کەوت، لە ساوپاولۆوە گەشتەکەی بەشەمەندەفەر و بەدڵ و دەروونێکی گەشبینی ڕاستەقینەوە تەواو کرد. لە شاری بیلۆهۆریزۆنتیشەوە بۆ (ماریێتا)ی دەزگیرانی بروسکەی نارد: «بەم زووانە دەگەڕێمەوە، گەڕانەوەکەشم ئێگجاری دەبێ». لەو خەیاڵەدا بوو ئەوپەڕی شەش مانگەکە لەوێ بەسەر دەبا وەک ئەوە هاوەڵەکانی بەڵێنیان پێ دابوو. سەرەک دیوانی وەزارەتیش کە خۆی بەفەیلاسۆف دادەنێ و کابرایەکی لووت بەرزە و کتێبێکی لەمەڕ (بەندێرانتس)[1]ەکانەوە داناوە، پێی گوتبوو کە بەتەرزێکی وەها هەوڵی بۆ دەدا (دوورخستنەوەکەی بۆ پیراپۆرا زۆر نەخایێنێ). دوایەش بەوپەڕی فیز و لەخۆباییییەوە وەک ئەوە وتارێک دەست پێ بکات، پێی گوت:

– خەمت نەبێ، ئەی هاوڕێ بچکۆلانەکەم. ئەوە بۆ تۆ خۆشییەکە ئەوپەڕی نەبێ: ڕووبەڕووی دوو کێشەی گرینگی وڵاتەکەمان دەبیتەوە: کۆچکردن بەرەو باکووری ڕۆژهەڵات و ڕووباری ساوفرەنسیسکۆ. نەخوازەڵڵا لەمەی دواییان گەلێک کۆڵراوەتەوە. وەک برایەکیش پێت دەڵێم کە سوود لەم پلەکارییە وەربگری تا لە دیاردە چاکەکانی ناوچەکە بکۆڵیتەوە. بەتایبەتی یەکێک لەو دیاردانە دڵڕفێنە: لەبەر چی پیاو سست و خاو و بێ سوود لە عاردێکی دەوڵەمەند و بەفەڕ و پیتدا بمێنێتەوە؟... بەبۆچوونی من ئەمەیان بەهۆی تێکەڵبوونەوە ڕوویداوە (تێکەڵاوی نێوان ڕەگەزێک و ڕەگەزێکی دی: بام بڵێین قوڵەڕەشەکان و سپی پێستەکان)... بەڵام دەتوانی لە هەمان شوێندا لە شتەکان ورد ببیتەوە.

بەڵێنی دا باس و لێکۆڵینەوە لە بارەی کێشەکەوە وەئەنجام بێنێ و هەرچی سەرنج و تێبینی هەیە بەزنجیرە نامەیەک بۆ سەرۆکەکەی بنێرێ، ئەو نامانە دەبنە سەرەتا بۆ «نامە گۆڕینەوەیەکی هاوڕێیانەی بەرین و فراوان» وەک چۆن کاکی مێژوونووسی (بەندێرانتس) وەسپ و پێناسەی کرد. کە ئەو بەڵێنەشی دایە تەنها بۆ ڕووپامایییەکی ساکار نەبوو، یان بۆ ئەوە نەبوو سۆز و بەزەیی ئەم کابرایە وەدەست بێنێ کە لەمە بەدوا بۆتە کەسێکی ئاڵقە

---

(١) بەندێرانتس: جەردەکانی سەرتاو Bandeirants.



لە مستی و لە ئامۆژگارییەکانی دەرناچێ، بەڵکو چونکە پرۆگرامێکی پێ بوو بۆ لێکۆڵینەوە و کار و وردبوونەوە. «دەتوانم باس و لێکۆڵینەوەیەکی چڕوپڕ لە بارەی نەخۆشە ئیستیوائییەکانەوە ئامادە بکەم، ئەوە مەسەلەی شارەزایی و پسپۆڕییە». ئەو حەلەش پلە و شوێنێکی لە ساوپاولۆ وەچنگ دەکەوێ، دەتوانێ عیادەیەک بۆ خۆی بکاتەوە. وای خەیاڵ دەکرد دەبێتە کابرایەکی دەوڵەمەند و بەناوبانگ و لە کۆشکێکی خۆشدا دادەنیشێ و ماریتاش دەبێتە ئاغاژنێک و باوکیشی -وەک بەرگدروویەک- دەست لەو پیشە پیس و گەندەڵەی هەڵدەگرێ.

بەڵام لە نامەی هەوەڵ بەولاوە کە نەینارد، دوورتر نەچوو. بەڵام تێبینییەکانی لە پاش دوو مانگ بەسەر گەیشتنیدا بەوێ، لێکدانەوەیەکی ئەوتۆی لە باردا بوون بێگومان دڵی ئاغاکەی خۆش ناکەن و وای بەباشتر زانی مەسەلەکە وەلاوەنێ. داخوا مێژووناسی (بەندێرانتس) چ دەڵێ ئەگەر هاتوو پێ بزانێ کەوا کەمتەرخەمی و سستی هەردوو زۆر بەسادەیی ئەنجامی برسێتین لەم وڵاتە پڕ لە پیت و پڕ سامانەدا؟.

لە گەشتە درێژەکەیدا کە بەشەمەندەفەر کردی، هەموو جۆرە پرۆژەیەکی دانا. ئەو وەک ئەو کۆچلەبەرانە کە عاردە دڕکاوییەکە و ڕووباری ساوفرەنسیسکۆیان دەبڕی، خۆی نەدابوو بەدەست چانس و چارەنووسەوە. ئەم پایە و شوێنەشی کە بەبێ هیچ گومانێک لە سای فلۆریانۆوەیە، -فلۆریانۆ لە گەشتێکی خوێندن لە ئەوروپا گەڕابۆوە لەو حەلەدا کە ئەبامینۆنداس گشت ئومێدێکی لەخۆ بڕی بوو- بەر و ڕەنجی ساڵێکی ڕەبەقی ئارزوحاڵ نووسین و چاوەڕێکردن بوو بەسەرکزی و داماویی و پێڵاوی شڕ و ڕزیوەوە لە بەردەم ژوورە ساردوسڕەکانی نووسینگەکاندا. ڕۆبە شینە دکتۆرییەکەی بۆر و چڵکن هەڵگەڕا و پانتۆڵەکانیشی لۆچ لۆچ بوون و گەلێ نامەی ڕاسپاردەی لەم و لەو وەردەگرت و وەک مەلێکی باڵ شکاو دەگەڕایەوە ماڵێ، بەبێ ئەوە لە حاست چاوەنۆڕی و ئیلحاحی کەسوکارەکەی بتوانێ ئەلفێک بڵێ؛ ئێوارێیش دەچوو چاوی بەدەزگیرانەکەی بکەوێ و لەو ڕستەیە کە دۆنا ئیزۆلینا هەمیشە کردبوویە بنێشتە خۆشەی سەر زاری، دەسڵەمییەوە:

– ها چت کرد؟ شتێکت دۆزییەوە؟

ئەویش بزفتێکی بەناهومێدییەوە بۆ دەکا. ماریتاش دەستی دەگرێ و بۆ سەر جادەکە دەیبا، چونکە چاک دەزانێ گەر دوو بەدوو لە ماڵەوە بن، دۆنا ئیزۆلینا دەست دەکاتە ڕاز و سکاڵاکردن و دەڵێ کچ دیاریکردن گەر کاتێکی زۆری بەسەر بچێ، شوومی و بەدوومی

دەگەیێنێ، ئەموستیلەی دکتۆریش گشت قاپی و دەرگایەک دەخاتە سەرپشت گەر خاوەنەکەی چوستوچالاک و ئیشکەر بێ، هەموو ئەمانە وایان لە ئەبامینۆنداس دەکرد مێشکی بێتە کەف و کوڵ و پتر لە جارێکیش وەڵامێکی ڕەقی دەداوە. چێتر وا بوو لە بەردەم ماڵەوەیاندا سەیران بکا ئەوەدەمەش لەتەک کچانی دراوسێدا سەڵاو و چۆن و چاکی دەگۆڕێتەوە و هەندێ قسە و باسانیش لەگەڵ ئەم و ئەودا دەکا.

هەموو ئاواتێکی (لایت)ی پیرەمێرد ئەوەبوو کوڕەکەی فێر بکات، باوکی پیشەی بەرگدروو بوو، ئەو خۆبەخۆیشی هێشتا کوڕێکی ساوا بوو ئەوەدەمە دەرزیبەکیان دایە دەست. بەدرێژی ژیانی ئاه و هەناسەی هەڵدەکێشا چونکە نەبووە پزیشک، کە خەونەکەشی نەهێنایە دی، سوێندی خوارد کوڕەکەی بکاتە پزیشک. بۆیە گەلێ هەوڵ و تەقەللای دا، زۆرجار شەو تا بەرەبەیان هەدادانی[1] نەبوو، داواکاریی مەعمیلەکانی بەجێ دێنا و بەڕۆژیش لە ماڵێک لەو ماڵە گەورانەدا کە تایبەت بوو بۆ دروونی جلوبەرگی پیاوان، کاری دەکرد شەوانیش بۆ مەعمیلە ناسیاوەکانی خۆی جلوبەرگی دەدروو، چەند مۆرێکی بۆ کۆگاکە دروست کرد بوو، بەیەخەی چاکەتەکانەوە دەیلکاند و وای بەمەعمیلەکانی دەگەیاند کە بڕینەکە هەمان بڕینە چونکە لە سای ئەوەوە کۆگاکە ناوبانگی دەرکرد، بۆ ماڵەوەدا تا عانەیەکی خەرج کردبا بەرد شەقی دەبرد، تەنها شتی فرە پێویست نەبا دەیکڕی نەوەک لە برسانا بمرێ. بەڵام کوڕەکەشی بێ ئەوە شتێکی کەم بێ لە کتێب و دەفتەر و پێنووس و بەدەستەسڕی جوان و جلوبەرگی پۆشتە و بێ خەوشەوە دەچووە قوتابخانەی دواناوەندی.

ئەو حەلەش تاقیکردنەوەی چوونە کۆلیژی بڕی -بەنمرەی باش، بەسەر هەشت قوتابیدا- بەرگدروو گەلێ کەیف خۆش بوو. ڕووداوەکەی بۆ گشت دراوسێکان گێڕاوە و دۆست و برادەرە هەرە دڵسۆزەکانی بۆ خواردنەوەی چۆڕێک بیرە بانگهێشت کرد. ئیدی لەو ساتەوە وەی دانا کوڕەکەی پزیشکێکە و جار ناجار بەنیمچە گاڵەیەکەوە و جاری واش بەڕاستەوە بەدکتۆر گازی دەکرد و دەیگوت:

– بۆیە وا ناوی دەبەم تا لەسەری ڕابێ...

پاشان بۆ کڕینی ئەموستیلەکە پاشەکەوتی کرد:

– دانەیەکم دەوێ بەیاقووتێکی ڕاستەقینەوە، بریقە و بریسکە بریسکیشی ڕاستەقینە

(١) هەدادان: ئۆقرە گرتن.



بێ... و لەو قەڵب و پووچانە نەبێ هەندێ لە پەنجەیان کردووە... و لە خۆشیاندا هەر پێدەکەنی.

ئەبامینۆنداس بەو کارە گاڵتەی دەهاتێ. بەڵام خاوەن دڵ و دەروونێکی چاک بوو دەیزانی کەسوکارەکەی چەند لە پێناویدا ڕەنجیان کێشاوە و ڕێزی لە خۆشی خۆشییە سادەکەی ئەو بەرگدرووە دەگرت کە بۆی دەلوا کە باوکێتیی خۆی لە برادەرانی کوڕەکەی بشارێتەوە کە زۆربەی زۆریان مەعمیلی کۆگاکەبوون. گەر لەنێو ئەو مەعمیلانەشدا چاوی بەقوتابییەکی کۆلیژی پزیشکی کەوتبا، ئەوا ئاخاوتنەکەی وا دەگۆڕی هەمیشە لەمەڕ ئەبامینۆنداسەوە کۆتایی پێ بێ:

– ئایا دەیناسی؟ ئەوە یەکێکە لە مەعمیلەکانم.

کوڕەکەش دەیناسی.

– ژیرە، وەنییە؟ دەبێتە پزیشکێکی بەناوبانگ، ئەوی ڕاستی بێ مەیلی هەیە... بەڵام دەبێ ئەوەش بگوترێ بێ وچان وەک شێت دەکۆشێ.

بەڵام ئەبامینۆنداس پیشەکەی باوکی لە هاوەڵەکانی نەدەشاردەوە. ئەم ڕەفتارەشی لە فلۆریانۆی نێزیک کردەوە، ئەو فلۆریانۆیەی کە لاوێکی خوا پێداوە و کوڕی ئەندامی ئەنجوومەنی پیرانە و قوتابییەکان ئێرەیی پێ دەبەن و مامۆستاکانیش بایەخی دەدەنێ. باوکی پیاوێکی سیاسەتوان بوو، ئیشوکاری بۆ خەڵکی دابین دەکرد و دەستڕۆ بوو. هەمووان تێدەکۆشان کوڕەکەی ڕازی بکەن. هەرچی ئەبامینونداسیش بوو برادەرییەکی وەهای لەتەک ئەو فلۆریانۆیەدا نەبوو کە تاقمێکی برادەری لە دەوروبەر خۆی کۆ کردبۆوە، ئەو کوڕانە خاوەن ئۆتۆمبیل و دۆست و دەزگیران بوون، لە جەژن و ئاهەنگە خۆشەکاندا دەچنە گازینۆکە و قومار دەکەن. لە وانەکانیدا کەم دەکۆشی، مامۆستاکانیش ئەو زاتەیان شک نەدەبرد ڕێنمایی و تێبینی ئاراستە بکەن، ئەوان گەلێک کەیفساز دەبوون ئەگەر کارتێکیان لە ئەندامی پیرانەوە پێ گەیشتبا و تێدا داوا بکا یارمەتی کوڕەکەی بدەن.

ڕۆژێکیان لە گەرمەی وانەی تاقیگەدا، فلۆریانۆ دەستی بەقسان دا:

– چاوم بەیەکێک لەو کەسانە کەوت کە تا بڵێی بەدڵیانی و خۆشیان دەوێی.

ئەویش بەسەرسوڕماوییەکەوە گوتی:

– من؟.

– بەڵێ، ئەوە کابرایەکی بەرگدرووە و منیش دەستە جلەکانم.

لەکن ڕۆبلّسن دەکەم ئەو کۆگایەی کە چێترین جلوبەرگ لە ساوپاولۆدا دەبرێ. دوێنێ کە بەرگدرووەکە پیزانی قوتابی کۆلیژی پزیشکیم، دەسبەجێ لەمەڕ تۆوە ئاخاوت، باسی ژیانتی بۆ کردم و مەتح و ستایشێکی زۆری کردی. ئەمنیش گوتم: ئەو کوڕە دەناسم.

– ئەوە باوکمە...

– ئا...ھ، ئەوە باوکتە؟

ئینجا ئەو سەرسوڕمانی هاتێ.

بەدرێژی پاشماوەی وانەکە متەقیان نەکرد. بەڵام ڕاستگۆییەکەی ئەبامینۆنداس بەدڵی کوڕە دەوڵەمەندەکە بوو و وای هاتە پێش چاو وەک بڵێی ئەو هەڵوێستەی بەڵگەیەک بێ بۆ میرخاسی و جەوامێریی.

کە لە هۆڵەکەش چوونە دەرێ، لێی هاتە پێشێ:

– ئایا دەچیە مەڵبەندەکە؟

– بەڵێ.

– دەفەرموو با بتگەیێنم...

بەجووتە سەرکەوتنە ناو ئۆتۆمبیلەکەی فلۆریانۆ، باکاردێکی قاوەیی کاڵە، بەلای کچەکانەوە گەلێک جوان و دڵفڕێن بوو، لە ئۆتۆمبیلەکەدا قسە و باسانێکیان دەستدایە و بوون بەهاوەڵی یەکتر. ئەبامینۆنداس هێنرایە ڕیز ئاڵقەکەی فلۆریانۆوە و هاوەڵەکانی لێنەگەڕان فلسێک خەرج بکا. سەرەتا ئەو کارە تۆزێک شەرمەزاری کرد. بەڵام ئەوی ئەوان پێشکەشیان کرد لە بەرامبەر هەستکردنی بەشەرمەزاری شتێکی بەهادار بوو و دەستی وەبەرییەوە نەنا. لەهەمان کاتیشدا جاروبار چاوی لە ماریێتا دادەگرت، لە سێهەمین ساڵیشدا بوو بەدڵداری. فلۆریانۆ گفتیدایە لە پاش تەواوکردنی خوێندنەکەی شوێن و پایەیەکی گشتی باشی بۆ بدۆزێتەوە.

– بەهەردووکمانەوە عیادەیەک دادەنێین!. بەڵام تۆ قوتابییەکی باشی.

لە سای تۆوە ناوبانگێک بۆ خۆم پەیدا دەکەم.

بەرگدروو بۆ ئەم برادەرییە پێ حەسیا شاد و کەیفسازە. ئیدی وای لێ هات ئەگەر فلۆریانۆ بهاتبایە لای و دەستە جلێکی نوێی پێ ڕاسپاردبا، لەتەکیا هەر دەیپرست و نەیدەبڕییەوە. ئەو بۆ ئەم کوڕە گەنجە بەدڵ و گیان کاری دەکرد. ئەبامینۆنداسیش جار ناجار لەسەر خوانی ئەندامی پیران نان دەخوا و لەگەڵ فلۆریانۆدا دەچێتە گازینۆ و جێژن و



ئاهەنگ و پێشوازیکردن، لە میوانخانە خۆش و گەورەکەشدا ئامادەی ئاهەنگێکی سەماکردن بوو. ڕۆژێکیشیان ئەندامی پیران بەدوو لاقی خۆی چووە کن باوکی ئەبامینۆنداس و تەوقەی دەگەڵدا کرد. ئەمە بۆ پیرەمێرد مایەی شانازی بوو تەنانەت لە خەونیشدا زاتی نەدەکرد بیبینێ.

– ئەگەر کوڕەکەت کۆلیژی تەواو کرد و بوو بەپزیشک، خەمی دواڕۆژی دەخۆم.

خاوەنی کۆگاکە ئەندامی پیرانی بەڕێ خست، ئیتر ئەویش لەو ڕۆژەوە بەوپەڕی دڵسۆزییەوە لەگەڵ بەرگدرووەدا مامەڵەی دەکرد.

– کوڕەکەی قوتابی کۆلیژی پزیشکییە و نۆگیرای ئەندامی پیران باڵی بەسەردا کێشاوە. دواڕۆژیشی مسۆگەرە، واش پێدەچێ پیرەی پیران بەخۆی پارە و پوولی فێربوونی بدا.

ئەم خەیاڵە ماریێتاشی هاندا و جاروبار لەتەک ئەبامینۆنداسدا سەردەکەوتنە ناو ئۆتۆمبیلەکەی ئەو فلۆریانۆیە کە دەزگیرانە تازەکەی لە تەنیشت خۆیەوە دادەنا. پاشان دەچوون و لە سانت ئەمارۆ وێسکییان دەخواردەوە و یان لە گاریجادا سەمایان دەکرد. ئەمانە هەموو وایان لە بەرگدروو دەکرد پتر بکۆشێ و ڕەنج بدا. چونکە ئەم ژیانە زۆر دەکەوێ لەسەری. ئەویش حەز دەکا ئەبامینۆنداس لە هیچی کەم نەبێ. لە ڕۆژی وەرگرتنی بڕوانامەی دکتۆرییەکەش کە چاوی بەکوڕەکەی کەوت جلوبەرگی ڕەسمی کردووە بەسەر ئەو جلوبەرگە شینەدا کە بۆی بڕی و شەو لە ماڵەوەدا بەدەستی خۆی بۆی دروو، لەو عانەدا وێڕای هەموو ئەو خۆشەویستییەی خۆی پێ نەگیرا و فرمێسکی هاتە خوارێ. زۆر بەوریایی گوێی بۆ بەڕێوەبەری کۆلیژەکە Panaymhpe و وتاربێژی کۆمەڵی دەرچووەکان شل کرد. ئەو حەلەش ناوی ئەبامینۆنداس لایت خوێنرایەوە، بەگەرمی چەپڵەی لێ دا. کە بەڕێوەبەر ناوی فلۆریانۆ نۆگیراشی هێنا هەمان کاری دووپات کردەوە. ئەندامی پیران لە لۆجی پایەداران ڕوونیشتبوو بەسەرلەقاندنێک سڵاوی لە (لایت)ی پیرەمێرد کرد کە لە خوارەوەی شانۆی شارەوانییەکە و لەوێدا کە ئاهەنگەکە گێڕدراوە، دانیشتووە.

ماریێتا جلوبەرگێکی نرت و نوێی کردبوو تا بچێ و پێوەی سەما بکا. بەرگدروو بەئۆتۆمبیلێکی کرێ گەڕایەوە ماڵێ، وەک ئەوە وابوو لە خەونێکدا بێ، جا لە خۆشیاندا ئەو شەوە خەوەکەی زڕا و بۆ خێزانەکەی سەروبنی ئاهەنگەکەی باس کرد.

– هەر ئێستا خۆیان ئامادە کردووە بۆ سەماکردن.

پاشان ئەمووستیلە بەناوبانگەکە و سەعاتێکی زێڕینی پێشکەش کوڕەکەی کرد، وێڕای پاندانێکیش بۆ ئەوە ڕەچەتەکانی پێ ئیمزا بکات، فلۆریانۆش گەرمی پێوێکی نایابی بەدیاری پێ بەخشی.

شەش مانگ دواتر هەموو ئەم شتانە بێ ئەوە بەکار بهێنرێن، هەروا بێهوودە مان. ئەبامینۆنداسیش نەیویست لەمەڕ شوێن و پایەکەوە لەوە زیاتر فلۆریانۆ تەنگەتاو بکا، بەتەمای ئەوەبوو هاوەڵەکەی بەبیری بێتەوە و دەگەڵ ئەندامی پیراندا باخێوێ. بەڵام فلۆریانۆ لە دوای وەرگرتنی بڕوانامەکەی بەپانزە ڕۆژ لەتەک کەسوکاریدا لە ڕێی دەریاوە چوو بۆ ئەورووپا. باوکیشی لە پاش سێ مانگ بەهۆی کاروبارە یاساییەکانیەوە گەڕایەوە. فلۆریانۆ بۆ وەئەنجامدانی خوێندنێکی تایبەتی و شارەزایی پەیداکردن لە پیشەکەی لە فەڕەنسا مایەوە. ئەبامینۆنداسیش هەلی بۆ هەڵنەڕەخسا بچێ و چاوی بەو ئەندامی پیران بکەوێ کە تەنها دوو ڕۆژ لە ساوپاولۆ مایەوە و دواجاریش لەبەر تێکچوون و قڵیشاندنەوەی باری ڕامیاری گەڕایەوە شاری ڕیۆ.

ئەوجا نۆرەی ئەوە هات ئێش و ئازاری دەروونی سەری تێ بکا و لەبەرخۆیەوە دەیگوت ڕەوا نییە ببێ بەبارێک بەسەر باوکییەوە پاش ئەوە خوێندنەکەی تەواو کرد. چاوی لێ بوو بەرگدروو شەو تا دەمەبەیان خۆی بەسەر دەرزی و درووماننەکەیدا داوە، ئەمە هانی دا قۆڵ و بازووی لێ هەڵکا و مقەس و دەرزی بەدەستەوە بگرێ و یارمەتیی بدا. دەشیدی دۆنائیزۆلینا بە چ چاوێکەوە تەماشای دەکا وەختێ دێ بۆ ماڵەوەیان چاوی بەکچەکەی بکەوێ، گەلێ جاریش پارە و پوولی تەواو شک نابا تا سواری شەمەندەفەری کارەبایی بێ و شەرم دەکا لە باوکی داوا بکا، هەر دایکیشی بوو کە پێنج (میل ڕیس)ی نایە مست بۆ جگەرە و سووکە خەرجی. ژێر پێڵاوەکانی شڕبوون و ڕزین، جا دەبوو بەپێوە لە ژوورەکانی چاوەڕێکردن و ئەمیندارێتی نهێنیدا چاوشۆڕ بکات و ساتەکانی چاوەڕێکردن بەلایەوە دوورودرێژ بوو، ئیدی وای لێ هات ڕیسوا و هەڵچوو بێ.

ئەوە ساڵێکی خایاند. گشت هیوایەکی لەخۆ بڕیبوو ئەودەمە فلۆریانۆ بەخۆی و ئۆتۆمبیلێکی تازە –ئۆتۆمبیلێکی پیشبڕکەی فیات– و کچۆڵەیەکی فەرەنساوی کە ئاشقی بووبوو، گەڕایەوە و ئەو بڕوانامەیەشی پێ بوو کە بەهۆی یەکێک لە عیادە بەناوبانگەکان وەدەستی کەوت. ئەبامینۆنداس هەوڵی دا وەک پزیشکێک لە عیادەیەکدا کە یەکێک لە هاوەڵەکانی ڕێیدایە لە هەفتەی دوو ڕۆژ بۆ ماوەی سێ سەعات کار بکات. بەڵام دەیزانی



ئەوە چ داد و سوودێکی پێ نابەخشێ و تەنها بۆ خۆ خلافاندنە و تا خەڵکی بڵێن کوڕە شتێک دەکا. جلوبەرگە شینەکەشی تۆکولۆکی چوو. پێشی ناخۆش بوو ببینێ باوکی دەستەجلێکی تری بۆ بدوورێ و لە خەرجییەکەی ماڵەوە گل بداتەوە.

فلۆریانۆ بەخۆی چوو لە دووی بگەڕێ. ئەو حەلەش پێزانی هێشتا دەسبەتاڵ و بێ ئیشە، وەڕسی و بێزاری دەربڕی:

– چۆن وا دەبێ؟ خۆ من چەندەها جار بەباوکم ڕاسپارد...

هەموو لە سۆنگەی ئەو سیاسەتە نەحلەتییەوەیە کە یەک چرکە چییە دەرفەتی نادا... هەر لە ئێستاوە خەمی دەخۆین... و شوێن و پایەیەکی واشت بۆ هەڵدەبژێرین ئەو ماندووبوونە بێنێ، ئەوی ڕاستی بێ شوێن و پایەیەکی چاک دەبێ...

لە پاشان پرۆگرامێکی بۆ شەونخوونی و ڕابواردن دانا. بەهەردووکیان دەچنە شاری سانتۆس و گازینۆکە... ئەبامینۆنداس ئاماژەی بۆ جلوبەرگەکەی خۆی کرد.

– یەکێک لە دەستە جلەکانی من لەبەر بکە. بۆ خۆیشت هەڵی بگرە... نابێ لە ئێستە بەدوا بەهیچ فیزێکی بۆش و بێ مانا پێ بحەسێی، ها چ دەڵێی! دەوجاش، ئەوە هەڵەی خۆمە... کە گەڕانەوە، ئەبامینۆنداس پێی گوت:

– لەمەڕ پیشەکەوە، هەر چۆنێک بێت ڕازیم، بەمەرجێ زۆرم نەخایێنێ.

لە ڕاستیشدا زۆری نەخایاند، فلۆریانۆ ڕوونی کردەوە کە ئەگەر هەلی تەواوی بۆ هەڵڕەخسابا شوێن و پایەیەکی دلڕفێنتری بۆ دابین دەکرد. بەڵام هەوەڵ شوێنی بەتاڵی هەڵبژارد، وێڕای ئەم خێرایی و دەستوبردە، پلە و پایەیەکی چاکە لە دایەرەی کۆچەریاندا لە پیراپۆرا.

– ئەوە ئیشوکارێکە بۆ ماوەیەکی کورت. پاشان مەسەلەی گواستنەوەکەشت بۆ ئێرە جێبەجێ دەکەم، یان هەر شتێکی باشتر... نابێ ئەمە وەک جارەکەی پێشوو بێ...

بەڵام ئەبامینۆنداس بۆ ئەم پیشەیەی کە وەچنگی کەوتووە هێندە کەیف خۆش بوو مەپرسە: (کۆنتۆبەک) و پێج سەد (میل ڕیس)، ئەوە وەهایە... شتێکیشی لەم بارەیەوە نە بەکەسوکارەکەی و نە بەدۆنا ئیزۆلینا و نەش بەماریێتا گوت تا ئەودەمە نەبێ کە فەرمانی دامەزراندنەکەی مۆر کرد. ئەو لەو ڕۆژەدا پەنیر و مەی بۆ ماڵەوە بردەوە و هەندێ گوڵومولێشی بۆ دەزگیرانەکەی هەڵگرت.

فلۆریانۆ پارە و پوولێکی بەقەرز دایە تا هەمدیس ئەموستیلە و سەعات و پاندان و

گەرمی پێوەکە بەکار بێنێ و کەمێکیشی بۆ گەشتەکەی خەرج بکا. هاتەوە ماڵێ و ڕۆژنامە ڕەسمییەکەی بەدەستەوە بوو. بەرگدروو ئەمەندە لە خۆشیاندا شاگەشکەی کرد بوو، تەنانەت ئەبامینۆنداس لێی دەترسا نەبا تووشی کارێکی خراپ و بەدووم بێ. ئەملا و ئەولای کوڕەکەی ماچ کرد:

– پێم نەگوتی!... ڕۆژێک پێشکەوتنە و ڕۆژێکیش دواکەوتن...

ماریێتاش لەو خۆشی خۆشییە بێ بەش نەبوو. دۆنائیزۆلیناش پرسی ئایا کەنگێ بۆیان دەگونجێ وادەیەک بۆ گۆوەندەکەیان دیاری بکەن.

– هەرکە بگوێزدرێمەوە بۆ ئێرە. کاری چەند مانگێکە. ئەوپەڕی پێنج یان شەش مانگ...

چوو بوو لەبری ئەو کەسە دابنیشێ کە بەدکتۆر (دەیۆجین) ناو دەبرا، ئەوە لەمێژەوە فەرمانبەرە، چوار ساڵی لە پیراپۆرا وەسەربرد، ئێستاش توانی خۆی لە سانتۆس دابمەزرێنێ. ئەبامینۆنداس گوێی لێ بوو کەسێک دەیگوت ئەو پیاوە خاوەن ڕێزە و ناوبانگێکی چاک شک دەبا.

بەدەم سەفەرەکەوە پرۆژەومرۆژەی دادەنا. داخوا ئەم شاری پیراپۆرا فرە دوورە کە بەقەراغ ڕووباری ساوفرەنسیسکۆوەیە، چۆن چۆن بێ؟ ئەو قەسیەی وەبیر هاتەوە کە سەرەک دیوان لەمەڕ گیروگرفت و دژوارەکانی پیرە ڕووبارەوە گوتی. ئەو بێجگە لە کەمپنیاس و گوندێە -بام شاری سانتۆیش وەلاوەینێ-، چ شارەزاییەکی وەهای لەمەڕ شارە ناوخۆییەکانەوە شک نەدەبرد. بەڵام ئەم شارەی کە سەر بەدەوڵەتی (میناس گیراس)ە دەبێ شتێکی تر بێ. ئەگەرچیش لە چەند مانگێک بەولا تیا بەسەر نابا، حەزی دەکرد بەپێی توانا لێکۆڵینەوەی لەسەر بکا و ژوورێکی عیادەشی تیا بکاتەوە بۆ ئەوە لە کاتی دەسبەتاڵیدا لەسەر پیشەکەی ڕاهێنان بکا.

بەلایەوە سەیر بوو چونکە دکتۆر دەیوجین لە ئێستگە چاوەڕێی نەکرد. خۆ ئەو لە ساوپاولۆ و بیلۆهۆریزۆنتەوە بروسکەی بۆ نارد تا بەگەیشتنی ئاگاداری بکات و، بەیەکێ لەو حەماڵانە کە جانتاکانی پێ درا لە بۆی هەڵبگرێ، گوتی:

– دکتۆر دەیۆجین مەندیس لە کوێ دائەنیشێ؟.

– دکتۆر دەیۆجین؟ لە میوانخانەی نێونەتەوەیی نیشتەجێیە...

– ئایا دوورە؟



– نەخێر، زۆر نێزیکە.

– جانتاکانم بۆ وێ هەڵبگرە و منیش لەتەکتا دێم تا شارەزای ڕێگاکە ببم...

– لەوێدایە -و لچێکی بۆ هەڵقورتاند- هەر هێندەت لەسەرە ئەم جادەیە بگری، لەو سەرەوەیە...

حەماڵەکەی لە دووی خۆیەوە بەجێ هێشت. گەرما لە وزەدا نەبوو، تەپوتۆزیش چاوی مرۆڤی دەورووکاند. دەبێ چاویلکەی ڕەش بکڕێ. بەڵام شار بەخانووە سپییەکانییەوە جوان و دڵفڕێن لە پێش چاویدا بەدیارکەوت و تاڤگەی ژێر پردەکەش حەز و حەماسەتی تیا ورووژاند. لە بەردەم ڕووباری ساوفرەنسیسکۆدا ڕاوێستا. هەژارێک دەستی لێ پان کردەوە. ئەویش دەستی بەگیرفاندا کرد و بۆ پارچە پوولێک گەڕا، ڕوانییە کابرا و بەسەرسوڕماوییەکەوە لێی ورد بۆوە، بێگومان تووشی گولی بووە.

میوانخانەکە کش و بێ دەنگ بوو، وەک بڵێی کەسێکی تیا نییە. بەدەستەکانی چەپڵەیەکی بێ ئەنجامی لێ دا. کابرای قولەڕەشیش کە جانتاکانی هێنا چوو خاوەن میوانخانەکە بێدار بکات کە سەرخەوێکی بۆ دەشکاند. چەند گەشتکەرێکی دی بەهەمان شەمەندەفەر گەیشتن و لە هۆڵەکەدا خڕ بوونەوە.

– هۆ ئاغای جۆکا! ژمارەیەک خەڵکی لێیە!.

ئاغای جۆکا هەنگاوە خاوەکەی گورج نەکردەوە. جووتێ کەوشی لە پێ بوو بەمستی چاوە خەوالووەکانی دەگلۆفت. ئەبامینۆنداس هاتە پێشێ.

– ئایا دکتۆر دەیۆجین لێرە دەنوێ؟

ئۆتێلچییەکە بەوریاییەوە لێی وردبۆوە:

– تۆ ئەو پزیشکەی کە بۆ مەڵبەندەکە هاتووی؟

– بەڵێ، منم.

– ژوورت بۆ تەرخان کراوە، ژمارە (١٩) نۆزدە.

قولەڕەشەکە بەخۆی و جانتاکانەوە سەرکەوت. بەڵام ئەبامینۆنداس گەرەکی بوو دەسبەجێ دەگەڵ هاوەڵکارەکەیدا کۆبێتەوە و گفتوگۆکەی لەتەکدا بکا. ڕەنگە نەخۆشییەکی گران ڕێی نەدابێ بێتە پێشوازی کردنی، لەوانەشە کارێکی نەشتەرگەری بەدەستەوە بێ. ئەمەش وا پێویست دەکا لێی بپرسێ.

– دکتۆر دەیۆجین لە کوێیە؟ ئایا لە خەستەخانەیە یان تیمارخانە؟ یان چۆتە نۆرینی هەندێ لەو نەخۆشانە؟.

ئاغای جۆکا بەدەربڕینێک مەگەر هەر خۆی بیزانێ چاوەکانی هەڵبڕی:

– کێ؟. دکتۆر دەیۆجین؟

– بەڵێ.

ئەبامینۆنداس ئەم وەڵامەی داوە و وا پێ دەحەسیا ورووژاوە.

– بەخوا جوانە! دکتۆر دەیۆجین و... بچێ نەخۆش بەسەرکاتەوە... چـ... ی....

ئینجا هەردوو قۆڵەکانی درێژ کرد و ئاماژەی بۆ ئەو گازینۆیە کرد کە لە لاکەی تری گۆڕەپانەکەیە...

– هۆو ئەوەتە... بەبێجامەوە لەسەر ئەو مێزە دانیشتووە و... کاشاسا دەخواتەوە.



-٣-

ئەوە ئەوپەڕی خۆنەبانکردن[١] و گوێ نەدانە. داوای لە خاوەن میوانخانەکە کرد بچێت و دکتۆر دەیۆجین بەگەیشتنی ئاگادار بکات، پاشان بۆ ژوورەکەی سەرکەوت، خۆی شت و جلوبەرگەکانی گۆڕی. گەرماوەکە لە تۆز و خۆڵ و هیلاکیی سەفەر خاوێنی کردەوە. کە بەرەو هۆڵەکە چوو پێ حەسیا کەیفاساز و پڕ فوزوولە، لەو خەیاڵەدا بوو چاوی بەدکتۆر دەیۆجین دەکەوێ. بەڵام کەسێکی بەدی نەکرد. ئینجا نۆرییە گازینۆکەی بەرامبەر، دکتۆر لەسەر هەمان مێز دانیشتبوو، واش بەدیاردەکەوت خۆیشی لەخش نەکرد بێ. بانگی جۆکای کرد. ئوتیلچی بەخێرایی هات و بەدەموچاوە بێ دەربڕینە مڕومۆچەکەیەوە قەیەرێ بێ دەنگ ڕاما. چاوەڕێ بوو ئەبامینۆنداس باخێوێ.

– بەدکتۆرت ڕاگەیاند؟

– نەخێر، گەورەم.

– خۆ من تکام لێ کردی... چارم نییە دەبێ دەگەڵیا باخێوم، مەسەلەکە زۆر گرینگە.

– من پێم ڕانەگەیاند، بەڵام بەم دوو لاقانەم چوومە لای... چونکە ئەم خزمەتچییەی کە لێرەدایە توورەکەیەکە لە تەمەڵی. بۆیە دەبێ خۆم ئەو کارە بکەم.

– پێت ڕاگەیاند؟

جۆکا بەئەرێوە سەری لەقاند.

– ئەدی ئەو چی وت؟

– ئەو پێ دەزانێ... منیش وەڕەزم کرد...

زێدەتر گوتی:

– ئەمە ئاکاری ئەوە... هەموو شتێک وەڕەزی دەکا... هەموو شتێک، تەنها خواردنەوە نەبێ... وەک ئەو دەڵێ تاکە شتە لەم دنیایەدا کە بەکەڵک بێ، ئەگەر کچێکیشی هەبووایە ناوی لێ دەنا (پاراتی)[٢]... ئینجا پێکەنی، پێکەنینێکی شل و خاو بوو، «بەوێنەی پێکەنینی قوڕەژیلە، گەر توانای پێکەنینی هەبا». ئەبامینۆنداس وەها بیری کردەوە.

ڕووەو دەرگاکە هەنگاوی نا، بۆ ئەوە دەچێ تا هەر چوار ڕاستییەکە بەم عەرەقخۆرە

(١) خۆنەبانکردن: خۆ بێ ئاگاکردن.

(٢) پاراتی Parati: (مارکە)ی جۆرە خواردنەوەیەکە.

بلێ! وابوو، ئاوەها پێشوازی لە هاوەڵێک دەکەن؟. وێڕای ئەوە ئەرکی سەرشانییەتی بچێت و چاوەڕێی بکات و دایەرەکەی پێ پێشاندا و فەرمانەکانی پێ بسپێرێ و پێشکەشی ئەوانیتری بکا. دواجار قسەی بۆ دەکا هەرچییەکی بەزاردا بێ لەمەڕ ئەم ڕەفتار و هەڵوێستەی پێ دەڵێ.

قرچەی هەتاو مرۆڤی شل و ماندوو دەکرد، جا بەدەوری خۆیدا خولایەوە، بۆ شەپقەکەی گەڕا. جاران هەمیشە بەسەری پەتییەوە وەدەر دەکەوت، بەڵام لێرەدا مەحاڵە لەسەر ئەو کارە بەردەوام بێ. دەبێ چاویلکەی ڕەش بکڕێ، بێگومان دەبێ هەر بیکڕێ! چییە ئەم هەتاوە!... جارێکی دیش لە دیمەن ئاوی سەر بەردەکانی تاڤگەکە و کەفچەڕینە سپییەکەی کە بەوێنەی مەخمەڵ دادەڕژێ سەرسوڕمانی هاتێ. ئەمە شیاوی ئەوەیە چاوی مرۆڤی پێ ڕوون و پێ شاد بێ. دوایە بەنامەیەکی دووردرێژ بۆ مارییتای دەگێڕێتەوە، وای بیر دەکردەوە ئێوارێ بینووسێ، بەڵام ئەم ئێوارێیە بۆ مارییتا نەینووسی سبحەینێ نەبێ، چونکە شەوی لە مەیخانەکەدا لەتەک دکتۆر دەیۆجیندا بەسەربرد «بۆ ئەوە دۆستایەتی و ناسیاوی دەگەڵ کچۆڵەکاندا پەیدا بکات» وەک ئەوە کە ئەمیان دەیگوت:

کە بەسەر گۆڕەپانەکەوە بەرەو گازینۆکە هەنگاوی دەنا، لەو خەیاڵەدا نەبوو شتەکان وەها ئاسان و مەیسەر دەبن. ئەو نیازی وابوو بەتوندی سەرزەنشتی دکتۆر بکا و بەتەنێ گیروگرفتەکان چارەسەر بکا و ڕێ و ڕاست بەنووسینگەی باڵا ڕابگەیێنێ و بروسکەیەکی نهێنی لەمەڕ ئەم دکتۆرەوە ڕەوانە بکات. چما ئەو وا بیر دەکاتەوە ئەبامینۆنداس تەنها بتێکی بێ بایەخە و هیچی دی و پێوەندی و ئاشنایەتی لەگەڵ کەسێکدا شک نابا؟. خۆ ناشێ زانیبێتی کە کوڕە بەرگدرووەیەکە و ئەمەش وای لێ کرد بێ ئەم ڕەفتارە بکا؟

دکتۆر دەیۆجین چاوە لێڵەکانی هەڵبڕی. هیچ نەبێ هەفتەیەک دەبێ ڕیشی نەتاشراوە، وەک ئەبامینۆنداس بۆی چوو. ڕیشێکی بۆز و تەنکە وای لە دکتۆر کردووە ڕواڵەتی هەر لە ڕواڵەتی شێت بچێ. دوو دەستی لەرزۆکیشی لە قژە بێ سەروبەر و دانەهێنراوەکەی چەقاندووە، ئەبامینۆنداس لەژێر لێوەوە بەخۆی گوت: «وڕێنەی عەرەقە»، ئەگەرچیش ڕەنگە هێشتا هەوەڵی بێت. جلەکەی پیس و پۆخڵ بوو، لە گەلێ لاوە بەهۆی جگەرەوە سوتا بوو، سووتووی جگەرەکەی بەسەر چاکەت و کراسە لە کاوییەکەیدا دەکەوت و پەخش و بڵاو دەبۆوە.

– بەیانی باش...

– تۆ هاتووی لە جێی من بمێنی؟ زۆر چاکە.. زۆر چاکە، دانیشە



ئەبامینۆنداس بەبزفتێکی توند کورسییەکەی ڕاکێشا و تۆزێک لەولایەوە دانیشت. دەیوجین وا پێ دەچوو پەنجای تێپەڕ کرد بێ، کەتە و کەڵەگەت بوو، دەست و مەچەکە قەڵەوەکانی دەلەرزین. ئەبامینۆنداس گەرەکی بوو دەمی هەڵێنێ و تا بتوانێ سەرزەنشتی بکا، بەڵام بەرامبەرەکەی ئاوڕی لێ نەدەدانەوە، بەچەپڵە بۆیەکەی گاز دەکرد، مێزەکە شووشەیە عەرەقی لەسەر بوو، پتر لە نیوەی خاڵی ببوو.

– پەرداخێکی تر بێنە... دەی خێراکە، ئەی پیس و پۆخڵ.

بۆیەکە پێکەنی، ئەو دەبێ لەسەر ڕەفتارەکانی دکتۆر ڕاهاتبێ.

– هەر ئێستە.

– هەوڵدە تۆزێک ئاویش لە پەرداخەکە وەردەی.

وێڕای ئەوەش دەنگێکی گڕ و نێری هەبوو، دەنگی پیاوێک کاتی خۆی گۆرانی چڕ بوو بێ. ئەبامینۆنداس بەتەما بوو پێکی پێشکەش بکا تا ڕەتی بکاتەوە. بۆیەکە پەرداخەکەی دانا و خەریک بوو دەست بۆ شووشەکە بەرێ، بەڵام دکتۆر دەیوجین بزاوتێکی بۆ کرد و ئەویش دەستی کێشاوە:

– ون بە، هەی پیرەی پیس و پۆخڵ...

پەرداخەکەی تری پڕ کرد و بادەکەی خۆی هەڵبڕی.

– نۆش...

– من ناخۆمەوە.

جارێکی دی بەدوو چاوی مۆنەوە ڕوانییە ئەبامینۆنداس، چاوەکانی لە بن ئەو سووکییەی کە تێیان ئاڵاوە وا پێ دەچوون وەبزە کەوتبن؛ پاشماوەی گاڵتەجاڕییەکیش بەم نیگایەوە دەخولاوە.

– ناخۆیتەوە؟ ئای! باشتر وایە هەر ئێستە دەست پێ بکەی!.

– هەر ئێستە دەست پێ بکەم؟... لەبەر چی؟

– دوایی ئەوەمان بۆ دەردەکەوێ... لێرە هەر ئەمەمان بۆ ماوەتەوە... و –شووشەکەی پێشان دا– پیرە کاشاسای پیاو چاک، مەزنترین پیاو چاک لە پیراپۆرادا!. زۆر زیاتر لە باوکە سیسرۆ پەرجوو[1] دەنوێنێ، یان زیاتر لەو پیاو چاکە نوێیە کە لە سەرتاودا

(١) پەرجوو: معجزە.

دەخولێتەوە و بەئیستیڤا و ناوبانگی دەرکردووە.

و پێکەکەی لەویتر بردە پێشێ و گوتی:

– لە کەلی شەیتان وەرە خوارێ و بادە خنجیلەکەت پڕ بکە...

ئەم مەیە دێو نییە، گەن و گووە، بەڵام باشترین شتە لەم دەوروبەرەدا، عەرەقی جانیارییایە، بەڵام هەر ئەمە و عەرەقی (بیرنمبۆک).

چونکە ئەمبامینۆنداس هێشتا دوودڵ بوو ئەویش دووپاتی کردەوە:

– لە کەلی شەیتان وەرە خوارێ لاوۆ. لێرەدا هەموو فیز و پیاوەتییەک وەلاوە دەنرێ.

دەنگە خۆشەکەی نەزمێکی سالاری و گرانیی پێوە بوو:

– گشت شەرم و شکۆیەکیش.

ئینجا ئەبامینۆنداسیش بادەکەی هەڵبڕی.

– نۆش...

– سوپاس.

بادەکەی بەجارێک فڕ کرد. تفی کرد و هەمدیس پڕی کردەوە.

عەرەقەکە توند و بەهێز بوو. ئەبامینۆنداس وا پێ حەسیا سنگی گڕ دا و عارەقە بەسەر هەنیەیدا هاتە خوارێ و قرچەی هەتاویش وای لێ کرد چاوەکانی بترووکێنێ. دەستی بۆ بەرکی برد دەستەسرێکی دەرهێنا (هاتەوە بیری کە هەوەڵ پیتەکانی ماریێتا نەخاشندوویەتی) و دەموچاوی سڕی.

– پەککوو لەم گەرمایە!

– زۆر شتی خراپ هەیە... ئای!. گەر هەبووایە!

دەیۆجین دیسا چاوەکانی بەو شێوە گاڵتەجارییەوە هەڵبڕی و بەستایشێکەوە و بەنیمچە بزەیەکی سەر لێوە شل و شێواوەکانییەوە گوتی:

– عەرەق بۆ گەرما وەکاردێ.

لە نێزیکەوە پەنجەی دۆشاومژەی بۆ سنگ ئەبامینۆنداس درێژ کرد و پرسیارێکی کتوپڕی لێ کرد.

– چەندێ عومرم پێ دەبەخشی؟

لەسەر کورسییەکەی ڕاست بۆوە بۆ ئەوە بەرامبەرەکەی بەباشی دیقەتی بدات.



ئەبامینۆنداس بیری کردەوە. دەبێ ئەم پیاوە تەمەنی لە نێوان پەنجا و هەشت و شەست دابێ. ئاخری دەڵێ پەنجا و پێنج.

– دەبێ خۆت دابێ لە پەنجا و پێنج... هەندێ ئەولاتر یان تۆزێک کەمتر...

دەیۆجین پێکەنی:

– ئەوەتە بینیت پیراپۆرا و مەڵبەندی پشکێنەری پزیشکی لە دایەرەی کۆچەریانی دەوڵەتی ساوپاولۆدا چییە!

پەرداخەکاشاساکەی هەڵقوڕاند و هەمدیس پڕی کردەوە و پەرداخەکەی ئەبامینۆنداسیشی تەژی کرد.

– ئەمە چوار ساڵ لەمەوبەر ڕووی دا کاتێ بێرە گەیشتم... ئەوەدەمەی لە شەمەندەفەر لەم ئێستگە پۆخڵەدا هاتمە خوارێ، تەمەنم سی و هەشت ساڵ بوو... ئێستا دەبی تەمەنم چل و دوو بێ ئەگەر کۆکردنەوەم لەبیر مابێ. پەنجا و پێنج ساڵانیشم، بەخوا جوانە! حەڤدە ساڵ تەنها چوارە و هیچی تر... بەلای منەوە کەمە... وا دێتە پێش چاوم ئەوە سی ساڵە. ڕیشە ماش و برنجەکەی خوراند، ئەبامینۆنداس لە دەنگی کوور بۆوە.

– سی ساڵ، ئەمە درێژترین هەوڵ و کۆششە، درێژتر لە گشت یاساکانی ئەم وڵاتە قوڕ پێوە دراوە. وا نییە؟ سی ساڵم بەم چوار ساڵەی کە لێرە وەسەربرد تەواو کرد.

ئەبامینۆنداس گوتی ئەم سەلماندنانە وای لێ کرد واقی وڕمێنێ، خۆ شتێکی وەها ناقۆڵا و بەربادی لە شاردا بەدی نەکرد ئەو گەرماکە جاڕسی کرد. بەڵام ئەوی تیا دیتی بەپوختەی ئەنجامێکی ڕەشبینیی وەک ئەمە نەگەیاند. هەروەک شارێکی ناوخۆییش لەوە ناچێ هیچ کامێک لەم خەوشانەی هەبێ.

حەی!... شار... فرگەی تیایە و یانەیەکیش بۆ سەماکردن تاولە و یاریی تیا دەکرێ و گەلێ فرۆشگە و کۆگای جوان جوان. بەکورتی ئەوە گەن و گووە. بەڵام من تەنها لەمەڕ شارەکەوە نەئاخاوتم، چونکە بەتەنێ شار نییە خەڵکی دەدا بەعاردا، وێڕای گەرما و پیس و گەندەڵەکان...

چاوەکانی لەوپەڕ گۆڕەپانەکەدا وێڵبوون. ئەبامینۆنداس نەیزانی تەماشای چ دەکا، بۆیە ئەویش چاوی بڕییە شوێن چاوەکانی. کەسێکیش لە گۆڕەپانەکەدا نەبوو. پیاوێکی غەریب لە شەقامەکەی تر و لە بەرامبەر کۆگاکە، ئێلەکی لەبەردا بوو و باوێشکی دەدا. ڕەنگە پزیشک تەماشای ئەو بکا، ئەبامینۆنداس بەزەردەخەنەوە تێبینی کرد.

– بەئێلەکی چۆخەوەوە و بەم گەرمایە، پەککوو چ ئەسپێکە!
بەڵام دەیۆجێن گوێی لێ نەبوو. ئەو بیر لە شتێکی دی دەکاتەوە، چونکە گوتی:
– تۆزێک چاوەڕێ بکە تا کۆچلەبەرە مەعمیلەکانت بەرچاو دەکەوێ! تەمەنت چەندە؟.
– بیست و حەوت ساڵ.
– کورە! وەختێ لەم تەمەنەی تۆدا بووم، لە ڕیۆدیجانیرۆ دادەنیشتم. کچی لەبار و شۆخوشەنگی فرەی لێبوون. ئەوان هیچ نەبێ وەک ئەم گەندەڵانەی ئێرە نەبوون.
هەمدیس ڕدێنی خوراند.
– من سوێندم خوارد تا تۆ بێرە نەگەی، ڕیش نەتاشم... ئایا زۆر ڕکت هەڵسا و توورە بووی چونکە نەهاتمە ئێستگە؟
– یانی... وام بیر دەکردەوە...
– دەمەویست بچم. بەڵام، ئەم بەیانییە، زوو... ئیستێکی بۆ کرد، پاشان پەرداخە کاشاساکەی هەڵقوڕاند و هەمیسان گەڕایەوە سەر ستایشکردنی خواردنەوەکە:
– ئەمە دڵت فێنک دەکاتەوە.
بێ ئەوە قسەکەی تەواو بکا، هاتەوە سەر باسەکە:
– ئەوان لە کراتۆ (Crato)وە دێن، شەش مانگ پتر بەڕێوە دەبن تا بێرە دەگەن. بەڕێگاشەوە نیمچە مردووگەلێک بوون. بەڵام ئەوانەی بەساغی گەیشتن...
– کۆچلەبەرن؟
– مەعمیلەکانمان... بەیاننامەیەکی فەرمی هەیە دەبێ پڕ بکرێتەوە. ئەگەر ئەو کەسەی تەندروستییەکی باشی نەبێ مەحاڵە پڕ بکرێتەوە. ئەم پەڕەیە دەچێت بەدووی ئیجازەی تێپەڕبوون هۆ لەو هۆڵەدا کە لە دیوەکەی تری ڕۆنراوەکەدایە. ئەگەر یەک تۆزقاڵ نەخۆشی لە لەشدا بێت بڕوانامەکەی وەچنگ ناکەوێ، ئایا دەمانچەت پێیە؟.
– نەخێر؛ یانی چی؟
– باشتر وایە پێت بێ تا بەرگری لەم بەیاننامانە بکەیت... و دڵێکشت هەبێ لە کۆنکریت. من بۆیە مەی بەسەر دڵما دەڕێژم، بەرگە بگرێ، دڵەکەی من زبڵدانە...
– وابوو، بڵێ توندوتیژن؟
– توندوتیژن؟... لە –وشەی توندوتیژ سەری سوڕما– ئەوان چاوەکانیان توندوتیژە،



ڕوانینی ئاژەڵێکە لە حاڵێکی ناهومێدیدا... هەنگێش ئەو چاوانەم تێدەبڕن، ئەوە هەمیشە داخی ئەوە دەخۆم دەمانچەیەک شک نابەم بەڕوویاندا بیتەقێنم، من لێراکەم و چاوم لە چاو ئەو کابرایەدایە کە پێی دەڵێم دوو سی کون و ڕزیو شک دەبا، دەست بەگریان دەکا...
چەند چرکەیەک کڕ و بێ دەنگ بوو، لە پاشان پرسی:
– ئایا چاوت لێ بووە پیرەمێردێک بگری؟...
ئەبامینۆنداس باوکی هاتەوە یاد، ئەوێ ڕۆژێ بڕوانامەکەی وەرگرت، بەڵام گوتی نەء.
– دەی باشە، خۆت ئامادە بکە تا ببینی... ئەوە لە گەن و گووەکان چرووکترە... من چۆن و بە چ حاڵ پێم بکرێ بچمە ئێستگە؟. ئەم پاش نیوەڕۆیە بۆ وێ ناچم، چونکە گەیشتنی تۆ بەهانەیەکم بەدەستەوە دەدا. سبەحەینێ بەیانیش ئەرکەکانت پێ دەسپێرم و بەهەوەڵ شەمەندەفەر دەڕۆم. ئازاری من وەکۆتایی هات و ئینجا ئازارەکانی تۆ دەستی پێ کرد.
– ئایا ئەمە هێندە بەسام و ترسناکە؟
ئەوە وای لە ئەبامینۆنداس کرد بەو بڕوایە بگات کە مەڵبەندەکە لە گرتووخانەیەکی ڕووتوقووت بەولاوە هیچی دی نییە. دەوجاش، مەسەلەکە پێوەندە بەفەحسکردنی کۆچلەبەرەکان و پڕکردنەوەی بەیاننامە فەرمییەکانی ئەو کەسانە کە تەندروستییان باشە و گلدانەوەی نەساغەکان.
– ئەدی باشە نەخۆشەکان چییان بەسەردێ؟...
– چییان بەسەردێ؟... نا هیچ... ناتوانن بەردەوامی ڕۆشیتنەکەیان بن، ئاو بێنە و دەستت بشۆ... دوایەش دەمردن. چما کەسێک هەیە لەم دنیا گەندەڵەدا نەمرێ؟. –دیاردی بۆ گۆڕەپانەکە کرد– بۆ ئەوە لێرە دەمێننەوە دەرۆزە بکەن... پیراپۆراش بێ دەرۆزەکەر نابێ!... گشت ڕۆژێک بۆ فەحس و فوحووساتی تازە دەرگای تیمارخانەیان گرتووە و دەیسلەمێنن گۆیا چاک بوونەتەوە.
– ئەدی تۆ سەلەرنوێ فەحسییان دەکەیتەوە؟.
دەیۆجێن چاوە لێڵ و تەڵخەکانی تێبڕی.
– جا چ سوودێکی هەیە؟. خۆ ئێسقە و گەڕ و گولیی وەها چاک نابن... نەخوازەڵلاش ئەگەر مەسەلەکە پێوەندی بەلەرزوتێوە بێ.
قۆڵەکانی بەبزاوتێک درێژ کرد کە لەکن کەسێکی بێجگە لە خۆی شانۆییانە پێ دەچێ، بەڵام بۆ خۆی بزاوتێکی خەمناکە.

– هەرگیز لە وێنەی ئەم برسێتییەم چاو پێ نەکەوتووە... هەر ئەمەشە ئەو خەڵکە دەکوژێ، برسێتی.

– بەپێکەنینەوە دەستی دایە باسکردن:

– لێرەش، کۆڵکە شاعیرێک هەیە، شیعری پیس و گەمار[١] دەهۆنێتەوە. لە یەکێک لەو هەڵبەستانەی کە لە پاکی شیعرەکانی پەسندترە، گوتی: ئەوان -کۆچلەبەرەکان- بەکوێرە ڕێگاکانی برسێتیدا دەخولێنەوە تا بێرە دەگەن... ئەم کابرا شاعیرۆکە هەر ئەم شتەی باش بوو کە نووسی... کوێرە ڕێگاکانی برسێتی ڕپ و ڕاست بەگۆڕستانێ دەگەن.

– ئەدی فەرمانبەرەکانی نووسینگەکە؟

– گەن و گوون... بەڵام کاتێک دی وشەکە دوورە لەوەی شوێن مەبەست بپێکێ و بەتەرزێکی وەهاش کاریگەر نییە، بۆیە دەسبەجێ ڕاستی کردەوە:

– نەخێر، کلۆڵن، ئەو کوڕی دەیووس و قەحپانە... مامەڵە بەئیجازەکانی تێپەڕبوونەوە دەکەن... ئەوی کاری بێنامووسی و دزێوە دەیکەن. جا منیش هەڵسوکەوتم لەگەڵ کەسێکیاندا نەکرد.

و هەموو شتێکی بەوشەیەک بڕییەوە:

– دوومەڵن...

لە پاشان دەسبەجێ ڕوونی کردەوە.

– بام بۆ نووسینگەی ساوپاولۆش بۆ ئاگادارکردنی بنووسن، چش. ئەوانە گشتیان کەسانی تەرەس و گەوادی وەها شک دەبەن زۆر بەئاسانی گاڵتەیان دێ بەو شتەی لە پیراپۆرا ڕوو دەدا. دوو ساڵ لەمەوبەر داوام کرد بمگوێزنەوە. لە دوا نامەدا پێم گوتن ئەگەر نەمگوێزنەوە مەڵبەندەکە بەجێ دێڵم و هەموو شتێک هەواڵەی زبڵخانە دەکەم... و تا سەری مانگ مۆڵەتم بەخۆم دا. دوایەش دامەزراندنەکەتم بەرچاو کەوت. ئینجا شوێن و پایەیەکی تریان بۆم دەستنیشان کرد. کاتی خۆبشی کە هەموو شتێکم بەجێ نەهێشت، چونکە بەزەییم بەو کڵۆڵ و بەدبەختانەدا دەهاتەوە کە بەبێ بوونی پزیشکێک لێرە کەسێکیان ناتوانێ بڕوات، تەنانەت ئەوانەش کە گەیشتن و حاڵیان بواریان دەدا بڕۆن.

– تۆ لە سانتۆس دامەزرای.

(١) گەما: پیس.



– ئاگام لێیە... بەڵام ئەوە گەلێ دواکەوت. من جارێکی دی هەڵناسمەوە... ئەم ژیانەی ئێرەش بەئێجگاری دایڕزاندم... چما وا دەزانی پێش ئەوە بێمە ئێرە دەمخواردەوە؟. بێگومان یەگجار واش نەبووم لە مەی وەدوور بم، جار ناجار چۆڕێکم دەخواردەوە بۆ ئەوە وەک هەموو خەڵکی توانای تاشتکردنم هەبێ.

بانگی بۆیەکەی کرد:

– ئەمەش بخە سەر حسێبەکە، ئەی پیرەمێردی پیس و پۆخڵ!

پارچە پارەیەکی ئاسنینی فڕێ دایە سەر مێزەکە، پیرە بەبۆڵژنێکەوە سوپاسی کرد.

– بەم قسە و باسانە وەڕس و بێزارم کردی. چاکتر وایە بزانی لەم دەوروبەرەدا چ ڕوو دەدا و بەکۆڵێ خەون و هیواوە سەرنەکەی بەم تیمارخانەیەدا، وەک لە من قەوما. من وام بیر دەکردەوە کارێکی کۆمەڵایەتی وەئەنجام بێنم وەک یارمەتییەکی پزیشکی بۆ کۆچلەبەرەکان و هەردوو دەستی هەژاند پرۆژەومرۆژەیەکی زۆریش... هەموو شتێک گوزەشت و ڕابوورد وەک ئاوی چڕوپڕی نێو ڕیخۆڵەی بەراز.

هەڵسان. هەتاو بەسەر ڕووی تاڤگەکەوە دەچریسکایەوە، لەولایەوە ڕۆیشتن، ئەبامینۆنداس لەوە سەری سوڕما بوو: ئەم پزیشکە هێندە زۆری خواردۆتەوە، کەچی هەنگاوەکانیشی ڕاست و ڕێکوپێکە، تەنها پشتی چەما بۆوە و دەستەکانی دەلەرزین. بەڵام درکی بەوەش کرد کە هاوەڵەکەی بەتیلەی چاو لێی ورد دەبێتەوە، جا بەپێکەنینێکەوە گوتی:

– هێشتا تێرم لەو دەوایە نەخواردۆتەوە. ئەمەش ئەو ئێوارێیەیە کە من تێیدا مەست و مەیزەدەم.

پتر قاقای هاتێ:

– تاقە دەرمان لە بۆ نوستن، شەرابە...

– ئەی باشە، گەرما؟

– گەرما، پەککوو! ئەوان و حەکایەت و بەسەرهاتەکانیان... و چاوەکانیان... گشت ئەمانە پاڵت پێوە دەنێن حەزت لە پیاوکوشتن هەبێ.

ئەبامینۆنداس، ئێوارێ دی دکتۆر مەستە و لە مەیخانەکەدا سەما دەکا. ئەو هەموو خەڵکی دەناسێ، پیاوە دەستزبرەکانی بەندەرەکە، مووچەخۆرە بازرگانییەکان و ئەو شاعیرە بەناوبانگە ڕێوەڵە و سیسەش. دەریاوانەکانیش دەناسێ و هەر هەمووان ڕێز و

خۆشەویستی بەرامبەر دەنوێن. ئەبامینۆنداس چاوی بەو ژنانە کەوت:

– نەکەی لەگەڵ هیچ کامێکیاندا بخەوی بێ ئەوە پرسم پێ بکەی. من دەزانم کێهایان سووزەنەکەیان هەیە و کێهایان ساغن. ئەوانە بێجگە لە کۆچلەبەرەکان، تاقە مەعمیلی منن.

پاش نیوەڕۆ هەردووکیان چوونە تیمارخانەکە. دەیۆجین کار و فەرمانەکانی بۆ باس و شیتەڵ کرد و بەگاڵتە و جەڤەنگیشەوە بەئامالیای ناساند:

– ئەم ماینە ڕووبارییەش سیستەرەکەیە. خۆ بەخۆیشی ئەو وەڵاخە سادە مەزنەیە کە خودا لەسەر عارد دایناوە.

ئەبامینۆنداس وەدووی ئامالیا کەوت بۆ لاکەی تری دایەرەکە، تا فەرمانبەرەکانی دی بناسێ. ئەوانیش پێشوازییەکی باشیان کرد و بانگێشتیان کرد بۆ بەرچاییکردن و خۆیان لە پێش خزمەتی دانا، چونکە پزیشک باڵاترین دەستەڵاتی هەیە لە دایەرەدا. کەسێکیش لەمەڕ دەیۆجینەوە شتێکی نەگوت، چونکە ئامادە نەبوو قبووڵ بکا گەر لە بارەی دکتۆرەوە قسە کرابا.

هەردووکیان لە میوانخانەکە فراوینیان کرد، پاشان دەیۆجین بۆ مەیخانەکە وەکێشی کرد. لەوێڕاش دیاردی بۆ کۆمەڵێک ژن و کچ کرد کە یەک تۆز جوانییان شک نەدەبرد.

ئەمەیانم فەحس کرد، پاشماوەی خێزانەکەی نەیاندەتوانی بەردەوامی گەشتەکەیان بن. ئەوان لێرە لات و ماندوو بەڕێوە دەچن و لە خێرخواهان دەست پان دەکەنەوە، دوایەش کچە پیشە و ئاکاری کچانی سەر شۆسەی گرتە بەر. ئێستاش وەکو کەسوکارەکەی نەخۆشە.

مێژوو و جسناتی هەریەک لەو ئافرەتانەی دەناسی. تەنانەت لە مەیخانەکەشدا کۆچلەبەرەکان دەهاتن و لێی دەپاڕانەوە. لەوێڕا ئەبامینۆنداس وای لێ هات تێکەڵاوی پەیدا بکا لەگەڵ ئەوانەی کە لە ئێستە بەدوا پەیتا پەیتا بەدوای بروانامەدا دەچنە ژوورەکەی. پیاوێک دوو مێردمناڵی بەدواوە بوو لە دکتۆر هاتە پێشێ. دەیۆجین بەهەردوو چاوە لێڵوویڵەکانییەوە ڕوانییە دەموچاوی و سەرخۆشییەکی تەواو بەدەنگەکەوەی دیار بوو:

– ها کاردۆزۆ، چت دەوێ؟.

– بەڵکو فەحسێکی ترم بکەی... چونکە تەندروستیم چاکە و بەهیچ ئەڵمێک پێناحەسێم...



– چما وا دەزانی ئەشکەوتێک دەنێو سیدا بەبەشەو و ڕۆژێک دادەخرێ؟...

– بەڵام من قەت ناکۆکم و (تێ)یشم نییە.

ئەوجا دەیۆجین گوێی نا بەپشتی کابراوە، بەبێ ئەوە گوێ بدا بەو شوێنەی تێدایە و پەنجە نوشتاوەکانی بەسەر پەراسووەکانیدا هێنا. پاشان ئاوڕی لە ئەبامینۆنداس دایەوە:

– تۆ وەرە خۆبەخۆت تەماشا بکە.

ئەویش وەک ئەو گوێی ڕاداشت.

– سییەکانە...

دەیۆجین بەکۆچلەبەرەکەی گوت:

– دەوجا، ئەی کاردۆزۆ، ئەمە دوا ناکەوێ... سبەینێ سەرێک لە تیمارخانەکە بدە، داودەرمانت دەدەنێ.

– سبەینێ لەوە باشتر دەبینی ئەی پزیشکی سەروەرم.

کابرا دوور کەوتەوە.

– هێندە نابا ملی لار دەبێتەوە...

سەلەرنوێ قۆڵەکانی درێژ کرد، هەر بەهەمان ئەو بزفتە کە پاش نیوەڕۆ کردی، پاشان بەو وشەیەی کە بەلایەوە خۆشە لە کورتی بڕییەوە:

– گەن و گوواوینە...

## -٤-

لەبەر چی بۆ خاتری ئەهریمەن، فەرمانی دا هەموویان بەجارێ بێنە ژوورەوە؟. ئەم خوو و ئاکارەی: ڕووتکردنی کچ و ئافرەتەکان و فەحسکردنیان وردە وردە و بەکاوەخۆ لەکن ئەو بووە کارێکی فرە باو. هەوەڵجار بەشەرمەوە دەستی بۆ دەبردن. بەڵام شێوەی ئەو کچەی چاوی پێکەوت، بوو بەقیل و پێوەی لکا؛ ئێواریش کاتێک لەتەک ڤیلۆدا دەنوست، لە ئاژەڵێک دەچوو کاتی پەڕینی هاتبێ. ڤیلۆش پێی دەگوت:

– ئیمرۆ، شەیتان کەوتۆتە کەوڵت!

خێزانەکەی جیرۆنیمۆ لە بەردەمیا بوون. کۆکەی پیاوەکەی گوێ لێ بوو، لەبەرخۆیەوە دەستنیشانی نەخۆشییەکەی کرد:

– ئیسقادارە...

دەسبەجێ پیلانەکە لە مێشکیدا چەسپی. ئامالیا هێشتا لەوێ بوو، دکتۆر بزفتێکی بۆ کرد و ئەویش چووە دەرێ و دەرگای پێوەدا. ئەبامینۆنداس لە شوێنەکەی دانیشت و دەستی وەپرسیارە ئاساییەکان کرد، چاوەکانی تێیاندا یەک یەک دەگێڕا. ناو و تەمەن و بن و بنەچەی نووسین.

– ئیمرۆ گەیشتن؟

– بەڵێ گەورەم، هەر ئێستا هاتین. واش بەدیار دەکەوێ کەسانێکی زۆر هەن بیلیتیان بڕیوە و بەتەمای شەمەندەفەرن. بەڵام ئێمە گەرەکمانە بزانین ئایا پێمان دەکرێ ڕێ و ڕاست بڕۆین.

دکتۆر سەری قایلبوونی بۆ لەقاند.

– چاکە، فەحستان دەکەم. ئەگەر هەمووتان لەش ساغ بن هەر ئەو ڕۆژە لە دەستم نەجاتتان دەبێ... لە پاشان بۆ ڕۆژی دواتر ئیجازەی تێپەڕبوونتان دەدرێتێ. بەڵام دەبێ چاوەڕێی وادەی ڕۆیشتن بکەن... چونکە هەرکەسە و نۆرەی خۆی هەیە. ئەو کەسانەش لە پێشەوە ئیجازەیان وەرگرتووە، پێشتر دەڕۆن.

ئینجا ڕوانییە (مرتا).

– بەهەرحاڵیش، بەڵکو چارەیەکمان بۆ دۆزینەوە بەر لەوانی کە بەڕێ بکەون.

ئەوی هاتە وەرام جۆکۆندینا بوو:



– ئەگەر بێتو ئەمە بکەی، خوا دەست وەباڵتەوە دەگرێ... دەبێ هەرچی زووترە بگەین، چونکە خەریکە پارە و پوولمان پێ نەمێنێ.

– دەست دەدەینە فەحسکردن...

بەشێک لە پیلانەکەی ئەوە بوو کوڕەکە لە بەردەم کەسوکارەکەیدا فەحس بکا. پاشانیش یەک یەک دەیانبینێ. بەو جۆرە بۆی دەلوێ تەماشای لەشی کچەکە بکا و هێدی و لەسەرخۆ دەستی پێوە بدا، کچە دانیشتبوو بەحاڵێک چاوەکانی نەوی و هەردوو دەستەکانیشی توند توندێ نابووە سەر ڕانەکانی.

– هەوەڵجار کوڕەکە،... لێرە... دەی وەخۆ کەون.

– پاشان گەڕایەوە سەر تێبینییەکانی و ڕووخۆش بەدیار کەوت.

– ناوی چییە؟. جۆکۆندینا ڕوونی کردەوە:

– ئەنتۆنیۆ. ئێمە بەتۆنیۆی ناو دەبەین.

– باشە بابزانین. دەی جلەکانت فڕێ بدە.

تۆنیۆ لە قوژبنێک کروشکەی کردبوو، خۆی بەپانتۆڵەکەی باپیری هەڵواسی بوو. کە دکتۆر هاتە پێشێ دەستی وەپەلەمەگریان کرد.

– مەگەر کوڕی خۆم... عەیب نییە پیاو بگری؟ ئازارت نادەم!

بەڵام جۆبیدرۆ ناچار بوو بۆ ناوەڕاست ژوورەکە پەلەکێشی بکا و جۆکۆندیناش بەنقە نق و هەڕەشەوگوڕەشە جلەکانی داکەند. تۆنیۆش وەک کەسێکی بێ ئومێد دەگریا.

کوڕەکەیان هەڵاژاند.

– فرە ڕێوەڵە و لاوازە، ها؟

– ئەمە ئەو تاقە کوڕەیە کە بۆمان مایەوە -دەنگەکەی جۆکۆندینا ئاوازێکی خەمناکی پێوە بوو وای لە ئەبامینۆنداس موچڕکەی بەلەشدا بێ- سێ کەس بوون، دوو کوڕ و کچێکی کۆرپە نۆکای ناوبوو... بێجگە لەمە شتاقیان نەما... ئەمە گەورەکەیانە و بەرگەی جەزرەوەکەی گرت.

ئەم حەکایەت و بەسەرهاتانە... ڕۆژ تا ئێوارێ دەگوترێنەوە. دەیۆجێن هەقیەتی، ئەم ئیشوکارە ئی هەر کەسێکی دی بێ کەشەنگی دەکا و هەموو فیز و هەموو شەرم و شکۆیەکیش لە قیس دەدا.

– ئەو دووانەکەی تر بەچی مردن؟

لە کاتێکدا بەنۆڕینی کوڕەکەوە خەریک بوو، سەری هەڵبڕی و گوێی لەسەر پشتی کێشا بەملاوە.

– نۆکا لە سۆنگەی پێیەوە، دڕکێک بەرێگاوە پێیدا چەقی و چڵک و خوێنی کرد. زامەکە لێی پیسی کرد و (تێ)یش کوشتی. ئەویکەشیان لەناو کەشتییەکەدا مرد.

– بەسکچوون، یان لەرزوتێ؟

– بەزگ... بەڵێ، سکچوون... شیر وەچنگ نەکەوت، شتێکی تری خواردەوە. شۆربای ماسیی پێ نەکەوت. جا ڕۆژ تا ئێواریێ خۆی پیس دەکرد.

هەمیسان سەری لەقاند. بەوردی درێژەی بەفەحسەکە دا. تۆنیۆش هەر دەگریا و لەشە خنجیلە پۆخڵەکەی لەژێر دەستی دکتۆرەکەدا دەجووڵاند. ئەبامینۆنداس بینی ئەسپێ لە توێی قژی کوڕە بچکۆلەکەدا مێرووله دەکەن. ئەو ڕێوەڵە و سیسە، بەڵام ساغە و هیچی نییە.

شەپێکی دا بەسەر پاشوویدا.

– دەئێستا جلەکانت لەبەر بکە کوڕی خۆم.

ڕووی دەمی کردە جۆکۆندینا.

– هیچی نییە. ئاتاژی بەخواردنی زۆر هەیە... ڕەنگە کرمیشی هەبێ...

– تۆنیۆی گاز کرد و نۆڕییە چاوەکانی – بەڵێ، بێگومان کرمی هەیە... وەختێ بەساوپاولۆ دەگەن، دەرمانێکی بدەنێ کرمەکە دەبا... هەر لە ئێستاشەوە قژەکەی ببڕن بۆ ئەوە ئەسپێومەسپێی نەمێنێ.

– بەڵێ گەورەم.

ئینجا بەیاننامە ڕەسمییەکەی پڕ کردەوە.

– ئەمە هەقی هەیە ئیجازەی ڕۆشتن وەربگرێ... ئێستاش ئەوانی دی تەماشا دەکەین، هەر هەمووتان بچنە دەرێ. با یەکێکتان بمێنێ –بەرێکەوت دیاردی بۆ جۆبیدرۆ کرد– تۆ گەر دەتەوێ.

دەرگاکە کرایەوە و پاشماوەی خێزانەکە وەدەرکەوتن، جۆبیدرۆ تۆزێک وەک تۆنیۆ بەنیمچە ترسێک پێ دەحەسیا.



– ئا لەوێ دانیشە... – خۆیشی چوو بگەڕێ بۆ چەند کەرەستەیەکی دی–.

– چاکەتەکەت دا بکەنە.

جۆبیدرۆ چاکەتەکەی لەسەر کورسییەک دانا.

– کراسەکەشت.

لە نێوقەد بەرە ژووری جووتیارەکە گەڕ و ڕەنگێکی ئاماڵ برونزیی لێ نیشتبوو، بێگومان چ لەرزوتایەکیشی نییە، یان هیچ نەبێ جارێ نۆرەی ئەو نەخۆشییەی نەهاتووە.

– بێژە: سی و سێ.

سییەکان هیچیان نییە. بەڵام ئەو گەڕەکی بوو درێژە بەفەحسەکە بدا، تا ئەوانیتی بەلایانەوە سەیر نەبێ ئەگەر ماوەیەکی زۆر لەگەڵ کچەکەدا مایەوە.

– تۆ هەر بڵێ تا خۆم پێت دەڵێم بەس.

جۆبیدرۆ بەترسەوە دووپاتی کردەوە.

– سی و سێ، سی و سێ...

– بەسە.

ڕاستبۆوە، گوێی نا بەسەر دڵی کۆچلەبەرەکەوە، دانەجیرپی هاتێ، جۆبیدرۆش ترسی لێ نیشتبوو.

– چییە دکتۆر گیان؟.

– هیچ نییە –بزەی هاتێ– ترست نەبێ، هەقی ئەوەت هەیە برۆی.

کە بەیاننامەکەی پڕ کردەوە فەرمانی دا:

– بۆت هەیە جلەکانت لەبەر بکەیتەوە.

بڕوانامەکەی دایە دەست.

– با ئافرەتەکە بێتە ژووریێ.

جۆکۆندینا بەلای دەرگاکەوە ڕاوێستا. ئەبامینۆنداس دیقەت هەردوو پێیەکانی و کەوشە شڕەکانی دا کە پەنجە کەڵەی لێوەیان دەرچووە.

– جلەکەت فڕێ بدە. هەر جلەکانی ژێرەوە نەبێ، پشتی تێ کرد و چاوەنۆڕ بوو.

– ئامادەی؟

– جارێ.

ئەوی ڕاستیش بێ هێشتا دەستی پێ نەکردبوو. ئەو لە شەرمانا ڕوومەتی گڕی ستاند. پێشتر پێی گوترا بوو دکتۆری ئەم زەمانە خەڵکی چاک دەناسن.

– دەی، خاتووەکەم، خێرا! پێویست ناکات جلەکانی ژێرەوە دابکەنی.

لەسەر تەختەکە دای نیشاند پاشان داوای لێ کرد ڕابکشێ. ڕوانییە لەشە پیرە خاو و شلەکە. داخوا چەند ساڵی تر دەژی؟ ڕۆژ نەبوو چەند جارێک وار و وردی ئاوەها نەکا.

– مێردەکەت بەتەمەنترە، وە نییە؟ ئەوی کە دەکۆکێ؟

– بەڵێ گەورەم.

– ئەویتر شووبراتە؟ ئەدی کچەکە ئی خۆتە؟

– بەڵێ گەورەم، کوڕەکەش نەوەمە.

– فرە خاسە.

هێدی هێدی و بەکاوەخۆ فەحسی کرد، بۆ ئەوە لێگەڕێ کات بەسەر بچێ. پیلانەکە لە مێشکیدا ئامادەیە. بێگومان پیرەمێردەکە سیلدارە و بۆیان نییە بڕۆن.

– بلێ: سی و سێ.

گوێچکەی نابوو بەسەر سنگی پیرەژنەکەوە، گوێی لە لێدانی دڵی دەگرت. پاشان بەپەنجەی لە دەنە و پەراسووەکانی دا.

– دەبێ فەحسی بەڵغەمەکە بکەین... سبەینێ دەگەڕێیەوە، دوایی لەو بارەیەوە لەگەڵ سیستەرەکەدا داخێوم.

– چییە دکتۆر؟ بکە لە ڕای خودا! پێم بلێ.

– ئەمە هیچ نییە... بەڵام بۆ ئەوە دڵنیا بم.

وا بەدیار دەکەوت تەواو وڕەی بەردا بێ. بۆیە ئەبامینۆنداسیش هەوڵی دا دڵنیای بکا:

– دڵت سێ و دوو نەکا، ئەمە تەنها شتی سەرپێیە، چونکە سبەی یان دووسبەی، یانیش دوای ئەوە هەموو شتێک تەواو دەبێ.

ئینجا لێی پرسی:

– مێردەکەت لەمێژەوە دەکۆکێ؟

– دوو مانگ لەمەوبەر... لە دێیەرێکدا لامان دا. ئیدی لەوساوە وەئێش و ئازارێک پێ دەحەسێ لە پشتیدا.



– قەت خوێنی هەڵنەهێناوە؟

– بەڵێ، هەنگێ وەچیازیرۆ گەیشتین... بەڵام حەکیمەکان لەوێڕا داودەرمانێکیان دایە و چاک بۆوە...

– چاکە...

ئەگەر جۆکۆندینا بەخێرایی جلەکانی لەبەر دەکرد، دکتۆر گازی کرد:

– ئامالیا، ئامالیا!

سیستەرەکە هاتە ژوورێ.

– سبەینێ فەحسی بەڵغەمەکەی دەکەن... لەگەڵیا بچۆرە دەرێ و کارەکەی بۆ هاسان بکە.

لە پاشان بەجۆکۆندینای گوت:

– با مێردەکەت بێتە ژوورێ.

ئەو هێندەی بەس بوو چاوی بەجیرۆنیمۆ بکەوێ چاکەت و کراسەکەی پێ داکەند. سنگە قووپاوەکەی پیرەمێرد وەدیارکەوت، هەرچییەکی بۆ بکەی دادی نادا. ئینجا فەحسی کرد، پێشەکی بەنەخۆشییەکەی دەزانی.

– دەبێ سبەینێ بگەڕێیەوە تا فەحسی بەڵغەمەکەت بکەین. دوایی سیستەر مەسەلەکەت بۆ ڕوون دەکاتەوە. لە لاکەی تر... ئەوە گەمژییە، نیگەران مەبە.

– دکتۆر گیان، پەڕەکەم نادەیتێ؟

– ئێستە ناکرێ بتدەینێ، پاشی تەحلیلەکە.

دی کابرا ڕەنگی زەرد هەڵگەڕاوە بەوێنەی مردوو، وەک ئەوە هەواڵی مردنی کەسێکی فرە ئازیزی پێ ڕاگەیێندرا بێ.

– زاتت بێ! ئەمە هەر بۆ ئەوە کە دڵنیا بم شتێکت نییە... سبەینێ، دەتوانی بڕوانامەکە وەربگری.

هەوەڵجار بەو شێوەیە ڕەفتاری دەکرد. بەدرێژی چەندەها ڕۆژ دەیخاپاندن و هەواڵە ترسناکەکەی بۆیان نەدەدرکاند تا ئەو حەلە نەبێ کە هیچ چارەیەک نەدەما بۆ دواخستن. لە پاشان ڕووخۆشی و نەرمی تیا نەما و وای لێ هات بەتووڕەوە داخاوت. بەڵام بوونی کچەکە لە ژوورەکەی کەدا ئەمجارە لەو خووە ڕایگرت و وا بەدیارکەوت وەک بڵێی هەر لە یادیشی نییە:

– دەی کەسێکی تر ماوە فەحسم نەکرد بێ؟

– هێشتا کچەکەم ماوە.

دەنگی کز ببۆوە.

– با بێتە ژوورێ.

تا لای دەرگاکە کەوتە دووی جیرۆنیمۆ.

– ئامالیا، ئەمەش سبەینێ تەحلیلی هەیە.

مرتا وەژوور کەوت، ئەبامینۆنداس بزەی هاتێ.

– جلەکانت فڕێ بدە و لەوێڕا هەلاژێ.

ئاماژەی بۆ تەختەکە کرد. خۆیشی ڕووی بۆ لای پەنجەرەکە وەرچەرخاند تا ترس و خۆفی بشکێنێ.

– ئەگەر لێ بوویتەوە، پێم بلێ.

زەردەپەڕ دەواری هەڵدابوو، ڕووناکییەکانی شەقامەکە هێندە نابا و هەڵدەبن. ژوورەکەش بەهۆی پەردە دادراوەکان نوقمی تاریکیی بووە. ئەویش دەستی برد و سویچی کارەباکەی کردەوە.

– ئامادەی؟

چ وەلامێکی بەرگوێ نەکەوت، ئاوڕی دایەوە، کچە تەماشای دەکرد و کراسەکەی بەدەستەوە گرتبوو بەبێ ئەوە زات بکا جلەکانی ژێرەوەی دابکەنێ.

– دەی هەر هەمووی فڕێ بدە... مەترسە، ئەوە هەر بۆ فەحسکردنە و هیچی تر. ئەتوانی کە هەلاژیێ خۆت بەم پەشتەماڵە داپۆشی.

دکتۆر دەستی دا و فەحسێکی ڕاستەقینەی کرد، ئەڵمێک چییە لە لەشیدا نەبوو. لە پاشان دەستی وەکەینوبەینە سووک و شەرمەزارییەکەی کرد، هەموو جەستەی بووە ئارەزوو، دەستەکانی بەتەرزێکی وەها دەلەرزین هەر دەتگوت دەستەکانی دەیۆجینە لە دەمەدەمی مەستیدا. بیری کردەوە: «هەر مرۆیەک و کلۆڵی و بەدبەختی خۆی هەیە». پاشان کچەکەی لەسەر پشت هەلاژاند و پەشتەماڵەکەی تا سەر سکی هێنایە خوارێ. مەمکەکانی قوت و توند و پڕ بوون، چاو حەزی دەکرد بیانبینێ. سەری نا قەدیانەوە، ڕوومەتی لە گۆشتە نەرمەکەی کەوت. ئەوە... مرۆڤ ئاگرەکەوڵ دەکا.



وەها لەشی مرتای دی و دەستی پێوەی دا و ئارەزووی کرد. ئەو عانەش پێی گوت: دەتوانی جلەکانت لەبەر بکەی- چاوەکانی سوور هەڵگەڕابوون و دانەکانی وەسەریەک نرابوون.

مرتا سەر کز و کووڕ ببۆوە، جلەکانی لەبەر دەکرد بەبێ ئەوە ئاوڕی لێ بداتەوە.

– لێرە دانیشە، تۆزێک داخێوین.

کچە بەگوێی کرد، سەری شۆڕ و دەستەکانیشی بەبزفتێکی بەرگریکردنەوە لەسەر ئەژنۆکانی نابوون.

– نەمویست لەگەڵ دایکتا باخێوم. حەزم نەکرد خەم و کەسەری بۆ بخولقێنم. بەلام تۆ کچێکی گەورەی و منیش ڕاستیت پێ دەلێم.

ئەویش بڕوای هاتێ و دلنیا بوو. بێگومان ئەو ناچار بوو ماوەیەکی دووروودرێژ دەست بەلەشییەوە بدا تا فەحسی بکا... جا بۆ هەوەڵجار چاوەکانی بۆ هەڵبڕی و تەماشای کرد. کوڕێکی شۆخ و بەدەو بوو نۆڕینێکی پڕ میهر و پاکیی شک دەبرد.

– باوکت زۆر نەساغە.

– چییەتی؟

– ئێسقایەتی.

– چما ئەوە نەخۆشیی سینەیە؟

– بەڵێ، لەبەر ئەم حاڵەشی ئێستا پێی ناکرێ بڕوات.

– پێی ناکرێ؟ ئەدی باشە دەبێ چ بکەین؟

– بەر لە هەموو شتێ دەبێ پارێزێکی باش بکات... دوایەش دەبینین... و دایکیشت، نازانم... ڕەنگە ساغ بێت و ڕەنگەش نەساغ بێ... ئەمە بەتەحلیلەکەوە بەستراوە... تۆیش، تویش ئاتاژت بەهەندێ دەرزی و دەرمان هەیە...

ئەوە بەلای کچەکەوە قورس و گران بوو. چونکە ئەو نەختە نەختە وای لێ هات ببێتە ئەو کەسە لە هەمووان پتر کار بکات و کاروباری ئەندامەکانی تری خێزانەکە بەجێ بێنێ. بەلام ئەمێستا بێ چارە، بێ دەستەلات، کەم ئاوەز، نازانێ چ بکا.

– چەندم لە دەست بێ وەتەنگەوە دێم یارمەتیت بدەم... سبەینێ لەگەڵ باوک و دایکتدا بگەڕێوە و چاومان بەتەحلیلەکەش دەکەوێ. تۆیش دەرزیت لێ دەدەم.

پاشانیش پێی ڕاسپارد:

– دەبێ هیچ کەسێکتان جامی ئاو خواردنەوەکەی باوکت و ئەو قاپەی چێشتی تیا دەخوا، بەکار نەهێنێ، تێگەیشتی؟

لە پاشان بەنازێکەوە دەستی لە چەناگەی دا:

– وەتەنگ ئەوەوە دێم دەستی کۆمەکتان بۆ درێژ بکەم. ئەوەش لەبەر خاتری تۆ.. چونکە وەدڵم بووی.

لەو ئێوارەیەشدا لە مەیخانەکەدا شامی کرد، دوایەش گەیشتە ئەوە بەلێدان بەربێتە جەستەی ڤیلۆکەوا بەدیارکەوت لەپڕ ئاگری ئارەزوو کەوتۆتە کەوڵی، جا قایل نەبوو لەگەڵیا بنوێ و ئەویش لێی پاڕایەوە.





دەرۆزەکەران لەناو شاردا جمەیان دەهات، شالآویان بۆ ئەو موسافیرانە دەبرد کە لە هەوەڵەمین پلە دەهاتنە خوارێ و لە ئێستگەکە و لە بەردەم میوانخانەکاندا خڕ دەبوونەوە. ئەوانە ئاپۆرەیەکی هەستونەست شێواون چڵک و خوێن بەسەراپای لەشیانەوەیە و پیس و نەگریسن. هەمووەمێ ئامادەن تووشی نەخۆشی بێن، وەک ئەوە ڕۆژێک کابرایەک لە بیلۆهۆریزۆنتەوە دەهات گوتی: ئەوان گەن و گوو و پاشماوەی کۆچلەبەرەکانن. ئەو کەسانەی کە نە توانیان بچنە ساوپاولۆ و نە پێیان کرا بگەڕێنەوە سەرتاو. لەنێو شاردا لات لاتێ خۆیان وەکێش دەکرد و دوایەش بەپاوپلی پڕ زام و پفیلکاوییەوە دەهاتن و لە دێبەرەکانی دەوروبەردا لەبری کرێ بەنانەسگی و نوستن کاریان دەکرد و چاوەڕێی مردنبوون.

ئەوانیکەش دەچوونە ڕیز کۆمەڵی دەرۆزەکەرانەوە و هەندێ پارەوپوولیان پاشەکەوت دەکرد تا بیدەن بەهەقی کرێ سەفەرەکەیان بۆ ساوپاولۆ تەنانەت لەم حاڵەشدا ئەو خەیاڵەیان هەر لە کەللەدا مابوو کە دەوڵەت دەوڵەمەند و پێشکەوتووە. هەرکە پارەی پێویستیشیان وەچنگ دەکەوت و نەدەکەوت، سەردەکەوتنە نێو شەمەندەفەر بۆ ئەوە بچن و لە ساوپاولۆدلا بمرن. کەسانی واشیان تیا بوو بەرەو چیازیرۆ بایان دەداوە و ملی ڕێگای عاردە دڕکاوییەکەیان دەگرتە بەر تا بڕۆن و لە سەرتاودا تەفروتوونا بن. هەندێکیشیان تا هەتا لە پیراپۆرا دەمان و لە ڕۆخ ڕووبارەکە و لەناو دارستانەکاندا دەنوستن و لە لاکەی تری لای پردەکە کۆختیان ڕۆدەنا و بەدزی و ڕاوڕووتکردن دەژیان.

سەرەڕای ویش ئەگەر بەپاڕانەوە و کڕووزەوە دەستیان لە خەڵکی پان نەکردبایەوە هاسان نەبوو ئەوە بزانی ئایا ئەمانە سواڵکەرن یان فلاگیلادۆسن. وێڕای ئەم سەدەها خەڵکە برسی و ڕووت و ڕەچاڵەش، کەوانەی کە چاوەڕێی شەمەندەفەر دەکەن و هێشتا بەهیوای ئەوەن بڕوانامەکانیان وەچنگ بکەوێ و ئەوانەی کە لە ساوپاولۆدا دەگەڕێنەوە و ئەوانەش کە لە پێش دایەرەی کۆچەریاندا ڕیز دەبەستن، ئەوا شار خەونەکەی یۆحەننای پیاو چاکی ئیخیلداری لە یادە. منداڵانیش لە جادە و شەقامەکاندا بەبەچەوازی کەوتبوون، دەچوون و بەسواڵکەرەکانەوە دەنووسان و دەنگە زیقەکانیان تێکەڵاو دەنگە گەورە و کەرخەکانی پیرەمێردەکان دەبوو.

ئەو شاعیرە بەناوبانگەش کە لەمەڕ (ڕێگاکانی برسێتی)یەوە ئاخاوت و لە هەموو

شتێک وەگومان بوو- خۆیشی لە یەکێ لە کۆمپانیاکانی دەریاوانیدا فەرمانبەرێکی بچووکە، پەست و تووڕەیە چونکە پێی نەکرا لە ڕۆژنامەکانی پایتەختدا شیعرەکانی بڵاو بکاتەوە- دەیگوت لە پیراپۆرادا دەرۆزەکەران دەکرێن بەسەد بەشی جۆراوجۆرەوە. لەوێڕا دەرۆزەکەری هەمیشەیی هەن: ئەوانەی کە چەند ساڵێکە لە جادەکاندا دەخولێنەوە و دەموچاویان و هەمدیس نەخۆشییەکانیان ناسراون. دەرۆزەکەری کوێر و پەککەوتەش هەن لە کاروانی مردن بەجێماون و مەعمیلی خێرخوای خۆیان شک دەبەن. لەوێڕا، بەگوێرەی ئەم دابەشکردنە سەرەتاییە، دەرۆزەکەری گەڕۆکیش هەن، ئەمانیش دەکرێن بەچەند چینێکی جودا جوداوە. لە دوای ئەوەش منالەکان. هەر هەمووان سواڵ دەکەن. چونکە وەختێک گەیشتن بینییان منالەکانی تر دەست لە ڕێبواران پان دەکەنەوە، ئیدی ئەوانیش دەستیان دا وەلاسایکردنەوەیان و ئەو کارە بەلایانەوە بوو بەیاری و خۆخلافاندنێکی خێروبێردار. لە پاش ئەوانیش ئافرەتەکان بەجلوبەرگی شڕۆڵەوە و منالەکانیشیان بەباوەشەوە. ئەمانە مێردەکانیان لە سەفەر و ڕێویانان، یان دوای گەیشتنیان بەپیراپۆرا، مردبوون. سەریان لێ شێوا بوو، نەیاندەزانی چ بکەن، ئایا هەر بەڕێوە دەبن بەرەو ساوپاولۆ، یان دەگەڕێنەوە بۆ سەرتاو. دوایەش بەناچاری لە پیراپۆرا دەمانەوە، ئەوانەی کە تێیاندا تۆزێک کامڵبوون بەشێکیان ڕێگای داوێن تەڕبیان دەگرتەبەر و بەشەکەی کەشیان سواڵکردن. ئەوانەش کە لە هەمووان بێ هێز و کەشەنگترن، چ ڕێگایەکیان نەبوو هەڵی ببژێرن، چونکە لە توانایاندا نییە داوێن پیسی بکەن.

ئینجا پیاوەکان، ئەمانەش چەند کۆمەڵێکی جودا جودان. ئی وایان تیایە چاکبوونەوەیان مەحاڵە، ئەو پیاوانەشیان کە ئەبامینۆنداس دەرگای ڕۆیشتنی لەسەر داخستوون، هەوڵ دەدەن تۆزێ پارە و پوول پێکەوە بنێن بەشی کرێ سەفەری شەمەندەفەرەکەیان بکات بۆ ساوپاولۆ یان بەشی کرێی کەشتییەکەیان بکات بەرەو چیازیرۆ. ئەوانەش کە تووشی لەرزوتێ هاتوون دەرمانی (کنین)یان بەکار دێنا و هێشتا بەتەمای ئەوەبوون بڕوانامە و ئیجازەی ڕۆشتنیان دەست بکەوێ. ئەو پیاوانەش کە لە ساوپاولۆوە بەگیرفانی خاڵی دەگەیشتن تا چاوەڕێی سەفەر بکەن، یەکتریان ڕاوڕووت دەکرد و لە ئێستگەکە و بەسەر شۆسەکاندا و لە پێش میوانخانەکاندا خڕ دەبوونەوە و مۆڵیان دەخوارد و لە گۆڕەپانەکەدا خۆیان دەدایە خۆرەتاو و پاشماوەی خواردەمەنییەکانیان دەخوارد و یان دەستیان لە سنووقی پیسییەکان وەردەدا و دەیاندان بەیەکدا بۆ تۆزێک پاشماوەی خۆراک. لە هاوینیشدا خۆیان لەژێر قرچەی هەتاوی بێ بەزەییدا بەکێش دەکرد.



کە زستانیش بەبا و بارانییەوە دەگەڕایەوە و ڕۆژ و شەوانێکی گەلێ دووروودرێژی دەخایاند، ئەو حەلە پەنایان دەبرد بۆ کۆختە تازە خێرا دروستکراوەکان و لە مەزراکانی دەورووبەردا خۆیان حەشار دەدا و بەدەیەها و بەکۆمەڵ دەمردن.

لە هەقیقەتدا، شارەکە ڕاستتر وایە بگوترێ شاری سواڵکەرەکان، ئەگەر ئەو کابرا شاعیرە فرەتر بەهرەدار و ژانی کەمتر بووایە، دەیتوانی شیعرێکی نەمر و زیندووی تۆمار بکردایە. بەڵام ئەو لە ڕۆژەکانی دواییدا بەباشتری زانی ئەوینە شیعری چوارده دێڕی بۆ سۆزانییەکان بهۆنێتەوە، ئەمەش ڕێگەی بۆ خۆش کرد ئەو ئافرەتانە کە تۆزێک لە هەمووانیان ناشیرینترن لە خشتە بەرێ و بەخۆڕایی لەگەڵیاندا بنوێ.

لە میوانخانەکە، جیرۆنیمۆ و خێزانەکەی دەستیان کردە ژماردنی پارە و پوولەکانیان، ئەوان هەریەکەیان ڕۆژی سێ (میل ڕیس)یان لەجیاتی نوستن و خواردن دەدا: لۆبیەی ڕەش و لەتە گۆشتێکی وشکەوە کراوە. جۆبیدرۆ چوو بوو بۆ ئیشوکارێک بگەڕێ، بەڵام لەوێڕا دەیەها کەس بۆ ئیشوکار دەگەڕان. تۆنیۆش چووە ڕیز منالەکانی ترەوە و دەستی کردە دەرۆزەکردن و دەسپانکردنەوە لە خێرخواهان. جیرۆنیمۆ ئەمەی لا گران بوو هەندێ شەپازللەی تێ سرەواند. بەڵام لە پاش تۆزێ زانی لەوە زیاتر چارەیەکی تر نییە.

هەریەکەیان لەویتر پرسی دکتۆر چی پێ گوتوون. کەسێکیش لەنێویاندا بێجگە لە جۆبیدرۆ و تۆنیۆ بڕوانامەی پێ نییە.

مرتا بۆ جۆکۆندینا لەمەڕ نەخۆشییەکەی باوکی گێڕایەوە:

- ئەو گوتی ڕەنگە تۆ ساغ بیت... بەڵام باوکم بێگومان نەساغە. دکتۆر بەخۆیشی پێی خۆشە کۆمەکمان بکا.

جۆکۆندینا وێڕای بێ هومێدییەکەی، هەندێ وشەی شک دەبرد ستایشی دکتۆری پێ بکا:

- بەڕاستی پیاوی چاکە.

- دواجار وامان لێ دێ بەسواڵکردن بژین.

هەرسێ کوڕەکانی هاتەوە یاد، خۆزی لێرەبان. خۆ هیچ نەبێ ناچار نەدەبوون دەرۆزە بکەن. ئینجاش جۆکۆندینا گریگۆریۆی وەبیر هاتەوە، ئەو گریگۆریۆیەی کە تەقەی لە ئارتێر کرد - ڕەنگە دەسگیر کرا بێ... ئەوی کردی شتێکی باش بوو... مخابن ئەو کارە لە دکتۆر ئۆرلیانۆ نەکرا.

مرتا بیری لە ئۆرلیانۆ کردەوە کە دەستی پێوەی دەدا وەک ئەوە دکتۆر لە ژووری عیادەکەدا کردی، جا تەزوویەک بەلەشیا هات برسێتی و خەم و کەسەری لەبیر بردەوە و پەلەکێشی کرد تا تەماشای ڕووناکی و تراوێلکەکانی شارەکە بکات. ئەدی ڤیسانت، داخوا ئەو لە کوێ بێ! ئەو هەرگیز دەستی بۆ نەبرد و خۆ بەخۆیشی ئەو کەسەیە کە مرتا خۆشی دەوێ.



-٦-

هەمووان گەڕانەوە تیمارخانەکە. ئامالیا پێی گوتن چاوەڕێ بکەن، ئەوانیش لە هۆڵە پڕ و قەرەباڵغەکەدا مان و چاویان لێ بوو دەرگا بێ وچان دەدرێتە سەرپشت و دادەخرێ، کەسانێکی زۆر دێنە ژوورێ و هەندێکیش دێنە دەرێ. هێندێکیان ڕووگەش و کەیفسازن بەیاننامەکەیان بەدەستەوەیە کە بلیتی خۆڕاییان بۆ مسۆگەر دەکا، کەسانێکی کەش ڕووترش و خەمبارن، هەندێ ژن و ئافرەتیش بەهۆی گریانەوە چاویان سوور هەڵگەڕاوە. دوایەش جیرۆنیمۆ و جۆکۆندینا بۆ شیتەڵکردنەکەیان گاز کران، لە پاشان ئەبامینۆنداس پێی ڕاگەیاندن کە سبحەینێ بگەڕێنەوە تا بەئاکامەکەی بزانن، بەڵێنیشی دانێ:

– هەر ئەو ڕۆژە خەمی ئەوەتان بۆ دەخۆم.

– دکتۆر گیان، بیکە بۆ خاتری سۆز و نازی دایکت، تکات لێ دەکەم دەستوبردێکمان بۆ بکەی، ئێمە ئێستا پوولێک شک نابەین، بەیانیش ناچار دەبین لە میوانخانەکە بێینە دەرێ، پارەکەشمان هەر بەشی خەرجییەکەی ئەمڕۆمان دەکا...

– سبەینێ لە سەدا سەد ئەنجامەکەی وەردەگرن... ئێستاش لێگەڕێن با کچەکە بێتە ژوورێ بۆ تیمارکردن. ئەو کەمخوێنە، بەڵام بەهەندێ دەرزی هێز و گوڕی دێتەوە بەر. دوایەش دەتوانم بڕوانامەکەی بدەمێ. بەپەرۆش و بەوپەڕی بێ ئۆقرەییەوە چاوەنۆڕ بوو مرتا بێتە ژوورێ. دەرمان و دەرزییەکەی گەرم کرد؛ ئەم دەرزییە سوودی بۆی نییە. مرتا بەیانی باشی کرد و بەشەرمەوە بزەی هاتێ.

– سبەینێ، ئەنجامی تەحلیلی کەسوکارەکەت وەردەگرم... ئومێدەوارم دڵخۆشکەر بێ... بەڵام گومانیش لەوە دەکەم پیرەمێردە سییەکانی نەساغ بن.

– ئەگەر وابێ، ئایا پێی ناکرێ سەفەر بکا ؟

– بەلایەنی کەم پێی ناکرێ لەسەر حسێبی دەوڵەت سەفەر بکا... ئەگەر بەپارە و پوولی خۆیشی بیکا، ئەوا هیچ کامێک لەو چارانەی بۆ هەڵناڕەخسێ بۆ ئەوە ئیشوکار و خانووی وەچنگ بکەوێ، تا ئەو حەلە دەخرێتە سەر کار و هەقی هیچ کۆمەک و یارمەتییەکیشی نییە.

ڕاستییەکەی ئەوەیە چوونی لەسەر حسێبی خۆی چ سوودێکی پێ نابەخشێ تەنانەت ئەگەر پارەشی پێ بێ.

– بەڵکو بتوانی تۆزێک یارمەتیی بدەی.

– ئەوی لە دەستم بێ، ئەی خنجیلەکەم، دەیکەم... چونکە تۆ شیاوی ئەوەی.

ئینجا بزەی هاتێ و کچەش سەری داخست. ئەو بەتەواوی نەیدەزانی دکتۆر چ دەوێ. بەڵام ئەوە تێدەگەیشت کە وشە و نیگاکانی دوو مانای هاوجووتیان لە باردایە و خۆی لێ گێل دەکرد. پاشان سوپاسی کرد.

– بۆ شرینقەکە خۆت ئامادە بکە.

کچە نەیدەزانی دەبێ چ بکا، جا ئەویش بۆی ڕوون کردەوە:

– جلەکانی ژێرەوەت فڕێ بدە، چونکە دەرزییەکە لە لای سمتت دەدرێ.

– لە کوێ؟

– لە لای دواوە.

لۆکە تەڕەکەی لە ئیسپیرتۆکە وەردا و هەژدەر هەژدەر گۆشتە توندوتۆڵەکەی دەوڵاوت و دەرزییەکەی تێدا چەقاند. ئەویش سووکە ئایەکی بۆ کرد.

مرتا متەقی نەکرد، بەڵام بەچزووی دەرزییەکە پێ حەسیا وەختێ ڕای کێشاوە. بەڵام دکتۆر هەژدەر هەژدەر گۆشتەکەی دەوڵاوت.

– بۆیە وا دەکەم، دومەڵ و قنجکە دەرنەکەی...

هەردوو دەستەکانی بەسەر ڕانەکانیدا داخزان و بەرە ژوور بوونەوە بۆ لای سمتەکانی و پاشان نێوقەدی و ...، ئەویش موچڕکەی هاتێ و گەرمی دەموچاوی داگرتەوە، بزاوتێکی بۆ کرد بۆ ئەوە لەشی وەرچەرخێنێ.

ئەبامینۆنداس بەدڵێکی پڕ وەرەورتەوە ڕاست بۆوە، نەبا ترساندبێتی و ڕێ و ڕاست گەڕایەوە سەر باسەکە، مرتاش بەبێ ئەوە تەماشای بکا خۆی کۆ دەکردەوە.

– دایکت گوتی پارە و پوولتان پێ نەماوە بیدەن بەهەقی کرێی ئوتێلەکە و تەنها ئیمڕۆ دەکا...

– جۆبیدرۆی مامم بۆ ئیشوکارێک دەگەڕێ.

ئەبامینۆنداس دەستی بەجزدانەکەیدا کرد و کاغەزێکی پارەی بیست (میل ڕیسی) لێ دەرهێنا و پێشکەشی کرد:

– ئەمە بۆ کۆمەک و یارمەتیتان، ئەگەر ناچاربوون ماوەیەکی زیاتر بمێننەوە...



پێویستیش بەوە ناکا بەدایکت بڵێی کە من پێم داوی.

کچە دەیویست وەری نەگرێ. بەڵام دەزانێ پارەکەیان لە تەواوبووندایە.

ئەوان نازانن لە کوێ بنوون و چ بخۆن، باوکیشی ئەمە حاڵییەتی... جا قایل بوو وەری بگرێ.

– تۆ مرۆڤێکی زۆر چاکی.

دکتۆر پتر جەوامێری نوواند.

– دوایە دەتوانم لەوە زێدەتریشت بدەمێ...

بەڵام مرتا سەرپەنجەکانی بەخوداحافیزییەکی پڕ شەرمەوە بۆ درێژ کرد.

لە میوانخاکەشدا بۆ جۆکۆندینا گێڕایەوە کە دکتۆر ئەو پارەیەی پێ داوە، بەڵام ناوی ئەو دەستانەی نەهێنا کە بەسەر لاڕانەکانی و سکی داهێنانی. ئەم شتە کاری لە جۆکۆندینا کرد.

– خودا خێری بنووسێ... چەند مرۆڤێکی چاکە!...

– دەشڵێ باوکم چ ئومێدێکی چاکبوونی لەپێشدا نییە.

– چ بکەین، کچۆڵەکەم؟

جیرۆنیمۆ بەجۆرێک دەکۆکی ترس و ڕاڕای وەبەر دەنان.

جۆبیدرۆش ئیشوکاری دەست نەکەوت، تەنانەت بەنانەسگێیش، چونکە کۆچلەبەر لەناو شاردا زۆرن و دێبەرەکانی دەوروبەریش جمەیان دێ.

-٧-

ئەگەرچی ئەبامینۆنداس لەتەک ئەم جۆرە دیمەنانەدا ڕاهاتبوو، هەرگیز لێشی دەترسا.

- تەحلیلەکەت کرد؟

- بەڵێ، هیچت نییە -دکتۆر لەگەڵ جۆکۆندیناى بوو- بەڵام بەش بەحاڵی تۆ ئەی پیرەمێرد، (سییەکانت نەخۆشە. لەم بارودۆخەشدا پێت ناکرێ سەفەر بکەی.

- ئەدی ڕەچەتەکەم پێ نادەی؟

بیری کردەوە، سیاسەتێکی دروست نییە گشت هومێدێکی لێ ببڕێ.

- بەلایەن کەمەوە ئێستە نابێ... ئەمە مەحاڵە. تیمارکردنێکی پوختە و باشت بۆ دەکەین: دەرزی لێدانی ڕۆژانە، پشوو و حەسانەوە، خواردنی چاک. ڕەنگە لە ماوەیەکی کورتیشدا بتوانم بڕوانامەکەت بدەمێ.

- ئەی دکتۆری سەروەرم، ڕاستیم پێ بلێ... و بەبێ چ پێچوپەنایەک پێم ڕابگەیێنە... ئەگەر هیچ چارەیەکیش نییە ئاگادارم بکە، چونکە ئەوان لەم ماڵەدا -دیاردی بۆ خێزانەکەی کرد- دەڕۆن و خۆم بەتەنێ دەمێنمەوە. ئەو حەلەش لەوێڕا جێگیر بن، جۆبیدرۆ و هەردوو ئافرەتەکان ئیش دەکەن و پارەم بۆ ڕەوانە دەکەن، منیش سەفەر دەکەم...

لەم تۆزە وەختەدا ئەبامینۆنداس هێندە نەمابوو لێگەڕێ مرتا ئەوە بەپیرەمێرد بلێ کە هەرگیز چاوی بەو بەیاننامە بەناوبانگە ناکەوێ. بەخۆیشی فەرمان بەنووسینگەکە دەدا جۆبیدرۆ و هەردوو ئافرەتەکان بەهەوەڵ شەمەندەفەر بڕۆن. هەندێ پارەش دەبەخشێ و وەک یارمەتییەک دەیدا بەهەق جێ و شوێنەکەی جیرۆنیمۆدا. بەڵام لەنێو دەستەکانیدا هێشتا بەگەرمی لاڕانەکانی مرتا پێ دەحەسیا.

- ڕەنگە بتوانی بڕۆی، پاش وی داودەرمانت بەخۆڕایی بدەمێ و چارەسەریت بکەم... ئیشوکاریش هاسانە بۆ مرتا پەیدای بکەم، ئەو ئەگەر بزانێ چێشت لێ بنێ، دەتوانێ لە حاڵێکدا کە ئێوە لێرە نیشتەجێن، بێت و خواردنم بۆ ئامادە بکا... ئەمە کۆمەک و یارمەتییەکە بۆتان... دوایەش خانوویەکتان بۆ دەدۆزمەوە، وەبزانم چاوەڕێکردن چێترە... هەرکە چاکیش بوویتەوە وا دەکەم بەهەوەڵ شەمەندەفەر بڕۆن، ها چیتان گوت؟

- تۆ گەلێ میرخاس و خودان چاکەی... خودا خۆی تۆی ناردووەتە سەر ڕێگامان تا فریامان بکەوی.



ئەم وشانە بەوێنەی جنێو و تانووت بریندارى کرد. ساتی ئەوە هات دەرزییەکە لە مرتا بدات و دیسا چاوەکانی تەژی ئارەزووبوون. «گشت شەرم و حەیایێ»... دەیوجین بەخۆی ئەمەی پێ گوت.

## -٨-

له سووچێکی شەقامەکە چەند قولەڕەشێک هەن قەرزارباری چاکەی دکتۆرن. چونکە فریای ژنە قولەڕەشەکە کەوت کاتێک گیرۆدەی گرانەتا بووبوو. ئەوانە لە کۆختە دارینێکی کۆندا دەژیان. هەر لەوێڕاش ئەبامینۆنداس جیرۆنیمۆ و خاوخێزانەکەی نیشتەجێ کرد. قولەڕەشەکان بۆ ئەم خزمەت و کۆمەکەی کە دکتۆر بەرامبەریان کردی شاد و کەیف خۆش بوون و ئەو پارە بیست (میل ڕیسی)یەیان لێ وەرنەگرت کە پێشکەشیکردن.

– ئەوانە کەسانێکن یەکێک لە هاوەڵەکانم پێیان ڕاسپاردم.

قولەڕەشەکانیش داوای ڕوونکردنەوەی زێدەتریان نەکرد، ئیدی مرتا گشت بەیانیانێک دەچووە ماڵی دکتۆر و خواردنی بۆ ئامادە دەکرد و نیوماڵەکەی پاقژ و پۆشتە دەکرد. کارەکەرە قولەڕەشەکەی پێشووش لەو ئیجازەیەی کە دکتۆر پێی بەخشی سەرسوڕمانی هاتێ، چونکە ئیجازە و پشوودان شتێکە کارەکەر و خزمەتچییەکانی ناوچەکە نایزانن. هەر یەک دوو ڕۆژ دواتریش مرتا زانی لەبەر چی ئەبامینۆنداس دەستی کۆمەکی بۆ کەسوکارەکەی درێژ کرد. چونکە هەلێک چییە لە کیس خۆی نەدەدا تا دەستبازی لەتەکدا نەکات. کچە قایل نەدەبوو خۆی بەدەستییەوە بدات، بەڵام هەمیشە پێی نەدەکرا خۆی لە چنگ ڕزگار بکا، وێڕای ویش وادەی دەرزی لێدان هەیە کە دکتۆر وای کرد لە ماڵەوە بەئەنجامی بێنێ. ئەو هەرگیز لە ناخییەوە وا پێ دەحەسیا پتر شەیدای مرتایە و بەهەرحاڵێک بێ دەیەوێ داگیری بکا و لە خشتەی بەرێ. ئەم حەز و ئارەزووەش کە سەلماندی و ئاشکرای کرد وای لە ڤیلۆ کرد پتر ئیرەیی و بەخیلی بکەوێتە کەولی، جا بەهەلی زانی بۆ ئەوە پێوەندی دەگەڵدا بپسێنێ.

کاتی دەسبەتاڵییەکەی لە ماڵەوە بەسەر دەبرد، بەهۆڵەکەدا دەهات و دەچوو سەری بەمتبەقەکەدا دەکێشا، بەهەر بڕووبیانوویەک بووایە، گازی مرتای دەکرد و کە گەسکی نیوماڵەکەی دەدا بەدەور و خولیدا دەسووڕایەوە و دەستی دەگرت.

کچە دەیزانی مەسەلەکە زۆر ناسک و ترسناکە، هەوەڵجار ویستی هەڵێ و هەموو شت وەلاوەنێ و بۆ جۆکۆندینا بیدرکێنێ. بەڵام بیری کردەوە دی کەسوکارەکەی هیچیان بۆ نەماوەتەوە، نە بنمیچێک پەنای بۆ بەرن و نە ئەو چل مل ڕیسییە کە دکتۆر پێیان دەبەخشێ و نە ئەو خەرجییەش کە بەتۆنیۆ دەیدا تا کەیف و سەیرانی پێوە بکا؛ لە هەموو خراپتریش ئەوە بوو باوکی گشت هومێدێکی ڕۆشتنی لە پێشدا نەدەما و دەپووکاوە؛



– ئەگەر باوکیشی لەتەکیاندا نەڕوا، چۆن و بە چ حاڵ دەتوانن بەسەر گیروگرفتەکانیاندا لە ساوپاولۆدا زاڵ بن؟

مرتا بەدوورودرێژی لە هەموو ئەو شتانە بیری کردەوە و پێ حەسیا هەڵاتنی لە دەست پزیشکەکە کارێکی مەحاڵە. ئیدی دەستی دا و نەختە نەختە خۆی تەسلیم کرد، ئەبامینۆنداسیش کوڕێکی شۆخ بوو. کچە دەیزانی لە توانایدا نییە فرە بەرگری بکا، جا بڕیاری دا کەڵک لەم بارودۆخە لە هەموو لایەکییەوە وەربگرێ. لەوەش خافڵ نەبوو کە ئەگەر جیرۆنیمۆ بەو کارەی زانیبا، ئیدی چیتر حەزی نەدەکرد ناوی بێنن. لەمەڕ ئەبامینۆنداسیشەوە مرتا خۆی نەخستبووە تەک ئاوەڕۆی خەیاڵ، چونکە ئەو هێندە نابا و وەجێیی دێڵێ. بێگومان ئەو نە دەیکا بەهاوسەری و نەش دەست بەباڵییەوە دەگرێ. ئەو بەخۆی لە ساوپاولۆدا هەم پزیشکە و هەم خودان دەزگیرانە و وێنەکەی مارییتاش سووچێکی ژووری نوستنەکەی داگرتۆتەوە، دەگەڵ پێشکەشییەکی پڕ ناز و خۆشەویستیدا کە مرتا خۆبەخۆی پیتەکانی هەڵهێنا: «بۆ ئەبامینۆنداسی ئازیز لەگەڵ سۆز و نازی بێ پایانی دەزگیرانە خنجیلانەکەی، مارییتا».

ئینجا بەنیمچە ساردییەکەوە بڕیاری دا خۆی بۆ شل بکا، ئەویش لەبەر خاتر پسوولەی سەفەرەکەی باوکی و ئیجازەکانی ڕۆشتنی گشت خێزانەکە، بێجگە لە خۆی. بەڵام ئەگەر سەرپشک کرابا هەڵبژێرێ لەمیان خۆی و باوکی، ئەوا وای بەچێتر دایدەنا باوکی بڕوات.

داودەهۆ و غەریزەی وەک ئافرەتێک ئەوەی فێر کرد کە باشترین کەینوبەین ئەوەیە تا دوایی ئاگرە کەوڵی بکا. ئەمەش ئەو کارە بوو کە کردی. جا وای لێ هات سرک و گران بێ و لە دوورەوە زەردەخەنەی بۆ بکا و بەچاوی بەلێنەوە تێی بڕوانێ و بەردەوام بەلەش لێوەی دوور بێ. بەو تەرزە ئەبامینۆنداسیش تا هات پتر شەیدای بوو.

دوایەش پاش نیوەڕۆی ڕۆژێک گرتی و بەماچ لێوەکانی داخ کرد. بەهەزار حاڵ نەبێ نەیتوانی خۆی لە چنگ دەربێنێ. دەبوو بەسەر ئەو گەرمی و خۆبەدەستەوەدانە زاڵ بێ کە دایگرتووە. ئینجا زۆرانبازییەکی ڕاستەقینە دەستی پێ کرد؛ بێ وچان ڕاوی دەنا و کچە خۆی لە دەستی ڕادەپسکان، هەردووکیشیان کش و بێ دەنگبوون. مرتا پێ حەسیا ساتە ناسک و ترسناکەکە نێزیک دەبێتەوە. جار ناجار بەئێواران لە ماڵەوە ئەگەر چاوی بەباوک و دایکی و خوشکەزاکەی و مامی دەکەوت، دەستی بەگریان دەکرد. چونکە دەیزانی لەتەکیاندا ناڕوا. ئەوی لە پێشیدایە و چاوەڕێی دەکا شتێکی دڵخۆشکەر نییە: شەقامی

کچان و مەیخانە والآکەی شەوە... وەلێ بڕیاری دا. ئەو تەنها خەمی ئەوەی دەخوارد چونکە ڤیسانت لە چیازیرۆدا نەیکرد و کچێنی لێ زەوت بکات، جا ئەو حەلە بۆ پزیشکەکە وەکوو پاشماوە لاکێکی گەنیو دەمایەوە و ئەویش هەر شیاوی ئەوەیە و هیچی تر!



-٩-

تۆنیۆ بەغاردان گەیشتەوە ماڵێ:

– نەنکە گیان، نەنکە گیان!.

جۆکۆندینا بەپێی ئەو ئامۆژگاری و بەرنامەیەی دکتۆر داینابوو، مشووری جیرۆنیمۆی دەخوارد و خزمەتی دەکرد. لە تۆنیۆ -کە جلکێکی شڕۆڵەی لە بەردا بوو و چاوەکانی وە درەوشە کەوتبوون و پێیەکانیشی لە تۆز و خۆڵی شاردا سوور هەڵگەڕابوون- هاتە پێشێ:

– چییە؟

ئەویش پێکەنینێکی منالآنەی بۆ کرد:

– بینیم پزیشکەکە پوورە (مرتا)م ماچ دەکا.

جۆکۆندینا پەلەکێشی کردە ئەولاوە نەبا جیرۆنیمۆ گوێی پێوە بێ. ئینجا وای لێ کرد سەروبنی دیمەنەکەی بۆ بگێڕێتەوە. لە پاشان تەمێی کرد زمانی بگرێ.

– بەوێ گەیشتم. گەرەکم بوو هەندێ پارە لە میمکم داوا بکەم، پزیشکەکە وەخۆوەی نووساندبووە و دەمی نابووە نێو دەمی... منیش غارم دا، بەڵام ئەوان نەیانبینیم.

ئەگەر مرتا لەو ئێوارەیەدا گەڕایەوە، ڕواڵەتێکی کەشەنگ و شپڕێوی پێوە دیار بوو، وەها بەڕێوە دەچوو وەک بڵێی هەست بەئازارێ بکا، بەڵام بزەی دەهاتێ. کچە ئەو نووسراوەی پێ بوو کە دەڵێ جیرۆنیمۆ لەش ساغە و دەتوانێ سەفەر بکا. جۆکۆندینا بیری کردەوە لەتەکیا باخێوێ و بەسەرهاتی ئەو ماچانە ڕوون بکاتەوە. بەڵام هەنگێ چاوی وەبڕوانامەکە کەوت، تێگەیشت چ قەوماوە، جا ڕاچەنی و دڵی لە خەم و کەسەردا داڕزا. مرتا دی دایکی سۆسەی کردەوە، جا هەردوو کشومات ڕامان، لەولاشەوە هەردوو پیاوەکان سەدەقی خۆیان لێ دەدا(١).

– ئێستا دەتوانین بچین.

– خەڵکێکی زۆرمان لە پێشەوە هەیە.

– دکتۆر ڕێگامان بۆ خۆش دەکا ئێمە پێشتر بڕۆین.

دواجار نوستن. هەمووان بەسەر نوێنی پووشەوە، لە هەمان ئەو ژوورەدا کە پڕە لە

---

(١) ڕای خۆیان دەردەبڕی.

چڵپاو، دەخەوتن. جۆکۆندینا بەتەما بوو گشتیان بنوون، ئینجا نەوی لە شانی مرتا و کچەش وەلوشکە لوشک دەگریا.

هەردوو لە ماڵێ وەدەرکەوتن. مرتا چاوەکانی شۆڕ کردبوو. ئاتاژی بەوە نەدەکرد قسە بکات. بەڵام جۆکۆندینا پێی گوت:

– بڵێ.

کاتێک هەر وەڵامی نەداوە، لێی پرسی:

– خۆت دا بەدەستییەوە، وەنییە؟

کچەش سەری بۆ لەقاند.

– دوایەش نووسراوەکەی دا، ها؟

بەدووچاوی پڕ فرمێسکەوە نۆڕییە دایکی. چاوەنۆڕی سەرزەنشتێک بوو، خۆیشی بۆ ئەوە ئامادە کردبوو. بەڵام جۆکۆندینا متەقی نەکرد. بەچیچکانەوە ڕوونیشت و دەستەکانی شۆڕ و بیری دەکردەوە. پاشان نەوی لە نێوقەد کچەکەی و بۆ لای خۆی ڕایکێشا، شتێکی کرد کە چەند ساڵێکە نەیکردووە:

ناوچەوانی ماچ کرد و فرمێسکەکانیان ئامێتەبوون، لە پاشان گوتی:

– گەر بابت بەوەی زانیبا، ئەوا ڕێ و ڕاست دەچێ و پزیشکەکە دەکوژێ... و خۆیشت توورە هەڵدەداتە دەرێ...

– دواجار هەر دەزانێ...

ئەوی گوتیشیان خەیاڵ نەبوو. ئینجا جۆکۆندینا وتی:

– خۆزی توانیبێتمان بەبێ دواکەوتن بڕۆیشتنایە، ئەوەی لێ داوا بکە.

دەرهەق ئەبامینۆنداس، هەستی بەڕق و کینە نەدەکرد، چونکە ئەم شتە دەبێ ڕوو بدا، ئەوە چارەنووسە. چاکیش بوو هەرسێ کوڕەکانی لێرە نەبوون! ئەگینا گۆبەنێکیان دەناوە، چونکە خوو و ڕەوشتیان ئەوەی قەبووڵ نەدەکرد.

– بڕۆ بنوو، ئەی کچۆڵەکەم.

لە شوێنەکەی خۆیدا، چەقی. گوێی وەخوڕە و هاژەی ڕووبارەکەوە بوو، ئاسمانیش پڕ ئەستێرە و ڕووناکییەکی زیوینی دادەڕژانە سەر قژەکەیدا کە پاکی لە کۆچەکەدا سپی بوو.





ئەبامینۆنداس دەیەویست دەمێکی زۆرتر وەگیری پێ بخوا. ئەو هێشتا ئارەزوو و کەف و کوڵی دانەمرکاندووە. بۆیە لە دووهەمین شەمەندەفەری کۆچلەبەراندا کە پاشی بیست و سێ ڕۆژی دی دەڕوا، ڕۆشتنەکەی دیاریکردن. ئێستاش کە ئەو گەمژەییەی کرد و نووسراوەکەی دانێ، گەرەکی بوو زیاتر سوود لە کچۆڵەکە وەدەست بێنێ. ئەوە هەوەڵجار بوو کە بڕوانامەیەکی لەش ساغی بەکۆچلەبەرێکی نەساغ بدات. ئەو لە حاست گشت پاڕانەوە و کڕووزانەوەکاندا خۆی ڕادەگرت. دە ئیدی چ دەستەڵاتێکی ڕەوشتی لە ئێستە بەدوا بەسەر مووچەخۆرەکانی تری نووسینگەکەدا دەبێ؟ ئامالیا، بەئاکامی تەحلیلەکە دەزانێ، مووچەخۆرەکانیش تێبینییەکانی خۆیان دەردەبڕی، ئەوەش شتێکی پەنام و شاراوە نییە. پاش تۆزێکی دیش ئەو کەینوبەینە دەگاتە گوێی کۆچلەبەرەکان، یەکێ لەوانەش لەگەڵ جۆبیدرۆدا ببووە دەمەقاڵەی و دابووی بەڕوویدا:

– تۆ لە بێ قیمەت،بێ قیمەتتری... نووسراوی پیرەمێردەکەت بەئابڕووی کچۆڵەکە کڕی.

هەنگێ جیرۆنیمۆ بەو کارەی زانی ڕک و تووڕەییەکی بەرباد دایگرت. ئەگەر جۆکۆندینا بەتەنیشتییەوە نەبووایە کچەکەی دەکوشت، چونکە لەو ساتەدا بەتێلایەکەوە پڕی لێ ستاند.

– بۆ دەرەوە، هەی نەفرەت لێ کراو! تۆ کچێکی داوەشاو و مردووی، سۆزانییەکی بێ بن کراوی. ئەتۆ پیریت لەوتاندم...

مرتا بەدەموچاوی بریندارەوە، بۆ سەر شەقامەکە غاری دا. کات ئێوارێ بوو، کۆچلەبەرەکان لەو دەوروبەرەدا بڵاو ببوونەوە. شریخە و هاواری جیرۆنیمۆش هەژدەر هەژدەر لە ژوورەوە دەهات. جۆکۆندینا هەوڵی دا هێمن و ئارامی بکاتەوە. دواجاریش کۆخەیەکی نەبڕاوە تەنگی پێ هەڵچنی و ناچار بوو بنوێ. جۆکۆندینا هەوڵی دا بەرگری لە مرتا بکا. بەڵام جیرۆنیمۆ نەیویست گوێ بگرێ و ڕێ و ڕاست و بێ پێچوپەنا لە مستی نان کە چیدی نایەوێ چاوی بەچارەی بکەوێ و لە خێزانەکەشی قەدەغە کرد کەمترین پێوەندی لەتەکدا بکەن.

هەرکە لەو ئاهۆبە[١] چاکبۆوە کە بەهۆی کۆخەکەوە تووشی هات، فەرمانی دا بەدەستە و

(١) پەتا.

تاقمەکەی جل و جەوالّیان بپێچنەوە تا مالّەکە وەجێ بێلّن. ئەو پێی گران و ناخۆش بوو یەک دەقیقە چییە لەو مالّەدا بمێنێتەوە کە پزیشکەکەی دۆستی کچەکەی بۆی پەیداکردن. هاتن و لە بن دارەکانی دەوروبەردا، لەوێڕا کە پریاس و ئەوانی دی هەلّیاندواە، نیشتەجێبوون. قولّەڕەشەکان هەموو ئەم دیمەنەیان چاو پێ دەکەوت بەبێ ئەوە تێ بگەن و کۆچلەبەرەکانیش تێبینییان دەکرد بێ ئەوە ورتەیەک بکەن.





مرتا پێی نەکرا دەمێکی زۆر لە نک ئەبامینۆنداس بمێنێتەوە. چونکە مەسەلەکە لە نێوان مووچەخۆرانی نووسینگەکە و دەرەوەی نووسینگەکەشدا بلاّوەی کرد، تەنانەت کۆلکە شاعیرەکەش لەتەک پزیشکدا لەمەڕ ئەم بابەتەوە ئاخاوت، ئەم هەرایە تەشەنەی دەکرد، تا وای لێ هات ئیدی بوو بەقیر و لکا بەکچەوە، لە لایەکی تریشەوە حەز و هەوەسی بەجارێ نەما و ساردبۆوە، ئەو لە کاروباری سیکسایەتی نەزان و نابەلّەد بوو، ئەبامینۆنداسیش لەتەک ئەو ژنە داوێن تەڕ و خاوەن داوودەهۆیانەدا ڕاهاتووە.

سۆزانییەکی نوێ لە چیازیرۆوە گەیشت، ڕۆژێکیان بەهەلّگیراوی لەگەلّ عەریفێکی سوپا لە شاری (باهیە)وە هات، پاشان عەریفەکە بەجێی هێلاّ بۆ ئەوە ببێ بەکچی سەر شۆسە و جادە و کۆلاّنان. ئەبامینۆنداسیش تەماعی کرد. پاش وی مرتاش ڕێگەی مەیخانەکەی شەوان و جادەی سۆزانییەکانی گرتە بەر. دیتە تازە بەوێ هاتبوو، سەوداکەرێکی فرە سەریان لێ دەدا. هێندەی پێ نەچوو نەخۆش کەوت، بەلاّم بەهەزار حالّ لەوە حالّی بوو، چونکە لەمەڕ ئەم شتانەوە نەیدەبیست. ئەبامینۆنداسیش لەوەپێش بەخۆی وەتەنگیەوە دەهات و بایەخی دەدایە (ئەو، ئەو مەعمیلانەی لە دەیۆجینەوە بۆ مابۆوە) بەلاّم گەلێ دوور، گەلێ سارد، وەدیار کەوت، لەو پیاوە ڕووخۆش و ڕووگەشە نەدەچوو کە پانزە ڕۆژ لەوەبەر وابوو. مرتا لاواز و ڕەق و وشک و بێ هێز هەلّگەڕا، ئەو ئێستە ڕوومەت و دەم و لێوی سووراو و سپیاو دەکا، دوو دەستە جل و جووتێ کەوشیشی بۆ خۆی کڕیوە.

کچە خۆی نان و گوزەرانی خێزانەکەی دابین کرد. جیرۆنیمۆ و تۆنیۆ سواڵیان دەکرد، بەڵام سواڵکەران وایان لێ هات تیپێکیان پێک دێنا. لە بن دارەکاندا درێژەیان بەژیان و گوزەرانی خۆیاندا و لەگەڵ دەیەها لە کۆچلەبەرەکانی تردا تێکەڵاو دەبوون و هەر هەمووشیان چاوەڕوانی شەمەندەفەر و بڕوانامەیەکی ساختەیان دەکرد. جیرۆنیمۆ هەرگیز لەمەڕ کچەکەیەوە نەداخاوت، بەڵام هەر زوو تێگەیشت کە ئەو پارە و پوولەی جۆکوندینا ئارد و لۆبیە و شەکر و قاوە و گۆشتە وشکەوەکراوەکەی پێ دەکڕێ لەو و لەو پیاوانەوە دێت کە لە باخەڵی دەنوون، شتێک لەم کۆچەدا بریندار نەکرد ئەوە نەبێ. هیچ شتێکیش نییە وەک ئەمە ئەو هەموو خەفەتەی بەبەر نابێ ئەو پێشتر کچەکەی خۆشدەویست، ئێستاش کە بەرەڵلای کرد، وێنەکەی لە دڵدا هەڵدەگرێ، کە دڵنیاش بوو ئەو پارە و پوولانەی لە لایەن مرتاوە دێت، بەتوندی

سەرزەنشتی جۆکۆندینای کرد. بەڵام دوایە دەستی لە ناڕەزایی دەربڕین و ڕەخنەگرتن هەڵگرت. ئایا لێ دەگەڕێ گشت کەسەکانی بنەماڵەکەی لە برسانا بمرن؟... خورد و خۆراکی لێ بوو بەژار و سنگی وای لێ هات پتر چاڵ و قووپاو بێ و کۆخەکەشی پەرەی ستاند.

ئەگەر جۆکۆندیناش وەدەر دەکەوێ، دەیزانی دەچێ و چاوی بەکچەکەی بکەوێ. ئەو حەلەش بەخۆی و ئازووخەکە و دوو چاوی سووری پڕ گریانەوە دەگەڕایەوە، متەقی نەدەکرد. بەڵام گشت ئەمانە نەختە نەختە گیانیان دەردێنا.





دواجاریش شەمەندەفەرەکە گەیشت. دەبێ سبەینێ بڕۆن. جۆکۆندینا ئێوارێ چوو ماڵئاوایی لە مرتا بکا. بۆ یەکەمین جار بەکراسی شەوەوە چاوی پێ کەوت، ئەو کراسەی کە پێوەی دەچێتە مەیخانەکە، هەردوو گۆناکانیشی سووراو و سپیاو و بۆن گوڵاوێکی تیژیشی لێوە دێ.

دەستیان لە مل یەکتر کرد و بەلوشکە لوشک دەگریان. جۆکۆندینا تۆنیۆ و جۆبیدرۆشی لەگەڵ خۆدا هێنابوون. ئەو لە مێردەکەشی پاڕایەوە:

– ناتەوێ بێی و دوعاخوازی لە کچە داماوەکە بکەی؟

بەڵام ئەو وەڵامی نەدایەوە. دڵشکاو، سەرشۆڕ ڕامابوو، لە خوای گەرەک بوو دەسبەجێ بمرێ و هەموو ئەوە وەکۆتایی بێ.

هەردوو تۆزێک ئاخاوتن. مرتا بۆ دایکی گێڕایەوە کە ڤیسانت بەکەشتیی شەو هات و سەری لە مەیخانەکە دا، بەڵام ئەوەی پێ نەگوت کە ئەودەمەی لەتەک پیاوەکاندا خواردییەوە و هەڵسا بچێ، خۆی لێ نەبان کرد و وشەیەک چییە ئاراستەی نەکرد.

لە پاشان چەندێ پارەی شک دەبرد لە مست دایکی نان. جۆکۆندینا دەگریا. مرتاش پێی ڕاگەیاند:

– سبەینێ دەچمە ئێستگەکە. دەمەوێ چاوم بەباوکم بکەوێ.

## -١٤-

چاویان لە شەمەندەفەرەکە بڕیبوو کە دووکەڵەکە داوێژێ. کۆچلەبەرەکان دەستە دەستە و کۆمەڵ کۆمەڵ دەگەیشتن، هەرسێ واگۆنەکانی دواوەیان بۆ تەرخان کرا بوو، واگۆنەکانی سێیەمین پلە. ئەوان لە ساوپاولۆدا نەبێ ناوێستن. دواجار بەوێ دەگەن، بەو وڵاتە دەوڵەمەند و پڕ خێر و خۆشییە دەگەن! ڕووگەش و دڵخۆشبوون، وا پێ دەچوون وەک ئەوە گشت ئەو ئەشکەنجە و ئازارەی تێیان ئالابوو فەرامۆش کردبێ. بەڵام ئەوانەی کە ناتوانن بڕۆن، بەئێرەیی و بەخیلییەوە تێیان دەڕوانین و لە موسافیرە خێرخواکانی هەوەڵەمین پلە دەستیان پان دەکردەوە.

جیرۆنیمۆ بەسەر تەختێکی دارینی خنجیلەوە، بەتەنیشت جۆکۆندیناوە ڕوونیشتبوو، بەلای پەنجەرەکەوە بوو، پیرەمێرد حاڵی بوو ژنەکەی وەپەرۆشەوەیە هەڵسێ. چونکە مرتا دەبێ لە ئێستگەکە بێ، بەڵام جۆکۆندینا ئەو زاتەی شک نەدەبرد بڕوانێ. ئەو لە مێردەکەی دەترسێ. جۆبیدرۆ و تۆنیۆش بەسەر تەختەکەی بەرامبەرەوە بەهەمان ڕواڵەتی پیلانگێڕی و ترسەوە دانیشتوون. کوڕەکەش دووجار هەوڵی دابوو بەرەو پەنجەرەکە بڕوا، بەڵام جۆبیدرۆ ناچاری کرد دانیشێ.

– دوورکەوە لێرە، ئەگینا شەپازللەیەکی مزرت تێ دەسرەوێنم، هەی کوڕی بەراز!.

چەند کۆچلەبەرێک جۆلانێیان لەناو شەمەندەفەرەکەدا هەڵواسی بوو، چەند کەسانێکی دی کە پێشتر سەفەریان کردبوو، بەو کارەیان فێر کردبوون. واگۆنەکە جمەی دەهات. خەڵکێکی زۆر تێدەپەڕین و سەردەکەوتن و دادەبەزین. گوێیان لێ بوو یەکێک بانگکردنی ناوەکان و بەدەمی جنێوەوە دەشیرێنێ. ئینجا دایانە قسە و باسان، جۆبیدرۆ لەناو ئەم غریوە و هاتوهاوارەدا، کە چاوی بۆ مرتا دەگێڕا، لە نێوان ئەو کەسانەی لە ئێستگەکەدا پیاسەیان دەکرد، گریگۆریۆی بەدی کرد.

– تۆ تەماشا کێ لەوێدایە، گریگۆریۆیە!

– کێ؟

جۆکۆندینا تەکانی وەخۆدا هەڵسێ، بەڵام دەستی جیرۆنیمۆ کە لەسەر شانی بوو، نەیهێشت.

جۆبیدرۆ بەدەنگێکی بەرز بانگی کرد:



– گریگۆریۆ! گریگۆریۆ!

گریگۆریۆ بەدییکردن و لەناو ئاپۆرەکە دەرچوو؛ بەشان و قۆڵ ڕێگەی کردەوە و خۆی کرد بەنێو شەمەندەفەرەکەدا.

– دوێنێ بەکەشتی گەیشتم. نەمدەزانی ئێوە لێرەن، ئەگینا چاوم بۆ دەگێڕان... تێبینی دەموچاوە سیس و چرچەڵەکەی جیرۆنیمۆی کرد، خێزانەکەش فرە کەسیان دیار نییە. جۆکۆندینا لێی پرسی:

– خۆ هیچ ناخۆشییەکت وەڕێ نەهات؟

– جلوبەرگەکەم گۆڕی، جلوبەرگێکی شڕۆڵەترم لەبەر کرد، پاش ئەوە نوقمی ناو دارستانەکە بووم، پێچ و دەورەیەکی زۆرم کرد تا بچمە چیازیرۆ، پاشان هەندێ پارەشم بۆ خۆم پێکەوەنا.

پێشی ڕاگەیاندن کە فەحسی دکتۆریشی پەڕاندووە.

– ئیجازەی ڕۆشتنیشم پێیە و پاش مانگێکی تر دەڕۆم.

– دەبێ لەوێ چاومان بۆ بگێڕی.

شەمەندەفەرەکە فیشک و هۆڕی دەکرد، ئامێرەکە هێدی هێدی دەستی کردە جووڵان و نەختە نەختە خێراتر بۆوە. گریگۆریۆ بازی دابووە سەر شۆسەکە. لەودەمەشدا جۆکۆندینا هەستا و پاڵی بەدەست جیرۆنیمۆوە نا کە لە شانی گرتبوو و بەهەڵەداوان چووە لای پەنجەرەکەوە. جیرۆنیمۆش هەستایە سەرپێ. بەڵام لەجیاتی ئەوە داینیشێنێ، خۆی دا بەسەر شانیدا و هەر بەو حاڵە بەدرێژی ئەو کاتەی لە سووچێکی وێستگەکەدا تارماییەکەی مرتای دی جلوبەرگێکی سووری لە بەردایە و دەستی بەچەند ئیشارەیەکەوە دەهەژێنێ، وێستا، شەمەندەفەرەکەش لە پێچەکەدا شووتی لێ دا.

# پێرست


سەرەتا ........ 5
تۆوی خوێن ........ 5
جەژن ........ 5
توولە ڕێیەکانی برسێتی ........ 53
کاتەنگ ........ 53
ڕووبارەکە ........ 131
شەمەندەفەر ........ 178